

غاینی

شیرازه

پێناسەیەکی گشتی

عەلی ئەشتاری

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

ئاپینی ئیسلام

پێناسەیەکی گشتی

ناوی کتێب: ئایینی ئیسلام پێناسەیەکی گشتی
نووسینی: علي الطنطاوي
وەرگێڕانی : بەهرە محمد عەلی
نۆبەی چاپ: یەکەم – ٢٠١٢
تیراژ: (٢٠٠٠)دانە

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (١٦٨٥) ی ساڵی ٢٠١٠ی پێ دراوە

مافی لەچاپدانەوەی ئەم بەرهەمە پارێزراوە
بۆ ناوەندی راگەیاندنی ئارا

ئایینی ئیسلام

پێناسەیەکی گشتی

بەشی یەکەم : لە بیروباوەڕدا

بۆ زانایان و فەقیهەکان دانەنراوە، بەڵکو بۆ موسوڵمانێکە کە زانستە ئایینییەکانی نەخوێندبێت، هەروەها بۆ کەسێکی ناموسوڵمانە کە دەیەوێت بە ئیسلام ئاشنابێت و لێی شارەزا بێت.

نووسینی

علي الطنطاوي

وەرگێڕانی

بەهرە محمد عەلی

چاپی یەکەم ٢٠١٢

بسم الله الرحمن الرحيم

به ناوی خوای خشنده و میهره بان

بەسەرهاتی ئەم کتێبە

لە چاپەکانی پێشوودا، بەشێك بەناونیشانی (بەسەرهاتی ئەم کتێبە)ەوە بوو، ئەمجارە چاوم پێداگێڕایەوەو بینیم کە لەسەرەتاوە باسی بەسەرهاتەکەیم نەکردووە.

سەرەتای بەسەرهاتەکەش لە ڕۆژانی یەکەمی جەنگدا بوو (جەنگی ساڵی١٩١٤)، هەر لەو ڕۆژانەشدا گەیشتبوومە تەمەنی پێگەیشتن و، دەرکم بە دەوروبەرم کردبوو. لەماڵەوە باوکم لەدوای نوێژی بەیانیەوەو، لەپێش نوێژی خەوتناندا وانەی بە قوتابیەکانی دەوتەوە. ئەو وانانەش جیاواز بوون لە وانەکانی ئەو قوتابخانەیەی من لێم دەخوێند، قوتابیەکانیشی کۆمەڵێك مامۆستای مێزەر بەسەربوون و، وەکو قوتابیانی قوتابخانە بچووك و منداڵ نەبوون، منیش هەرچەندە لێشیان حاڵی نەدەبووم بەڵام چۆن گوێم لە وانەکانی قوتابخانە دەگرت هەر وایش گوێم لە وانەکانی ئەوان دەگرت.

هەربۆیە خوێندنەکەم دوولایەنە بوو: لە قوتابخانەدا تا کۆتایی زانکۆ خوێندم، لە هەمان کاتیشدا زانستی ئایینیم لە زانایانەوە وەردەگرت، یەکەم جار لە باوکمەوە (مامۆستا مصطفى الطنطاوي)، کە لە زانا

ئایینییه هەڵکەوتوەکانی وڵاتی شام بوو، هەروەها لای موفتی مامۆستا (خیر العابدین) ئەمینداری فەتوا بوو، جا کاتێ لە شەعبانی ساڵی ١٣٤٣ك وەفاتی کرد -رەحمەتی خوای لێبێت- لەلای کۆمەڵێك لە زانایانی تر خوێندم.

یەکەم کەس بووم لە دیمەشق دوو شێوازی خوێندنم پێکەوە کۆکردەوە، ئەو سەردەمەش زانای ئایینییان (مامۆستایەك) بوو لەبارەی دونیا و گۆڕانکارییە تازەکانەوە زانیارییەکی ئەوتۆی نەبوو، یان (ئەفەندییەك) بوو کە زانیاریەکی کەمی لەبارەی ئایینەوە هەبوو.

هەر بۆیە زوو ئەو ڕاستیەم بۆ ڕوون بوویەوە کە پێویستە ئیسلام بە شێوازێکی سەردەمیانە بخرێتە ڕوو، لەو بارەیەشەوە چەندین وتارم نووسیو چەندین نامەیشم بڵاوکردەوە، هەندێ لەو بیروڕایانەی کە نزیکەی پەنجا ساڵ دەبێت باسم کردوون، ئەمڕۆ لەم کتێبەدا ئاماژەیان پێدەکەم.

لە کتێبێکمدا کە ناوی (الإصلاح الديني)[1] یە لاپەڕەی (١١)، لە قسەکردن لەبارەی پێویستی دینداریەوە، نووسیومە:

((ئایا مرۆڤ دەتوانێت بەبێ ئایین بژی؟))

جیاوازی نییە لەنێوان ئەم پرسیارە و ئەوەی کە دەڵێت: ئایا مرۆڤ دەتوانێت تەنها بە مادە بژی و، دڵایەتی هەموو شتەکانی تر بکات، تەنانەت نەفسی خۆیشی و، ئەو خۆشەویستیەی لە ناخیایەتی و،

١- ساڵی ١٣٤٨ك لە دیمەشق چاپکراوە، کە بەشی یەکەم بریتی بوو لە (رسائل فی سبیل الإصلاح) کە دەنگدانەوەی خۆی هەبوو، چەند کتێبێك لەبارەیەوە نووسرا، لەوانەش کتێبی (الافصاح عن رسائل الإصلاح)ی مامۆستا أحمد الصابوني الحلبي.

هەستکردن بە سروشت و جوانیەکانی و، بالّندەو دەنگە خۆشەکانیان و، گۆڕ و سامناکیەکەی؟.

پاش ئەوە لەبارەی فەلسەفەی نموونەیی ئەفلاتوونەوە قسەم کرد و، وتەکانی (کانت) و (ئۆگەست کۆنت) و (پاستور) و (نیوتن) و (باسکالّ) و (مالبرانش) و (هارفی)و (غولیە) و (هۆکسلی)یم بە نموونە هێنانەوە، ئەوەش لەبەر ئەوە بوو کە تازە دەستم دابوویە دیراسەی فەلسەفەو، لەسەر بەرگی کتێبەکە نووسرابوو (بە قەڵەمی عەلی طەنطاوی/ بەکالۆریۆس لە ئاداب و فەلسەفەدا).

دوای ئەوە لە وەڵامی ئەو کەسەی کە بانگەشەی بەڕێکەوت پەیدابوونی گەردوون دەکات وتم: (ئەگەر چوار تۆپی سپی و یەك دانەی سوورمان لە کیسێکدا داناو، یەکێکمان لێ دەرهێنا ئەگەری دەرچوونی تۆپە سوورەکە یەك لەسەر پێنج دەبێت و، ئەگەر نۆ تۆپی سپی و یەك دانەی سوورمان دانا ئەوا ئەگەرەکە یەك لەسەر دە دەبێت، خۆ ئەگەر ژمارەی ناکۆتامان لە تۆپی سپی دانا ئەوا ئەگەرەکە یەك لەسەر ژمارەی ناکۆتا دەبێت و، هیچ مرۆڤێکی ژیر نالّێت بێگومان لە یەك یان دوو یان سەد جار ڕاکێشاندا سوورەکە دەردەچێت.

ئەم هەسارانەیش کە ناکۆتان، تەنها یەك حاڵەتیان هەیە کە وایان لێ دەکات بەم یاساو ڕێزمە بەڕێوە بچن و، ناهێڵێت پێکدادان لەنێوانیاندا ڕووبدات، کەواتە چۆن دەڵێین: ئەم حاڵەتە بەڕێکەوت و بەبێ کارسازێکی داناو زانا ڕوویداوە؟.

هەڵبەتە پەنجا سالّ لەمەوبەر لەیەکێك لەکتێبەکانمدا ئاماژەم بەم ڕاستیانە کردووە.

پاشان لێبڕام و کتێبێکم لەبارەی ئەم بابەتەوە بەناونیشانی (بۆچی من موسوڵمانم؟) نووسی و، بەشەکانیم ئامادەکرد و، پێشەکیەکەیم لە نامەکانی (سیف الإسلام)دا لەساڵی (١٩٣٠)دا بڵاوکردەوە، بەڵام چاپ نەکراو دەستنووسەکەی زایەبوو و کتێبەکە بڵاونەکرایەوە.

کاتێک وەک مامۆستای ئەدەبی عەرەبی چووم بۆ عێراق ساڵی (١٩٣٦) لە دواناوەندی (مرکز) لە بەغدا، داوام لێکرا وانەی ئایین بڵێمەوە، قوتابیەکان لەبارەی یەک کتێبەوە پرسیاریان لێدەکردم کە بە هۆیەوە لە ئیسلام تێبگەن، نە کتێبی تەجویدیان دەویست، نە کتێبی یەکتاپەرستی و، نە کتێبی تەفسیرو (فِقْه) و فەرموودە، بەڵکو کتێبێک لەبارەی ئیسلامەوە، ئیسلام بەوجۆرە بخاتەڕوو کە پێغەمبەرﷺ ڕووبی دەکردەوەو بانگەوازی بۆ دەکرد، کاتێک کە وەفدێکی (عەرەب) یان (دەشتەکی) دەچوونە لای لە ڕۆژێک یان چەند ڕۆژێکدا لێی تێدەگەیشتن.

بەڵام کتێبێکی لەو جۆرە دەستنەکەوت، لە ڕۆژنامەی (الرسالة)دا کە ماوەی ٢٠ ساڵی تەواو لە ساڵی دامەزراندنیەوە تا ساڵی داخرانەکەی لە دەستەی نووسەرانی بووم. چەند وتارێکم نووسی تیایاندا داوام لە زانایان کرد ئەم کتێبە بنووسن، زۆر بانگەوازم کرد، بەڵام کەس وەڵامی بۆ داواکەم نەبوو.

ڕۆژگار تێپەڕی.. ئەو ڕێگەیەم بینییەوە کە بۆ ماوەی چل ساڵ لەگەڵ چەند کەسی وەک خۆم گرتبوومانە بەر –ڕێگەی کۆکردنەوەو پێکەوەگرێدانی شارەزابوون لە زانستە ئایینیەکان و، گرنگیدان بە زانستە دنیاییەکان–. سوپاس بۆ خوا پەیڕەوانی ئەو ڕێبازە زیادیان کرد و بوونە دەیان، پاشان –جارێکی دی سوپاس بۆ خوا– بوونە سەدان

کەس و، لەتێوانیاندا کەسانێك پەروەردە بوون و گەورە بوون کە زانستیان زیاترو، زمان پاراوترو، پلەی ئیمانییان بەرزتربوو و باشتربوون لە من لە هەموو شتێکداو، دەیان کتێبی ئیسلامی باشیان نووسی، بەڵام ئەم کتێبە هەر نەنووسرا.

ساڵی (١٣٨٧ك) لە (گۆڤاری رابیطەی جیهانی ئیسلامی)دا وتارێکم بەناونیشانی (پێناسەیەکی گشتی ئایینی ئیسلام) بڵاوکردەوە کە هاوڕێی بەڕێزم مامۆستا (محمد عومەر تۆفیق) – ئەو کات وەزیری حەج و ئەوقاف بوو– بینیبووی، ئەوە بوو نووسراوێکی بۆ رابیطە نووسی تێیدا داوای لێکردم کتێبێك لەوبارەوە بنووسم.

هەروەها هاوڕێی بەڕێزم مامۆستا (مصطفی العطار) وتارەکەی بەرچاو کەوتبوو، هەر بۆیە بۆ بەڕێز وەزیری مەعاریف مامۆستا (حسن بن عبدالله آل الشیخ)ی نووسی و، بەڕێزیان و بەڕێز مامۆستا (عبدالوهاب عبدالواسع)یش کە ئەوکات بریکای وەزارەتی مەعاریف بوو– ئەو پەپی هاندەرم بوون.

هەموو ئەو هاوینەو ساڵی دواتریش سەرقاڵی نووسینی بابەتەکانی ئەو کتێبە بووم، بەڵام پووبەڕووی تەمەڵی و وەرسی دەبوومەوە، سێ زەرفی گەورە نووسراوم لا کۆبوویەوە، کە چەند بەشێکی تەواو و، نووسراوی سەرەپارچەو یاداشتنامەی تیامابوو، کە پێویستیان بە جیاکردنەوەو رێکخستنەوە هەبوو.

لە هاوینی ساڵی دوای ئەوەدا ڕۆیشتم بۆ عەممان، لەبەرئەوەی زۆر خەمی لەناوچوونی ئەو زەرفانەم بوو بەدەست هەڵمگرتن. لەبیرمە کە لە

فرۆکەخانە دەرچووم و چوومە ناو سەیارەیەك بۆئەوەی بمبات بۆ مالّی کچەکەم هێشتا زەرفەکانم پێبوو.

ئەو ماوەیە سەرقالّ بووم بە ماندوویەتیەکانی گواستنەوەو خۆشیەکانی پێشوازی و بینینی هاوڕێیان و خزمان، بۆیە دوای دوو هەفتە بیرم کەوتەوە. ئەوە بوو بۆی گەڕام نەمدۆزیەوە، هەموو لایەکی مالّەکە گەڕام، پرسیارم لە چەندین شۆفێرکرد، سەردانی هەموو بنکەکانی پۆلیسم کرد، بە هیچ نەگەیشتم، چەند رۆژێك مامەوەو تەواو واقم وڕما بوو، خەفەتم دەخوارد، نە بە باشی نانم بۆ دەخوراو نە تەواو خەوم لێدەکەوت. تا دواتر هێور بوومەوەو، هۆشم هاتەوە بەخۆمدا، بڕیارم دا پشت بەخوا ببەستم و سەرلەنوێ دەست پێبکەمەوە.

لە ناوچەیەکی سەرپەڕ دابەزیبووم لە عەممان: کتێبخانەکەم لە دیمەشق بوو، نووسراوەکانیشم لە مەککە، تەنها قورئانم لەبەردەستدا بوو، وتم بەڵکو ئەمە خێرێ تێدا بێت خۆ ئەم کتێبە بۆ زانایان و شارەزایانی بواری شەریعەت دانانێم، بەڵکو بۆ گەنجان و لاوانی دەنووسم و لەم ڕێگەیەوە ئیسلامیان پێدەناسێنم، جا تا کەمتر سوود لە کتێبی دیکە وەربگرم و بابەتێکی نوێ بنووسم باشترە.

دەستم دایە کارەکەم و ئەم بەشەی یەکەمم لە ماوەی دە ڕۆژدا نووسی، کە ئەویش بەشی (بیروباوەڕە) و دەستنووسەکەیم لەگەڵ خۆم برد بۆ مەککە.

یەکەمجار لە مەدینە لە چاپ درا، کە ئەمەش بە فەزڵی خوا و پاشان هاوکاری مامۆستا (عثمان حافظ) ئەنجامدرا، ئینجا وەزارەتی مەعاریفی ئوردونی لە ژمارەیەکی تایبەتی گۆڤاری (رسالة المعلم)دا بڵاوی کردەوە،

خۆیشم دوانزه هەزار تیرازم لێ بەچاپ گەیاندو، دابەشم کرد بەسەر مامۆستایاندا لە ئوردون، کە ئەوەش بە فەزڵی خوای گەورە و هاوکاری بەڕێزان وەزیری پێشووی مەعاریف و ئەوقاف دکتۆر (إسحاق الفرحان) -کە ئەو کات بەڕێوەبەری فەرمانگەی پرۆگرام دانان بوو لە وەزارەت- و بەڕێز وەزیری مەعاریف مامۆستا (بَشیر الصباغ) و، برایانی بەڕێزم دکتۆر (إبراهیم زید الکیلانی) و، مامۆستا (سلیم الرشدان) ئەنجامدرا. دواتر وەزارەتی بەرگری ئوردونی بڵاویکردەوەو لەمەشدا فەزڵ دەگەڕێتەوە بۆ هاوڕێی بەڕێز لیوا (معن أبي نوّار) بالۆێزی شانشینی ئوردون لە لەندەن و، هاوڕێی بەڕێز (أحمد العبیدات) و ئەندامانی سوپای ئوردونی خوێندیانەوە.

پاشان کوڕی خۆشەویستم مامۆستا رضوان دعبول -مامۆستای بیرکاری لە سوریاو سعودیە- بڕیاری دا واز لە بواری پەروەردەو فێرکردن بهێنێت و لەبواری چاپ و بڵاوکردنەوەدا دەست بەکاربێت، جا دەستپێکی کارەکەی بەچاپ گەیاندنی ئەم کتێبە بوو. یەکەمجار بەچاپێکی هەرزان چاپی کرد، پاشان دووبارە لەبەرگێکی پازاوەدا بەچاپی گەیاندەوە. ئەم چاپەیشی کە ئەم پێشەکیەی بۆ دەنووسم (چاپی شەشەمی) کتێبەکەیە.

بەڵام بەشی دووەم و سێیەم کە خوازیارم لەبارەی ئیسلام و ئیحسان (واتە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ئیسلامیانە)وە بدوێم، ئەوا بەڕاستی من شەرمەندەم لەبەردەم خوێنەرانی بەڕێزو، مامۆستا(رضوان)دا و پاساوەکەشم ئەوەیە کە دڵەکان لە دەستی خودادان و، خوای گەورە خۆی هیممەت دەنێرێت و هێزو تین بەمرۆڤ دەبەخشێت. سوێند بەخوا

منیش هیممەتم لاوازبووەو، هێزو توانام کەمبووەتەوە، لەسەردەمی لاوێتیمدا هەمیشە بەهەڵمەت و چوست و چالاک بووم، دەمنووسی و سکالام لە بڵاوکەرەوەو دەزگای چاپ و پەخش دەکرد لەسەر کەمی بەرهەم و لاوازی و کەمبڕشتی بیرکردنەوەو تێفکرین، ئێستاش کە فیکر گەشەی سەندووەو کامڵ بووەو، زانیاریەکان بەبڕشت بوون و، ناوەندەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە زۆر بوون، توانای کارکردنم نەماوە، جا ئەگەر خوای گەورە ئیلهامی بەخشی بە یەکێ لە خوێنەران و بەنهێنی دوعای بۆ کردم کە خوای گەورە نووسینی ئەم دوو بەشەم بۆ ئاسان بکات، بە پشتیوانی خوا دەیاننووسم هەروەك چۆن بەشی یەکەمم لەماوەی دە ڕۆژدا نووسی. بەڵام کەی ئەو ڕۆژە دێت؟ خوای گەورە خۆی دەزانێت.

شایانی باسە کۆمەڵێك لە براکانمان چەند کتێبێکی کورت و پوختیان و لەبارەی ئیسلامەوە نووسی، لەوانەش بۆ بەڕێزم (مامۆستا محمد المبارك)، کە بەناوی وانەی (نظام الإسلام) لەزانکۆدا دەیوتەوەو لەدانانی پڕۆگرامەکانیدا بەشداری کردو سێ کتێبی لەو بوارەدا نووسی.

هەروەها ژمارەیەك کتێبیان لەبارەی بیروباوەڕەوە دانا، هەر کتێبەو شێوازو ڕێبازی تایبەتی خۆی هەبوو، لەوانە برایانی بەڕێزم مامۆستا (محمد القاسمي) و مامۆستا(سعيد كوپى مامۆستا رمضان البوطي) و مامۆستا (عبدالرحمن كوڕى مامۆستا حسن حبنكة). خوای گەورە هەموویان بپارێزێو پشت و پەنایان بێت و سەرفرازیان بکات.

داواکارم لەخوای گەورە ئەم کتێبە بکاتە مایەی سوودو ڕەزامەندیو، ببێتە توێشووی ڕۆژی دوایی بۆم، ڕۆژێك کە هیچ توێشوویەك نییە تەنها

تەقواو کردەوەی چاکە نەبێت. لەپێشەکی چاپی پێشوودا باسی ئەوەم کرد کە نزیکەی پەنجا ساڵە دەنووسم (لە ساڵی ١٣٤٧ك)ەوە نووسراوە چاپکراوەکانم لە یانزە هەزار لاپەڕە زیاترەو، چل کتێبم نووسیوە لەنامەیەکی بچوکەوە تا دەگاتە کتێبی گەورە، لەساڵی (١٣٤٥ك)ەوە لە یانەکاندا وانە دەڵێمەوەو بەبێ دابڕان لە وێستگەکانی ڕادیۆوە قسە دەکەم، لەو ڕۆژەوە کە ئێستگەی (الشرق الأدنی)م دامەزراند لە یافا – پێش جەنگی دووەمی جیهان– و ئێستاکە دەستنووسی یانزە کتێبم ئامادەیەو تەنها پێویستیان بە کارێکی کەمە تا بگەنە چاپخانە.

ڕازیم کە دەستبەرداری هەموو ئەمانە ببم و، خوای گەورە تەوفیقم بدات بۆ تەواوکردنی ئەم کتێبەو کتێبی (ذکریات نصف قرن) کە تیایدا هەواڵی ئەو ڕووداوانە دەگێڕمەوە کە بینیومن و بیستومن، لە گۆڕانکاری دەوڵەتان و بارودۆخی ژیان و، ئەو پیاوانەی پێیان گەیشتووم، لەشام فەرمانڕەوایی عوسمانیەکانم بینیو، فەرمانڕەوایی مەلیك فەیسەڵ و فەرمانڕەوایی فەڕەنسیەکان و، سەردەمی سەربەخۆیی و سەردەمەکانی دوای ئەو و چەند ساڵانێکیش لە تەمەنم لە میصرو لە عێراق و لوبنان و سعودیە ژیام و، ڕۆشتم بۆ ئەوپەڕی ڕۆژهەڵات تا لەنێوان من و (سیدنی) لە ئوستورالیا تەنها ماوەی دوو کاتژمێر مابوو بە فرۆکە، چووم بۆ (فولندام) لەوپەڕی باکوور لە هۆڵەندا، خۆشیو ناخۆشیم بینی و هەژاری و دەوڵەمەندیم چەشت و وەفاو ناپاکیم بینیو، هەزاران هەزار قوتابیم بەجێهێشت لە سوریاو عێراق و لوبنان و سعودیە، کە هەیانە بوو بە وەزیر یان دادوەری گەورە یان فەرمانبەر یان باڵوێز یان مامۆستای زانکۆ یان گەورە بازرگان...

لەهـەموو تەمەنمـدا دووربـووم لـە تـەنگ و چـەڵەمەی کۆمـەڵگاو دوورەپەرێز بووم لە خەڵکی، بەڵام هـەموو شتێکم دەبینـیو دەبیست و بەدرێژایی ژیانم کۆمەڵێ هەڵوێستم نواندووە کە جێگـەی بـاس و خواسـی خـەڵکی ڕوودواوی هەنووکـەیی بـوون. منـیش پـڕ بـەگوێو چـاوان بـووم تیایداو، ناوم لە سەر زاری هەموان بووە.

بەڵام هەموو ئەوانە تێپەڕین و، تەمەنیش دەگوزەرێت و، مـاڵو پلـەو پایـەش دەڕوات و لـەناو دەچـێت هـەروەك چـۆن لاویـی ڕۆیشـت و بەسەرچوو، خەڵکیش هەموو کارەکانی من و کاری ئەوانی دیکەش لـەیاد دەکەن، تەنها ئەوە دەمێنێتەوە کە مرۆڤ هەڵی دەگرێت بۆ ڕۆژی دوایـی. تەنها ئەوە دەمێنێتەوەو هەموو شتەکانی دی لەناو دەچن.

سا پەروەردگارا کارەکانم بەزایە نەڕۆن و، بە فەزڵو ڕەحمەتی خـۆت پاداشتم بدەیتـەوە لەسـەریان. خوایـە گیـان هەرچـیم نووسـیوەو وتـوە بیگێڕە بەزانستێکی بەسوود کە بە کۆتاییهاتنی تەمەن کۆتایی نایەت.

خوایـە گیـان داوای لێخۆشـبوونت لێدەکـەم، تەوبـەکارم و بـۆلای تـۆ دەگەڕێمەوە، داوای عاقیبەتخێری و مردنـی ئیماندارانـەت لێدەکـەم و بـە موسوڵمانی بمرێنەو بمخەرە نێو کاروانی چاکان.

مەککەی پیرۆز (اجیاد)
٢٣ی جەمادی یەکەمی ١٣٩٤کۆچی
علي الطنطاوي

ئەمانە کۆمەڵە ڕازێکن.....

کە لە دووتوێی ئەم پەرتووکەدا خستومنەتەڕوو،

تا بەهۆیانەوە بارودۆخێکی وا بۆ خوێنەر بسازێنم

کە یارمەتیدەر بێت بۆ چوونە ناو بابەتەکانەوە.....



دەستپێک

ئەگەر خۆت بەتەنها گەشتت دەکرد و لەبەردەمتدا دوو ڕێچکەت بەدی کرد، ڕێگەی یەکەمیان سەخت بوو و بەرەو شاخێك سەردەکەوت و، ڕێگەکەی تریان ئاسان بوو بەرەو دەشتێك لێژ دەبووەوە، ڕێگەی یەکەمیان ناهەمواربوو بەردی پەرش و بڵاو و، درك و چاڵ و نشێوی تیابوو کە سەرکەوتن بەسەریدا قورس بوو، ڕۆیشتن پێیدا گران بوو، بەڵام لەبەر دەمیدا تابلۆیەك هەبوو کە حکومەت چەقاندبووی، لێی نووسرا بوو: ئەم ڕێگەیە سەرەڕای سەختی سەرەتاکەی و قورسی گرتنەبەری، ئەو ڕێگە ڕاستەیە کە دەتگەیەنێتە شارە گەورەکە و مەبەستە خوازراوەکەت.

ڕێگەی دووەمیشیان پەرژینی بۆ کرابوو و درەختی بەردار سێبەری بۆ کردبوو و، بەدرێژایی ڕێگاکە لەملا و لاوە چایخانە و یانەی جۆراوجۆری تێدابوو، هەموو شتێکی تێدابوو کە دڵ پێی خۆشە و چاو بەبینینی شادە. بەڵام تابلۆیەکی لەسەر هەڵواسرابوو کەتێیدا نوسرابوو: ئەمە ڕێگایەکی سامناکی لەناوبەرە، کۆتاییەکەی چاڵێکە کە مەرگی بێگومان و لەناوچوونی لەدوایە.

کام ڕێگایان دەگرێتە بەر؟

بێگومان نەفس حەزی بە ئاسانەکەیە نەک سەختەکە، حەزی بە خۆشەکەیە نەک بەئازارەکە، ئازادی و ڕەهایی پێخۆشە و ڕقی لە کۆت و بەندە، ئەمە ئەو سروشتەیە کە خوای گەورە مرۆڤی لەسەر دروست کردووە، جا ئەگەر مرۆڤ وازی لە نەفس و ئارەزووەکانی هێنا و، ملکەچی ئەم سروشتە بوو ئەوا ڕێگەی دووەم دەگرێتەبەر. بەڵام عەقڵ دێت و دەست دەکات بە بەراورد کردن، چێژێکی کورتی هەنووکەیی کە ئازارێکی درێژخایەنی نەبڕاوەی بەدوادا دێت، بەرامبەر ئازارێکی کتوپڕ و کاتیی کە خۆشیەکی هەمیشەیی لە دوا دێت، ئەوکات یەکەم کاریگەر دەبێت و هەڵدەبژێردرێت.

ئەمە نموونەی ڕێگەی بەهەشت و ڕێگەی ئاگرە .... ڕێگەی بەرەو ئاگر هەموو شتێکی خۆشی تێدایە و، نەفس ئارەزووی دەکات، سەیرکردنی جوانی و دڵڕفێنی تێدایە، وەڵامدانەوەی حەز و ئارەزووەکانی تێدایە، سنووربەزاندن و پارە کۆکردنەوەی تێدایە لەهەموو ڕێگەکانەوە، پارەش تێیدا خوازراو و خۆشەویستە، ئازادی و ڕەهایی تێدایە، نەفسەکانیش حەزیان بە سەربەستی و دەرچوونە و، ڕقیان لە کۆت و بەندە.

بەڵام ڕێگەی بەهەشت ناڕەحەتی و کۆت و بەند و سنووری تێدایە، سەرپێچی نەفس و ئارەزووەکانی تێدایە، بەڵام سەرئەنجامی ئەم ناڕەحەتیە کاتیە لەم ڕێگەیەدا، خۆشیەکی هەمیشەییە لە ڕۆژی دواییدا و، لەکاتێکدا لەبەرهەمەکانی چێژی کاتی لەڕێگەی ئاگردا، ئازارێکی

بەردەوامە لە دۆزەخدا. هەروەک چۆن قوتابی لەشەوانی تاقیکردنەوەدا بێتاقەت دەبێت و تووشی ناڕەحەتی دەبێت، کاتێ کەسوکارەکەی لەوپەڕی خۆشحاڵیدا بەجێدەهێڵێت و، بەخۆی و پەرتوک و تیانووسەکانیەوە بەتەنها دەست دەکات بەکۆششکردن، بەڵام دوای ئەو ئازار و ماندووبوونە چێژی سەرکەوتن دەبینێتەوە. هەروەک نەخۆش کە چەند ڕۆژ ئازارم دەگرێت لەسەر ئازار و خۆگرتنەوە و دوورکەوتنەوە لەخواردنی خۆش، بەڵام دوای ئەوە تەندروستی بۆ دەگەڕێتەوە.

خوای گەورە هەردوو ڕێگەکەی لەبەر دەمماندا داناوەو، تواناو بەرچاوڕوونی پێبەخشیوین بۆئەوەی جیاوازی بکەین لە نێوانیاندا و چاکەو خراپە بناسینەوە، جا ئەگەر زانابین یان نەزان، گەورە بین یان بچووک. هەموو کەسێ ویژدانی ئەگەر کاری چاکە ئەنجام بدات ئاسوودە دەبێت و ئەگەر خراپە ئەنجام بدات بێزار دەبێت، تەنانەت ئەم توانا و بەرچاوڕوونییە لە ئاژەڵیشدا هەیە: بۆ نموونە پشیلە ئەگەر پارچە گۆشتێکی بۆ هەڵبدەیت ئەوا بەوپەڕی دڵنیاییەوە لەبەر دەمتدا دەیخوات، بەڵام ئەگەر خۆی بردی، ئەوا دووری دەخاتەوە و بەپەلە دەیخوات، چاویشی هەر لەسەرتەو دەترسێت لەوەی کە دوای بکەویت و لێی بسەنیتەوە. ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە دەرکی بەوە کردووە پارووی یەکەم مافی خۆیەتی و دووەمیان دوژمنکاریەکە لەلایەن خۆیەوە؟

ئایا ئەمە جیاوازیکردنی ئەو پشیلەیە نییە لە نێوان ڕاست و ناڕاست و حەڵاڵ و حەرامدا؟

هەروەها سەگ هەر لەگەڵ کارێکی باشی ئەنجامدا خۆی لەخاوەنەکەی هەڵ دەسوێت هەروەک ئەوەی داوای پاداشتێکی لێبکات،

خۆ ئەگەر خراپەیەکی کرد ئەوا لەدوورەوە دەوەستێت وەک ئەوەی داوای لێبووردن بکات یان چاوەڕێی سزابێت.

ئەمەش ڕاڤەی ئەو فەرموودەیەی پەروەردگارە کە دەفەرموێت: ﴿وَهَدَيْنَٰهُ ٱلنَّجْدَيْنِ﴾ البلد: ١٠، **واتە:** (ڕێگای چاکەو خراپەمان پیشان داوە تا چاکە بکات و خراپە نەکات).

خوای گەورە کۆمەڵێك بانگخوازی لەسەر ڕێگەی بەهەشت داناوە کە بانگەوازی بۆ دەکەن و ئەو ڕێگەیە پیشانی خەڵکی دەدەن، ئەوانیش پێغەمبەرانن. هەروەك چۆن لەسەر ڕێگەی ئاگریش بانگخوازانێکی داناوە کە بانگەشەی بۆ دەکەن و لە بەرچاوی خەڵکی دەیڕازێننەوە، کە ئەوانیش شەیتانەکانن. زانایانی کردووەتە میرات گری پێغەمبەران، فاطمەی کچی محمد هیچ پارە و ماڵێکی لە باوکیەوە بەمیرات بۆ نەمایەوە، بەڵام زانایان ئەم بانگەوازەیان لە پێغەمبەرەوەﷺ بەمیرات بۆ مایەوە، جا ئەوەی بەتەواوی لەژیانیدا بەرجەستەی بکات و بیگەیەنێت بەدەوروبەری ئەوا شایانی ئەو میراتەیە.

ئەم بانگەوازەش سەختە چونکە نەفسی ئادەمیزاد حەزی لە سەربەستییە، دینیش کۆت و بەندی دەکات و سنووری بۆ دادەنێت. نەفس حەزی بە ئازادی و دەرچوونە بەدوای چێژ و خۆشیەکاندا و دینیش دەیگرێتەوە. جاهەرکەسێك بانگەواز بۆ خراپە و سەرپێچی بکات ئەوا لەگەڵ سروشتیدا گونجاوەو بەرەو نزمایی دەڕوات لەتەکیاندا. سەرکەوە بۆلای بەربەستێکی ئاو لەسەر لوتکەی شاخێك و کونێکی تێبکە دەبینی ئاوەکە دێتە خوارەوە تا لەدامێنی شیوەکەدا جێگیر دەبێت، خۆ ئەگەر وبستت بیگێڕیتەوە شوێنی خۆی ئەوا بێگومان

ناتوانیت بەئامێر و خەرجی زۆر نەبێت. بەردێکی لەقیش لەلێژاییەکدا هەر ئەوەندەی بەسە بیلەقێنیت و لای ببەیت بۆ ئەوەی دەستبەجێ بکەوێتە خوارەوە، بەبێ هیچ ماندووبوون و ناڕەحەتییەك دەکەوێتە خوارەوە، خۆ ئەگەر ویستت بیگێڕیتەوە ئەوە ماندووبوونێکی زۆری دەوێت.

ئەمەش نموونەی مرۆڤە...

هاوەڵی خراپ پێت دەڵێت: ئا ئەوە ئافرەتێکی جوانە و بە ڕووتی سەما دەکات، تۆش نەفست حەزی پێدەکات و ئارەزووەکانت پاڵت پێوە دەنێن، لەگەڵ هەزاران شەیتان کە بەو ئاڕاستەیەدا پەلکێشت دەکەن. جا بێ ئەوەی بەخۆت بزانیت لەبەردەم دەرگاکەیدا خۆت دەبینیتەوە. ئینجا ئەگەر کەسێك هات ئامۆژگاری کردیت تا دوورتبخاتەوە لێی، بەلاتەوە قورسە گوێی بۆ بگریت و، بەرەنگاری حەز و ئارەزووەکانت ببیتەوە.

دیارە بانگخوازانی شەڕو خراپەش ماندوو نابن و هەوڵێکی ئەوتۆ نادەن، بەڵکو ماندووبوون و هەوڵدان ئەرکی بانگخوازانی ڕێگەی چاکە و ئامۆژگاری کارانە. بانگخوازی خراپ هەموو ئەو شتانەی لایە کەنەفس حەزی لێیانە لە ئارەزووی قەدەغەکراو و، هەموو ئەوانەی کە چاو و دڵ و لاشە چێژی لێ وەردەگرن، بەڵام بانگخوازی چاکە قەدەغەکردنی لایە.

کچێکی دانەپۆشراو دەبینی و پێت خۆشە جوانیەکانی دەربکەوێت، بانگخوازی ڕێی چاکە دێت و پێت دەڵێت: چاوت دابخە لە ئاستیدا و سەیری مەکە. بازرگان لە سووخواردنەوە بەبێ ئازارو ناڕەحەتی قازانجی ئاسانی دەست دەکەوێت کە نەفسی حەزی پێیەتی، بانگخوازی ڕێگەی

حەق پێی دەڵێت: وازی لێبهێنە و لێی دوورببکەوەرەوە، دەستی بۆ درێژ مەکە، فەرمانبەر هاوەڵەکەی دەبینێت لەماوەی یەك خولەکدا بەئەندازەی موچەی شەش مانگ بەرتیل وەردەگرێت، پێی دەڵێت: وەریمەگرە و بەکاری مەهێنە.

بەڵێ پێیان دەڵێت: واز لەم چێژ و خۆشیە کاتییانە بهێنن بۆ ئەوەی خۆشی هەمیشەییتان دەست بکەوێ، واز لەوانە بهێنن کە دەیان بینن بۆ ئەوانەی کە ئێستا نایان بینن. بەرەنگاری حەز و ئارەزووەکانتان ببنەوە، کە هەموو ئەوانەش لەسەر نەفس گرانن و، نکوڵی لەوە مەکەن کە ئیسلام دینێکی قورس و سەنگینە، چونکە خوای گەورە لە قورئاندا ئەو ناوەی لێناوە کە دەفەرموێت: ﴿إِنَّا سَنُلْقِي عَلَيْكَ قَوْلًا ثَقِيلًا﴾ المزمل: ٥، واتە:(بێگومان ئێمە لەمەوپاش وتەیەکی قورس ئەخەینە ئەستۆی تۆ کە وەرگرتن و ڕاگرتن و ڕاگەیاندن و ڕەفتار پێکردنی ئەرکێکی قورسە).

هەموو بەرز و بڵندییەکانیش لەسەر نەفسی مرۆڤ قورسن، وازهێنانی قوتابی لە خۆش ڕابواردن و دەست دانە خوێندن و کۆششکردن قورسە، وازهێنانی زانا لە کۆڕی قسەی خۆش و نەستەق و سەرقاڵ بوون بەزانستەوە قورسە، وازهێنانی خەووتووش لە جێگاکەی و هەڵسان بۆ نوێژی بەیانی گرانە، دوورکەتنەوەی پیاو لە خێزان و منداڵەکانی و ڕۆیشتنی بەرەو جیهاد قورسە.

بۆیە دەبینین مرۆڤە خراپەکان لە چاکەکان زۆرترن، بێئاگاو فریودراوان زۆرترن لەوانەی زیکر دەکەن و، ڕێگەی هیدایەتیان گرتووەتەبەر، هەربۆیە شوێنکەوتنی کوێرانەی زۆرینە، بەزۆربی شوێنکەوتەکە وێڵ و گومڕا دەکات .....

﴿ وَإِن تُطِعْ أَكْثَرَ مَن فِي ٱلْأَرْضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾ الأنعام: ١١٦. واتە: (تۆ ئەگەر بە گوێی قسەی بەشی زۆری خەڵکی سەرزەوی بکەیت لەوانەی کافرو گومڕان تۆیش گومڕا دەکەن و سەرت لێدەشێوێنن). ئەگەر دەگمەنی و دانسقەیی، لە سیفاتی بەرزی و باڵایی نەبوونایە، ئەوا ئەڵماس[1] دەگمەن نەدەبوو، خەڵووزیش زۆر و بەردەست نەدەبوو و بلیمەت و هەڵکەوتوو و پاڵەوانەکان لەنێو خەڵکدا کەمینە نەدەبوون.

پێغەمبەران و میراتگرانیان لەزانایانی چاکەکار بانگخوازن بۆڕێگەی بەهەشت، شەیتان و شوێنکەوتەکانی لە خەڵکانی خراپەکار بانگخوازن بۆ ڕێگەی ئاگر. لەناو ئێمەشدا -لەناخماندا- لایەنگرانی هەردوو ڕێبازەکە هەیە، لە ناخماندا دەستەیەك هەیە لەگەڵ پێغەمبەرانە و، دەستەیەك هەیە دەستە و گرۆی شەیتانەکانە، دەستەو گرۆی پێغەمبەران لەعەقڵدا بەرجەستە دەبێ و، دەستەی شەیتانەکانیش لەنەفسی فەرماندەر بەخراپەدا بەرجەستە دەبێ.

دەپرسن و دەڵێن: عەقڵ و نەفس چیە؟ لەڕاستیدا بانگەشەی ئەوە ناکەم کە سنووری دیارو ئاشکرا بۆ هەریەکەیان دادەنێم و بەڕوونی لێکیان جیادەکەمەوە، چونکە ئەم جۆرە بابەتانە هێشتا لەتاریکی نەزانینماندایە، زانست نەیتوانیوە لایەنەکانی ڕۆشن بکاتەوە. هەموومان دەڵێین: (بەنەفسی خۆم وت) و (عەقڵم پێی وتم)، ئەی کەواتە تۆ چیت و نەفست چیە؟ نەفست چیە و عەقڵت چیە؟ هێشتا ئەمەمان بۆ ڕوون

١- ئەوەی لەزۆربەی کتێبەکانی زماندا هاتووە: کە وشەی (الألماس) پیتی (لام)ەکەی بنچینەییەو لەبونیادی یەکەمینی وشەکەدا بوونی هەیە، ئەمەش بەپێچەوانەی ئەوەی لە (القاموس المحیط)ی فەیروز ئابادی دا هاتووە.

نەبووەتەوە[1]. من لێرەدا پەردە لەسەر ئەم نەزانراوە لانادەم بەڵکو بەنموونەی دیمەنێکی بینراو باس دەکەم:

لەیەکێك لەشەوەکانی زستاندا، لە نێو جێگەیەکی گەرمدا خەوتووبوو، گوێت لە زەنگی ئاگادارکردنەوە دەبێت ئاگادارت دەکاتەوە

١- ئەگەر وتم (من) ئەوا لاشەم بەشێکە لە (من) بەڵام هەموو(من) نا چونکە پەنگە مردۆ هەردوو دەست و قاچی نەبێ و هیچ لە (من)یش بەنیسبەت خۆیەوە کەم نەکات نەفسم - واتە حەزو خواست و سۆزەکانم- و چێژ و ئازارەکانم بەشێکن لە (من) نەك هەموو (من)، چونکە مردۆ هەموو سۆز و حەزەکانی دەگۆڕێن و، ئەوەی ئەمڕۆ چێژی لێوەردەگرم کە لەتەمەنی ٧٠ ساڵیدام، لەلاوی دا چێژم لێنەدەبینی و ئەوەشی لە تەمەنی لاویدا ئازاری دەدام، ئەمڕۆ چیتر ئازارم نادات. کەواتە لاشە دەگۆڕێت -ئاوەکو خانەیەکی لەو خانانە تێدا نامێنێت کە پێش چەند ساڵێك تێیدا هەبووە- نەفسیش خواست و ئارەزوو و ئازارەکانی گۆڕانیان بەسەردا دێت - کەواتە چی لە(من)دا ناگۆڕێت.

ئەوە (ڕۆح)ە. بەڵام (ڕۆح) چییە؟ خوای گەورە زۆرێك لەفەرمانەکانی ئەندامەکانی لاشە و نهێنیەکانی و نەخۆشی و چارەسەرەکانی بۆ ئاشکرا کردووین. هەروەها زۆرێك لە بارەکانی نەفس و نیشانەو نەخۆشیەکانی پێ ڕاگەیاندوین کە نەفسی فەرماندەر بە خراپە و لۆمەکار و دڵنیا هەیە و، نەفس مردن دەچێژێت بەڵام هیچ شتێکی دەربارەی (ڕۆح) پێ نەوتووین چونکە لە فەرمانی خوای پەروەردگارە (من أمرِ ربي).

ڕۆح ناچێتە ژێر کاریگەری کات و شوێنەوە. چونکە لەوانەیە کەسێك بۆ ماوەی چارەکێ لەبەردەمتدا بخەوێت و، لەخەویدا ببینێت گەشت دەکات بۆ ئەمریکا یان هندستان، هەروەها ٢٠ یان ٣٠ ساڵ ژیاوەو، هەستی بەوپەڕی خۆشی یان بەوپەڕی ئازارکردووە، دەی کەواتە چۆن لەماوەی ٢٠ خولەکدا ٢٠ساڵ لە ژیانی گوزەری کرد؟ چۆن ئەو دوو شوێنە تێکەڵبوون؟ ئەمە نموونەیەکە لە ئازار و سزای گۆڕ و پاداشتی نەبڕاوەی بەهەشت.

نەخۆشی و تەندروستی کار ناکەنە سەر ڕۆح، ڕۆح پێش پەیوەست بوون بەم لاشە و نەفسەوە هەبووە. دوای داڕزانی لاشە و لەناوچوونی نەفسیش هەردەمێنێت.... لەکاتی ئامادەکردنی چاپی پێنجەمی ئەم کتێبەدا ئەم واتایانەم بەبیرداهات.

بۆ نوێژ، جا لەناختدا هەست بەدەنگێك دەكەیت پێت دەڵێت: (هەستە بۆ نوێژ). كاتێ هەستایت گوێت لە دەنگێكی تر دەبێت دەڵێت: (كەمێك بخەوە) ئینجا دەنگی یەكەم دەگەڕێتەوە دەڵێت: (الصلاة خیر من النوم). دووەمیان دەڵێت: (خەو خۆشە و كات زۆری ماوە، چەند خولەكێك دوابكەوە)[1]. ئەم دوو دەنگەش هەروەك چركەكانی كاتژمێر بەدوای یەكدا دێن (بخەوە، هەستە، بخەوە، هەستە.....). ئەوەی یەكەمیان عەقڵە، دووەمیشیان نەفسە. ئەم نموونەیەش هەزاران جار بە چەندین شێوە دووبارە دەبێتەوە، هەركات ئەم هەڵوێستە پیشانی مرۆڤ درا ئەوا خۆی لەبەردەم چێژێكی قەدەغەكراودا دەبینێتەوە كە نەفسی بانگی دەكات بۆ داپۆشینی و، ئەو باوەڕەش كە لە دڵیدایە پاڵ بەعەقڵیەوە دەنێت كە رێگەی لێبگرێت كاری وا نەكات، سەركەوتنی عەقڵیش بەئەندازەی هێزی ئەو باوەڕەیە.

ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت كە هەمیشە عەقڵ سەربكەوێ و، موسوڵمان هەرگیز لە سەرپێچی نزیك نەكەوێتەوە، چونكە ئیسلام دینی فیترەت و واقیعە. لەواقیعیشدا خوای گەورە دروستكراوگەلێكی بۆ پەرستن و گوێڕایەڵی بەدیهێناوە، كە ئەوانیش (فریشتەكان)ن و، ئێمەی

١- ئەم بارەیش كەسێك هەستی پێدەكات كە دەیەوێت بەسەر چاڵێكدا بازبدات و، دەیەوێت بپەڕێتەوە بە مەبەستی بگات و لەهەمان كاتدا دەترسێت كە بكەوێتە خوارەوە، هەروەها لە ناخی خۆیشیدا دوو دەنگی بەدوای یەكدا هاتوو دەبیستێت: بازبدە. بگەڕێوە. بازبدە. بگەڕێوە. خۆ ئەگەر ئەو كەسە لەكاتی وتنی: (بازبدە)دا بازیدا و دوودڵ نەبوو ئەوا سەركەوتوو دەبێت، بەڵام ئەگەر دوودڵ بوو تا ئەوەی گەیشتە: (بگەڕێوە) ئینجا بازی دا.. ئەوا دەكەوێتە ناو چاڵەكەوە، ئەمەش ڕاستییەكی حاشا هەڵنەگرە....

نەکردووە بە فریشتە، دروستکراوی وەهای بەدیهێناوە کە کاریان سەرپێچی و نکوولّییە (کوفرە) کە ئەوانیش شەیتانەکانن، ئێمەیشی وەکو شەیتانەکان لێنەکردووە و، بوونەوەری بەدیهێناوە کە عەقڵی پێنەبەخشیون، غەریزەی پێداون بۆیە تەکلیفیان لێ ناکرێت و داوایەکیان لەسەر نییە، کە ئەوانیش (ئاژەڵ و درندەکانن)، خوای گەورە ئێمەی نەکردووە بە درندە و ئاژەڵ.

کەواتە ئێمە چین؟ مرۆڤ چییە؟

مرۆڤ بەدیهێنراوێکی جیاکراوە و تایبەتە، هەندێ سیفەتی فریشتە و هەندێ سیفەتی شەیتانی و هەندێ سیفەتی ئاژەڵ و درندەکانی تێدایە، جا ئەگەر لە پەرستشدا قوولّ بوویەوە و، لەکاتی موناجاتدا دڵی پاك بوویەوەو گەڕایەوە بۆ لای خودا و، لە ساتەکانی تەجەلادا شیرینی ئیمانی چەشت.. لەم حاڵەتەدا سیفەتی فریشتەیی بەسەردا زاڵ دەبێت، ئەو کات لە فریشتەکان دەچێت کە سەرپێچی هیچ فەرمانێکی خوای گەورە ناکەن و هەرچی فەرمانێکیان پێبدرێت جێبەجێی دەکەن.

خۆ ئەگەر نکوولّی لە بەدیهێنەرەکەی کرد و کافر بوو پێی، یان هاوەڵی لە پەرستندا بۆ پەیداکرد، ئەوا لەم حاڵەتەدا سیفەتی شەیتانی بەسەردا زاڵ دەبێت. هەروەها ئەگەر تووڕەیی دایگرت و دەمارەکانی گرژبوون تا ئەوەی هیچ خۆزگەیەکی نەما تەنها زاڵبوون بەسەر دوژمنەکەیدا نەبێت، ئەوا بەدانەکانی گازی لێ دەگرێت و، نینۆکەکانی لێ گیردەکات و، پەنجەکانی لە گەردنی تونند دەکات و دەیخنکێنێت. لەم حاڵەتەدا سیفەتی درندەی بەسەردا زاڵ دەبێت، ئەوکات لە نێوان ئەو و

پلنگ و شێردا جیاوازیەکی ئەوتۆ نابێت، خۆ ئەگەر برسێتی و تینوێتی زۆری بۆ هێنا و، تەنها خۆزگەی بریتی بوو لە بەدەستهێنانی کولێرەیەک کە گەدەی پڕ بکات، یان پەرداخێك ئاو گەرووی پێ تەڕ بکات، یاخود ئەگەر ئارەزووی سێکسی بەسەریدا زاڵبوو و، مێشکی لەخەیاڵی حەز و ئارەزووبازی پڕبوو، لەم بارەدا سیفەتی ئاژەڵی بەسەریدا زاڵ دەبێت و ئیتر وەك ئەسپ یان هەر جۆرێك لە جۆرەکانی ئاژەڵی لێدێت.

ئەمە حەقیقەتی مرۆڤە کە ئامادەیی بۆ چاکە تیایە وەك ئامادەیی بۆ خراپە تیایە، خوای گەورە هەردووکیانی پێبەخشیوە و، ئەو عەقڵەی پێبەخشیوە کە هەردووکیانی پێ لێك جیابکاتەوە، هەروەها ئەو توانستەشی پێبەخشیوە کە بەهۆیەوە دەتوانێت یەکێکیانی پێ بهێنێتە دی، جا ئەگەر بەباشی عەقڵی لە جیاکاریدا بەکارهێنا و تواناکانیشی لە جێبەجێکردندا باش بەکارهێنا، پاشان گەشەی دا بە ئامادەیی بۆ چاکە، تا ئەو ئاستەی بووە ڕەوشت و جێبەجێکرد، ئەوا لە ڕۆژی دواییدا لە بەختەوەران دەبێت. خۆ ئەگەر ئەوەی تریان بوو، ئەوا لە سزادراوان دەبێت.

ڕاستە نەفس حەزی بەسەربەستییە و، دینیش کۆت و بەندە، بەڵام ئەم کۆت و بەندە پێویستە هەبێت، ئەگەر وازمان لێ هێنا بەئارەزووی خۆی خراپەکاری بکات لە ڕوانگەی ئەوەی کە سەربەستی لە سروشتیدا چەسپاوە، ئەوا کۆمەڵگا دەبوو بە خەستەخانە –یان شێتخانە– یەکی گەورە، چونکە سەربەستی ڕەها بۆ شێتەکانە، شێت هەرشتێك بێت بەسەریدا دەیکات، بەڕووتی بە ڕێگادا دەڕوات و، سوار کۆڵی شۆفێردەبێت و، جلەکەتی بە دڵ بێت بەبێ پرس لەبەرتی دادەکەنێت و

دەیبات بۆ خۆی و، ئەگەر کچەکەتی بەدڵ بێت بەناوی خۆشەویستییەوە داوای دەکات نەک بە شەریعەتی ئیسلام.

شێت بە شێوەیەکی پەها سەربەستە، بەڵام مرۆڤی ژیر، عەقڵی سەربەستیەکەی سنووردار دەکات. ئەی عەقڵ چییە؟ عەقڵ کۆت و بەندە، دەربڕینەکەی لەو بنچینەیەوە وەرگیراوە کە وشەی (العقال)ی لێوەرگیراوە واتە ئەو گوریسەی کە وشتری پێ دەبەستێتەوە حیکمەتیش لەمەوە نزیکە. شارستانێتیش کۆت و بەندە، چونکە ناهێڵێت بە ویستی خۆت چیت دەوێت بیکەیت، بەڵکو ناچارت دەکات ڕەچاوی مافی خەڵکی و خوونەریتەکانی کۆمەڵگا بکەیت. دادپەروەرییش کۆت و بەندە، لەبەرئەوەی کۆتایی بۆ سەربەستیت دادەنێت لەو شوێنەوە کە سەربەستی دراوسێکەت دەست پێدەکات.

دوای ئەوەیش تاوان شیرینە، چونکە لەگەڵ سروشتی نەفسدا دەگونجێت. خۆشی لەبیستنی غەیبەتدا دەبینیت و حەزدەکەیت بەشداری تێدا بکەیت، چونکە وات لێدەکات هەست بکەیت خۆت باشتریت لەوکەسەی کە بەخراپە باسی دەکەیت. دزی کردنیش خۆشە لەبەرئەوەی بەبێ ماندووبوون و ناڕەحەتی سەروەت و سامانت دەست دەکەوێت، زیناش خۆشە لەبەرئەوەی بەدیهێنانی حەزو ئارەزووی نەفسی تێدایە و، گزیکردن لەتاقیکردنەوەدا خۆشە، چونکە بێ ماندووبوون ناجیحی تێدایە و، لەواجب ڕاکردنیش هەرچۆن بێت بەلای نەفسەوە خۆشە چونکە تەمبەڵی و ئاسوودەیی تێدایە. بەڵام کاتێك مرۆڤ بیردەکاتەوە و عەقڵی بەکار دەهێنێت، دەبینێت کە ئەم سەربەستیە کاتییە شایەنی ئەوە نییە کە بەهۆیەوە لەدواییدا بۆ هەمیشە لەدۆزەخدا

بەندبێت، ئەو خۆشییە حەرامەیش ئەو هەموو سزایە ناهێنێت کە بەدوایدا دێت.

کێ پازی دەبێت بەوەی بۆ ماوەی سااڵێك بەڵێننامەیەك لەنێوانماندا هەبێت –گرێبەستێك لای دادنووس–، لەو ماوەیەدا هەرچی داواکرد لە پارە بیدەینێ، لەو کۆشکەدا نیشتەجێی بکەین کە دەیەوێت و لەو وڵاتەشدا کە خۆی هەڵیدەبژێرێت، هەروەها بەویستی خۆی ئافرەتی بدەینێ، دووان و سیان و چوار، تەنانەت ئێوارەی یەکێك تەاڵق بدات و بەیانی یەکێکی دی بهێنێت و پێکەی هیچی لێنەگرین، بەاڵم دوای ئەوەی ساڵەکە تەواو بوو، پەت بخەینە ملی و هەڵیواسین بەسێدارەدا تادەمرێت، ئایا نااڵێت: (خوا ئەو خۆشییە ببڕێت کە سااڵێك بێت و مردنی لەدواوە بێت؟) ئایا خۆی نایەتە پێش چاو کاتێك کە لەسێدارە دەدرێت و هیچ دەسەاڵتێکی نییە؟ لەکاتێکدا ئازاری لەسێدارەدان چەند خولەکێکە و سزای پۆژی دواییش زەمەنێکی دوورو درێژو نەبڕاوەیە.

کەس نییە لە ئێمە لەتەمەنیدا گوناهی نەکردبێت و، هەستی بەتام و خۆشی ئەو گوناهە نەکردبێت، لانی کەم جارێك خۆشی خەوی ناو جێگەت پەسەند کردووە بەسەر هەستان بۆ بەجێگەیاندنی نوێژی بەیانیدا، ئێستا چیمان بۆ ماوەتەوە لەو خۆشییەی کە پێش ١٠ ساڵ هەستمان پێکردووە و؟ کەسیشمان نییە کە زۆری لە خۆی نەکردبێت بۆ ئەنجامدانی پەرستش و گوێڕایەڵی و بەهۆی ئەو گوێڕایەڵیەوە تووشی ئازار نەبووبێت، بەاڵیەنی کەمەوە برسێتی و تینوێتی لە پەمەزاندا، بەاڵم ئێستا لە ئازاری برسێتی لە پەمەزانی دەساڵ لەمەو پێشدا چی لەنەفسماندا ماوە؟ هیچ شتێك.

چێژ و گوناهەکان ڕۆیشتن و سزاکەیان مایەوە، ئازار و ناڕەحەتی گوێڕایەڵی و خواپەرستی گوزەریان کردو پاداشتەکەیان مایەوە. ئیدی لە ساتەوەختی مردندا لەو هەموو چێژو خۆشیانەی کە چەشتمان و لەو هەموو ئازارانەش کە بەرگەمان گرت چیمان بۆ دەمێنێتەوە؟

هەموو باوەڕدارێك دەیەوێت تەوبە بکات و بگەڕێتەوە بۆلای خوای گەورە، بەڵام دوای دەخات و پەکی دەخات و ئەمڕۆ و سبەی پێدەکات، من خۆشم دەموت: ئەگەر حەجم کرد تەوبە دەکەم و دەگەڕێمەوە، پاشان بینیم کە حەجم کرد و تەوبەیشم نەکرد. هەروەها دەموت: ئەگەر گەیشتمە تەمەنی٤٠ ساڵی تەوبە دەکەم، تەمەنم بوو بە ٤٠ ساڵ و تەوبەیشم نەکرد،٦٠ ساڵیشم تێپەڕاند و تەوبەم نەکرد، پیربووم و سەرم سپی بوو هەر تەوبەم نەکرد، ئەمە مانای ئەوە نییە کە هەمیشە خەریکی ئەنجامدانی تاوانم و سنوورەکان دەبەزێنم و خراپەکاری دەکەم، – سوپاس بۆ خوا– نەخێر بەڵام مەبەستم ئەوەیە مردۆ حەزی بەچاکەیە بۆ خۆی بەڵام ئەمڕۆ و سبەی دەکات، وا گومان دەبات کە تەمەن بەبەریەوەیە، بەڵام کاتێك دەزانێت لەپڕ مردن لە دەرگای دەدات. من بۆ خۆم دووجار مردنم بینی و بۆم دەرکەوت هەستی مردوو چۆنە، سوێند بەخوا پەشیمان بووم بۆ هەر خولەکێك کە لەغەیری پەرستش و فەرمان بەردارێدا بەهەدەرم دابوو. کە ڕزگارم بوو چەند مانگێك بەو هەستەوە مامەوە، بوومە کەسێکی چاك، بەڵام جارێکی تر لەدەریای ژیاندا نوقم بوومەوە و لەبیرم چووەوە مردنم لەبیر چووەوە.

هەموومان مردنمان لەبیردەچێتەوە، هەموو ڕۆژێك مردووەکان دەبینین بەلامانداتێدەپەڕن، بەڵام بیر لەوە ناکەینەوە کە ئێمەش

دەمرین. لە نوێژی مردوودا دەوەستین، بەڵام بیر لەدونیا دەکەینەوە، هەر یەکێك لەئێمە وا گومان دەبات کە مردن لەسەر هەموو خەڵکی نووسراوە تەنها لەسەر خۆی نەبێت، لەکاتێکدا مرۆڤ دەزانێت کە دونیا پشتی تێکردووە و خۆیشی پشتی تێدەکات.

مرۆڤ هەرچەندە بڕی هەر دەمرێت، با٦٠ساڵ بڕی با ٧٠ساڵ بڕی با١٠٠ساڵ بڕی، ئایا هەر تەواو نابێت؟ ئایا کەس ناناسن ١٠٠ساڵ ژیابێت و پاشان مردبێت؟ نوح سەلامی خوای لێ بێت ٩٥٠ساڵ مایەوەو بانگی گەلەکەی دەکرد، بەڵام نوح ئێستا لە کوێیە؟ ئایا دونیا بۆ ئەو ما؟ ئایا لە مردن ڕزگاری بوو؟ کەواتە بۆچی بیر لەمردن ناکەینەوە، بۆچی خۆمانی بۆ ئامادە ناکەین کەهەر لەڕێماندا بێت؟ کەسێك سەفەرێکی لەبەربێت و کاتەکەی نەزانێت خۆی بۆ ئامادە ناکات؟ بۆئەوەی هەرکات بانگ کرا وەڵام بداتەوە؟ هاوینی ڕابردوو لە عەمان بووم بینیم مامۆستایانی ئوردونی –ئەوانەی گرێبەستی کارکردنیان هەبوو لەگەڵ شانشینی عەرەبی سعودی بۆ کارکردن لەوێ– ئاگادارکرابوون کە فڕۆکەکان یەك لەدوای یەك دەیانبەن بانامادەبن. جانەوەی پاسپۆرتی ئامادەبێت و پێداویستیەکانی تەواوکردبێت و خوا حافیزی لە کەسوکاری کردبێت و جل و بەرگی پێچابێتەوە، لەهەر سەعاتێکدا بانگ کرا جلەکانی لەبەردەکات و دەڕوات بۆ فڕۆکەخانە. هەرکەس کەمتەرخەمی کردو دواکەوت، کە بانگیان کرد پێیان دەڵێت: دەرفەتم پێ بدەن تا دەڕۆمە بازاڕو کەل و پەلەکانم دەکڕم، ئینجا دەچمە گوندەکەم تاخواحافیزی لە کەسوکارم بکەم و، سەردانی فەرمانگە بکەم بۆ ئەوەی پاسپۆرت دەربکەم؟ دەرفەتیان پێ نەدا، بەڵکو ڕۆیشتن و بەجێیان

هێشت. بەڵام کە فریشتەی گیان کێشان دێت وازی لێناهێنێت و بڕوات، بەڵکو بەزۆر دەیبات. تەنانەت ئەگەر تووڕە و ناڕازیش بێت دەیبات، بۆ تەنها سەعاتێك یان خولەکێك، تەنانەت بۆ چاوترووکانێکیش چاوەڕێی ناکات و دەرفەتی پێ نادات، چونکە ئەویش بۆی نییە دەرفەتی بداتێ. کەسیش لەئێمە نازانێت فریشتەی گیان کێشان کەی دێت و دەیبات.

ئەی مردن چییە؟ حەقیقەتەکەی چییە؟ ژیانی مرۆڤ لە چەند قۆناغێك پێکهاتووە، لە قۆناغێکدا کۆرپەلەیە لە سکی دایکیدا، لە قۆناغێکی دیکەدا لەم دنیایەدا دەژی، لە قۆناغێکی دیکەشدا لە بەرزەخدایە لە نێوان دونیاو ڕۆژی دواییدا –لە ڕۆژی مردنیەوە تا ڕۆژی قیامەت– ، قۆناغی هەمیشەییش کە ژیانی ڕاستەقینەیە، قۆناغی کۆتاییە لە ڕۆژی دواییدا، نیسبەتی هەر قۆناغێ بۆ ئەوەی پێش خۆی وەك نیسبەتی ئەوەی دوای خۆی وەهایە بۆی.

فراوانی ئەم دنیایە لەچاو تەنگی سکی دایکیدا، وەك فراوانی بەرزەخ وایە لەچاو دونیادا یان فراوانی ڕۆژی دواییی لەچاو بەرزەخدا، کۆرپەلە ئەو سکە بە دونیای خۆی دەزانێت، خۆ ئەگەر ژیر بێت و بیربکاتەوە و پرسیاری لێبکرێت و وەڵام بداتەوە، ئەوا دەڵێت: دەرچوونم لە سکی دایکم مردنێکی بێگومانە، ئەگەر دووانەیەك لە سکی دایکیاندا بوونایە یەکێکیان پێش ئەوی تریان لەدایك بوایە و، بیبینیایە پێش ئەو لە سکی دایکی دێتە دەرەوە و لەو جیابووەوە دوای ئەوەی بەیەکەوە بوون، ئەوا دەیوت بێگومان مردووەو لە قووڵاییدا نێژراوە. خۆئەگەر وێڵاشی بیبینیایە کە لەگەڵ زبڵدا فرێدراوە ئەوە وا گومانی دەبرد کە ئەوە براکەیەتی و، بۆی دەگریا هەروەك چۆن دایك دەگری کاتێك تەرمی

منداڵەکەی دەبینێت کە ئەسپاردەی خاك دەکرێت، لەکاتێکدا لەکاتی ژیانیدا ترسی لێدەنیشت ئەگەر تۆزیشی بەربکەوتایە، ئەم دایکە نازانێت کە ئەم لاشەیە وەك وێڵاش وایە؟ کراسێکە پیس بووەو فرێی دەدات، کراسێکە کۆن بووەو پێویستی پێی نەماوە.

مردن لەدایك بوونەوەیەکی نوێیە، سەرەتای قۆناغێکی درێژتر و بەر فراوانترە لە قۆناغەکانی ژیان، ئەم دونیایەش تەنها ڕێگەیەکە کە ژیانمان تیایدا وەك ژیانی کەسێك وایە کۆچ بکات بۆ ئەمریکا کە ژوورێکی باش لە پاپۆڕەکەدا هەڵدەبژێرێت و، هەوڵ دەدات کە تێیدا بحەوێتەوە و گرنگی پێبدات، بەڵام ئایا هەموو پارەکەی لە تازەکردنەوەی کەل و پەلەکەی ناوی و نەخش و نیگاری دیوارەکانیدا خەرج دەکات، تا هیچی پێ نامێنێت و بەگیرفانی خاڵی دەگاتە ئەمریکا؟ یان دەڵێت: ماوەی مانەوەم لەم ژوورەدا هەفتەیەکە، کەواتە پازیم بەوەی کە لەبەردەستمدایە و ئەم حاڵە بەڕێدەکەم و پارەکەم هەڵدەگرم بۆ دروستکردنی ئەو خانووەی کە لە ئەمریکا تیایدا نیشتەجێ دەبم چونکە شوێنی مانەوەو جێگیر بوونی لێیە.

دەزانن نموونەی دونیاو ڕۆژی دوایی چییە؟ جارێکیان ئەمریکا ڕایگەیاند کە تاقیکردنەوەیەکی ناوکی لە دوورگەیەکی بچوکی دەریای (هێمن)دا ئەنجام دەدا. ئەو دوورگەیە چەن سەد دانیشتوانێکی لێبوو کە خەریکی ڕاوە ماسی بوون، بۆیە داوای لێکردن ماڵەکانیان چۆڵ بکەن تا ئەو کاتەی بۆیان قەرەبوو دەکرێتەوە بەماڵی تازە لەهەر وڵاتێك کە بیانەوێت، بۆئەوەی ئامادەیی خۆیان دەربڕن بۆ چۆڵکردنی و، پێش

کاتی دیاریکراو سەرژمێری تەواو بکەن، پاشان فرۆکە دێت و لە دوورگەکە هەڵیان دەگرێت.

ئەوە بوو هەندێکیان ئامادەییان دەربڕی بۆ چۆڵکردن و پێش وەخت سەر ژمێریان پێشکەش کرد، هەندێکیشیان کەمتەرخەمیان کردبوو و دوایان خستبوو تا کاتەکەی نزیك بووەوە، تیاشیاندا بوو دەیوت: ئەمە هەمووی درۆیە. لەم بوونەدا شوێنێك نییە ناوی ئەمریکا بێت. دنیا هەر لەم دوورگەیە پێکهاتووە، ئێمە جێی نامێڵین و، ڕازی نابین لێی دابەبڕێین و بڕوایان نەدەکرد هەموو دوورگەکە وێران دەبێت و تەنها شوێنەوارەکەی دەمێنێتەوە.

ئەمە نموونەی دونیایە..... یەکەم گرۆیان وەکو ئەو باوەڕدارە وایە کە بیر لە ڕۆژی دوایی دەکاتەوە و بە تەوبە و فەرمانبەرداری خۆی بۆ شادبوون بە دیداری پەروەردگاری ئامادە دەکات، دووەمیش وەك باوەڕدارێکی خەم سارد و سەرپێچی کارە، سێیەمیشیان نموونەی کەسێکی ماددی بێباوەڕە، کە دەڵێت: ئێمە تەنها لە ژیانی دونیادا دەژین، هیچ ژیانێکی دی نییە دوای ئەمە و مردنیش خەوێکی دوور و درێژ و حەوانەوەیەکی هەمیشەیی و تیاچوونێکی بێگومانە.

ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ئیسلام داوا لە موسوڵمانان دەکات کە بەیەکجاری واز لەدونیا بهێنن و بچنە مزگەوتەکان و نەیەنە دەرەوە، یان بچنە ئەشکەوتێك و لەوێ ژیان بەسەر ببەن، .... بەڵکو ئیسلام داوا لە موسوڵمانان دەکات لەچاکترین ژیار و شارستانیەتیدا سەردار و گەورەی شارستانیان بن، لە مااڵ و ساماندا لەهەموان دەوڵەمەندتر بن، لە زانستدا –هەموو زانستەکان– زاناترینی زانایان بن،

هـەموو موسـوڵمانێك مـافی لاشـەی خـۆی بزانێـت و پێداویسـتیەکانی لـە خواردن و وەرزش بۆ دابین بکات، هەروەها مافی نەفسی خۆی بزانێت لە خۆشی ڕابواردن و پشوودان و ئاسوودەبوون لەدەرەوەی قەدەغـەکراو و حەرامەوە، ئینجا مافی مالّ و خێزانەکـەی بزانێـت بـە چـاودێری کـردن و بـاش یـاوەری کردنیـان و، مـافی منداڵـەکانی بـە پـەروەردەکردن و ئاڕاستەکردن و دەربڕینی هەست و سۆز بۆیان و مافی بەکۆمەڵ کـارکردن لەهەر بوارێکدا کە مایـەی ڕێکخسـتن و چاکسـازییە بـۆی. هـەروەك مـافی پەروەردگاری دەزانێت بـە بەرجەستەکردنی یەکتاپەرستی و گوێڕایـەڵی کردنی فەرمانەکانی.

پارە کۆبکاتەوە بەڵام لە حەڵاڵ، چێڕ لە پەسەند و ڕێگە پێدراوەکان ببینێـت و لـەدونیادا بەباشـترین شـێوە بـژی، بەمـەرجێك لەسـەر یەکتاپەرستی ڕاست و دروست بمێنێتەوە، باوەڕەکەی تێکەڵ بـە هـاوەڵ پەیداکردنی ئاشکرا یان شاراوە نەبێت و نموونەی ئیسلامێکی تەواو بێت، واز لـە حـەرامکراوەکان بهێنێـت و فـەرزەکان ئـەنجام بـدات و، پـارە لەدەستیدابێت نـەك لەدڵیـدا و، پشـتی پێنەبەسـتێت بـەڵکو پشـت بـە پەروەردگاری ببەستێت و، ڕەزامەندی خوای گەورە مەبەست و ئامـانجی بێت.

ئایینی ئیسلام

ئیسلام چییە؟

جارێك بە قوتابیەکانم وت: ((ئەگەر پیاوێکی بێگانە هات بۆلاتان و پێی وتن: یەك کاتژمێر دەرفەتم هەیە. دەمەوێت لەو ماوەیەدا لە ئیسلام تێبگەم، ئێوە چۆن لەو کاتژمێرەدا ئیسلامی تێدەگەیەنن)). وتیان: ((ئەوە مەحاڵە بێگومان دەبێت یەکتاپەرستی و تەجوید و تەفسیر و فەرموودە و (فِقْه) و بنەماکانی بخوێنێت، هەروەها بکەوێتە ناو کێشە و باسێکەوە کە بە ٥ ساڵیش لێی دەرناچێت)). وتم: ((پاك و بێگەردی بۆ خوا.. ئایا دەشتەکیەك نەدەهاتە لای پێغەمبەر ﷺ، پۆژێك یان چەند پۆژێك دەمایەوەو ئیسلام فێردەبوو دەیبردەوە بۆ گەلەکەی. دەبووە پێنیشاندەرو مامۆستا بۆیان و دەبوو بە بانگخواز و پاگەیەنەری ئیسلام؟ بەڵکو لەوەش زیاتر، پێغەمبەر ﷺ هەموو دینی لە سێ دێرپدا پوونکردەوە (لەو فەرموودەیەدا کە جوبرەئیل پرسیاری لێکرد). لە فەرموودەکەدا باسی لە: باوەڕ و، ئیسلام و، چاکەکردن کرد. ئەی بۆچی لەمڕۆدا ناتوانین بە سەعاتێك شتی بکەینەوە و پوونی بکەینەوە؟ .....)).

کەواتە ئیسلام چییە؟ چۆن بچینە نێو بازنەی ئیسلامەوە؟

هەموو کۆمەڵێك لە کۆمەڵەکان سوودبەخش و زیانبەخش و، هەموو پارتێك لە پارتەکان چاك و خراپ، هەریەکەیان بەرنامەو بنەمای فیکری

و بیروباوەڕی تایبەت بەخۆی هەیە کە مەبەست و ئاراستەی کارکردنی دیاریدەکەن، تا ڕۆڵی دەستوور ببینن بۆ ئەندامان و شوێنکەوتووانی.

ئەوەی بیەوێت پەیوەندی بە یەکێك لەوانەوە بکات، یەکەمجار سەیری ئەو (بنەمایانە) دەکات، جا ئەگەر ڕازی بوو پێیان و بڕوای بە ڕاستیەکەیان هێنا، هەروەها بەفیکرو عەقڵی پەسەندی کردن و هیچ گومانێکی نەما لەبارەیانەوە، ئەوا داوای ئەندامێتی لە کۆمەڵەکە دەکات. ئینجا کە خۆی ڕێکخست لەسەر ڕێبازی ئەندامان و شوێنکەوتووانی و، پێویست بوو بەوکارانە هەڵسێت کە لە دەستوورەکەدا هاتووە و، ئەو ئابوونەیە بدات کە لە پەیڕەوی گرووپەکەدا دیاریکراوە. دەبێت بە هەڵسوکەوتەکانی دڵسۆزی خۆی بۆ بنەما فیکرییەکانی گرووپەکە بخاتەڕوو و هەمیشە ئەو بنەمایانەی لەبیر بێت، بەهیچ جۆرێك سەرپێچییان نەکات بەڵکو بەڕەوشت و هەڵسوکەوتی نموونەیەکی چاك و بانگخوازێکی ڕاستەقینە بێت بۆ ڕێبازەکەی. چونکە بوونە ئەندام لە دەستەو کۆمەڵەدا بریتیە لە: (زانست) بە پەیڕەوەکەی و (باوەڕ) بە بنەماکانی و(گوێڕایەڵی) بۆ فەرمانەکانی و، گونجانی (ڕەفتارو هەڵسوکەوت) لەگەڵیدا. ئەمە بارودۆخێکی گشتیە کە بەسەر ئیسلامدا جێبەجێدەبێت، جا هەر کەسێك بیەوێت بچێتە دینی ئیسلامەوە پێویستە لەسەری (یەکەمجار) بنەما عەقڵیەکانی پەسەند بکات و بەتەواوی بەڕاستی بزانێت، بۆئەوەی ببێتە بیروباوەڕ بۆی. پوختەی ئەم بنەمایانەش ئەوەیە کە باوەڕی بەوە هەبێت ئەم جیهانە ماددیە هەموو شتێك نییە و، ئەم ژیانەی دونیایش هەموو ژیان نییە، چونکە مردۆ پێش ئەوەی لەدایك ببێت هەبووە، دوای مردنیش هەر بوونی هەیەو، خۆی

خۆی نەهێناوەتە کایەوە بەڵکو پێش ئەوەی خۆی بناسێ بەدیهێنراوە، هەروەها هیچ کام لەم بێگیانانەی دەوروبەر ئەم مرۆڤەیان بەدینەهێناوە، چونکە مرۆڤ عاقڵە و بێگیانەکان عاقڵ نین، بەڵکو خوایەکی تاک و تەنها لەنەبووەوە مرۆڤ و هەموو جیهانەکانیشی بەدیهێناوە و، هەر تەنها ئەو زاتەیە کە ژیان و مردنی بەدەستە و، هەموو شتێکی بەدیهێناوە و ئەگەر ویستی لەسەر بێت لەناویان دەبات. ئەم پەروەردگارە لەهیچ بوونێکی ئەم جیهانانە ناچێت. دێرینە و سەرەتا و کۆتایی نییە و، خاوەنی دەسەڵات و توانای بێسنوورە، زانایە و هیچ شتێك لەبەرامبەر زانستیدا شاراوە نییە، دادپەروەرە بەڵام دادپەروەرییە ڕەهاکەی بە پێوەری دادپەروەری مرۆیی پێوانە ناکرێت، ئەو زاتەیە کە دەستوور و ڕێزمی گەردوونی داناوە و ناومان لێناوە (یاساکانی سروشت)، هەموو شتێکی بە ئەندازە بەدیهێناوە و، هەر لە ئەزەلەوە بەش و جۆر و جووڵە و سرەوت و گۆڕان و کردەو دوورکەوتنەوەی زیندەوەران و بێگیانەکانی دیاریکردووە و، عەقڵێکی بە مرۆڤ بەخشیوە کە بەهۆیەوە کارەکانی بەڕێوەدەبات و، دەتوانێت بەویستی خۆی هەڵبژێرێت و ئیرادەیەکی داوەتێ کە بەهۆیەوە ویستەکانی بێنێتە دی، لەدوای ئەم ژیانە کاتیەش ژیانێکی هەمیشەیی لەڕۆژی دواییدا داناوە کە تێیدا پاداشتی چاکەکار دەدرێتەوە لە بەهەشتدا و، سزای خراپەکار دەدرێتەوە لە دۆزەخدا.

ئەم پەروەردگارە تاك و تەنهایە هیچ هاوەڵێکی نییە لەتەکیدا بپەرسترێت و، هیچ کەسێك نییە یەکێکی تری لێ نزیك بکاتەوە و شەفاعەت بۆ کەس بکات بەبێ مۆڵەتی خۆی، هەموو پەرستش و فەرمانبەرداربییەك تەنها بۆ ئەو زاتە بەرزەیە. دروستکراوی ماددی و

دیاری هەیە کە بەهەست دەرکیان پێ دەکرێت، هەروەها دروستکراوی وای هەیە کە بۆ ئێمە نادیارن، هەندێ لە دروستکراوانی بێگیانن و هەندێکی دیکەیان زیندوو و بەرپرسیارن، هەندێك لەدروستکراوانی تەنها بۆ چاکە دروست کراون (کە ئەوانیش فریشتەکانن)، هەشیانە کە تایبەتن بە شەڕ و خراپەوە (کە ئەوانیش شەیتانەکانن)[1]، هەروەها هەیانە کە تێکەڵن و خێر و شەڕیان هەیە، چاك و خراپیان هەیە (کە ئەوانیش پەریەکانن). هەر ئەو زاتە مەزنە خەڵکانێك لە ئادەمیزاد هەڵدەبژێرێت و، فریشتە دەنێرێت بۆلایان تا شەریعەت و پەیامی خوا بگەیەنن بە ئادەمیزاد، کە ئەوانیش (پێغەمبەرانن).

ئەم شەریعەتانەش لە کتێب و پەڕاودان کە لە ئاسمانەوە ڕەوانەکراون و دوایین کتێبیشیان قورئانە. پەڕاو و کتێبەکانی پێش قورئان دەستکاری کراون، یان لەدەست چوون و لەبیرکراون، تەنها قورئان وەکو خۆی ماوەتەوە دوور لە دەستکاری و تیاچوون، دوایین پێغەمبەریش (موحەمەدی کوڕی عەبدوڵڵا)ی عەرەبی قوڕەیشییە، کە کۆتا پەیامی خوای بۆ هاتووە و هیچ پێغەمبەرێك لەدوای ئەو نییە.

قورئان دەستووری ئیسلامە، جا هەر کەسێك باوەڕی بەو پەیامە هێنا کە لەلایەن خوای گەورەوە ڕەوانە کراوە، ناودەنرێت (باوەڕدار). باوەڕیش بەم مانایە تەنها خوای گەورە سەیری دەکات و دەیبینێت، چونکە ئادەمیزاد ناتوانێت دڵی خەڵکی لەت بکات و بزانێت چی تێدایە، جا بۆئەوەی موسوڵمانان بە یەکێك لە خۆیانی دابنێن پێویستە لەسەری

١- شەیتانەکانیش لە جنۆکەن.

ئەم باوەڕە ناشکرا بکات و بەزمان دەری ببڕێت و شایەتومان بهێنێت. بەوەی بڵێت: ((أشهدُ أنْ لا إلهَ إلاّ اللهَ و أشهدُ أنَّ محمداً رسول الله)).

جا ئەگەر شایەتومانی هێنا دەبێتە موسوڵمان، واتە: (هاوڵاتی) ڕەسەن لەدەوڵەتی ئیسلامدا، هەموو ئەو مافانەی دەبێت کە هەموو موسوڵمانێك هەیەتی، هەروەها پابەندبوون بەهەموو ئەوکارانەی کە ئیسلام داوای لێدەکات. ئەم کارانەش واتە (پەرستشەکان) و ئاسانن و ناڕەحەتیەکی ئەوتۆیان تیادا نییە.

یەکەمیان: ئەوەیە کە دوو ڕکات نوێژ بکات لە بەیانیاندا و موناجاتی خوای گەورە بکات تیایانداو، داوای خێری لێ بکات و پەنای پێ بگرێت لە سزای، پێش نوێژەکەیش دەستنوێژ بشوات یان هەموو لەشی بشوات –ئەگەر لەش گران بوو– ئینجا لەنیوەڕواندا ٤ ڕکات نوێژ بکات و، لەعەسرانیشدا ٤ ڕکات و، لە دوای خۆرئاوابوون ٣ ڕکات و، لەسەرەتای شەویشدا ٤ ڕکات. ئەمانە نوێژە فەرزەکانن کە ئەنجامدانی هەموویان نیو کاتژمێر ناخایەنێت لە ڕۆژێکدا، هەروەها تایبەت نییە بە شوێن و کەسی دیاریکراوەوە، لەنوێژدا وەك هەموو پەرستشەکانی دیکە لەنێوان موسوڵمان و پەروەردگاریدا هیچ واسیتەیەك نییە.

دووەم: لەسااڵدا مانگێکی دیاریکراو هەیە، موسوڵمان لەو مانگەدا نانی بەیانی پێش دەخات، دەیخاتە کۆتایی شەوەوە لەجیاتی کۆتایی ڕۆژەکەی، نانی نیوەڕۆش دوادەخات بۆ دوای ڕۆژئاوابوون، ئینجا لە ڕۆژدا خۆی لە خواردن و خواردنەوە و تێکەڵ بوونی ئافرەت دەگرێتەوە. ئەم مانگە مایەی پاکژبوونەوەی دەروون و حەوانەوەی گەدە و، ڕاست

بوونەوەی پەوشت و تەندروستی لاشەیە. هەر ئەم مانگەش یەکێکە لە دیاردەکانی کۆبوونەوە لەسەر چاکە و یەکسانی لە ژیان و گوزەراندا.

سێیەم: ئەگەر توانی بەسەر نەفەقەکانی خۆیدا زاڵبێت و، بۆ ماوەی ساڵێکی تەواو بڕێك پارەی دیاریکراوی لامایەوە کە پێویستی پێی نەبوو، پێویستە لەسەری دوای تەواو بوونی ساڵەکە بڕی (٢,٥ ٪)ی لێ دەربکات بۆ هەژاران و نەداران، کە هەست بە قورسایییەکەی ناکات و دەستگیرۆییەکی تەواوی تێدایە بۆ کەسی هەژار و، بنەمایەکی پتەوە بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی و پزگاربوون لە دەردی هەژاری، کە لە خراپترین دەردەکانە.

چوارەم: ئیسلام چەند کۆبوونەوەیەکی دەوری بۆ کۆمەڵگای ئیسلامی ڕێکخستووە. کۆبوونەوەیەك وەکو کۆبوونەوەی دانیشتوانی گەڕەك، کە لە ڕۆژێکدا ٥جار دەبەسترێت. ئەویش نوێژی بەکۆمەڵە، کە تیایدا هەموو ئەندامێك پەرستشی خۆی بە ئەنجامدانی فەرمانبەرداری و ئەرکەکانی سەرشانی مەحکەم دەکات؛ لەبەرهەمەکانیشی ئەوەیە کە بەهێزەکان ببنە پشت و پەنای لاوازەکان و، زانایان نەزانان فێربکەن و، دەوڵەمەندان دەستگیرۆیی هەژاران بکەن. ماوەی بەستنی ئەم جۆرە کۆبوونەوانەش چارەکە سەعاتێکە کە هیچ کرێکارێك لەکارەکەی دواناخات و، هیچ بازرگانێك لە بازرگانیەکەی دوورناخاتەوە، ئەگەر کۆبوونەوەکەش ئەنجامدرا و موسوڵمانێك لێی دواکەوت ئەوا لەماڵەوە نوێژەکەی دەکات و لەسەر دواکەوتنەکەی سزانادرێت، بەڵام پاداشتی ئامادەبوونی لەکیس دەچێت.

کۆبوونەوەیەکیش وەک دانیشتنی ئەنجومەنی گەڕەکەکان کە لە هەفتەیەکدا جارێک دەبەسترێت، ئەویش (نوێژی هەینی)یە و ماوەکەی لە سەعاتێک کەمترە و ئامادەبوون تێیدا لەسەر پیاوان واجبە.

کۆبوونەوەیەکیش وەک کۆبوونەوەی ئەنجومەنی شارەوانی کە لە ساڵێکدا دووجار دەبەسترێ ئەویش (نوێژی جەژنە)، ئامادەبوون تیایدا واجب نییە و ماوەکەی لە سەعاتێک کەمترە. کۆبوونەوەیەکیش وەکو کۆنگرەی گشتی گەل وەهایە هەموو ساڵێک لەشوێنێکی دیاریکراودا دەبەسترێت، کە لە ڕاستی دا خولێکی ئاڕاستەکردن و وەرزشی و فیکریە، موسوڵمان داوای لێ کراوەکە ئەگەر توانای ئامادەبوونی هەبوو، لە تەمەنیدا تەنها یەک جار ئامادەبێت ئەویش: (حەج)ە.

ئەمانە ئەو پەرستشە بنچینییانەن کە لەمرۆڤی موسوڵمان داواکراون.

پەرستشی وا هەیە کە مرۆڤ لە هەندێ کرداری دیاریکراو قەدەغەدەکات، کردارگەلێک کە هەموو ژیرەکانی دونیا هاوڕان لەسەر ئەوەی کە خراپن و، پێویستە مرۆڤ خۆی بەدوور بگرێت لێیان وەک: کوشتنی ناڕەوا و دەست درێژیکردنە سەر خەڵکی و هەموو جۆرەکانی ستەم، ئەو سەرخۆشکەرەی کە عەقڵ نامێنێت (واتە مەی) و، زینا کە ئابڕووی مرۆڤ دەبات و نەسەبەکان تێکەڵ دەکات و، سووخواردن و درۆ و فێڵ و ستەم و، هەڵهاتن لەو خزمەتە سەربازیەی کە ئەرکی بەرزکردنەوەی فەرموودەی خوای گەورەیەو، ئازاردانی دایک و باوک و، سوێند خواردنی درۆ.

هەروەها لە نموونەی هەموو ئەو کارە خراپانەی، کە عەقڵەکان کۆکن لەسەردەرککردنی ناشیرینی و خراپیەکەی. جا ئەگەر موسوڵمان

کەمتەرخەم بوو لە ئەنجامدانی هەندێ لەواجبەکان، یان تووشی هەڵە بوو و پاشان تەوبەی کرد و داوای لێبووردنی لە خوای گەورە کرد، ئەوا خوای گەورە لێی دەبورێت، بەڵام ئەگەر تەوبەی نەکرد ئەوا هەر لەڕیزی موسوڵمانان دەمێنێتەوە، بەڵام بە سەرپێچیکار لەقەڵەم دەدرێت و، شایانی سزا دەبێت لەڕۆژی دواییدا، بەڵام سزاکەی کاتییە و وەکو سزای بێباوەڕ بەردەوام نابێت.

بەڵام ئەگەر نکوڵی لە هەندێ بنەما و بیروباوەڕی بنچینەیی کرد، یان گومانی هەبوو دەربارەیان، یان واجبێکی بەجێنەهێنا کە زانایانی شەرع هاوڕان لەسەر واجب بوونی، یان نکوڵی کردن لە قورئان تەنانەت ئەگەر تەنها وشەیەکیشی بێت، ئەوا ئەو کەسە لەدین دەردەچێت و بە هەڵگەڕاوە دادەنرێت و، ڕەگەزنامەی ئیسلامی لێ دەسەنرێتەوە، هەڵگەڕانەوەش گەورەترین تاوانە لەئیسلامدا، چونکە وەکو خیانەتی گەورە وەهایە لە یاسا نوێیەکاندا و، سزاکەشی –ئەگەر نەگەڕایەوە و پاشگەز نەبووەوە– مردنە.

ڕەنگە مرۆڤی موسوڵمان واز لە هەندێ لە واجبەکان بهێنێت، یان هەندێ لەحەرامکراوەکان ئەنجام بدا، ئەوکات بە موسوڵمانێکی گوناهکارو سەرپێچیکار لەقەڵەم دەدرێت، بەڵام باوەڕ پارچە پارچە ناکرێت و لەیەک جیانابێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر کەسێک باوەڕی بە ٩٩ بەشی بیروباوەڕ هەبوو بەڵام باوەڕی تەنها بەیەکێکیان نەبوو، ئەوا بێباوەڕە.

ڕەنگە مرۆڤی موسوڵمان باوەڕدار نەبێت هەروەک کەسێک کە پەیوەندی کردووە بە پارتێک یان دەستەیەکەوە و ئامادەی

کۆبوونەوەکانیان بووە، ئابوونەی داوە، بەئەرکی ئەندامێتیش هەڵساوە، بەڵام بنەماکانی پەسەند نەکردووە و بڕوای بە ڕاست و دروستییان نەهێناوە، بەڵکو بۆ سیخوڕی و تێکدان ڕۆیشتووەتە ناوبەوە.

ئا ئەم جۆرە مرۆڤەش ئەو دووڕووەیە کە شایەتومان دەهێنێت[1]، پەرستشەکان بەڕووکەش ئەنجام دەدات، بەڵام لەڕاستیدا باوەڕی نییە و لەسزای خوای گەورەش ڕزگاری نەبووە، هەرچەندە لای خەڵکی بە موسوڵمان دابنرێت چونکە خەڵک ڕووکەشیان دیارە، تەنها خوای گەورەش زانا و ئاگایە بەنهێنی دڵەکان.

جا ئەگەر مرۆڤ باوەڕی بە بنەما فیکریەکانی ئیسلام هێنا، کە بریتین لە: (باوەڕهێنان بەخوای گەورە و هاوەڵ پەیدانەکردن بۆی و، باوەڕهێنان بە فریشتەکان و، پێغەمبەران و، کتێبە ئاسمانییەکان و، ژیانی ڕۆژی دوایی و، قەزا و قەدەر) و، شایەتومانی هێناو، نوێژە فەرزەکانی کرد و، ڕۆژووی مانگی ڕەمەزانی گرت و، زەکاتی مالّی خوای دا ئەگەر زەکاتی لەسەر پێویست بوو، ئەگەر توانی لەتەمەنیدا حەجێکی کرد و، وازی لە حەرامکراوەکان هێنا، ئەوا موسوڵمانێکی باوەڕدارە. بەڵام بەروبوومی باوەڕی لێ دەرناکەوێت و هەست بەشیرینیەکەی ناکات و نابێتە موسوڵمانێکی کامڵ، هەتا لە ژیانیدا ڕێبازی موسوڵمانی

١- دووڕوویی: بریتییە لە دەرخستنی باوەڕو شاردنەوەی بێباوەڕی (کوفر) لە ناخدا، هەروەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: نیشانەی دووڕوو سێ شتە. جا هەرکەسێ پەیمانی داو جێبەجێی نەکردو، درۆی کردو ناپاك بوو بەرامبەر سپاردەو ئەمانەت. تەنها بەمە بە بێباوەڕ دانانرێت، بەڵکو ئەمە دووڕوویەکی کۆمەڵایەتییە نەك دووڕوویەکی بنچینەیی (واتە دووڕوویی لە بڕوباوەڕدا) کە پێشتر باسمان کرد.

باوەڕدار نەگرێتەبەر. پێغەمبەری خواشﷺ پەیڕەویی ئەم شێوازی مامەڵەکردنەی لەیەک دێڕدا کورت کردووەتەوە، کە وتەیەکە لە لوتکەی ڕەوانبێژی مرۆڤدایە.

وتەیەک کە هەرچی چاکەیە لە خۆیدا کۆی دەکاتەوە (خێری دونیا و خێری ڕۆژی دواییش) ئەو وتەیەش بریتییە لەوەی:

کە مرۆڤی باوەڕدار لە هەستان و دانیشتندا، لە خەڵوەت و ئاشکرایی‌دا، لە جدییەت و گاڵتە کردنیدا، لە هەموو حاڵەتەکانیدا، ئەوەی لەبیربێت کە خوای گەورە ئاگای لێیەتی و، سەیری دەکات، ئەوکاتە سەرپێچی فەرمانەکانی ناکات لەکاتێکدا لەبیریەتی کە خوای گەورە دەبینێت، هەروەها ناترسێت و نائومێدیش نابێت لە کاتێکدا کە دەزانێت خوای گەورەی لەگەڵەو هەست بە تەنهایی ناکات لەکاتێکدا زیکر و موناجاتی خوادەکات، هەست بە ئاتاجی ناکات لەبەردەم کەسدا، لەکاتێکدا داوا لە خوا دەکات و لەو دەپارێتەوە، ئەگەر سەرپێچی کرد – کە سەرپێچیکردن سروشتی خۆیەتی– دەگەڕێتەوە و تەوبە دەکات، خوای گەورەش لێی خۆش دەبێت.

هەموو ئەمانە لە فەرموودەکەی پێغەمبەرداﷺ هاتووە کە لە پێناسەی (الإحسان)دا دەفەرموێت: ((أن تَعبُد الله كأنَكَ تَراه، فإن لَم تكُن تَراه فإنَهُ يَراك)).

ئەمە بەپوختیی دینی ئیسلامە و درێژەی باسەکە: لەم بەشەدا دەربارەی (بیروباوەڕ) دەبێت و، بەپشتیوانی خوا لەبەشەکانی دیکەشدا باسی (ئیسلام) و (ئیحسان) دەکەین.

پینا سہ کان

پێناسه

بەپێویستی دەزانم لەم بەشەدا –کە پێناسەی (بیروباوەڕ) دەکەم– ڕوونکردنەوەی هەندێ زاراوە بخەمەڕوو کە لە نێوان زانایاندا زۆر باسیان لێوە دەکرێت، لەکتێبەکانی بیروباوەڕیشدا هاتوون: وەك (شك)، (گومان)، (زانست)، بۆئەوەی بگەمە پێناسەی (بیروباوەڕ).

(دیکارت) لە پڕۆگرامە بەناوبانگەکەیدا و پێش ئەویش (الغزالي) لە (المنقذ من الضلال)، بەگومان دەستیان پێکرد تا لە ڕێگەیەوە بگەنە یەقین، دیکارت گومانی برد بۆ ئەوەی گومان بکاتە ڕێگەیەك بۆ سەلماندن، کەواتە گومان چییە؟

بۆنموونە ئەگەر تۆ لەمەککە بوویت و کەسێك پرسیاری لێکردیت: ئایا ئێستە لە طائیف بارانە؟ ناتوانیت بڵێیت: (بەڵێ)، هەروەها ناشتوانی بڵێیت (نەخێر)، چونکە لەوانەیە لەو سەعاتەدا لە طائیف باران ببارێت، لەوانەشە ئاسمان سامالّ بێت و باران نەبارێت، بۆ نموونە ئەگەری باران بارین ٥٠٪ یەە، ئەگەری نەبارینیشی٥٠٪ یەو هەردوو ئەگەرەکە یەکسانن، کەواتە بەڵگەیەك نییە کە بوونی بسەلمێنێت و بەڵگەیەکیش نییە کە نەبوونی بسەلمێنێت، ئەمەش دوودڵییە.

خۆ ئەگەر سەیری لای ڕۆژهەڵاتت کرد (طائیفیش لەڕۆژهەڵاتی مەککەیە) لەدوورەوە هەورت بەدی کرد، ئەوا ئەوەت بەبیردا دێت کە لەوانەیە لە طائیف باران ببارێت. ئەم ڕێ تێچوون و پێشبینی کردنە کەمەش بۆ ئەوەی دەگونجێت هەبێت، پێی دەوترێت (گومان)، ئەوکاتە

دەڵێیت: واگومان دەبەم ئێستا لە طائیف باران بێت، گومان بۆ نموونە ٦٠٪ ی (بەڵێ) و ٤٠٪ ی (نەخێر) ە.

خۆ ئەگەر هەورەکە زیادی کرد و کۆبووە و پەش هەڵگەڕا و، هەورەبرووسکە دەوروبەری پووناک کردەوە، زیاتر گومانت بۆ دروست بوو کە لە طائیف باران بێت، ئەوا بەڵێ دەبێت بە ٧٠٪ تا ٧٥٪، زانایان بەمە دەڵێن (زاڵبوونی گومان)، ئەوکاتە بە پرسیارکەرەکە دەڵێی: وا گومان دەبەم ئێستا لە طائیف باران ببارێت، خۆ ئەگەر خۆت چوویت بۆ طائیف و بەچاوی خۆت بارانەکەت بینی، هەروەها هەستت پێی کرد لەسەر جەستەت، ئەوا لە بارینی دڵنیا دەبیت، زانایانمان بەمە دەڵێن: یەقین (بەزانست).

لێرەشەوە وشەی زانست چەند مانایەکی پەیداکرد: (زانست)ی ڕەها کە بەرامبەر بە نەزانییە، ئەو (زانست)ەی کە بەرامبەر بە هونەرو فەلسەفەیە، بۆ نموونە کیمیا و، فیزیا زانستن. بەڵام وێنەکێشان و، هۆنراوە نووسین هونەرن. زانستیش بەم مانایە مەبەستەکەی حەقیقەتە و ئامڕازەکەی عەقڵە و هۆکارەکانیشی پرس و بەدواداچوون و تاقیکردنەوەو لێکۆڵینەوەن، هونەریش مەبەستەکەی جوانی و ئامڕازەکەی هەست و هۆکارەکانی چێژگەیاندنە.

ئەو (زانست)ەیش کە بەمانای یەقین دێ و بەرامبەر بە گومان و دوودڵییە، ئەو زانستەیە کە لەم باسەدا مەبەستمانە.[1]

١- زانست بە واتایەکی تایبەت: وەکو (زانستی کیمیا)... ئەوا زانایانمان زۆر پێناسەیان بۆ کردووە، بەڵام ڕوونترین و ئاسانترینی ئەم پێناسانە، بریتییە لە پێناسەکەی (سارتۆن) کە دەڵێت: "زانست کومەڵێك زانیاری ڕێکخراو و سەلمێنراوە.." بڕیە کە دەڵێت (زانیاری)

زانستی پێویست و زانستی تیۆری:

ئەو زانستەی بە هەست و بینین دەرکی پێدەکرێت، پێویستی بەبەڵگە نییە. ئەو شاخەی لەبەردەمتدا دەیبینیت پێویست ناکات بەڵگە لەسەر بوونەکەی بهێنرێتەوە، تۆ دەزانیت- لەڕووی پێویست بوونەوە- کە ئەو بوونی هەیە، هەرکەسێکیش دەیبینێت -لە ژیرەکان- دەزانێت کە بوونی هەیە.

بەمەیش دەوترێت (زانستی پێویست)، بەڵام زانینی ڕێسایەکی بیرکاری وەک یاسای فیساگۆرس کە دەڵێت: زانست بەوەی کە (دووجای ژێ لەسێگۆشەیەکی گۆشە وەستاودا یەکسانە بەکۆی دووجای دوولا وەستاوەکەی)، پێویستی بە بەڵگەیەکی عەقڵییە، دیارە زاناو قوتابی زانست کاتێک دەگەن بەو بەڵگەیە، ئەم ڕاستیە دەزانن، بەڵام کەسێکی سادەی نەزان نایزانێت و، بەڕاستیشی دانانێت، تاکو بەو بەڵگەیە نەگات، تەنانەت ئەگەر سێگۆشەکەی بینی لەبەردەمیدا و، بەمەیش دەوترێت (زانستی تیۆری) کە تەنها بە بەڵگەی عەقڵی دەرکی پێدەکرێت.

بەڵگەنەویستی و بیروباوەڕ:

زانستی تیۆری لەبنەمادا پێویستی بە بەڵگەیە، تەنها بەهەست و بینین دەرکی پێناکرێت، بەڵام بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاودەبێتەوەو

هەست و سۆزو خەیاڵ دەکاتە دەرەوەی باسەکە، هەروەها کە دەڵێت: (سەلمێنراو و بەدیهاتوو) بۆچوون و ئەگەرەکانیش وەلا دەنێت. کاتێکیش دەڵێت: (پێکخراو) زانیاریپە پەرش و بڵاو و جیاوازەکان دوورەخاتەوە.

دەناسرێت، تا زانا و نەزان، گەورە و بچووکیش دەرکی پێدەکەن، تاوای لێدێت لە (زانستی پێویست) زۆر نزیك دەبێتەوە. بۆ نموونە زانینی ئەوەی (کە بەش بچووکترە لە هەموو)، پارچە کولێرە بچووکترە لە کولێرەی تەواو، ئەمە ڕاستیەکە لەبنەمادا لە زانستی تیۆریە کە پێویستی بەبەڵگەیە، بەڵام کەس نادۆزیتەوە گومانی هەبێت لەبارەیەوە و، داوای بەڵگە بکات دەربارەی، منداڵێك ئەگەر چکلێتێکی تەواوی لێبسەنیت و پارچە چکلێتێکی بدەیتێ وەریناگرێت ئەگەر هەوڵیشتدا بۆئەوەی ڕازی بکەیت کە ئەمەیان گەورەترە ڕازی نابێت چونکە بنەمای (بەش بچووکترە لە هەموو) شتێکی بەڵگەنەویستە.

وشەی (ناسنامە) –واتە شتێك خۆی بێت– بەڵگە نەویستە تەنانەت ئەگەر کەسێك وتی: بۆم بسەلمێنە ئەوەی بەدەستەوەیە قەڵەمە و کەوچکی چا نییە پێی دەڵێیت: ((ئەمە ڕوون و ئاشکرایە، پێویستی بە سەلماندن نییە، چونکە قەڵەم قەڵەمە...)).

شتە ئاشکراکان ئەو ڕاستیە عەقڵیانەن کە هەموو خەڵکی پەسەندیان دەکەن و، کەسیش داوای بەڵگە ناکات لەسەریان، جا ئەگەر بەڵگەنەویستی لە عەقڵی ناوەکیدا جێگیربوو، لەهەست و نەستدا بیرکردنەوە و کارەکانی مرۆڤی ئاڕاستە کرد، پێی دەوترێت (بیروباوەڕ)، باوەڕ بوونیش پێی ناودەبرێت بە: (باوەڕ).

بەڵام ئێمە دەزانین مرۆڤ هەندێ جار باوەڕی بە چاکەو ڕاستییە و، هەندێ کاتیش بە خراپە، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا خەڵکانێکی زۆر لە شوێنکەوتوانی ڕێبازی چەوت و، بیروباوەڕی ناڕەوا دەبینین. کە بە ئاشکراو پەنهانیش دەستیان پێوە گرتووە و مالّ و نەفسیان لە پێناو

سەرخستن و پاراستنی دا خستوەتەکار، ئایا بەمانەش دەوترێت (باوەڕدار)؟ بێگومان نەخێر هەرگیز شتی وانابێت، بەڵکو دەتوانین ناوی ئەو باوەڕەیان بەسەردا دابڕین کە پەیوەندی بەو شتە بێ بنەمایانەوە هەیە کە باوەڕیان پێیەتی، هەروەک خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ نَصِيبًا مِّنَ ٱلْكِتَٰبِ يُؤْمِنُونَ بِٱلْجِبْتِ وَٱلطَّٰغُوتِ ﴾ النساء: ٥١ واتە: (سەیری ئەو جوولەکانە ناکەی کە بەشێکیان لە کتێبی خودا پێ دراوە، واتە تەورات، ئیمان ئەهێنن بە بت و شتی هیچوپووچ).

دەکرێت ناوی باوەڕیان پەیوەست بە ئاوەڵناوێکەوە بەسەردا دابڕین، وەک خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِٱللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ ﴾ یوسف: ١٠٦. واتە: (بەشی زۆری ئەوانە ئیمانیان بە خالیقیەتی خودا نیە ئیللا لەگەڵ حاڵەتی هاوبەش بۆدانانیدا نەبێ، وەک ئەوەی ئەحبارەکان بەخودا دانەنێن، یا ئەولاد بۆ خودا بڕیار ئەدەن.)

بەڵام باوەڕ بە مانا تایبەتەکەی، کە تەنها بەڵگەیە لەسەری، ئەو مانایەی کە داواکراوە لەهەر کاتێکدا کە باسی باوەڕ و هاو واتاکانی کرا، لە قورئان و سوننەتدا و، لەسەر زمانی زانایانیش، کە ئەویش بریتییە لە:

- باوەڕهێنان بەزاتی اللە کە پەروەردگاری تاک و تەنهایە.
- خاوەنی هەڵبژێراو و بااڵدەستە.
- خوایەکە بەتەنها دەپەرستریت، لە پەرستندا هاوەڵی بۆ دانانرێت.
- باوەڕ بوونە بەو نیگاو سرووشەی کە بۆ پێغەمبەرەکەی ناردووە، لە هەواڵی فریشتە و، پێغەمبەران و، ڕۆژی دوایی و، قەزاوقەدەر بەچاک و خراپییەوە.

– خاوەنی ئەم بیرو باوەڕەش (باوەڕدارە)، ئەگەر هەرشتێك لەم باوەڕە کەمی کرد، یان ڕەتی کردەوە یان دوودڵ بوو لە بەڕاست زانینی یان گومانی لێی هەبوو، ئەوا سیفەتی باوەڕ لە دەستدەدات و، چیدی لەباوەڕداران لەقەڵەم نادرێت.



بنەماکانی باوەڕ

بنەماکانی باوەڕ

بنەمای یەکەم:

ئەوەی بەهەستەکانم دەرکی پێدەکەم بێگومانم لەوەی کە بوونی هەیە.

ئەمە بەڵگەنەویستێکی عەقڵی دانپێدانراوە، بەڵام ئەو دیمەنانەی کە دەیانبینم وەکو ئەوەی کاتێك بە گەرمای نیوەڕۆ بە بیابانێکدا دەڕۆم، ئاو دەبینم، کە بە ڕووکەش لەبەرچاوم دیارە، بەڵام کە لێی نزیك دەبمەوە تەنها خۆڵ دەبینم، چونکە ئەوەی بینیومە سەرابێك بووە، یان کە قەڵەمێکی ڕێك لە پەرداخێك ئاودا دادەنێم، بەشکاوی دەیبینم، لەکاتێکدا کە نەشکاوە.

یاخود کاتێك مرۆڤ لە ئاهەنگی شەوانەبێت و، باسی جنۆکە و دێو و درنجی تیا بکەن پاشان بڕواتەوە بۆ ماڵەوە، جا ئەگەر ڕێگاکە چۆڵ و تاریك بوو ئەمیش خەیاڵ بڵاو بوو، جنۆکەی بینی و هەستی بە بوونیشی کرد، لەکاتێکدا بوونیشی نەبوو، هەروەها جادووگەر و فاڵگرەوەکان شتی سەیر و سەمەرە دەخەنە بەرچاوی خەڵکی لەکاتێکدا هیچ بنەمایەکی ڕاستیان نییە. کەواتە هەستەکان بەهەڵەدا دەچن و دەخەڵەتێن و، دەکەونە گومانەوە. جا ئایا لەبەر ئەمە گومان بکەم لەبوونی ئەوەی هەستی پێدەکەم؟

بێگومان نەخێر، چونکە ئەگەر گومانم هەبوو لەوەی کە دەیبینم و دەیبیستم و هەستی پێدەکەم، ئەوا پاستی و ئەندێشەم لا تێکەڵ دەبێت. ئەوکات من و شێت جیاوازیمان نابێت.

بەڵام ئاماژە مەرجێکی دیکەش دەکەم بۆبەدیهاتنی زانست (واتە یەقین) بەبوونی ئەوەی هەستی پێدەکەم –ئەویش ئەوەیە عەقڵ لەسەر بنەمای ئەزموون و تاقیکردنەوەی ڕابردوو بڕیار نەدات و، لەبەرامبەر هەموو بینراوو هەستپێکراوێکدا نەڵێیت ئەوەی هەستی پێدەکەم ئەندێشەیە یان خەڵەتاندنی هەستەکانە، عەقڵ جاری یەکەم دەخەڵەتێت و، سەرابی لێدەبێت بە ئاو، بەڵام ئەگەر جارێکی دیکە بینیەوە دەزانێت کەئەوە سەرابە و، عەقڵ بڕیار دەدات دوای ئەوەی جاری یەکەم قەڵەمەکەی بەشکاوی بینی، بەڵام دواتر بینی کەڕێکە و، تەنها لەبەرچاوی شکاو بووە و، هەموو ئەو شتانەی کەهەستەکان هەڵەیان تێدا دەکات، کۆمەڵێك شتی دیاریکراو و ناسراون، ئەم بنەمایە پوچەڵ ناکەنەوە و کاری تێناکەن، لەوانەش کاری جادوگەرانی فیرعەون، یان ئەوەی لەسێرك دەکرێت، لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا.

بنەمای دووەم:

چەندین شت هەن کە نەبینیومانن و نە هەستمان پێکردوون، بەڵام دڵنیاین کە بوونیان هەیە وەك چۆن دڵنیاین لەبوونی ئەوەی دەیبینین و هەستی پێدەکەین، باوەڕمان بەبوونی هندستان و بەرازیل هەیە، لەکاتێکدا سەردانمان نەکردوون و نەمان بینیون و، دڵنیاین لەوەی کە (ئەسکەندەری مەکدۆنی) وڵاتی فارسی داگیر کردووەو، (وەلید ی.کوپی

عەبدولمەلیك) مزگەوتی ئەمەوی بنیاتناوە، ئەمە لەکاتێکدا کە ئامادەی جەنگەکانی ئەسکەندەر نەبووین، بونیادنانی مزگەوتی ئەمەویمان نەبینیوە.

ئەگەر هەریەکە لە ئێمە سەیری خۆی کرد ئەوا بۆی دەردەکەوێت ئەو شتانەی کە نەبیستووە و باوەڕی بەبوونیان هەیە زۆر زیاترن لەو شتانەی کە بینیویەتی لە شارو ولات و، پوودواوەکانی مێژوو و ئەو پوودواوانەی کە لە ئێستادا لە ئارادان.

کەواتە چۆن لەم شتانە دڵنیابوو لەکاتێکدا کە بەهەستەکانی دەرکی پێنەکردوون؟

گەیشتووەتە یەقین لە بارەیانەوە کاتێك لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر دەماو دەم گواستراوەتەوە، کە بە بیری کەسدا نایەت لەسەر داهێنانی ئەو هەوالانە ڕێککەوتبن و، بە درۆ گواستبێتیانەوە.

کەواتە بنەمای دووەم ئەوەیە: هەروەك چۆن یەقین بەهەست و بینین دێتەدی، ئاوەهاش بەو هەوالە دێتەدی کە بڕوامان بە ڕاستگۆیی خاوەنەکەی هەیە.

بنەمای سێیەم:

ئەو زانستە چەندە، کە هەستەکان پێی دەگات؟ ئایا دەتوانێت پەی بەمەوو بوونێك ببات؟ نموونەی نەفس و هەستەکان لەگەڵ هەبووەکاندا، وەك نموونەی پیاوێك وایە دادوەر لە قەڵایەکدا بەندی کردبێت و، دەرگاو پەنجەرەی لەسەر داخستبێت و، تەنها چەند دەلاقەیەکی لە دیواری قەڵاکەدا بۆ بەجێهێشتبێت، دەلاقەیەك بڕوانێتە

سەر ئەو ڕووبارەی لە ڕۆژهەڵاتەوە دەڕوات و، دەلاقەیەک بەڕووی ئەو شاخەدا کە بۆلای ڕۆژ ئاوایە، دەلاقەیەک بەڕووی ئەو کۆشکەی کە کەوتووەتە باکورەوە، دەلاقەیەک بەسەر ئەو یاریگایەی کەوتووەتە باشوورەوە، بەندکراوەکە نەفسە، قەڵاکەش جەستەیە، دەلاقەکانیش هەستەکانن، هەستی بینین سەرپەرشتیارە بەسەر جیهانی ڕەنگەکانەوە و، هەستی بیستن بەسەر جیهانی دەنگەکانەوە و، هەستی چەشتن بەسەر جیهانی خۆراک و، هەستی بۆنکردن بەسەر جیهانی بۆنەکانەوە و، هەستی بەرکەوتن بەسەر جیهانی تەنەکانەوە.

١- لێرەدا دەپرسین: ئایا بەهەرپەکە لەم هەستانە دەرکی بەهەموو جیهانی دەوروبەری کرد؟ بەندکراوەکە کاتێک لە دەلاقەی ڕووبارەکەوە سەیردەکات، هەموو ڕووبارەکە نابینێت بەڵکو بەشێکی دەبینێت، هەروەها چاویش کاتێک بە جیهانی ڕەنگەکاندا دەڕوانێت، هەمووی نابینێت بەڵکو هەندێکی دەبینێت، من مێرووڵەیەک نابینم کەلەدووری ٣ میلەوە دەڕوات، سەرەڕای ئەوەی کە ئەو مێرووڵەیە بوونی هەیە، هەروەها لەپەرداخێک ئاوی ڕووندا میکرۆب و زیندەوەری زۆر بچووک نابینم، لە کاتێکدا لەو پەرداخە ملیۆنەها میکرۆبی تێدایە، هەروەها سوپانەوەی ئەلیکترۆن بەدەوری ناوکی گەردیلەدا نابینم. ئەم مێرووڵەیە دەنگی هەیە بەڵام من نایبیستم، چونکە گوێچکەم هەست بەو لەرینەوانە دەکات کە لەنێوان ٥٠ بۆ ٢٠٠٠٠ دێسبڵ دایە، ئەگەر لەو بوارەدا نەبوو نایبیستێت و، ئەگەر کونی پەردەی گوێ زیاد بکات ئەوا دەبێتە هۆی لەدەستدانی هەستی بیستن، هەروەها بۆنی شەکر ناکەم، لە کاتێکدا مێرووڵە و مێش بۆنی دەکەن و خێرا بۆی دەچن. کەواتە هەستەکان

تەنها دەرك بە بەشێك لەو جیهانە دەكەن كە زاڵن بەسەریدا و كۆنترۆڵیان كردووە.

٢- پاشان ئایا ناكرێت لەنێوان جیهانی ڕەنگەكاندا كە چاو بەسەریدا دەڕوانێت و، جیهانی دەنگەكان كە گوێ چاودێرە بەسەریدا جیهانێكی دیكە هەبێت، لەڕاستیدا هەر ناتوانم دەركی پێبكەم چونكە لە بنچینەدا هەستێكم نییە بۆ پەیبردن پێی؟

ئایا ناكرێت (لەنێوان ڕووبار و شاخەكەدا باخێكی گەورە هەبێت بۆ بەندكراوەكە، نەبینیبێت و نەزانێت هەیە، چونكە دەلاقەیەك نادۆزێتەوە تا لێوەی بڕوانێت؟ ئایا دەتوانێت نكوڵی لە بوونی بكات لەبەرئەوەی نایبینێت؟ ئەو نابینایەی كوێری زكماكە، ڕەنگە بەگوێ گرتن بتوانێت بزانێت دەریا شینە، مێرگ و پاوەن سەوزە، ناتوانێت پەی بەوە ببات شینی و سەوزی چین. كەڕیش، لەوانەیە بتوانێت بەفێربوون بزانێت لە ئاوازەكاندا مەقامی جۆراوجۆر هەیە، بەڵام ناتوانێت پەی بە ئاوازەكان ببات، كەواتە ئایا نابینا مافی ئەوەی هەیە نكوڵی لە بوونی سەوزایی بكات و، كەڕیش نكوڵی لە ڕاستەقینەیی ئاوازەكان بكات لەبەر ئەوەی هەستیان پێناكات؟ ئەو ژووڕەی كەزۆر هێمن دەردەكەوێت، هەموو جۆرە گۆرانی و دەنگێكی تێدایە كە ئێستا لە هەموو ئیزگەكاندا پەخش دەكرێت. تۆ هەستی پێناكەیت چونكە ڕەنگێك نییە بەچاو ببینیت و، دەنگێك نییە بەگوێ ببیستیت، بەڵكو جۆرێك لەرینەوەی جیاوازە، دەنگی تیایە بەڵام گوێ نایبیستێت، خۆ ئەگەر ڕادیۆیەكت هێنا بۆت لێبداتەوە، ئەوا گوێبیستی دەبیت. هەست بە جیاوازی كەمی پەستانی كەش ناكەیت، لەبەرئەوەی هەستێكت نییە تا بەهۆیەوە پەی پێببەیت،

بەڵام ئەگەر بارۆمیتەرت هێنا ئەوا بەهۆیەوە پەی پێدەبەیت. هەست بە لەرینەوەی هێواش ناکەیت، بەڵام ڕادار پەی پێدەبات. بێگومان لە بووندا زۆر شت هەن، ناچنە بازنەی هەستەکانەوە، لەبەرئەوەی ڕەنگێك نین ببینرێن و، دەنگێك نین ببیسترێن، بەرجەستەیەك نین بەرکەوتیان هەبێت و بۆنێك نین بۆن بکرێن و، خواردنێك نین بچێژرێن، کەواتە ئایا بۆم هەیە نکوڵیان لێبکەم، لەبەرئەوەی هەستەکانم سنووردارن و دەرکیان پێناکەن؟

٣- ئایا هەستەکان تەواو و بێ کەم و کوڕین؟ پێشینان تەنها پێنج هەستیان لاڕوون و ئاشکرابوو، پێیان وابوو ناتوانرێت لەوە زیاتر هەستی دیکە هەبێت، بەڵام ئێستا هەستی دیکە لە مرۆڤدا دۆزراوەتەوە کە خوای گەورە پێی بەخشیوە و ئەوەی قابیلی زیادبوون بێت بە ناتەواو لە قەڵەم دەدرێت. من چاوم دادەخەم و، دەستم دەکەمەوە یان دایدەخەم، ئەوکاتە هەست دەکەم کە کراوەتەوە یان داخراوە، کەواتە بەکام هەستە هەستم پێکرد؟ بەوەی ناودەبرێت بە (هەستی ماسوولکەیی). هەست بە ماندووبوون و شەکەتی و هێلنج دان و خاوبوونەوە و گرژبوون دەکەم، هیچ کام لەمانەش بە پێنج هەستەکە هەستم پێنەکردوون، بەڵکو بە(هەستی ناوەکی) هەستم پێکردوون و، کە دەڕۆم بەملاولادا ناکەوم، لەکاتێکدا منداڵ لەسەرەتادا کە دەڕوات بەملاولادا دەکەوێت و ناتوانێت بەڕێکوپێکی و هاوسەنگی ڕێ بکات و، پاسکیل سوار و یاریزانانی سێرك، کە جوولەی سەیر و سەمەرە ئەنجام دەدەن، بەکام هەست کۆنترۆڵی هاوسەنگییان کردووە؟

هەستی هەشتەم هەیە کە(هەستی هاوسەنگی پاگرتنە)، لەبیرمە کە ئەو شوێنەیان دۆزییەوە کە خوای گەورە ئەم هەستەی تیا داناوە، لە گوێی ناوەوەدا ماددەیەکی کەمی شل هەیە، کە بەرپرسە لە هاوسەنگی پاگرتن لە لەشدا، لەمیانەی تاقیکردنەوە زانستییەکاندا ئەو ماددەیەیان لە کەرۆێشکێك دەرهێنا، لە ئەنجامدا کەرۆێشکەکە وەکو سەر خۆش بەملاولادا دەکەوت.

کەواتە بنەمای سێیەم ئەوەیە کە: مافی ئەوەمان نییە نکوڵی لە بوونی شتەکان بکەین تەنها لەبەرئەوەی بە هەستەکانمان دەرکیان پێناکەین.

بنەمای چوارەم:

وتمان هەستەکان سنووردارن، ئێمە ناتوانین بەچاوەکانمان هەموو بینراوێك ببینین ئەمەش پاستە، بەڵام خوای گەورە توانایەکی دیکەی پێبەخشیوین، تا کەموکورتی هەستەکانی پێ پڕبکەینەوە، ئەویش (ئەندێشەیە).

بۆ نموونە: من ئەگەر نەمتوانی خانووەکەی خۆم لەدیمەشق ببینم .....، لەکاتێکدا لەمەککەم، دەتوانم بیهێنمەوە پێش چاوم هەروەك ئەوەی ببینم، ئەندێشە و خەیاڵ تەواوکاری هەستەکانی دیکەیە، بەڵام ئایا ئەندێشە سنووری هەیە، یان ڕەها و بێسنوورە؟ ئایا دەتوانم شتێکم بەبیردا بێت لەکاتێکدا بەهەستەکانم دەرکم پێنەکردووە؟

لای زانایانی دەروونناسی ئەندێشە دوو جۆرە: ئەندێشەیەکی گێڕەرەوە وەك بەبیردا هاتنی خانووەکەم لە دیمەشق، لەکاتێکدا لە

مەککەم و، ئەندێشەیەکی داهێنەر، کە ئەویش ئەندێشەی شاعیر و چیرۆك نووس و نیگارکێش و زۆربەی هونەرمەندانە، سەیری ئەندێشەی ئەو هونەرمەندانە بکە ئایا شتێکی نوێیان هێناوە جیاواز لەوەی کە لە واقیعدا هەیە؟ ئەو هونەرمەندەی پەیکەری (فینۆسی) داتاشیوە وێنەیەکی هێناوە کە وێنەیەکی تەواو هاوشێوەیمان نەبینیوە، بەڵام ئایا تازەیە یان چەند پارچەیەکی لە واقیعەوە هێناوە و، پێکەوە کۆی کردوونەتەوە؟ وێنەی جوانترین لووت و، جوانترین دەم و، جوانترین جەستەی هێناوە، وێنەیەکی نوێی لێ پێکهێناوە، کە ئەمەش تازەیەکە لە پارچەی کۆن پێکهاتووە.

پەیکەری گامێشە باڵدارەکەی ئاشوورییەکان لە مۆزەخانەی پاریس، شتێکی ئەوتۆی تێدا نییە ئەوە نەبێت کە پەیکەرتاشەکە سەری پیاوێکی لەسەر لاشەی گایەك داناوە و، باڵی باڵندەشی بۆ داناوە، وێنەیەکی نوێیە بەڵام لە پارچەی کۆن پێکهاتووە.

هەروەها ئەو ئاژەڵە سەر سوپرهێنەرەی کە قەزوینی بەخەیاڵیدا هاتووە و، ئەندێشەی شاعیرانیش هەموو ئەو خواستن و لێکچواندن و پیاهەڵدانە سەیرانەی کە تیایەتی، لە کۆکراوەی چەند بەشێکی جیاواز لە واقیع بەدەرنین.

بەڵکو ئێمە ئەگەر زۆر ڕۆبچین لە باسی شتە سەرسوڕهێنەرەکان سەبارەت بە کۆکردنەوەی ئەم بەشانە ئەوا دەبینین کە خودی ئەندێشە بێتوانایە لە ئاشنابوون بەم کۆکردنەوانە، بەشێك لە جیهانی ڕەنگ و، بەشێك لە جیهانی دەنگ بەنموونە وەربگرن، بڵێن فڵان گۆرانیبێژ ئاوازێکی بۆن خۆشی چڕی، یان فڵان بۆن بۆنێکی ڕەنگ سووری هەیە،

دەبینن کە ناتوانن ئەم وێنەیە بهێننە پێش چاوی خۆتان، لەکاتێکدا کە هەموو ئەمانە لە جیهانی واقیع بەدەرنین.

کەواتە ئێمە ناتوانین ئاوازێکی بۆن خۆش، یان بۆنێکی سوور بهێنینە پێش چاوی خۆمان و، تەنها دەرک بەشێوەی سێ دووری دەکەین (درێژی–پانی– بەرزی) ناتوانین دووری چوارەم بەبیرماندابێت، هەروەک ناتوانین شێوەی[1] بازنەیەکی بێ چوارچێوە یان سێگۆشەیەکی بێ گۆشە وێنابکەین، کەواتە چۆن دەتوانین رۆژی دوایی بهێنینە پێش چاومان و وێنای بکەین، کە جیهانێکی جیاوازە لە جیهانەکەمان؟ رۆژی دوایی لەچاو ئەم دونیایەدا، وەک دونیا وایە لەچاو سکی دایکدا بۆ کۆرپەلە، جا ئەگەر توانیمان پەیوەندی بە کۆرپەلەوە بکەین و ئەویش توانی وەلاممان بداتەوە، پێمان وت: گەردوون چیە؟ دەیوت: گەردوون ئەم پەردانەیە کە دایانپۆشیوم و، ئەم تاریکیانەیە کە چواردەوریان داوم. ئەگەر پێمان وت گەردوونێکی دیکە هەیە خۆر و مانگ و، شەو و رۆژ و، وشکانی و دەریا و، دەشت و شاخ و، بیابانی تێدایە. ئەوا لە مانای ئەم قسەیە تێنەدەگەیشت خۆ ئەگەر تێیش بگەیشتایە نەیدەتوانی حەقیقەتەکەی بەبیردابێت.

هەر لەم بارەیەوە ئینن عەباس وتویەتی: ((ئەوەی لە رۆژی دواییدا هەیە تەنها ناوەکانی لە دونیادا هەیە)) نە شەرابی رۆژی دوایی لە شەرابی دونیا دەچێت و، نە حۆریەکانی رۆژی دوایی لە ئافرەتانی دونیا

١– مەبەست لێی دووری پاستەقینەیە، بەڵام ئەوەی کە ئەنیشتاین بۆی چووە زەمانی بە دووری چوارەم داناوە، ئەوە شتێکی داناوە نەک پاستەقینە.

دەچن و، نە ئاگری دۆزەخ لە ئاگری دونیا دەچێت و، نە پردی سەر جەهەنەم لە پردی سەر پووبارەکانی دونیا دەچێت.

کەواتە بنەمای چوارەم، ئەوەیە کە ئەندێشە و هزری ئادەمیزاد ناتوانێت شارەزایی پەیدا بکات و سەر لە شتەکانی دەوروبەری دەربکات تەنها بەوە نەبێت کە هەستەکان دەرکیان پێکردووە.

بنەمای پێنجەم:

کاتێك چاوت کەوچکێکی ڕێکی لە ناو پەرداخێك ئاودا بە چەماوەیی بینی، عەقڵ بەوە نەخەڵەتا کە چاو بینیویەتی، بەڵکو زانی کە هێشتا ڕێکە و، کاتێك لە بیابان خۆڵت لەبەرچاو بوو بە ئاو، عەقڵ زانی کە ئەوە سەرابە و، کاتێکیش بینیمان نمایشکارێك لە سێرك ١٠٠ دەستەسڕی لە دەمیەوە دەرهێنا و، لە کڵاوەکەیەوە ٢٠ کەرۆێشکی دەرهێنا عەقڵ زانی کە ئەمە فێڵە. کەواتە بڕیاری عەقڵ ڕاستتر و دووربینانەترە، بەڵام ئایا عەقڵ دەتوانێت بەشێوەیەکی ڕەها و ناکۆتا بڕیار بەسەر هەموو شتێکدا بدات؟

عەقڵ ناتوانێت پەی بەشتێك ببات، تا لەنێوان دووشتی دیکەدا دیاری نەکات!

ئەگەر سنوورەکانی کات و شوێن دیاریکراو نەبن عەقڵ دەرکیان پێناکات، بۆ نموونە ئەگەر مامۆستای مێژوو پێی وتی: جەنگێك لەنێوان عەرەب و فارس دا ڕوویداوە بەڵام نە لە پێش ئیسلام و نە لەدوای ئیسلام ڕوویداوە و، نە لەهیچ سەردەمێکدا ڕوویداوە، بەڵام لە ڕاستیدا ڕوویداوە، نە دەرکی پێدەکەیت و نە باوەڕیشی پێدەکەیت، ئەگەر

مامۆستای جوگرافیا وتی ولاتێك هەیە نە لەدەشت و شاخ دایە، نە لەوشکانی یان دەریادایە و، نە لەزەوی و نە لە ئاسماندایە و، نە لەهیچ شوێنێکدایە، بەلام بوونی هەیە – دەرکی پێناکەیت و باوەڕپشی پێناکەیت. کەواتە عەقڵ تەنها لە سنووری کات و شوێندا بیردەکاتەوە و بڕیار دەدات. لەدەرەوەی ئەو دووانە وەك بابەتەکانی پەیوەست بە ڕۆح و، قەزا و قەدەر و، سیفەتەکانی خوای گەورە، عەقڵ هیچ دەسەلاتێکی نییە لە بارەیانەوە و دەرکیان پێناکات. پاشان عەقڵ سنووردارە، ناتوانێت بڕیار بەسەر بێسنووردا بدا و، ناتوانێت دەرکی پێبکات. نەمری باوەڕداران لەبەهەشتدا بهێنە پێش چاوی خۆت! عەقڵی مرۆڤی باوەڕدار بێگومانە کە ئەمە ڕاستەو لە هەواڵی ڕاستی قورئانەوە بەم یەقینە گەیشتووە. بەڵام سەیر بکە ئایا عەقڵت بەنەمری دەورە دراوە؟ بەوردی لێی ڕابمێنە، دەبینیت بۆماوەی سەدەیەك و، دوو سەدە و، سەد سەدە و، ملیۆنێك و هەزار ملیۆن سەدە وێنای مانەوەیان دەکەیت لە بەهەشتدا، پاشان دەبینیت عەقڵت دەستەوسان دەوەستێت و، دەپرسێت: ئەی دوایی؟ دەیەوێت کۆتاییەکی بۆ دابنێت. ناتوانێت دەرکی (ناکۆتا) بکات و، ئەگەر وای دانا پێیگەیشتووە ئەوا ئەو بۆچوونە پێچەوانەیەی لادروست دەبێت کە دەڵێت ئەمە پووچ و بێ بنەمایە.

فەیلەسوفی ئەڵمانی (کانت) کتێبێکی بەناوبانگی هەیە، دەربارەی سەلماندنی ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت: عەقڵ ناتوانێت بڕیار بدات تەنها بەسەر جیهانی ماددەدا نەبێت. بەڵام ئەوەی (کانت) وتویەتی زانایانمان پێشتر وتویانە و سەلماندویانە تا بووەتە بابەتێکی بەڵگەنەویست و دانپیانراو و، قسەکردن لەبارەیەوە بووەتە شتێکی باو و ئاسایی تەنانەت

(بیروڕا) دژیەك و پێچەوانەکانی(کانت)، زانایانمان پێشتر پێی گەیشتوون و، بە بەڵگەی بیرکاری ڕوونیان کردووەتەوە کە چەندبارەبوونەوە و بەدوای یەکدا هاتن بێ بنەمان. لە گرنگترین بەڵگەکانیان ئەو بەڵگەیەیە



کە بۆ نموونە دوو تیشك لە خاڵی (م)ەوە دەربچێت واتە دوو هێڵی ڕێك کە لە یەك دووربکەونەوە و، وای دابنێ هەریەك لەو هێڵانە تا خاڵی ناکۆتا درێژ بکەیتەوە و لەنێوان هەردوو هێڵەکەدا.... چەند هێڵێکی دووریی یەکسان لەچەند خاڵێکی بەرامبەر بەیەکەوە بەیەك بگەیەنیت وەك: (ب جـ) و(ب١ جـ١) و(ب٢ جـ٢) بەو شێوەیە، تا دەگەیتە هێڵی (ناکۆتا) ئایا ئەم هێڵە سنووردارە؟ یان بێسنوورە؟

ئەگەر وتت سنووردارە بەڕەچ دەدرێیتەوە بەوەی کە لەنێوان دوو ناکۆتادایە، کەواتە چۆن سنوور دیاریکراو دەبێت؟ ئەگەر وتیشت دیاریکراو نییە، دەوترێت کە لە نێوان دوو خاڵدایە، کەواتە چۆن دیارینەکراو و بێسنوورە؟ کەواتە سنووردار و بێسنوورە، کە ئەمەش دژ

یەك و پێچەوانەیە ! چەسپاوە کە عەقڵ ئەگەر وێستی بڕیار بەسەر شتی بێسنووردا بدات و لە ناکۆتا بکۆڵێتەوە هاوسەنگی لەدەست دەدات و، دەکەوێتە دژیەکی مەحاڵەوە، کەواتە عەقڵ ناتوانێت بڕیار بدات، بڕیارەکەشی دروست نابێت تەنها لە بابەتە ماددیە سنووردارەکاندا نەبێت. بەڵام لە دەرەوەی ماددە، واتە لە جیهانی غەیبدا، عەقڵ هیچ فەرمان و بڕیارێکی نییە. ئەوەی (کانت) لە کتێبەکەیدا سەلماندی زانایانمان پێشتر باسیان کردووە، لە کتێبی (شرح المواقف)ی سەید و، پەیامی (المقصد الأسي) غەزالی[1] و هەموو کتێبەکانی کەلامدا هاتووە.

١- پەیامی (المقصد الأسي فی شرح أسماء الله الحسنی) زیاتر لە ٣٠ سالّ لە کتێبخانەکەمدا مایەوە، پالنەرێك نەبوو تابیخوێنمەوە، دواتر کە خوێندمەوە بەشێك لە سەرسوڕهێنەری بلیمەتی غەزالیم بۆ دەرکەوت ئەو باس لەناو و نازناو و پەیوەندی نێوانیان دەکات و، پەیوەندی نێوان ناوەجوانەکانی خوای گەورە و هەڵسوکەوتی موسوڵمانان دەخاتەڕوو، بەشێوازێکی نوێ و داهێنەرانە، کە ئەمەش لە هەنگاوە ناوازەکانی غەزالییە لە هەموو بابەتێکدا کە دەینووسی هەرچەندە لەکتێبە مەزنەکەیدا (الأحیاء) زۆرێك لە بابەتی سۆفیگەری پێچەوانەی سونەی تیادایە و، زۆرێك لە فەرموودەی تێدایە کە بێبنەمان و، دەبنە هۆی گۆشەگیری و خاوبوونەوەی خوێنەرەکەی و، دوورکەوتنەوە لە گیانی سەرکێشی و تێکۆشان، سەرەڕای ئەوەی لەسەردەمی جەنگی خاچ پەرستەکاندا نووسراوە، کە تێکۆشان لەسەر پیاوان و ژنان پێویست بوو، هەروەك ئێستاش پێویستە بۆ کردنەدەرەوەی بێباوەڕان لەخاکی داگیرکراوی موسوڵمانان، من دەڵێم غەزالی گەورەترین بیریاری ئیسلامییە بەڵام دوورنیە لە هەڵەو گوناە (ویژدانی زانستیش باسکردنی هەڵە دیاریکراوەکان پێوست دەکات) کەئەمەیش مایەی شانازییە بۆ مرۆڤ.

بنەمای شەشەم:

هەموو خەڵکی، باوەڕدار و بێباوەڕ، ئەگەر تووشی کارەساتێك هاتن هیچیان پێنەکرا لەبەرامبەریدا و، نەیانتوانی لەسەر خۆیانی لابببەن، ئەوا پەنا بەهیچ کام لە بوونەوەران ناگرن لێی، بەڵکو پەنادەگرن بەهێزێك لەپشت ئەو بوونەوەرانەوە، هێزێك کە نایبینن بەڵام بە دڵ و گیان هەست بە بوون و شکۆو گەورەیی دەکەن.

ئەمە لە ڕۆژی تاقیکردنەوەکاندا ڕووبەڕووی زۆرێك لە قوتابیان دەبێتەوە، تووشی زۆرێك لەنەخۆشەکان دەبێت لەکاتی پەرەسەندنی نەخۆشی و زیادبوونی ئازارەکانیاندا، هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ لای پەروەردگاریان و، دەست دەکەن بەپەرستنی، ئایا لە خۆتان پرسیوە هۆکاری ئەمە چییە؟ بۆچی دەبینین هەرکەسێك تووشی ناڕەحەتی دەبێت دەگەڕێتەوە بۆ لای خوا؟ زۆربەمان[1] ڕۆژانی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیمان لەبیرە کە چۆن خەڵکی ڕوویان دەکردە ئایین و، پەنایان دەبردە بەر خوا، سەرۆك و پێشەواکان لە مزگەوتەکاندا پێشنوێژییان دەکرد و، سەربازەکانیان بۆ نوێژ بانگ دەکرد.

لە گۆڤاری (المختار)دا کە وەرگێڕدراوی گۆڤاری (ریدر زادیجست) بوو، وتارێکم خوێندەوە کە لە ڕۆژانی جەنگدا بڵاوکرابوویەوە، وتاری

١- مەبەستم ئەو کەسە بەتەمەن و بەسالاچووانەیە کە جەنگی سالی (١٩٢٩)و جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤) یان تیایدا بەشداربوون، کە خۆیشم بەچاوی خۆم هەردوو جەنگەکەم بینیوە و لەبارەیانەوە سەرنج و بۆچوونی خۆم خستووەتەڕوو.

لاوێك بوو دەربارەی بازدانی پەڕەشوتدار کاتێك چیرۆکەکەی خۆی دەگێڕێتەوە ئامادە بەوە دەکات کە: لە مالێکدا گەورە بووە کەسێکی تیانەبووە یادی خوا بکات یان نوێژ بکات و، لە ژمارەیەك قوتابخانەدا خوێندوویەتی کە وانەی ئایینی تێدا نەوتراوەتەوە و، مامۆستای دینداری تێدانەبووە، لەسەر (عەلمانیەت) و مادەگەریی پەروەردەبووە، واتە وەکو ئاژەڵ کە تەنها خواردن و خواردنەوە دەزانێت، بەڵام کاتێك بۆ یەکەم جار بە پەڕەشوتەوە خۆی هەڵداوەتەوە خوارەوە، کاتێك لەئاسماندا بووە پێش ئەوەی پەڕەشوتەکەی بکرێتەوە، وتویەتی: یاالله پەروەردگارم. لە ناخیەوە پاڕاوەتەوە، خۆیشی سەری سوڕماوە لەوەی ئەم باوەڕەی لە کوێوە بۆ هاتووە؟

کچەکەی ستالینیش لە یاداشتەکانیدا باسی لەوە کردووە کە چۆن گەڕاوەتەوە بۆ ئایین، لەکاتێکدا لەنێو ئەوپەڕی ئیلحاد و بێباوەڕیدا گەورە بووە تەنانەت خۆی ئەم گەڕانەوەیەی بەلاوە سەیر بووە. ئەمەش مایەی سەر سوڕمان نییە، چونکە باوەڕ بەبوونی خوا لە هەموو نەفسێکدا پەنهانە، سروشتێکی بنچینەییە لە مرۆڤدا، وەکو غەریزەی سێکسی، مرۆڤیش (بوونەوەرێکی خاوەن ئایینە).

بەڵام ئەم فیترەتە ڕەنگە بە ئارەزوو و چاوچنۆکی و داواکاری ماددی دابپۆشرێت، جا ئەگەر ترس و تەنگ و چەڵەمە و ناڕەحەتی هێنایانە لەرزە، ڕووپۆشەکەی لادەچێت و دەردەکەوێت بۆیە بەکەسی بێباوەڕ دەوترێت (کافر)، مانای کافر لەزمانی عەرەبیدا بەمانای (ساتر) دێت واتە داپۆشەر، جێگەی سەرسوڕمان بوو کە پاڵپشتی ئەم بیرۆکەیەم لە دوو وتەدا دیتەوە، کە لەکات و شوێن و مەبەستدا لەیەکەوە دوورن،

بەڵام لە مانادا نزیکن. –وتەی خواناسێکی موسوڵمانی پارێزکاری ناسراو کە ئەویش (ڕابیعەی عەدەوی)یە[1] و، وتەی نووسەرێکی فەڕەنسی بێباوەڕی ناسراو کە ئەویش (ئەناتول فرانس)ە، ئەناتول لە پێشانگای کوفر و بێباوەڕیەکەیدا دەڵێت: ((مرۆڤ کاتێك باوەڕ دەهێنێت ئەگەر لە ئەنجامی پشکنینی میزەکەیدا دەرکەوت کە تووشی نەخۆشی شەکرە بووە، (ئەمە لە سەردەمێکدا کە ئەنسۆلین نەدۆزرابوویەوە). هەروەها کاتێك بە (ڕابیعە)یان وت: ((فڵان کەس هەزار بەڵگەی هێناوەتەوە لەسەر بوونی خوا، ئەویش پێکەنی و وتی: یەك بەڵگەی بەسە، وتی: ئەو بەڵگەیە چییە؟ ڕابیعەیش وتی: ((ئەگەر بەتەنها لەبیاباندا دەڕۆیشتی و قاچت هەڵکەوت کەوتیتە ناو بیرێکەوە، نەتتوانی لێی بێیتەدەرەوە، چی دەکەیت؟ وتی: هاواردەکەم یاالله....)) وتی: ئا ئەوە بەڵگەکەیە ..)).

باوەڕ بەخوا لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا هەیە ئێمەی موسوڵمان ئەم ڕاستیەیە دەزانین چونکە خوای گەورە هەموو مرۆڤەکانی لەسەر فیترەتی باوەڕ بەدیهێناوە. ئەوروپیەکان سەر لەنوێ پێناسەی (باوەڕ)یان کردەوە، (دورکایم) مامۆستای کۆمەڵناسی فەڕەنسی بەناوبانگ[2] کتێبێکی هەیە دەربارەی ئەوەی باوەڕ بەبوونی خوا ئاشکرا و بەڵگەنەویستە، ناکرێت مرۆڤ بژی و بمرێت بەبێ ئەوەی بیر لە

۱– لەم ساڵانەی دواییدا چیرۆکێکی گۆرانی وتنی وێنە گیراو دەرکەوت، بانگەشەی ئەوەیان کرد کە نواندنی ژیانی ڕابیعەی عەدەوی یە، لەکاتێکدا تەنها خەیاڵ و بیرۆکەی نووسەرەکەی بوو و، تەنها بەشێکی زۆر کەم لە ڕاستی مێژوویی تێدا بوو.

۲– دورکایم مامۆستای کۆمەڵناسی فەڕەنسی وەکو (فرۆید) جولەکەیە و، سەردەمانێك عەقڵی خەڵکی تێکدا.

بەدیهێنەری ئەم گەردوونە بکاتەوە، بەڵام لەوانەیە عەقڵی پاستی نەپێکێت یان کەمتەرخەم بێت و هیدایەت وەرنەگرێت بۆلای پەرستراوی پاستەقینە، بەڵکو شتی دیکە بپەرستێت و وابزانێت کە ئەو خوایە، یان لە خوا نزیکی دەکاتەوە.

بەڵام لەکاتی مەترسیدا دەگەڕێتەوە بۆلای خوای تاك و تەنها و واز لەو پەرستراوانە دەهێنێت. هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانی قورپەیش بتە لەبەرد دروستکراوەکانی وەك: (هبل)و (لات)و (عزی)یان دەپەرست، (هبل) بتێك بوو لە بەردێکی بەنرخ دروستکرابوو، (عەمری کوڕی لحی) لەسوریا لە(الحمة) هێنابووی پێیان وتبوو ئەمە خوایەکی مەزنی بەدەسەڵاتە، ئیدی ئەویش لەسەر پشتی وشترێك هەڵیگرتبوو هێنابووی لەڕێگا کەوتبوو دەستێکی شکابوو، ئەوەبوو دەستێکیان لە ئاڵتون بۆ دروستکردەوە. خوایەك دەستی دەشکێت! سەرەڕای ئەوەش دەیانپەرست!! لەکاتی هێمنی و ئاسایشدا دەیانپەرست، کاتێکیش لەدەریادا شەپۆلەکان جۆشیان خوارد و، دێوەزمەی نوقم بوون دەرکەوت نەیان وت ئەی (هبل): بەڵکو وتیان: یاالله.

ئەم دیمەنانەش هەر بەردەوامن ئەوەتا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا، کاتێك پاپۆڕێك نوقم دەبێت، یان ئاگر دەکەوێتەوە، یان لەکاتی مەترسیدا، یان لەپەرەسەندنی نەخۆشیدا، دەبینی بێباوەڕان دەگەڕێنەوە بۆلای ئایین.

بۆچی؟ چونکە باوەڕ غەریزەیە، پاستترین پێناسە بۆ مرۆڤ ئەوەیە کە دەوترێت (بوونەوەرێکی دینداڕە)، سەیری ئەو بێباوەڕە ماددیانەش بکە، کاتێك مردن یەخەیان پێ دەگرێت، ئایا وا گومان دەبەن کە

(مارکس) و (لینین) لەسەرە مەرگدا هاواریان کردە هۆکارەکانی بەرهەم هێنان یان لەخوا پاڕانەوە، دڵنیابن ئەوانە پێش ئەوەی بمرن هاواری خوایان کرد، بەڵام کاتێك کە هاوار و پەشیمان بوونەوە سوودی نەبوو، فیرعەون کە خۆی بەگەورە و بەدەسەڵات زانی، وتی: من خوای هەرەگەورەتانم، کاتێ لە دەریادا نوقم بوو وتی: ﴿ءَامَنتُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱلَّذِىٓ ءَامَنَتۡ بِهِۦ بَنُوٓاْ إِسۡرَٰٓءِيلَ﴾ یونس: ٩٠، واتە: (باوەڕم هێنا کە هیچ خودایێ نیە بەڕاستی عیبادەتی بۆ بکرێ ئەو خودایە نەبێ کە بەنی ئیسرائیل باوەڕیان پێ هێناوە.)

هەست و سۆزی خۆشەویستی کە خۆشەویستان هەستی پێدەکەن بەڵگەیەلەسەر ئەوەی کە باوەڕ فیترەتە لە نەفسی مرۆڤەکاندا، خۆشەویستی وێنەیەکی بچوککراوەی باوەڕە و، جۆرێکە لە جۆرەکانی پەرستن. فەڕەنسییەکان کاتێك وازهێنان لە دین زاڵبوو بەسەریاندا، وشەی پەرستنیان لە خۆشەویستیدا[1] بەکارهێنا و هەندێ لە هەوادارانی ئەوروپاییەکان لای خۆمان، لاساییان کردەوە و، لە نێو چیرۆکەکانیاندا دەڵێن: (خۆشەویێت و دەیپەرستێت) و (خۆشەویستی تاڕادەی پەرستن)، ئەمەش تەنها ئەوە دەگەیەنێت کە پەرستن ڕووکاری فیتری باوەڕبوونە بەخوا و، لەبەرئەوەی خۆشەویستی شێوەیەك لە باوەڕی تێدایە. خۆشەویست گوێڕایەڵی خۆشەویستەکەی دەکات و، هەموو ئارەزوو خواستەکانی بۆ جێبەجێ دەکات، باوەڕداریش بەو شێوەیەیە لەگەڵ خوای گەورەدا، دڵخواز بێباکە لەوەی هەموو خەڵکی لێی ناڕازی و

١- وشەی پەرستن لە زمانی فەرەنسیدا بریتییە لە (Adorer).

تووڕەبن بەمەرجێك خۆشەویستەكەی لێی ڕازی بێت، باوەڕداریش هەر بەو شێوەیەیە بۆ خوای گەورە، دڵخواز لە خۆشەویستەكەی دەسڵەمێتەوە و، لە تووڕەبوونی دەترسێت و، ڕازیە بە هەموو شتێكی خۆشەویستەكەی، مرۆڤی باوەڕداریش لەگەڵ پەروەردگاریدا بەو شێوەیەیە. كەواتە خۆشەویستی (عیشق) بەڵگەیە لەسەر ئەوەی باوەڕ فیترەتە لەنەفسی مرۆڤەكاندا.

سنووردارى وشەكان:

ئەمەش مانای ئەوە نییە كە خۆشەویستی خوا لەچەشنی خۆشەویستی مەعشوقە، نەخێر، عاشق گوێڕایەڵی مەعشوقەكەیەتی و لێی دەترسێت و، ڕازییە بەهەموو شتێكی، ڕەزامەندی ئەوی لە ڕەزامەندی هەمووان بەلاوە گرنگترە، بەهۆی ئەو خۆشیەی لێی دەبینێت، لە خۆشەویستەكەیدا نەفسی خۆی خۆش دەوێت، خۆ ئەگەر (لەیلا) تووشی گوولی ببوایە و ڕووخساری بشێوایە، ئەوا (قەیس) نەلێی نزیك دەبوویەوە و نەحەزی بە بینینی دەكرد، بەڵكو لێی دوورەكەوتەوە و هەڵدەهات، ئا ئەمە جیاوازی نێوان خۆشەویستی بەدیهێنراوان و خۆشەویستی بەدیهێنەرە. ئەم دووانە دوو جۆری جیاوازن بەڵام زمانەكانی ئاخاوتنی ئادەمیزاد بەهۆی سنووردارى و لاوازیەوە ناتوانێت مانا تەواو بە مانا ڕۆحییەكان بدات، بەڵكو لە زۆر ماناداً یەك دەربڕین بەكاردەهێنێت. ئێمە دەڵێین: (فلان كەس حەزی لە بینینی دیمەنی شاخەكانە) (فلان كەس حەزی لە زانستی مێژووە) و (فلان كەس حەزی لە برنج و گۆشتە) و (باوك كوڕەكەی خۆشدەوێت) و

(مەجنون لەیلای خۆشدەوێت) و (باوەڕدار خوای گەورەی خۆشدەوێت) و هەریەکە لەو خۆشەویستیانە لە یەکتر جیاوازن. هەر لە نموونەی ئەوە وشەی: (جبال) یەک وشەیە بەڵام بۆ چەندین مانای جیاواز بەکاری دەهێنین، یان کاتێک دەڵێین: (خوا بیسەر و بینایە) و، (فڵان بیسەر و بینایە) واتە نە کەڕە و نە کوێرە. بیستن و بینینی خوای گەورەش لە بیستن و بینینی بەندە ناچێت، چونکە خوای گەورە لە دروستکراوان ناچێت و، هەموو ئایەتەکانی تایبەت بە سیفاتی خوای گەورە لەم بوارەدا هاتوون، هیچ شتێک وێنەی خوا نییە ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ﴾ الشورى: ١١.

بنەمای حەوتەم:

مرۆڤ بە ژیری دەرک بەوەدەکات کە ئەم جیهانە ماددییە هەموو شتێک نیە و، لە پشتیەوە جیهانێکی ڕۆحی نەزانراو هەیە، تەنها دەرک بە چەند شێوە و دیمەنێک دەکات کە بەڵگەن لەسەری، ئەمەش لەبەرئەوەی مرۆڤ چێژە ماددییەکان بە سنووردارى دەبینێت، ئەگەر گەیشتە مەبەستەکەی ئیدی وەکو چێژ نامێنێت، بەڵکو دەبێتە (خوو)، تامەکەی دەڕوات و، سەرنج ڕاکێشەریەکەی لەدەست دەدات، وەکو قسەی نەستەق و باسی چەندبارەی لێدێت.

کاتێک هەژارێک سەیارەی دەوڵەمەندێک دەبینێت کە بەلایدا تێدەپەڕێت، یان بەلای خاوەنەکەیدا دەڕوات، وادەزانێت ئەگەر سەیارەو خانووی لەو شێوەیەی هەبێت، ئەوا هەموو دونیا هی ئەوە، بەڵام کاتێک بووە خاوەنی چیدی هەست بەخۆشی ناکات. دڵخوازیش شەونخونی

دەکـات و خـەو بـەوەوە دەبینێـت کـە بـە خۆشەویستەکەی بگـات، وادەزانێت هەموو خۆشیەکانی دونیا پەیوەستە بە خۆشەویستیەکەیەوە و، هەموو خۆزگەو هیواکان لە نزیکیەوەن، کاتێك ئـەو کەسـەی خواست کـە خۆشیدەوێت و، دووسـاڵ بەسـەر هاوسـەرگیریەکەیدا تێپـەڕی، ئـەو خۆزگانـە دەپوکێنـەوە و، چـێژەکان دەمـرن و، تـەنها یادگاریەکـەیان دەمـێنێ. مـرۆڤ نـەخۆش دەکـەوێت و ئازاردەچـێژێت، هـەموو چـێژ و خۆشییەك لە نـەمانی ئازارەکـەی و چـاکبوونەوەدا دەبینێت، کـاتێکیش چاکبوویەوە و تەندروستی بۆ گەڕایەوە، ڕۆژانی نەخۆشی لەبیرچوویەوە، ئەو چێژ و لەزەتە لە لەش ساغی نابینێت، گەنجیش حەزی لە (ناوبانگە) و کاتێك نـاو و وێنـەی لـە کـەناڵ و ڕۆژنامەکانـدا بڵاودەبێتـەوە دڵخـۆش دەبێـت، بـەڵام کاتێـك ناوبـانگی دەرکـرد و بـووە کەسـێکی ناسـراو بەناوبانگیی بەشتێکی ئاسایی دێتەبەرچاو.

پاشان لە شـەوێکی کـپ و بێدەنگدا گـوێ لـە گۆرانیـەکی خـەیاڵاوی دەگرێت کە لـەدڵی گۆرانیبێـژێکی عاشقەوە دەرچـووە، بـە بیستنی دڵ دادەچـڵەکێت و بـاڵ بەسـەر جیهـانی ڕۆح دا دەکێشـێت و، چـیرۆکی نووسەرێکی لێهاتوو دەخوێنێتەوە، وا هەستدەکات بـەجیهانێکی پـڕ لـە سیحر و جوانی و شیعر و بۆنی خۆشدا تێپەڕدەبێت و، کاتێك چـیرۆکەکە کۆتایی هات وادەزانێت لە خەوێکی خۆشدا بووە و، ڕاپەڕیوە بۆیە هـەوڵ دەدا بگەڕێتەوە بۆ چێژ و دڵڕفێنیەکەی.

یـان لـە چـرکە سـاتەکانی تەجـەلادا دەژی، کاتێـك نەفسـەکان بـە بیرکردنەوە و تێڕامان پاك دەبنەوە و لە قوڕساییەکانی مـادە ڕزگاریـان دەبێت، بەهەردوو باڵی پـاکی و ئاشـکرابوون بەرزدەبێتـەوە، تـا دەگاتـە

ئەو شوێنەی کە زەوی نابینێت، چونکە زۆر بچوک دەبێتەوە، ئەمەش کاتێک کە خۆشی و ئاسوودەیی پۆحی دەبینێتەوە کە هیچ چێژ و خۆشیەک پێی ناگاتەوە، نە چێژی خواردن بۆ برسی و، نە چێژی مالٌ و پلەو پایە بۆ هەژارێکی قەرزدار. ئالێرەوە نەفسی بۆ هەمیشە شەیداو هۆگری ئەو جیهانە بەرزە پۆحییە دەبێت، ئەو جیهانە نەزانراوە، کە زانیاریەکی ئەوتۆی لە بارەیەوە نییە، بێجگە لە چەند دیمەن و نیشانێکی زۆر کەم و نادیار، هەر بۆیە دەزانێت و بۆی دەردەکەوێت کە چێژە ماددییەکان سنووردان و، چێژو ئاسوودەییە پۆحیەکان زۆر لەوانە گەورەترن و، کاریگەرییان لەسەر ناخ و دەروونی مرۆڤ زۆر زیاترە. بە (دەرک کردن و تێگەیشتنی نەفسی، نەک بە بەڵگەی عەقڵی) دڵنیا دەبێت و باوەڕدەکات کە ئەم ژیانە ماددیە هەموو شتێک نییە و، جیهانی نەزانراوی ئەودیو جیهانی ماددە، ڕاستیەکی بەڵگەنەویستە، کە پۆحەکان پەرۆشن بۆی و بیری دەکەن و، هەوڵدەدەن بفڕن بۆلای، بەڵام ئەم جەستە قورسە دەیگرێت و، ناهێڵێت بەدوایدا بڕوات، ئەمەش بەڵگەیەکی دەروونیە لەسەر بوونی جیهانەکەی تر.

بنەمای هەشتەم:

باوەڕبوون بە بوونی ژیانێکی دیکە، ئەنجامێکی پەیوەستە بە باوەڕبوون بە بوونی خوای گەورەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی کە خوای گەورە دادپەروەرە، دادپەروەریش ستەم قەدەغە دەکات و، ستەمکار بەبێ سزا لەدەستی دەرباز نابێت و، بێوێژدانانە واز لە ستەملێکراو ناهێنێت، ئێمەش لەم دونیایەدا خەڵکانێک دەبینین بە ستەمکاری دەژین

و بەستەمکاریش دەمرن و سزاش نەدراون و، خەڵکانێکیش بە ستەملێکراوی دەژین و بە ستەملێکراوی دەمرن و تۆڵەشیان بۆ نەکراوەتەوە، کەواتە ئەمە مانای چییە و؟ چۆن شتی وا پووەدات و دەگوزەرێت لەکاتێکدا خوا بوونی هەیە و، دادپەروەرە؟ مانای ئەوەیە کە دەبێت (ژیانێکی دیکە) هەبێت تیایدا چاکەکار پاداشت بدرێتەوە و، خراپەکار بگات بە سزای خۆی .

چیرۆکی ژیان بە کۆتایی هاتنی ئەم دونیایە کۆتایی پێنایەت، ئەگەر لەتەلەفزیۆندا فیلمێك پێشکەش بکرێت و، لە ناوەڕاستدا ببچڕێت و بوترێت (کۆتایی) هات، ئەوا هیچ بینەرێك باوەڕ ناکات کە کۆتایی هاتبێت، بەڵکو هەموان هاوار دەکەن پاڵەوانی فیلمەکە چی بەسەرهات؟ کوا کۆتایی چیرۆکەکە؟ چونکە چاوەڕوانن نووسەرەکە چیرۆکەکە تەواو بکات و، کۆتایی پۆڵی پاڵەوانانی فیلمەکە بگەیەنێتە پایان ئەمە لە کاتێکدا کە نووسەر ئادەمیزادە، کەواتە مرۆڤی ژیر چۆن باوەڕ دەکات، چیرۆکی ژیان بەمردن کۆتایی بێت؟ چۆن؟ لەکاتێکدا چیرۆکەکە تەواو نەبووە؟ ئا لێرەوە عەقڵ دەرکی بەوەکرد کە ئەم گەردوونە پەروەردگارێکی هەیە و، لەدوای دونیاش پۆژی دواییە. ئەو جیهانە نەناسراوەش، کە پۆح تەنها درەوشانەوەیەکی لە پووناکییەکەی لە گۆرانیەکی پڕ لە خەون و ئەندێشە و، لە چیرۆکێکی دانسقەدا بینی و، لە ساتەوەختی تەجەلا و ئاشکرا بوونداً بەپرسیشکێ لە بۆنە خۆشەکەی

وچانیدا و ئاسوودەبوو، ئەو جیهانە نموونەییە[1] نییە کە بریتی بوو لە ئەندێشەو ئەفلاتون دایڕشتەوە، بەڵکو جیهانی ڕۆژی دواییە، کە حەقیقەتێکە و بەدیهێنەری ئەفلاتون بەدیهێناوە و، کاتێک بینی گەورەترین چێژ و خۆشی دونیا، چێژی بەیەک گەیشتنە کە تەنها نیو خولەک بەردەوام دەبێت، ئەوا دەزانێت کە ئەوە تەنها نموونەیەکە لە چێژ و خۆشیەکانی ڕۆژی دواییە، تەنها پاروویەکە لەو خواردنەی دەیچێژێت، جا ئەگەر بەلاتەوە خۆشبوو ئەوا تا تێر دەبیت لێی دەخۆیت، وەک نموونەیەکی بازرگانیە کە سەیری دەکەیت و، ئەگەر بەلاتەوە پەسەندبوو داوای کاڵاکە دەکەیت. ئەو چێژ و خۆشیەی تەنها نیو خولەک بەردەوام دەبێت، نموونەیەکی بچووککراوەی چێژ و خۆشیەکانی جیهانەکەی تره، کە بۆ هەمیشە بەردەوام دەبێت و، هیچ سنوورێک نییە لەبەردەمیدا بوەستێت و، هەمیشە وەکو چێژ و خۆشی دەمێنێتەوە و، وەک چێژ و خۆشیەکانی دونیا نابێتە خوونەریت..

١- نموونەی باڵا: تیۆری ئەفلاتونی ناسراو بە ئایدیالیزم (Idealisme)، کە دەڵێن (شتێکی نموونەیی)، کەئەویش (Ideal)ە.

باوەڕ بە خوا
٧

باوەڕ بەخوا ٧

باوەڕ بەخوا چوار بابەتی سەرەکی دەگرێتەوە ئەوانیش بریتین لەمانە: خوا بوونی هەیە بەبێ بەدیهێنەر و، پەروەردگاری جیهانیانە و، خاوەنی گەردوونە و بالا دەستە بەسەریدا و، بەتەنها خۆی خوای پەرستراوە، کە کەسی لەتەکدا ناپەرسترێت.

بوونی خوا:

لە بنەمای شەشەمدا وتمان: باوەڕبوون بە خوای گەورە لە شتە ئاشکرا و بەڵگە نەویستەکانە کە بە تێگەیشتنی دەروونی دەرکی پێدەکرێت، پێش ئەوەی بەبەڵگەی عەقڵی پەسەند بکرێت، چونکە پێویستی بە بەڵگە نییە، هەرچەندە بەڵگەکانیش لەسەری لە هەموو شتێکدا بەرجەستەبن و، ئەو بەڵگانەش ناخەمەڕوو چونکە لەوە زیاترن کە باس بکرێن و، زانای دیمەشقی مامۆستا (جمال الدین القاسمی) لە کتێبەکەیدا بەناوی(دلائل التوحید) باسی زۆرێکیانی کردووە، سەرەڕای ئەوەی زیاتر لە نیو سەدەیە دانراوە و، سەرباری ئەوەی لەمڕۆدا زانستی سەردەم کۆمەڵێك بەڵگەی نوێی دەرخستووە، کە پێش پەنجا ساڵ نەزانرابوون و، ئەوەی سەیری کتێبی: (الله یتجلی فی عصر العلم) ی کردبێت، ٣٠ زانای سروشتناسی و گەردوونناسی نووسیویانە، کە لەم زانستانەدا پێشەنگ بوون.

هەروەها کتێبی: (العلم یدعو للإیمان)، دەریدەخات ناکرێت زانای ڕاستەقینە باوەڕدار نەبێت و، ناکرێت مرۆڤێکی سادە باوەڕدار نەبێت، کوفر و بێباوەڕیش لە ژمارەیەکی کەمی زانایاندا دەردەکەوێت، لەوانەی زانستیان کەمە، بەوەش (فیترەتی) باوەڕداریان لەدەست داوەو، نەگەیشتوونەتە ئەو زانستەی کە بانگ دەکات بۆ باوەڕ، بۆیە کەوتوونەتە ناو بێباوەڕییەوە.

لەم دوو کتێبەدا چەند وتارێك هاتووە، کە بەرهەمی بیرکردنەوەی ژمارەیەکە لەزانایان، لە نموونەی (فرنك ئالن) گەورە زانای بایۆلۆجی کە سەلماندی قسەکردن دەربارەی دێزینی جیهان –هەروەك فەیلەسوفە یۆنانیەکان دەیانوت– شتێکی مەحاڵەو، زانست ئەوەی ئاشکرا کردووە کە هەموو شتێك تەمەنێکی هەیە، واتە سەرەتایەکی هەیە، ئەمەش دێرین بوون پەت دەکاتەوە. هەروەها لە نموونەی (ڕۆبەرت مۆریس بدج) دۆزەرەوەی ڕادار و، زانای کیمیا (جون کلیفلاند کوثران)و، مامۆستای فیزیا (جون هربرت بلوند)، منیش هیوادارم ئەم دوو کتێبە و هاوشێوەیان بخوێننەوە، کە نموونەیان زۆرە. هەڵبەت پێم خۆش نییە جارێکی تر بەڵگە کۆنەکان دووبارە بکەمەوە، دەربارەی بوونی خوای گەورە، نە بەڵگەی زانایانی کەلام، نە بەڵگە تازەکانی زانایانی سەردەم، بەڵکو ئامازە بە یەك بەڵگەی قورئانی دەکەم، بەڵگەی قورئانیش: ڕاست و ئاشکرا و، یەکلاکەرەوەیە، لەبڕگەیەکی کورتدا، بەڵگەیەکی مەزن دەهێنێتەوە، کە کەسی ئاسایی لێی تێدەگات‌و، مرۆڤی زانایش لە ناوەڕۆکەکەی تێدەگات و، سەراسیمەیە لە هێز و وردی و ڕوونیەکەی و،

هەردووکیان (کەسی ئاسایی و زانا) هەر ئەوەندەیان بۆ دەکرێت بڵێن: ڕاستە!

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا بەیەک وشە ئاگاداری کردووینەتەوە، کە بەڵگەکە لەخۆماندایە، کەواتە چۆن نکوڵی لە مەسەلەیەک دەکەین، کە لەناوچەوانماندا نووسراوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَفِيٓ أَنفُسِكُمۡۚ أَفَلَا تُبۡصِرُونَ﴾ الذاريات: ٢١، واتە: (لە خودی خۆیشتانا ئەو بەڵگەو نیشانانە هەن، دەی ئەوە ئێوە بینا نین و ناڕوانن تا عیبرەت بگرن؟)

ئێمە بەفیترەتە باوەڕدارەکەمانو، بەو غەریزە دینداریەی تیاماندایە لە ناخی دڵمانەوە هەست دەکەین کە خوا هەیە، لەکاتی بەڵا و ناڕەحەتیدا پەنای بۆ دەبەین و، لە خۆمان و جیهانی دەوروبەرماندا بەڵگە لەسەر بوونی دەبینین، عەقڵی ناوەکی بەتێگەیشتن باوەڕی بە بوونی هەیە و، عەقڵی بەئاگاش بە بەڵگە باوەڕی بەبوونی هەیە. کەواتە مرۆڤ چۆن نکوڵی دەکات، لەکاتێکدا خۆی بەڵگەیە لەسەر بوونی خوا؟!

هەروەک کەسێک کە پارەکەی تۆی بەدەستەوەیە و، بانگەشەی ئەوەدەکات کە نە بردوویەتی و نەدەستی لێداوە، یان کەسێک جلە تەڕەکانی لەبەردەکات و ئاوی لێ دەتکێت، بەڵام دەڵێت لە ئاو نزیک نەبوومەتەوە. ئەمە ڕاستی ڕاستیەکانە، بەڵام بۆچی دەبینین زۆربەی خەڵکی لەبارەیەوە بێئاگان؟!

بێگومـان لەبەرئـەوەی بـیر لـە خۆیـان ناکەنـەوە، ﴿نَسُواْ ٱللَّهَ فَأَنسَىٰهُمۡ أَنفُسَهُمۡ﴾ الحشر: ١٩، واتە: (خوایان فەرامۆش کردووەو لـە بـیری خۆیانیـان بردووەتەوەو خوایش خۆیانی لەبیر بردوونەتەوە.)

لەدەست نەفسی خۆیان هەڵدێن، دەترسن بەتەنها لەگەڵی بمێننەوە، هیچ یەکێك لەوانە ناتوانێت بەتەنها بمێنێتـەوە، بۆیـە دەبیـنین خـۆی بـە قسەی پڕوپووچ یان کتێبێکی بێ سوودەوە خـەریك دەکـات، یـان خـۆی بەکارێکەوە خەریك دەکات و، دەسـتبەرداری تەمـەنی دەبێـت، هـەروەك ئەوەی ڕقی لـەخۆی بێـت و، خـۆی لای بێـزراو بێـت، یـان تەمـەنی –کـە سـەرمایەکەیەتی– کۆڵێـك بێـت بەسـەر شـانیەوە، فڕێـی دەدات تـا لـە دەستی ڕزگاری بێت.

سـەیری زۆربـەی خـەڵکی بکـە دەبینیـت دەخـۆن و دەخۆنـەوە و، دەخـەون و هەڵدەسـتن، سـووڕن لەسـەر چـێژ وەرگـرتن و لـە ئـازار دوورکەوتنەوە، خێر و خۆشی دونیایان دەوێت، بۆ خۆیان و کەسوکاریان و خۆشەویستانیان، یەکێك لەوانە کاتێك بەیانی لەخەو هەڵدەستێت خۆی خاوێن دەکاتەوە و، پۆشاکەکانی لەبەردەکات و، خواردنەکەی دەخـوات و، دەڕوات بـۆ سـەر ئیشـەکەی، ئـیش دەکـات بـۆ کۆکردنـەوەی پـارە و قـازانجی زۆری دەسـتدەکەوێت. پاشـان دەگەڕێتـەوە بـۆ ماڵـەوە، نـان دەخوات و پشوو دەدات، پاشان دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئیش، یان دەسـت دەکات بە ڕابواردن و خۆشی دەربڕین، بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت کە چۆن بۆشاییەکان پڕبکاتەوە و، کات بەفیڕۆ بدات و، تەمەنی پێ بەڕێ بکـات، تا جارێکی کە برسـی دەبێتـەوە و دەخـوات، یـان وەنـەوز دەیباتـەوە و

دەخەوێت، پاشان پێشوازی لە ڕۆژێکی نوێ دەکات، دیسانەوە بەرنامەی ڕۆژی ڕابردوو دووبارەدەکاتەوە، ڕابردووی بیردەکەوێتەوە، ڕابردووەکەیشی تەنها ئەو ڕۆژانەیە کەهەستی کردووە لەم دونیایەدا ژیاوە و، بیر لە داهاتووی دەکاتەوە، داهاتووەکەیشی تەنها ئەو ڕۆژانەیە کە لەوانەیە لەم دونیایەدا بژی. بەڵام مرۆڤی موسوڵمان، بەوە قایل نابێت، کە تەنها بخوات و بخواتەوە و، ئیش بکات و ڕابوێرێت، بەڵکو لە خۆی دەپرسێت، لەکوێوە هاتووم و؟ بۆ کوێ دەڕۆم و؟ چارەنووس بەرەو کوێیە؟ سەیردەکات دەبینێت ژیانی بە لەدایك بوون دەستی پێنەکردووە تا بە مردن کۆتایی بێت. بەڵکو سەرەتا پێش ئەوەی لە دایك ببێت کۆرپەلەیەك بووە لەسکی دایکیدا، پێش ئەوەیشی ببێتە کۆرپەلە تۆوێك بووە لە پشتی باوکیدا، پێش ئەوەش خوێنێك بووە لە لوولە خوێنەکانی دایك و باوکدا. ئەم خوێنەش لە خواردنی خۆراکەوە هاتووە، ئەو خۆراکەیش ڕووەکێك بووە لە زەویدا چێنراوە، یان ئاژەڵێك بووە کە ڕووەکی خواردووە. پێش لەدایکبوون بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕبووە کە هیچ لەبارەیانەوە نازانێت، زنجیرەیەکی دوورودرێژ کە تەنها چەند ئەڵقەیەکی کەمی ڕوون و ئاشکرای تێدایە و، ئەوانی دیکەی لە تاریکیدان و هیچ لەبارەیانەوە نازانێت، کەواتە چۆن بە نەفس و عەقڵ و ویستی خۆی، خۆی بەدیدەهێنێت، لە کاتێکدا کە هەبووە، پێش ئەوەی عەقڵ و ویستی هەبێت؟

هیچ یەکێك لە ئێمە پێش گەیشتنە تەمەنی ٤ ساڵی خۆی ناناسێت، کەسمان کاتی لە دایکبوونی خۆی لە بیر نیە، کێ لە دایکبوونی خۆی لە بیرە؟ کێ ئەو ڕۆژانەی لەیادە کە لە سکی دایکیدا بووە، جا ئەگەر

هەبووە پێش ئەوەی زانستی بە بوونی خۆی هەبێت، ئایا دەکرێت بوترێت خودی خۆی دروستکردووە، لەم بێ باوەڕە بپرسە، ئەگەر پێی گەیشتیت پێی بڵێ: ئایا تۆ بە ویست و عەقڵی خۆت خودی خۆت دروستکردووە، ئایا تۆ خۆت خستۆتە سکی دایکتەوە؟ ئایا تۆ خۆت ئەم ئافرەتەت هەڵبژاردووە تا ببێتە دایکت، ئایا دوای ئەوە خۆت چوویت بۆ نەخۆشخانە تا لەو سکە دەرتبهێنن؟ کەواتە ئایا لە نەبوونەوە بەدیهاتووە بە بێ بەدیهێنەر؟ ئەمە مەحاڵە.

ئایا ئەو دروستکراوانەی لە پێش ئەو هەبوون وەک شاخ و دەریا و خۆر و هەسارەکان بەدیانهێناوە؟

(دیکارت) کاتێک ڕێچکەی گومان و دوودڵی تاقیکردەوە کە پێی ناسراوە[1] و گومانی لە هەموو شتێک کرد، گەیشت بە خودی خۆی، کە نەیتوانی گومانی لێی هەبێت، چونکە ئەو خۆی گومان دەکات و ناشکرێت گومانبەرێکی نەبێت، بۆیە وتە بەناوبانگەکەی وت: (من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم[2])، بوونی هەیە و گومان نییە لە بوونیدا، کەواتە کێ بەدیهێنا؟ ئایا هەبووە مادییەکان پەیدایان کرد لە کاتێکدا ئەوان خۆیان بێگیانن و ژیرییان نیە. ئەویش مرۆڤێکی خاوەن ژیرییە، کەواتە ئایا شتێک کە خاوەنی ژیری نیە دەتوانێت عەقڵ و ژیری ببەخشێت؟

١- ڕێبازی دیکارت لە گوماندا: شتێکی تازە نەبوو، پێش ئەویش هەبووە، سەیری کتێبی (المنقذ من الضلال) ی غەزالی بکە.

٢- (Je pense done je suis).

ئەوەیش هەڵوێستی ئیبراهیم باوکی پێغەمبەران (سەلامی خوای لێبێت)، کاتێك بینی باوکی بت دادەتاشێت و پەیکەر لەبەرد دروست دەکات و، خۆی و گەلەکەی دەیکەن بە خوا، مۆرۆڤ بەدەستی خۆی بەرد دادەتاشێت! خوایەك دروست دەکەم و داوای لێدەکەم چیم بوێت بۆم بەدیبهێنێت؟! ئەمە کارێکە عەقڵ پەسەندی ناکات، کەواتە خوای ڕاستەقینە لە کوێیە؟ دەستی کرد بە گەڕان و بیرکردنەوە، شەوی بەسەردا هات، ئەستێرەی درەوشاوە بە ئاسمانەوە دەرکەوت، لەسەر زەوی نەبوو وەکو ئەو بەردانەی کە بتیان لێ دروست دەکرێت، مرۆڤ بە دەستی خۆی دروستی نەکردبوو پاشان بیپەرستێت، وا گومانی برد ئەو خوایەی دۆزیوەتەوە کە بە دوایدا دەگەڕێت، کاتێك مانگ دەرکەوت ئەستێرە دیار نامێنێت، دەبینێت مانگ گەورەتر و ڕووناکتر دیارە، باوەڕ دەهێنێت کە مانگ خوایە، بە درێژایی ئەو شەوە چاودێری دەکات، کاتێك بەیانی خۆر هەڵدێت ڕووناکی مانگ خامۆش دەبێت و، ڕووناکی خۆر هەموو زەوی دادەپۆشێت، دەڵێت ئەمە خوایە، بەڵام خۆرێش ئاوا دەبێت و دەڕوات و زەوی لە تاریکیدا بەجێدەهێڵێت، بەڵام چۆن تێپەڕدەبێت و دەڕوات و، واز لە مولکەکەی دەهێنێت، نەخێر خۆر خوایەك نیە منی بەدیهێنابێت، ئەم بوونەوەرانەش خوا نین، منیش خوا نیم، من خۆم دروست نەکردووە، لە نەبووەوە دروست نەبووم، بۆیە تەنها یەك ئەگەر ماوە، تەنها ئەگەرێکی ڕاست، کە حەقەو بێجگە لەو هەموو ئەگەرەکانی دیکە بەتاڵ و بێ بنەمان، ئەویش ئەوەیە خوایەکی بەدەسەڵاتی مەزن ئەم بێگیانانە و من و هەموو بوونەوەرانی بەدیهێناوە. ئەمە ئەو بەڵگەیەیە کە قورئانی پیرۆز لەیەك ڕستەدا ئاماژەی پێکردووە،

که یەکێکە لە موعجیزەکانی پەروەردگار، لێدانێکی کوشندەیە بۆ هەر مرۆڤێکی بێباوەڕ کە ملکەچ دەکات بۆ عەقڵ و، ڕێز لەبیرکردنەوە دەگرێت، ئەویش ئەو فەرموودەیەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَمْ خُلِقُوا۟ مِنْ غَيْرِ شَىْءٍ أَمْ هُمُ ٱلْخَٰلِقُونَ ؟!﴾ الطور: ٣٥، واتە: (یا بۆ بیر لە بوونی خۆیان ناکەنەوە: بێئەوەی دروستکەرێ هەبێ دروستی کردبن دروست بوون، یان خۆیان خۆیانیان دروست کردووە؟)

بەشێك لە بێباوەڕەکان لە چواریەکی خوێندەواران دەیانوت: (سروشت)، سروشت مرۆڤی بەدیهێناوە و عەقڵی بە مرۆڤ بەخشیوە، ژمارەیەك لە مامۆستاکانیش ئەمەیان بە ئێمە دەوت کاتێك منداڵ بووین، لە ڕۆژانی جەنگی یەکەمی جیهانی و لە کۆتاییەکانیشیدا هەندێك لەو مامۆستایانەی کە بۆنی شارستانێتی تازە چوو بەسەریاندا، یەکەمجار لە (ئەستەنبوڵ) و دواتریش لە (پاریس)، وایاندەزانی بەوە بە ڕۆشنبیر لە قەڵەم دەدرێن، وشەی ڕۆشنبیران لەو ڕۆژانەدا وەکو وشەی پێشکەوتنخوازانی ئێستا وا بوو، بۆ هەر سەردەمێکیش دەربڕینی جۆراوجۆریان هەیە کە بە هۆیانەوە یاری بە عەقڵمان دەکەن، هەروەك چۆن بە جلی ڕەنگا و ڕەنگ و موور و زەنگیانە هیندییە سوورەکانیان هەڵخەڵەتاند، بۆ ئەوەی وڵات و زەوییەکانیان داگیر بکەن و بیبەن بۆ خۆیان.

دوایی گەورەبووین و پرسیمان: سروشت چیە؟ وشەی (طبیعة) لە زماندا لەسەر کێشی (فعیلة) یە ئەویش بە مانای (مفعولة)، کەواتە ئەگەر نەخشە کێشکراوە کێ (نەخشەی کێشاوە)؟

وتیان: سروشت ڕێکەوتە، یاسای ئەگەرەکانە.

وتمان: ئایا دەزانن نموونەی ئەم وشەیە چییە؟ وەکو ئەو چیرۆکە وایە کە باس لەوە دەکات: دوو کەس لە بیابانـدا وێڵ بـوون: بـەلای کۆشکێکدا تێپەڕبوون، کە زۆر گەورە و ئاوەدان بوو، دیوارەکـانی پڕبـوو لە نەخش و نیگار، ڕاخەری بە نرخ و کاتـژمێر و گڵۆپی ڕەنگـا و ڕەنگـی تیادا بوو.

یەکەم وتـی: پیاوێـك ئـەم کۆشـکەی دروستکردووە و ئـەم شـتانەی تیادا داناوە، دووەم وەڵامی دایەوە و وتی: تـۆ کەسـێکی کۆنەپەرسـت و دواکەوتووییت، ئەمە هەمووی کاری سروشتە ! !، وتی: چۆن ئەمـە کـاری سروشتە؟ وتی: لێرەدا بەرد هەبووە بەهۆی باران و با و هۆکاری کەش و هەواوە کەڵەکە بووە، بەتێپەڕبوونی کات و بە ڕێکـەوت بـووە بـە دیـوار. وتی: ئەی فەرش و ڕاخەرەکان، وتی: خوری مـەڕ چـووە بـە ئاسمانـدا و تێکەڵ بووە و کانزای ڕەنگاوڕەنگی بۆ هاتووە ڕەنگـی کـردووە و چـووە بەناویەکدا و بووە بە ڕاخـەر! ! وتـی: ئـەی کاتـژمێرەکان؟ وتـی: ئاسـن تووشی داخوران بووە و بە هۆی هۆکاری کەش و هەواوە، قرتاوەو بـووە بە ئەڵقە و چووە بە ناو یەکدا و، بـە تێپـەڕبوونی چـەندین سـەدە، بـەم شێوەیەی ئێستای لێهاتووە، ئایا ناڵێن ئەمە شێتە؟ ئایا ڕێکەوت وای لـە خانەکانی جگەر کردووە، کە تەنها بە وردبین دەبینرێت، کـاری کیمیـایی وا ئەنجام بدەن کە پێویستی بـە ژوورێکـی پـڕ لـە ئـامێر هەیـە، ئینجـا ناتوانێت هەموویشی ئەنجام بدات، خانەکانی ئەم ئەندامە شەکری زیـادە لە خوێندا دەگۆڕێت بۆ بەرهەمهێنـەری شـەکری تـرێ (گلایکـۆجین)، بـۆ ئـەوەی لـە کـاتی پێویسـتدا لـە شـێوەی (گلوکـۆزدا) بـەکاری بهێـنین و،

زەردار دەردەن و کۆلیسترۆڵی خوێن هاوکێش دەکەن و، خڕۆکە سوورەکان دروست دەکەن و، چەندین کاری دیکەش ئەنجام دەدەن!

ئایا ڕێکەوت نۆ هەزار چەژە گۆپکەی بچووکی لە زماندا داناوە کە هەموویان بۆ چێژکردن گونجاون و، لە هەموو گوێچکەیەکدا سەد هەزار خانەی بیستنی داناوە، لەهەموو چاوێکدا سەدو سی ملیۆن خانەی داناوە کە گونجاون بۆ پێشوازی کردن لە ڕووناکی و، زەویش بە هەموو سەرسوڕهێنەری و نهێنییەکانیەوە و، ئەو بەرگە هەوایەی دەوری داوەو، هەموو ئەو زیندەوەرانەی هەڵیگرتووە، کە نە دەبینرێن و نە هەستیان پێدەکرێت، شێوە سەرسوڕهێنەرەکانی ئەو کلۆ بەفرانەی دادەبارن، کە لەوپەڕی وردەکاریدا بەدیهێناون و، بەجوانترین و ناوازەترین شێوە دروستی کردوون.

سەیری زەوی و ئەو کانزا جۆراوجۆرانە بکە کە تیایەتی، لە نهێنیەکانی بڕوانە سەرنجی گیاندار و ڕووەک و، بیابانی فراوان و دەریا و شاخی بەرز و شیوی قوواڵی زەوی بدە، پاشان بەراوردی بکە بە خۆر دەبینیت زۆر بچووکە لەچاو خۆردا، ئەو خۆرەی کە ملیۆنێک جار لە زەوی گەورەترە، بە بەراورد لەگەڵ یەکێک لە هەسارەکانی دیکەدا، بە ئەندازەی دەنکە لمێکی بچووک دەبێت لە بیابانێکی گەورەدا.

ئەو خۆرەی کە زیاتر لە سەد ملیۆن کیلۆمەتر دوورە لێمانەوە، ئەگەر دوورییەکەیمان بە کاتی خێرایی ڕووناکی مەزەندە کرد، خێرایی ڕووناکیش ٣٠٠ هەزار کیلۆمەترە لە چرکەیەکدا، ئەوا دوورییەکەی لێمانەوە دەگاتە ٨ خولەک، کەواتە دووری ئەو ئەستێرانە چەندە کە ڕووناکیەکەیان لە یەک ملیۆن ساڵی ڕووناکیدا دەگاتە ئێمە؟! ساڵی

پووناکی یەکسانە بە دە هەزار ملیار کیلۆمەتر[1]، کەواتە لە یەک ملیۆن ساڵدا چەند کیلۆمەترە؟

ئەم هەسارانەیش لەنێوانیشیاندا هەسارەی پڕگەی کاکێشان، زانستی گەردوونناسی تەنها ئەوەندەی لەبارەوە دەزانێت، کە پارچەیەکی پووناکە، چەندین هەسارەی تێدایە کە تەنها خوا دەزانێت چەندن، ئەم هەسارە زەبەلاحانەی کە عەقڵ دەستەوسانە لە ئاست دەرک پێکردنیاندا بەخێراییەکی بێشومار دەڕۆن، خێراییەک سنووری ژمارە تێدەپەڕێنێت، کەواتە چۆن پێکدادان لە نێوانیاندا پووندات؟

نووسراوی یەکێک لە زانایانی گەردوونناسیم خوێندەوە، کە دەڵێت ئەگەری بەریەک کەوتنیان وەک ئەگەری پێکدادانی شەش هەنگ وەهایە، ئەگەر لە بۆشایی دەوری زەویدا بفڕن، فراوانی بۆشایی زەوی بۆ شەش هەنگ، هەروەها فراوانی بۆشایی ئاسمان بۆ ئەم هەسارانە لە ئەندازە بەدەرە، هەموو ئەم بۆشاییەش لە ناو گۆیەکی بێشومارداید کە ئەویش ئاسمانی دونیایە، گۆیەک لە ئەستێرەی ڕاستەقینە کە نە هەوایە و نە بۆشایی[2] و، خولگەی هەسارەکانیش هێڵێکی خەیاڵی نیە، هەروەک هەندێک لە موفەسیرین وای بۆ دەچن، گۆیەک دەوری ئەم بۆشاییەی

١- لەسەربوردی ئەم باسەدا لەبیرمە کە ئۆپۆلۆی (٩) گەیشتە سەرمانگ، لەڕێشتن و گەڕانەوەیدا ٤٠٠ هەزار کیلۆمەتری بڕی، واتە: چرکەیەک و ١/٣ ی چرکەیەک بەکاتی تیشکی!

٢- ئەم چەند دێڕەم لەبارەی ئاسمانەوە نووسی: کە لە پوانگەی ئایەتەکانی قورئان و، یاسا خواییەکان لە گەردوونداً کە زانایان دۆزیویانەتەوە لێی تێگەیشتووم و، کەسم نەبینیوە قسەی وای کردبێت و، لە نووسراوێکی دیکەدا بە دوورودرێژی باسم کردووە.

داوه، دەوری کۆمەڵەی خۆر و هەسارە زەبەلاحەکانی داوە کە خۆر لەچاو ئەواندا بە ئەندازەی سێوێك دەبێت لە بەرامبەر شاخێکدا و هەموو ئەو هەسارانە چەندین هەسارەی دیکەیان تێدایە و داخراون، گۆیەکی پارێزراو دەرگای هەیەو دادەخرێت، خوای گەورە بنمیچی قایمی بۆ داناوە، لەدوای ئەویشەوە بۆشایی دێت، کە هەر خوای گەورە فراوانیەکەی دەزانێت، لەوانەیە وەکو ئەم بۆشایی گەردوونە یان گەورەتریش بێت، کە گۆیەکی تر دەوری داوە، گەورەتر و زەبەلاحترە، پاشان بۆشایی سێیەم، پاشان گۆی سێیەم، پاشان بۆشایی چوارەم و گۆی چوارەم، پاشان بۆشایی پێنجەم و دواتر گۆی پێنجەم، پاشان بۆشایی شەشەم و دواتر گۆی شەشەم، پاشان بۆشایی حەوتەم و دواتر گۆی حەوتەم، پاشان کۆمەڵێك تەنی زۆر گەورە و زەبەلاح دێن، کە ئەوانیش بریتین لەعەرش و کورسی و هەموو ئەوانەی کە خوای گەورە هەوالّی داوە لەبارەیانەوە لەم جیهانانەدا. لە سەرسوڕهێنەرترین و ئاشکراترین بەڵگە، لەسەر بوونی خوای گەورە ئەوەیە کە بۆشایی گەردوون و هەموو پێکهاتەکانی ناوی بە شێوەیەکی بچووککراوە لە گەردیلەدا هەیە بەجۆرێك کە عەقڵ دەرك بە وردی و بچووکییان ناکات، هەروەك پەی بە پانتایی و فراوانی بۆشایی گەردوونیش نابات. ئەو گەردیلەیەی کە تەنها بە مایکرۆسکۆب دەبینرێت، ئەو گەردیلەیەی کە زاناکان و فەیلەسوفەکانی پێشین ناویان ناوە ناوەڕۆکی تاك (ئەو بەشەی پارچە پارچە نابێت)، ئەو گەردیلەیەی کە زاناکان دەڵێن ئەگەر ٤٠ ملیۆنی لێ ڕیز بکرێت لە تەنیشت یەکدا، درێژییەکەی یەك سانتیمەترە، لە ناو ئەم گەردیلەیەدا بۆشاییەك هەیە ناوکی تێدایە،

ئەلیکترۆن بە دەوریدا دەسووڕێتەوە، هەروەک سووڕانەوەی هەسارەکان لە بۆشایی گەردووندا، ناوکیش لە چاو گەردیلەدا، بەئەندازەی دەنکە گەنمێک دەبێت لە چاو کۆشکێکی گەورەدا، ناوک بەتەنها کێشی خۆی لە کێشی ١٨٠٠ لەو ئەلیکترۆنانە زیاترە، ئایا ئەمانە هەمووی کاری ڕێکەوتن؟[1]

ئەوەی جێگەی داخە ئەوەیە کە ئەم جۆرە قسەو لێکدانەوە بێ ئەرزشانە وەک سروشت و ڕێکەوت و هاوشێوەکانیان، لەسەر زاری زانایان نەماوەو لەوانەوە نابیسترێت، وتەبێژێکی نەماوە تەنها کەسانێکی زۆر سادە و ئاسایی نەبن، لەوانەی کە بانگەشەی زانست دەکەن و خۆیشیان لە زانایان نین.

(اللَّهُ) پەروەردگاری جیهانیانە

ئەمەیش دووەمین بابەتە پەیوەستە بە باوەڕبوون بە خواوە، ئەویش ئەوەیە کە: باوەڕت هەبێت تەنها زاتی الله هەموو جیهانەکانی بەدیهێناوە، جیهانی گیانداران، جیهانی ڕووەک، جیهانی گەردوون و هەسارەکان. ئەو جیهانانەی ئاشکران بۆ ئێمە، ئەوانەش کە نادیارن، لە نەبووە بەدیهێناون و، ئەم ڕێساو نهێنییە سەرسوڕهێنەرانەی بۆ داناون، کە تا ئێستا لە کیمیا و فیزیا و پزیشکی گەردوونناسیدا نەدۆزراونەتەوە،

١- هەروەک لەپێشەکیەکەدا ئاماژەم پێکرد، کاتێک ئەم بەشەم نووسی هیچ بابەت و سەرچاوەیەکم لەبەردەستدا نەبوو بۆئەوەی سوودی لێوەربگرم، بۆیە هەرچیم بەبیردا دەهات و، بیرم دەکەوتەوە دەمنووسی، ئەمانەش نموونەکان بوون، هەرکەسێکیش نموونەی وردتر و بەهێزتری ویست لە کتێبی (الطب في محراب الإيمان)دا دەیدۆزێتەوە، کە کتێبێکی زۆرباش و بەسوودە لەم بوارەدا.

تـەنها بەشـێکی زۆر کـەمی نـەبێت، تـەنها ئـەو زاتـەش زانایـە بـە وردو درشتی، زانایە بە ژمارەی گەلای درەختەکان و، شێوەی هەر گەلایەکیان و، زانایە بە ژمارەی ئەو زیندەوەرە بچووکانەی لە دونیادا هـەن، درێـژی و پـانی و ئـەو بەشـانەی کـە لێـی پێکهـاتوون و، هەرچـی ئـەلیکترۆنی جێگیرو ناجێگیر هەیە لە خانـەدا و، ژمارەیـان و هـەموو ئـەو دیاردانـەی بەسەریاندا دێت و، هەموو ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکارییانەی پیایدا تێپـەڕ دەبن، هەموو ئەمانە لای ئەو زاتە تۆمار کراون.

هەموو ئەم جیهانانە، ئەو زاتە پەروەردگاریانـە، ئـەو بـەدیهێناون و، دەیانپارێزێـت و، گۆڕانکارییـان بەسـەردا دەهێنێـت و هـەر ئـەویش لـە هەریەك لـە گەردیلەکانـدا، ئـەوەی دانـاوە کـە مایـەی بەرچـاوڕوونیە بـۆ مرۆڤی ژیر و، ڕێنمایی دەکات بۆ لای زاتی پەروەردگار.

ئەمە بنـەمای دووەمـە لـە بنـەماکانی بـاوەڕبوون بـە خـوا، کـە هـەر دەبێت هەبێت، بەڵام ئایا باوەڕبوون پێی بەسە بۆ ئەوەی مرۆڤ بـاوەڕدار بێت؟

ئەگـەر کەسـێك دانـی نـابوو بـەوەی زاتـی (الله) بەدیهێنـەر و پەروەردگارە، ئایا تەنها بەمە بە باوەڕداری دادەنێیت؟ نـەخێر ئەمـە بـە تەنها بەس نیە، چونکە زۆرینەی گەلە پێشینەکان دانیـان بـەم ڕاستیەدا نابوو، بێباوەڕانی قوڕەیش ئەوانەی کە حەزرەتی محمدﷺ ڕەوانەکرا بـۆ ڕەتکردنـەوەی هـاوەڵ پەیـدا کـردن و پووچـەڵ کردنـەوەی بیروباوەڕەکانیـان و، داوای لێکـرا لـە دژیـان بجـەنگێت، لەوانـەبوون کـە ئەگەر پرسیاریان لێبکرایە لەو بارەیەوە نکۆڵییان نەدەکرد.

تەنانەت ئیبلیس کە خراپترین دروستکراوە نکۆڵی لەوە نەکرد کە زاتی اللە پەروەردگاریەتی، ئەوەتا دەڵێت: ﴿رَبِّ بِمَآ أَغۡوَيۡتَنِي﴾ الحجر: ٣٩، واتە: (پەروەردگارم مادام منت بەهۆی ئەم ئینسانەوە گومڕا کرد.)

یان دەڵێت ﴿رَبِّ فَأَنظِرۡنِيٓ﴾ الحجر: ٣٦، واتە: (کەواتە خودایا! بمهێڵەرەوە مەمکوژە.) کەواتە ئیبلیسیش دانی بەوەدا ناوە کە زاتی اللە پەروەردگاریەتی.

زاتی (ٱللَّهُ) فەرمانڕەوای گەردوونە

زاتی اللە فەرمانڕەوای گەردوونە و دەسەڵاتدارە بەسەریدا، دەژێنێت و دەمرێنێت، ئایا دەتوانیت لە دونیادا مردن لە خۆت دووربخەیتەوە و، نەمری بە خۆت ببەخشیت؟ نەخۆش دەخات و شیفا دەبەخشێت، ئایا دەتوانیت شیفا بە یەکێک ببەخشیت کە خوای گەورە مەحرومی کردووە و نەخۆشی خستووە؟ سەروەت و سامان دەبەخشێت و بە هەژاری تاقیمان دەکاتەوە؟ باران دەبارێنێت و وشکە سااڵی دەهێنێت، سااڵێکیان لە باکووری ئیتالیا لافاو و باوبۆران بوو، شارەکان لافاو بردنی و، خانووەکان داڕووخان، هەر لەو کاتەدا لە هیندستان وشکە سااڵی بوو کشتوکاڵ وشکی کردبوو و، مەڕومااڵت لە ناوچوو ئاو بە کارت دابەش دەکرا. کێ ئاوی لەسەر ئەو کەسانە زیادکرد تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی سکاڵایان بوو لەدەستی، لەوانەی دیکەشی گرتەوە تا ئەو ئاستەی خۆزگەیان پێدەخواست، کێ کوڕ بەم دەبەخشێت و؟ کێ بە یەکێکی دیکەو هەندێك لەخەڵکیش تووشی نەزۆکی دەکات؟ ئایا کەسێك کچی پێ بەخشرا دەتوانێت بیگۆڕێت بۆ کوڕ؟ یان کەسی نەزۆك دەتوانێت منداڵی ببێت؟

هەر ئەو زاتە مردن لەسەر خەڵکانێك دەنووسێت لە کاتێکدا منداڵن و، تەمەنی خەڵکانێکیش درێژ دەکاتەوە تا پیر دەبن، شەپۆلی سەرماوسۆڵە بۆ وڵاتێك دەنێرێت و، شەپۆلی گەرماش بۆ وڵاتێکی دیکە، وڵاتێك تووشی بوومەلەرزە و دیاردەی هاوشێوە دەکات بە جۆرێك کە مرۆڤ نەدەتوانێت لە خۆی دووربخاتەوە نە دەتوانێت رێی لێبگرێت.

خوای پەرستراو

بەڵام ئایا تەنها باوەڕبوون بەوەی کە زاتی اللە فەرمانڕەوا و بەدیهێنەری گەردوونە بەسە بۆ ئەوەی مرۆڤ ببێتە باوەڕدار؟

نەخێر.. بەڵکو پێویستە سەرەڕای ئەوانەش تەنها خوای گەورە بپەرستێت. ئەگەر دانی بەوەدا نا، کە زاتی اللە بوونی هەیە و پەروەردگاری جیهانیانە و، فەرمانڕەوا و باڵادەستە بەسەر هەموواندا، ئەوا هیچ هاوەڵێکی بۆ پەیدا ناکات و لە تەکیدا ناپەرستێت، هیچ جۆرێك لە جۆرەکانی پەرستن بۆ غەیری خوا ئەنجام نادات. خوای گەورە یەکێك لە ماناکانی سورەتی (الناس)ی نیشان دام، وەڵامی بۆ ئەو کەسانە تیایە کە باوەڕیان بە پەروەردگاری و فەرمانڕەوایی خوا هەیە، بەڵام بە تاك و تەنهای ڕاناگرن لە یەکتاپەرستی پەروەردگاریدا، مانایەك کە لە زانایانی تەفسیرم نەبیستووە باسی بکەن و، داواکارم لە خوای گەورە ڕاستم پێکابێت. خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ۝١ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ۝٢ إِلَٰهِ ٱلنَّاسِ﴾ الناس: ١- ٣.

واتە: (ئەی موحەممەد تۆ بڵێ: من پەنا ئەگرم بە پەروەردگاری هەموو ئادەمزادو پەریان. ئەو پەروەردگارەی کە پادشای هەموو ئادەمزادو

پەرییانە. کە خواو پەرستراوی هەموو ئادەمزادو پەرییانە (واتە ئەبێ هەموویان بیپەرستن، هەرچەندە هەندێکیشیان نەیپەرستن).

بۆچی وشەی (الناس) ی چەندجار دووبارە کردووەتەوە؟ لە بری شاردنەوە ئاشکرای کردووە، بۆچی نەیفەرموو: (رب الناس وملکهم والههم؟!).

وەک ئەوەی پەروەردگارمان (خوا زاناترە) پێیان بڵێ: ئەمانە سێ بابەتی چونیەک و تەواو کارن، هەریەک لەو بابەتانە سەربەخۆن و پەیوەندیشیان بەیەکەوە هەیە، ئەو زاتە: ﴿بِرَبِّ ٱلنَّاسِ﴾ ە: واتە: بەدیهێنەر و پارێزەریانە و، ﴿مَلِكِ ٱلنَّاسِ﴾ واتە: فەرمانڕەواو دەست ڕۆیشتووە بەسەریاندا و، هەر ئەویش ﴿إِلَـٰهِ ٱلنَّاسِ﴾ە واتە: شایستەی ئەوەیە بە تەنها ئەو بپەرستن، دروست نییە لە پەرستندا هاوەڵی بۆ پەیدا بکەن، مەبەست لەمەش ئەوەیە کە باوەڕ بە هەرسێ بابەتەکە بکەن، یان نکۆڵی لە هەرسێکیان بکەن، کەواتە بۆچی باوەڕ بە یەکەم و دووەم دەکەن و سێیەمیان ڕەت دەکەنەوە؟ چۆن جیاوازی دەکەن لە نێوانیاندا، هەندێکیان پەسەند دەکەن و هەندێکیان ڕەت دەکەنەوە، کە هەرسێکیان یەکسانن لە جێگیریدا، لە بڕیاراندا هیچ ڕێگایەک نیە بۆ جیاکاری کردن لە نێوانیاندا.

یه کتابه رستی

یەکتاپەرستی

باوەڕبوون بەوەی زاتی اللە پەروەردگاری جیهانیانە و فەرمانڕەوای بالادەستی گەردوونە، کارێکە لە کارەکانی دڵ، بیروباوەڕێکە مرۆڤ باوەڕی پێی هەیە، بەڵام باوەڕبوون بەوەی کە ئەو زاتە خوایە، تەنها بیروباوەڕ ناگرێتەوە، بەڵکو سەردەکێشێ بۆ کاروکردەوە و، ئەنجامدانی پەرستش و، بە تاك و تەنها زانینی خوای گەورە، جا ئەگەر خۆی لە ئاست پەرستنیدا بە گەورەزانی یان هاوەڵی بۆ پەیدا کرد، ئەوا باوەڕدار نییە و، ئەگەر ڕاستی کرد و باوەڕی هەبوو، کە زاتی اللە پەروەردگاری جیهانیانە و خاوەن و فەرمانڕەوای گەردوونە. کەواتە خواپەرستی چییە؟ یەکەم شتێك بە بیری مرۆڤدا دێت ئەوەیە کە خواپەرستی بریتییە لە زیکر و نوێژ و ڕۆژوو و قوربان خۆبەدن و پەرستشەکانی دیکە کە مرۆڤ لە خوا نزیك دەکەنەوە ئەمەش ڕاستە، بەڵام خواپەرستی، تەنها ئەمانە نیە، بەڵکو هەموو کارێکی سوودبەخش کە شەرع ڕێگری لێنەکات و مرۆڤی باوەڕدار لەپێناو ڕەزامەندی خوای گەورەدا ئەنجامی بدات، خواپەرستیە. دەخوات بۆ ئەوەی بتوانێت بە باشی خواپەرستی بکات، بەم مەبەستەش خۆراك خواردنەکەی بۆ دەبێت بە خواپەرستی، هاوسەرگیری دەکات بۆ ئەوەی بە پاکی بمێنێتەوە و پارێزراو بێت، بەوەش هاوسەرگیرییەکەی بۆ دەبێت بەخواپەرستی، هەر بەو

مەبەستەش بەدەستهێنانی پارەی بۆ دەبێتە خواپەرستی، خەرجی بۆ کەسوکاری خوا پەرستییە و، بەدەستهێنانی زانست و بڕوانامەی خواپەرستییە و سەرقاڵبوونی ئافرەت بە کاروبارەکانی ناوماڵەوە و خزمەتکردنی هاوسەرەکەی و چاودێریکردنی منداڵەکانی خواپەرستییە و، هەموو کارێکی ڕێگە پێدراو ئەگەر بکەرەکەی مەبەستی لە ئەنجامدانیدا ڕەزامەندی خوای گەورە بوو ئەوا خواپەرستیە، کەواتە خواپەرستی مانایەکی فراوانی هەیەو هەموو کاتە سوودبەخشەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە، کە پێدەچێت هەر ئەوەیش مانای ئەو فەرمایشتەی خوای گەورە بێت کە دەفەرموێت: ﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ الذاريات: ٥٦ ، واتە: (من جنۆکەو ئادەمزادم بۆ هیچ دروست نەکردووە بۆ ئەوە نەبێ کە بمپەرستن.

ڕۆحی خواپەرستی

خواپەرستی ڕۆح و جەستەی هەیە، ڕۆحەکەی ئەو بیروباوەڕەیە کە پاڵنەرییەتی، ئەو مەبەستەیە کە لە پێناویدا کارت کردووە، جەستەکەیشی کاری ئەندامەکانە، لە دەربڕینی زمان و جووڵەکانی لاشە. بۆ نموونە نوێژ کۆمەڵێك جووڵەو دەربڕینە، وەك هەستانەوە و کڕنوش بردن و، قورئان خوێندن و زیکر و یادی خوا، بەڵام هەموو ئەمانە جەستەی نوێژن، ئەگەر پاڵنەرەکەی یەکتاپەرستیەکی ڕاست و بیروباوەڕێکی دروست نەبێت و مەبەست لێی فەرمانبەرداری خوای گەورە و داواکردنی ڕەزامەندی ئەو زاتە نەبێت ئەوا نوێژەکە جەستەیەکی مردووی بێگیانە.

بنچینەی یەکتاپەرستی ئولوهیەت

بنچینەی ئەم یەکتاپەرستییە ئەوەیە کە باوەڕمان هەبێت بەوەی تەنها خوای گەورە سوود و زیانمان پێ دەگەیەنێت، ئەمەش پێویستی بە ڕوونکردنەوەیە: خوای گەورە بەدیهێنەری هەموو شتێکە، هەموو بوونەوەران و جیهانەکانی بەدیهێناوە، ژیری پێ بەخشیوین و پێی فەرموون: بیر لە بەدیهێنراوەکانم بکەنەوە، بڕوانن بزانن چی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، سەیرمان کرد و بینیمان ئەو خوایەی ئەم شتانەی بەدیهێناوە، هەریەکەیانی بەسەر ئەوی تردا زاڵکردووە، ئەگەر ئاگر بەر داری وشك بکەوێت دەیسوتێنێت و، ئەگەر ئاو بکرێت بەسەر ئاگردا دەیکوژێنێتەوە و، ئەگەر مێشوولە مرۆڤ بگەزێت تووشی نەخۆشی مەلاریای دەکات و، ئەگەر ئەو ماددەیەی لە تۆپکڵی درەختی (کینا)دا هەیە چووە لەشی نەخۆشەوە لە مەلاریا پزگاری دەکات، لەنێوان ئەم شتانەشدا پێك بەست و پەیوەندی داناوە، کۆبوونەوەیانی بە ئەندازەگیری ورد خەملاندووە، تێکەڵ بوونیشیان بەڕێژەی دیاریکراو کە شتی نوێی لێ دێتە بەرهەم، (کلۆر) ماددەیەکی زیان بەخشە، صۆدیۆمیش هەر زیان بەخشە، بەڵام کاتێك پێکەوە کۆدەبنەوە دەبنە ماددەیەکی سوودبەخش کە مرۆڤ ناتوانێت دەستبەرداری ببێت ئەویش خوێی چێشتە.

١- بینیمان هەریەکە لە پەیوەندییەکان پەیڕەوی بنەماگەلێکی جێگیر و کۆمەڵە شێوازی دیاریکراو دەکات، کە ناگۆڕێت ئەویش یاساو ڕێسای خوای گەورەیە لە گەردووندا، کە ڕاهاتووین لەسەر ئەوەی ناوی بنێین (ڕێساکانی سروشت).

٢- پەیوەندی نێوان شتەکانیش کە ناومان نا یاساو رێساکانی سروشت، هەموویان وەکو پەیوەندی ئاشکرای نێوان دار و ئەو ئاگرە نین کە دەیسوتێنێت، یان ئاگر و ئەو ئاوەی کە دەیکوژێنێتەوە، هەموویان بەو ئاشکراییە نین، بەڵکو زۆربەیان وردتر و قوواڵترن.

خوای گەورە لەم گەردوونەدا دەرمانی بۆ هەموو نەخۆشی و دەردێك داناوە، بەڵام دەرمانی بە ئامادەکراوی لە شوێنێکی بەرچاودا دانەناوە، کە یەکسەر بەکاربهێنرێت، بەڵکو بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر و شاراوە داینـاوە، لە شوێنی وەهادا کە گومان ناکرێت لەوێدا بێت، بۆ نموونە پەنسلین خوای گەورە لە کەپوویەکی سەوزدا داینـاوە، کە لە ژەهرێکی کوشندە دەچێت، هەروەك چۆن باشترین بۆنی خۆش و ناوازەترین ڕەنگی سەرنجڕاکێشی لە ناشیرینترین و بۆن ناخۆشترین ماددەدا داناوە، ئەو ماددە ڕەشە ناشیرینەی ناوی (قەترانە) کە بۆنی خۆش و ڕەنگی لێدەردەهێنرێت.

هەروەها لە دۆخێکی نزیکدا داینەناوە، بەڵکو ئەو توخمەی کاریگەر و پێویستە خوای گەورە تێکەڵ بە ماددەی دیکەی کردوە، کە پالاوتن و پوختەکردنی پێویستی بە چەندین کارلێك و تاقیکردنەوە هەیە، ئەوەی کتێبی (التلمیذة الخالدة)[1] ی خوێندبێتەوە دەزانێت کە چۆن دەرهێنانی غرامێك ڕادیۆم، پێویستی بە پالاوتنی بڕێکی یەکجار زۆر لە ماددەی

١- چیرۆکی خاتوو کۆری و هاوسەرەکەی، هیوادارم قوتابیان ئەم چیرۆکە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بزانن ئارامگرتن لەسەر بەدەستهێنانی زانست چۆن دەبێت و، لەژیاننامەی زانایانی پێشینماندا سەدان نموونە هەیە دەربارەی ئەو جۆرە ئارامگرتنە و، دڵسۆزی و هەوڵدانی ڕاستەقینە بۆ بەدەستهێنانی زانست.

جۆراوجۆر و کارلێکی یەک لە دوای یەک هەبووە، کە ئەنجامدانی چەند ساڵی خایاندووە.

٣- هەتا ئێستا تەنها بە ئەندازەی دڵۆپێک لە دەریایەک ئەم نهێنییە گەردوونیانەمان بۆ ئاشکرا بووە، کە بەدیهێنەری گەردوون داینـاون، شتی زۆر سەرسوڕهێنەرمان تیادا بەدی کردووە، هەستاوین بەپۆلێن کردنی ئەو بەشە کەمەی کە دۆزیومانەتەوە بۆ دەستە و جۆری جیاواز و ناومان ناوە (زانست): لەوانەش زیندەوەرزانی، زانستی کیمیا، زانستی فیزیا و، کارئەندامزانی و، زانستی پزیشکی و هەموو زانستەکانی دیکە، هەریەکە لە ئێمەش دەستمان داوەتە یەکێک لەو زانستانە و، لقیان لێبووەتەوە، بۆ تێگەیشتن لە یاساکانی خوای گەورە تیایاندا، دۆزینەوەی زیاتر دەربارەیان، بۆیە بەشێک لەمرۆڤەکان لەبوارە جۆراوجۆرەکانی زانستدا بوونەتە زاناو پسپۆڕ.

٤- بۆمان دەرکەوت لە گەردووندا شتی سوودبەخش و زیانبەخش هەیە و، سوودو زیانیش دوو جۆرن، هەیانە بە هۆی هۆکارێکی ڕوون و ئاشکراوەیە، بە جێبەجێکردنی یەکێک لە یاساکی سروشت، کە دۆزیمانەوە و لەبواری زانستەکانماندا ڕیزمان کرد، وەکو یەکێک کە بەهۆی ماددەیەکی ژەهراوی ناسراوەوە دڵی دەوەستێت و، بە تاقیکردنەوە کاریگەرییەکەیمان زانی لەسەر دڵ، هەیشیانە بەهۆی هۆکارێکی نادیارەوە ڕوودەدات، پشت بە یاسایەکی زانراو نابەستێت، وەک یەکێک کە جەستەی بەهێزەو لەش ساغەو لە پڕێکدا دڵی لە لێدان دەکەوێت، کە هۆکارەکەی نازانین، هەردوو جۆرەکەش لەلایەن خواوەیە، خوای گەورە هەر خۆی سوود و زیان دەگەیەنێت.

٥- خوای گەورە مرۆڤی بە جۆرێك دروستكردووە كە لە سروشتیدا حەزی بە بەدەستهێنانی سوود و قازانجە، لە پێناویدا هەموو رێگایەك دەگرێتەبەر و، لە سروشتیدا رقی لە زیانە و، هەموو فێڵ و رێگەیەك بەكاردەهێنێت تا لە خۆی دووربخاتەوە، بۆ ئەوەیش پشت بە هەموو وزەیەكی پێویست دەبەستێت. داواكردنی كۆمەكی هەیە كە دین رێگەی پێدەدات و، بە دین قەدەغەی دەكات، كەواتە داواكردنی یارمەتی دروست و رێگە پێدراو كامەیەو، داواكردنی یارمەتی حەرام و قەدەغكراو كامەیە؟ ئەگەر منداڵەكەت نەخۆش كەوت و، پزیشكێكیش لە تەنیشتەوە بوو گوێی لە قسەكانت بوو (تۆش بانگت كرد)، نەخۆشەكەی پشكنی و، دەرمانی بۆ نووسی، ئەمە داواكردنێكی دروستە، لەبەرئەوەی بۆ چارەسەر پەنات بردووەتەبەر ئەو یاسا سروشتییەی كە بەدیهێنەری گەردوون داینواوە و، پشتت بەو كەسە بەستووە كە زانایە بەو یاسایە، بەڵام ئەگەر جادووگەرێكت بانگ كرد، بۆ ئەوەی بەبێ زانست و یاسا كار لەسەر چارەسەركردنی بكات، بەڵكو بانگەشەی ئەوە بكات پەیوەندی بە هێزی نادیارەوە هەیە، كە بوونی نەچەسپاوە نە بەزانستی هەستكردن و نە بە بەڵگەی بیستراو[1] ئەوا داواكردنی قەدەغەكراوە. ئەگەر چوویتە سەر گۆڕی پزیشكەكە دوای مردنی، بانگت لێكرد، لە كاتێكدا ناتوانێت نەخۆشەكە بپشكنێت و، دەرمانی بۆ بنووسێت، ئەوا پەنابردنێكی قەدەغەكراوە. ئەگەر زانست دەستەوسان بوو دەرمان و چارەسەر

١- بەڵگەی بیستراو: ئایەتێكە لەقورئانی پیرۆز، یان فەرموودەیەك لەفەرموودەكانی پێغەمبەری خوا ﷺ.

سوودێکیان نەبوو، پەنات بردە بەر پاڕانەوە و خێرکردن، یان داوات لە کەسێکی چاکەکار کرد بۆت بپاڕێتەوە، ئەوا داواکردنێکی دروستە، خۆ ئەگەر لەسەر گۆڕی کەسە چاکەکە وەستایت و داوای یارمەتیت لێکرد لەکاتێکدا ناتوانێت زمانی بجوڵێنێت و بۆت بپاڕێتەوە و، ناتوانێت لەلایەن خۆیەوە شیفای نەخۆشەکە بدات کەواتە داواکردنی کۆمەکی بەو جۆرە حەرامە. داواکردنی چارەسەر بۆ نەخۆش بە پێدانی ئەو دەرمانەی کە پزیشک بۆی نووسیووە کارێکی دروستە، بەڵام ئەگەر ناوی دەرمانەکانت کرد بە نوشتە و هەڵتواسی بە ملی نەخۆشەکەدا، یان کردتە ئاوەوە و ئاوەکەت دا بە نەخۆشەکە و، باوەڕت وابوو کە ئەوە چاکی دەکاتەوە، ئەوا حەرامە، هەروەها داواکردنی سوودو قازانج بەو شتانەی خوای گەورە هۆکارێکی ئاشکرای بۆ دانەناون حەرامە، بۆ نموونە: ئەو ئافرەتە نەزۆکەی کە حەزی لە منداڵە ئەگەر پشتی بە زانستی پزیشکەکان و ئەو دەرمانانە بەست کە خوای گەورە ناردوونی و بەپێی یاساکانی زانست دەرهێنراون ئەوا پێچەوانەی ئایین نیە، بەڵام ئەگەر باوەڕی وابوو (وەك پەككەوتەکانی شام بڕوایان پێی هەبوو)[1] کە لە دەرگادانی (مزگەوتی الحنابلە) لە شاخی قاسیون لە یەکەم هەینی مانگی ڕەجەبدا، دەبێتە هۆی سکپڕبوونی یان ئەگەر بۆ ئەو مەبەستە پەتێکی بەست بە پەنجەرەی یەکێك لە گۆڕەکانەوە، ئەوا کارێکی حەرامی ئەنجام داوە و، سەرپێچی بیروباوەڕی یەکتاپەرستی کردووە.

١- وەك ئافرەتانی ئیتالیا بڕوایان وایە هەرکەسێك هەردوو دەستی دڕێژبکات بۆلای پەنجەرەی گلکۆی یەکێك لەپاهیبەکان، ئەگەر نەزۆك بێت نەزۆکیەکەی نامێنێت، ئافرەتانی ئەورووپا و ئەمریکا باوەڕی لەمە سەیرتریان هەیە.

جا لەمانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە پشت بەستن بەیاساکانی سروشت و، گێڕانەوەی بۆ کەسی زانا و تایبەتمەند و، گرتنەبەری هۆکارە باوو ناسراوەکان بۆ بەدەستهێنانی سوود و قازانج، لەپوانگەی شەرعەوە دروست و ڕێگەپێدراون، بەمەرجێك کە لەیادمان بێت کە لەبنچینەدا تەنها خوای گەورە سوودی پێگەیاندووین، پشت بەستن بەهێزێکی غەیبی بانگەشەبۆکراو کە زانستی تاقیکاری پاڵپشتی نەکات و بەڵگەی بیستراو نەیسەلماندبێت، ئەوا پشتبەستنێکی حەرامە و، پێچەوانەی بیروباوەڕی یەکتاپەرستییە.

حەڵاڵ کردن و حەرام کردن

تەنها لای خواوەیە

ئەو سوودانەی بە جێبەجێکردنی یاساکانی سروشت پێیان دەگەین سوودی دونیایین، چونکە خوای گەورە توانای عەقڵی پێبەخشیوین لە دۆزینەوەی ئەو یاسایانەدا، بەڵام توانای عەقڵی پێنەبەخشیوین لە دۆزینەوەی نهێنییەکانی ئەودیو ماددە و، بەدەستهێنانی سوود و قازانجی ڕۆژی دواییدا.

ئێمە لەسنووری ماددەدا و لەم دونیایەدا کار دەکەین لەسەر بەدەستهێنانی سوود و دوورخستنەوەی زیان، بەڵام هیچ سوود و زیانێکمان بەدەست نیە بۆ خۆمان لە ڕۆژی دواییدا، کاتێك خوای گەورە هۆی بۆ پاداشتی ڕۆژی دوایی داناوە، ئەو هۆیەش جێبەجێکردنی کارە واجبەکانە و بۆ زیان و سزای ڕۆژی دواییش هۆی داناوە، ئەو هۆیەیش ئەنجامدانی حەرامکراوەکانە، حەڵاڵکردن و حەرامکردن کە بە پاداشت و

سزای ڕۆژی دوایی کۆتاییان دێت تەنها لەلایەن خواوەن و، کەس بۆی نیە بە بۆچوونی خۆی بڵێت ئەمە حەڵاڵە و ئەوە حەرامە، کەس مافی ئەوەی نیە کارێك واجب بکات کە خوای گەورە واجبی نەکردبێت و، هەرکەسێك مافی حەڵاڵکردن و حەرامکردنی دا بە کەسێك لە غەیری خوا ئەوە مانای ئەوەیە کە لە غەیری خوا پەرستویەتی، یان هاوەڵی بۆ خوا داناوە لە پەرستندا[1].

خۆشەویستی خوا و ترس لەخوا

خۆشەویستی و ڕق لەناخی هەموو مرۆڤێکدا هەیە، حەزی لە خواردنی خۆش و حەزی لە دیمەنی جوانە و، پیاو ئافرەتی خۆشدەوێت و ڕەنگە زۆر لەو خۆشەویستیەدا ڕۆبچێت، تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی هەندێ لە ڕواڵەتەکانی پەرستنی تیادا دەردەکەوێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە سنووردارى دەمێنێتەوە، وەکو هەموو خۆشەویستی و حەزێکی ئادەمی.

ئێمە حەزمان لەو سوود و قازانجەیە کە لەڕێگەی کەسێکی خۆشەویستمانەوە دەستمان دەکەوێت، حەزمان لەو خۆشییەیە کە لە

١- ئەگەر موسوڵمانێك مەی خواردەوە، بەڵام باوەڕی بەحەرامی مەی خواردنەوە هەبوو و دانی بەتاوانەکەیدا دەنا، یەکێکی دیکەش بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە شەربەتی لیمۆ حەرامە، ئەوا تاوانی ئەو کەسەی بەبێ بەڵگە حەڵاڵێکی حەرامکردووە، گەورەترە لە تاوانی ئەو کەسەی کەوتووەتە ناو حەرامەوە بەبێ نکوڵی کردن لە حەرامبوونەکەی. ئەمە لە قورئاندا بەراورد کراوە بەهاوەڵ بۆ خوا پەیداکردن، ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟ لَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا عَبَدْنَا مِن دُونِهِۦ مِن شَىْءٍ نَّحْنُ وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِن دُونِهِۦ مِن شَىْءٍ﴾ النحل: ٣٥.

نزیـك كەسـە خۆشەویسـتەكانمانەوە هەسـتی پێدەكـەین، ئەگـەر خۆشەویستێكمان تووشـی نەخۆشـییەكی شـێوێنەر بـوو ئەندامـەكانی تووشی داخوران هاتن و جوانیەكەی لەدەستدا، یان خواردنێك خراپ بوو بۆگەنی كرد یان شێوەكەی گۆڕا ئەوا ئەو خۆشەویستییە كۆتایی پێدێت، بەڵكو لەوانەیە بگۆڕێت بۆ ڕق لێبوون.

بـەڵام خۆشەویسـتی خـوای گـەورە كـە مرۆڤـی بـاوەڕدار هەسـتی پێدەكات، خۆشەویستیەكی ڕەهاو بێسنوورە، تەنانەت ئەوەی لە دونیادا خۆشمان دەوێت بەدیهێنەرەكەیمان خۆشدەوێت، كە بـەدیهێناوە و بـۆی ڕام و فەراهەم كردووین و توانای پێبەخشیوین سوودی لێوەربگرین و بـە بینینی خۆشحاڵ و ئاسوودەبین.

مـرۆڤ لـەزۆرێك لـە بوونـەوەران دەترسـێت، لـە ئـاگری بڵێسـەدار و گیانداری درندە و ژەهری كوشندە و ستەمكاری بەهێز دەترسێت، بـەڵام ئەمـە ترسـێكی سـنووردارە، دووركەوتنەوەیـە لـەو زیانـەی خـۆی لـە مەترسییەكەدا حەشارداوە، ئەگەر دڵنیابوو كە تووشی زیان نابێت ترسی لە دڵدا نامێنێت، بەڵام ترس لە خـوا ڕەهـاو بێسـنوورە، خۆشەویسـتی و ترس لە خوا لە بنەماكانی یەكتاپەرستین و، ڕۆحی خواپەرستین. دیـارە پێویستە ئاگاداری ئەوە بین كە خۆشەویستی خوا مانای شیعر هۆنینەوە نییە دەربارەی خوا هەروەك (ابن الفارض) كردی، هەروەها ناوزەدكردنی نییە بە عیشقی خوایی وەك درایە پاڵ ڕابیعەی عەدەوی.

ترس لە خوا مانای ئەو تۆقینە نییە كە بەڕق لێبوون كۆتایی دێت و، مانای ئەو شـپرزەیی و بێئارامییـە نییـە كـە مـرۆڤ تووشـی سەرلێشـێوان دەكـات، بـەڵكو خۆشەویسـتی خـوای گـەورە بـە گوێڕایـەڵی كـردن و

پەسەندکردنی پەزامەندی خوای گەورەیە بەسەر ئارەزووەکانی نەفس و وەسوەسەکانی شەیتاندا و بەشوێنکەوتنی پێغەمبەری خواﷺ گرتنەبەری پێبازەکەیەتی.

﴿ قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِى ﴾ آل عمران: ٣١، **واتە:** (ئەی موحەممەد! بە خەڵکی ڕابگەیێنەو پێیان بڵێ: ئەگەر ئێوە خوداتان خۆش ئەوێ پەیڕەوی من بکەن.)

شوێنکەوتن و پابەندبوون پێوەری خۆشەویستییە، ترسانیش لە خوا بەدوورکەوتنەوەیە لە حەرامکراوەکانی و، پەسەندکردنی چێژ و خۆشی پاداشتی ڕۆژی دواییە، بەسەر چێژی سەرپێچی لە دونیادا، پاشان گوێڕایەڵی بۆ خوا وەک گوێڕایەڵی کردنی بوونەوەران نییە. ئێمە بۆ پابەندبوون بە فەرمانی خوای گەورەوە گوێڕایەڵی هەندێ ئادەمیزاد دەکەین وەک گوێڕایەڵی کردنی پێغەمبەرﷺ یان وەک وەڵامدانەوەیەکی ویستە سروشتییەکان، یان لە ترسی ڕووداوێکی سامناک، گەل گوێڕایەڵی فەرمانڕەوا دەکات، منداڵ گوێڕایەڵی دایک و باوکی دەکات، ژن گوێڕایەڵی مێردی دەکات، مرۆڤ گوێڕایەڵی ئەو کەسانەیە کە چاکەیان لەگەڵدا کردووە.

لەوانەیە کەسێک ناچاربکرێت بە گوێڕایەڵی کردن ئەویش لە ترسی ئازارو زیان گوێڕایەڵی بکات. بەڵام هەموو ئەمانە بێجگە لە گوێڕایەڵی کردنی پێغەمبەری خواﷺ کە هەر خۆی لەخۆیدا گوێڕایەڵی کردنی خوای گەورەیە، هەمووی گوێڕایەڵی سنوورداران، ڕەهاو بێ سنوور نین، چونکە گوێڕایەڵی و فەرمانبەرداریی ڕەها تەنها بۆ خوای گەورەیە، گوێڕایەڵی لە

هەموو شتێکدا، گوێڕایەڵی لەوەی پێمان خۆشەو ئەوەی پێمان ناخۆشە، لەوەی لە حیکمەتەکەی تێدەگەین و لەوەیشی لە حیکمەتەکەی تێناگەین، ئەو گوێڕایەڵیو فەرمانبەرداریەش بەرهەمی خۆشەویستی خوایەو، بەڵگەیە لەسەری.

ئایاتی صفات

لەم کتێبەدا خۆم بە دوور گرتووە لە قوڵبوونەوە لە مەسەلە کەلامیەکاندا و، باسی بیروبۆچوونە جیاوازەکانم نەکردووە، بەڵام بابەتی (آیات الصفات) گفتوگۆو مشتومڕی زۆری لەبارەوە کراوە و، پێویستە هەندێ لە بارەیەوە بدوێین.

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا بە کۆمەڵێك وشە و دەربڕین باسی صیفاتی زاتی خۆی کردووە کە لە بنەمادا بۆ دەلالەت کردنە سەر مانای زەمینیو، مەبەستی ئادەمی دانراون، لەکاتێکدا کە هیچ شتێك نییە لەوێنەی ئەو زاتە، ئەو زاتە پەروەردگاری بەدیهێنەرە، بەرزی و بڵندی بۆ ئەو خالقە کە لە دروستکراوانی ناچێت و، کاتێك ئەم وشانە بۆ تەعبیرکردن لەصیفاتی خوا دەردەهێنرێن مانای تایبەتیان هەیەو، کاتێکیش بۆ یەکێك لە دروستکراوان بەکاردەهێنرێن مانایەکی دیکەیان هەیە، لەبەرئەوە ناکرێت هەمان تێگەیشتنمان هەبێت بۆیان.

ئێمە دەڵێین فڵان زانایە و، فڵان بینایە و، دەڵێین خوا زانایە و بینایە، بەڵام چۆنیەتی زانین و بینینی بەندە وەکو زانین و بینینی خوای گەورە نییە و، زانست و بینایی بەندە وەك زانست و بینایی خوای گەورە نییە، هەروەها کە دەڵێین مامۆستاکە لەسەر بڵندگۆی پۆلەکە وەستاوە،

دەڵێین خـوای گـەورە لەسـەر تـەختی فەرمانڕەوایـەتیی خۆیـەوە (عەرشەوە) وەستاوە، لە کاتێکدا کە مانـای (الإستواء) لـە فەرهەنگدا دەزانین و جێبـەجێی دەکـەین بەسـەر مامۆستاکەدا، بـەڵام ئـەم مانایـە هـەمان ئـەو مانایـە نییـە کاتێـک ئـەم ئایەتـە دەخوێنینـەوە. ﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ٱسۡتَوَىٰ﴾ طه: ٥ ، **واتە:** (خودای میهرەبان عەرشی داگیرکردووە.)

زانایان لەسەر هەموو ئەمانە هاوڕان هەموویان دان بەوەدا دەنێن کـە (آيات الصفات) فەرموودەی خوایە. کاتێـک خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ﴾ الأعراف: ٥٤ ، **واتـە:** (بـوو بـە فـەرمانڕەوا بەسـەر عەرشدا.)

واتا: هیچ کەس ناتوانێت بڵێت (ما آستوى).

هەمووشیان دان بەوەدا دەنێن مانای فەرهەنگی بۆ وشـەی (استوى) جیـاوازە لـە مانـای ﴿ٱسۡتَوَىٰ﴾ لـە ئایـەتی ﴿ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ﴾، بـەڵام سەرەڕای ئەوەش زۆر جیـاوازبوون دەربـارەی مەبەسـتی خـوازراو، دوای هاوڕابوونیان لەسەر وازهێنان لە کارپێنـەکردن و لێکچـواندن، پرسـیان: ئایا ئەم ئایەتانە حەقیقەتن یان مەجازن؟

ئایا ڕاڤە دەکرێن یان ڕاڤە ناکرێن؟

ئەوانەی کە ڕاڤەیان کرد وتیـان: حەقیقـەت بریتییـە لـە بـەکارهێنانی وشـەیەک یـان دەربڕینێـک بـۆ ئـەو واتایـەی کـە بـۆی دانـراوە. ئەمـەش پێناسەی حەقیقەتە لای زۆربەی زانایانی ڕەوانبێژی.

گومانی تێدا نییە زمانی عەرەبی کە زمانی هاتنەخوارەوەی قورئانـە، پێش ڕەوانەکردنی قورئان ئـەم وشـانەی تیـادا هـەبووە و، بـۆ کۆمـەڵێک

مانای زەمینی مادەی دانراوە، تەنانەت دەستەوسانە لەئاست دەربڕینی هەست و سۆزی مرۆڤانەدا. چ جای صیفاتی زاتی اللە بەدیهێنەری ئادەمیزاد و هەموو بوون، پرواڵەت و شێوەکان بێئەندازەن بەڵام ئێمە بۆ تەعبیرکردن لە هەموو ئەوانە وشەی (جوان) بەکاردەهێنین، لەکاتێکدا جوانی دیمەنێکی سروشتی و، جوانی هۆنراوەیەک و، جوانی تەلارێکی پازاوە هەریەکەیان بۆ خۆیان جوانییەکی تەواو لەیەکتر جیاوازن.

لە ئافرەتانیشدا چەندین جۆر لە جوانی هەیە، بۆ هەموو ئەو جوانیانەش هەر تەنها ئەم وشەیەمان لایە، زمانەکانی ئاخاوتن دەستەوسانن لەئاست وەسفی هەستکردن بە جوانی و قسەکردن دەربارەی خۆشەویستی و، لەژماردنی جۆرەکانی و، جیاوازی هەستەکانی. جا لەکاتێکدا زمانی ئاخاوتن لاوازە لەئاست دەربڕین و وەصف کردنی ئەم جۆرە هەستانەدا، کەواتە چۆن دەتوانرێت بەهۆیەوە تەعبیر لەصیفاتی خوایی بکرێت و، حاڵەت و چۆنیەتیەکانی پووبنبکاتەوە؟

ئەگەر حەقیقەت بریتی بێت (لە بەکارهێنانی وشە بۆ ئەو مەبەستەی کە بۆی دانراوە) وشەکانیش بریتی بن لە: استوی – جاء – خادع – یمکر – نسیهم. ئەمانە بۆ واتای زەمینی ئادەمی مادیی دانراون و، بەکارهێنانیان لە قورئانی پیرۆزدا لە ئایەتەکانی ﴿ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ﴾الأعراف: ٥٤، ﴿وَجَآءَ رَبُّكَ﴾ الفجر: ٢٢، ﴿وَهُوَ خَٰدِعُهُمْ﴾ النساء: ١٤٢، ﴿وَيَمْكُرُ ٱللَّهُ﴾ الأنفال: ٣٠، ﴿فَنَسِيَهُمْ﴾ التوبة: ٦٧، جیاوازە لەو مانا مادی و

زەمینی و ئادەمییەی کە بۆی دانراوە–کەواتە ئەوە (حەقیقەت) نەبوو بەگوێرەی پێناسەکەی ئەوان بۆ حەقیقەت.

هەندێ نکوڵی دەکەن کە ئەوە مەجاز بێت لەوانەیش ئیبن تەیمیە، پێناسەی تایبەت بۆ حەقیقەت دەکات، جیاواز لەو پێناسەیەی زانایانی ڕەوانبێژی لەسەری ڕۆیشتوون کە دەڵێت: ڕاڤەکردنی ئەم دەربڕینانە بەشێوەیەکی مەجازیو، بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە ئەوە مەبەستە ڕەتکراوەیە، چونکە مانا مەجازیەکان بەهەمان شێوە مانای ئادەمیین. منیش سەرنجمدا و بینیم ئەم ئایەتانە بە سێ شێوەن:

١– کۆمەڵێك ئایەت لەسەر شێوەی هەواڵ هاتوون لای خوای گەورەوە، وەك دەفەرموێت: ﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ٱسۡتَوَىٰ﴾ طە: ٥، واتە: (خوای میهرەبان عەرشی داگیرکردووە.) ئێمە نالێین: (ما استوی)، چونکە ئەگەر وابڵێین ئەوە نکوڵیمان لە شتێك کردووە کە خوای گەورە چەسپاندویەتی. ناشڵێین لەسەر عەرش ڕاوەستاوە، وەك چۆن کەسێك ڕادەوەستێت، چونکە ئەوکاتە بەدیهێنەرمان شوبهاندووە بە بەدیهێنراو، بەڵام باوەڕمان هەیە کە ئەوە فەرموودەی خوایە، خوای گەورە بۆ مەبەستێکی هێناوە کە لە حەقیقەت و وردەکاریەکانی تێنەگەیشتووین، لەبەرئەوەی بەدوورو درێژی بۆی ڕوون نەکردووینەتەوە و، عەقڵی مرۆڤ دەستەوسانە لەوەی خۆی پێببگات.

٢– کۆمەڵێك ئایەت، بەشێوازێك هاتوون کە لای زانایانی ڕەوانبێژی ناسراوە بە (مشاکلة– لێکچوون) کە لەم نموونەیەدا هاتووە:

قالوا اقترح شيئا نجد لك طبخه قلت إطبغوا لي جبة وقميصا

هەروەها وتەکەی ئەبی تەمام لە پووداوی عەموریەدا، کە لە وەلامی ئەو ئەستێرە ناسانەی بانگەشەی ئەوەیان کردبوو سەرکەوتن بەدەست نایەت تا هەنجیرو ترێ پێنەگات دەڵێت:

تسعون ألفا كآساد الشرى نضجت جلودهم قبل نضج التين والعنب

ئەو ئایەتانەشی بەم شێوازە هاتوون زۆرن، وەک خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿نَسُواْ ٱللَّهَ فَنَسِيَهُمۡ﴾التوبة: ٦٧، واتە: (فەرمانی خودایان فەرامۆش کردوە. خودایش موبالاتی بەوان نەکردو گوێی نەدانێ.)

وشەی (نسوا) لەسەر مانای فەرهەنگیی (نسیان) واتە لەبیرچوونەوە هاتووە. کە ئەویش غیابی زانیاریە لە بیرەوەریدا. بەڵام وشەی (نسیهم) وەک لێکچووی ئەو هاتووەو، مەبەست لێی ئەو مانایە نییە، چونکە خوای گەورە هیچ شتێکی لەبیر ناچێت: ﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيّٗا﴾ مریم: ٦٤، واتە: (خوای تۆ هیچ لە یاد ناکاو هیچی لە بیر ناچێتەوە.)

بە تەعبیرێکی تر دەڵێین: وشەی (نسوا) بەو مانایە بەکار هێنراوە کەبۆی دانراوەو، وشەی (فنسیهم) بۆ مانایەکی دیکە بەکارهاتووە.

هەروەها ئایەتی ﴿وَهُوَ مَعَكُمۡ أَيۡنَ مَا كُنتُمۡ﴾الحديد: ٤، واتە: (لەهەر کوێ بن ئەوتان لەگەڵە.)

هەمووان هاوڕان لەسەر ئەوەی مەعیەتی زانستە نەک مەعیەتی خود. هەروەها لەم ئایەتانەی تریشدا کە دەفەرموێت: ﴿سَنَفۡرُغُ لَكُمۡ أَيُّهَ ٱلثَّقَلَانِ﴾الرحمن: ٣١، واتە: (بێگومان لەمەولا دەسمان بەتاڵ ئەبێ بۆ

لێپرسینەوەو حیساب و کیتاب لەگەڵ کردنتان لەو دنیادا ئەی جووتە کۆمەڵەکەی ئادەمزادو پەرییان.)

﴿ وَمَكَرُوا۟ وَمَكَرَ ٱللَّهُ ﴾آل عمران: ٥٤.

﴿يُخَٰدِعُونَ ٱللَّهَ وَهُوَ خَٰدِعُهُمْ﴾ النساء: ١٤٢، **واتە:** (ئەو کارەی منافقەکان ئەیکەن کە بەدیمەن خۆیان بە موسوڵمان پیشان ئەدەن و لە دڵەوە کافرن و پێچەمبەریش بەپێی ظاهیر وەک موسوڵمان موعامەلەیان لەگەڵ ئەکات، وەکو ئەوەیە کە گوایا فێڵ لە خودا بکەن. نەخەیر فێڵ لە خودا ناکرێ. خودا ئاگاداراە، ئەنجامی ئەم کارەیان خۆیان ئەگرێتەوەو خودا زاڵ ئەبێ بەسەر ئەواندا.)

ناکرێت و دروست نییە بەمانای فەرهەنگی و ماددی لەواتای ئەم ئایەتانە تێبگەین، بەڵکو دەبێت بەمانایەک بێت شایستە بەزاتی بەرزی پەروەردگار.

٣- کۆمەڵێك ئایەت کە ژمارەیەک ئایەتی تر بەڵگەن لەسەر واتا و مەبەستەکانیان وەک خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ يَدُ ٱللَّهِ مَغْلُولَةٌ غُلَّتْ أَيْدِيهِمْ وَلُعِنُوا۟ بِمَا قَالُوا۟ ۘ بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ يُنفِقُ كَيْفَ يَشَآءُ﴾المائدة: ٦٤، **واتە:** (جوولەکەکان وتیان: خودا دەستی زنجیر کراوەو ڕزق بە خەڵك نادا! یاخودا دەستیان زنجیر بکرێو زەلیل بن و هەمیشە فەقیر بن و لەعنەتی خودایان لێ بێ لەسەر ئەو بوختانەی کردیان. نەخێر، خودا هەردوو دەستی بڵاوەو بە ئارەزووی خۆی ڕۆزی ئەدا.)

ئەم ئایەتە دەلالەت لە واتا و مەبەستەکەی دەکات:

﴿ وَلَا تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَىٰ عُنُقِكَ وَلَا تَبْسُطْهَا كُلَّ ٱلْبَسْطِ ﴾ الإسراء: ٢٩، واتە: (ئەوەندە رژدو دەست نووقاو مەبە هیچت لەدەست نەبێتەوە بۆ کەس. ئەوەندەیش بەدەمەنەو دەست بڵاو مەبە هیچت بە دەستەوە نەمێنێ.)

ئەوەی لێی تێدەگەین کە دەستکراوەیی مەبەست لێی بەخشندەییە، ئەمە پێویستی ناکات، بەڵکو مەحاڵە خوای گەورە دوو دەستی هەبێت وەک دەستی مرۆڤ و گیاندار، بەرزیو بڵندی بۆ خوا.

لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: ﴿بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِۦ﴾الأعراف: ٥٧ ، واتە: (لەنێوان دوو دەستی ڕەحمەتی پەروەردگاردا).

﴿بَيْنَ يَدَيْ عَذَابٍ شَدِيدٍ﴾ سبأ: ٤٦، واتە: (لە سزایەکی سەختی خواتان ئەترسێنێ کە لەپێشتانەو بەرلەوەی بێ بەسەرتانا.)

قورئانیش ﴿ لَّا يَأْتِيهِ ٱلْبَٰطِلُ مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ ﴾ فصلت: ٤٢. واتە: (کتێبێکە شتی هیچوپووچی نە لەپێشیەوەو نە لەدوایەوە تیا نییە، واتە نە لە باسی ڕابووردوویو نە لە باسی داهاتوویا شتی ناڕاست و نادروست نییە).

کە هیچ کام لە ڕەحمەت و سزاو قورئانیش، دەستی بەرجەستەیان نییە.

ئایەتەکانی "ڕوون و ئاشکران" و "قوڵ و ڕاڤە هەڵگرن" (محکم و متشابه)

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ڕوونیکردوەتەوە، کە بەشێك لە ئایەتەکانی دامەزراوو، پایەدارو، ڕوون و ئاشکران و مانایان زانراوە کەئەوانە بناغەی قورئانن. ئایەتی وایشی تیادایە چەند واتا هەڵدەگرێت و واتاو مەبەستیان بەتەواوی ڕوون نییە بەڵکو خەڵکی تێگەیشتنی

فرەلایەنیان هەیە بۆیو، لێکدانەوەکانیان هێندە لەیەک دەچن تا ئەو رادەیەی کە قورسە لە واتاو مەبەستیان تێبگەیت، (ئایاتی صفات)یش لەو ئایەتانەن و، پێویستە باوەڕدار زۆر لە واتاکانیدا پژنەچێت و، بەدوایاندا نەچێت و کۆیان نەکاتەوە، بۆئەوەی فیتنەو ناکۆکی بەرپا نەبێت و، لێکدانەوەی هەڵەیان بۆ نەکرێت و گومان نەخرێتە ناو دڵی خەڵکەوە.[1]

هەڵوێستی موسوڵمانان لەبارەیانەوە و چۆنیەتی تێگەیشتنیان لە ماناکانیان

موسوڵمانانی پێشینی ئەم ئومەتە، کە باشترین و چاکترینی موسوڵمانانن لەبارەی (محکم و متشابه)ەوە قسەیان نەکردووە و، نەیان وتووە حەقیقەتەو، نەشیان وتووە مەجازەو، لەشیکردنەوەشیدا پژنەچوون، بەڵکو باوەڕیان پێهێناوە هەر بەو شێوەیەی لەلایەن خواوە هاتووە بۆ ئەو مەبەستەش کە خوای گەورە بۆی بەکارهێناوە.

کاتێک زانستی کەلام بڵاوبوویەوە و، تەمی گومان هات بەسەر بیروباوەڕە ئیسلامییەکاندا، تۆزێکی تازە لە زانایان دەرکەوتن، دەنگیان هەڵبڕی بۆ وەڵامدانەوەی ئەم گومانە، ئەم زانایانە دەربارەی ئەو ئایەتانە دوان کە باس لە صیفەتەکانی خوای گەورە دەکەن و، وەکو خەڵکی عەرەب لێیان تێگەشتن، بەوەی ئەگەر لە مانای بنچینەیی

١- هەرکەسێک هەموویان کۆبکاتەوەو، بە قوتابیەکانی بڵێتەوە، ئەوا لە ڕێبازی پێشین (سلف) لایداوە بەتایبەت ئەگەر فەرموودەی (آحاد)ی بە بەڵگە هێنایەوە لە تەکیدا- کە بە بەڵگەیەکی یەکلایی‌کەرەوە دانانرێت لە کاروباری بیروباوەڕدا.

وشەکە تێنەگەیشتن تێیبپەڕێنن و بۆ مانایەکی تر بەکاریبهێنن، ئەمەش پێی دەوترێت: خوازە (مجاز)، یان ڕافە[1] (التأويل).

ئەمەش مایەی ناکۆکیەکی درێژخایەنە لەنێوان زانایاندا. ڕاستیش ئەوەیە کە ئەم ئایەتانە لەلایەن خوای گەورەوە نێردراون، ئەوەی نکۆڵی لەهەر بەشێکیان بکات بێباوەڕە و، ئەوەی بەتەواوی فەرامۆشیان بکات، واتە وەک کۆمەڵە دەقێکی بێ واتا لێیان بڕوانێت بێباوەڕە.

ئەوەی بەمانای ئادەمی لێی تێبگات و، جێبەجێیان بکات بەسەر خوادا ئەوا بەدیهێنەری وەک بەدیهێنراو لێکردووەو بێباوەڕە و ڕێبازێکی ترسناک و لەناوبەرە و ڕزگاربوون لێی بەدوورکەوتنەوەیە لەڕۆچوون تیایدا.

لەئیسلامدا ئەوە لە موسوڵمان داواکراوە کە شوێنکەوتەی سوننەتی پێشین بێت و، لەئاست دەقە قورئانیەکاندا هەڵوێستە بکات و کار بەماناکانی بکات.

نیشانەکانی خواپەرستی

ئەو دڵەی کە باوەڕی هەیە سوود و زیان هەمووی لەلایەن خواوەیە و، حەڵاڵ کردن و حەرام کردن لەلایەن خواوەیەو، خۆشەویستی و ترس و گوێڕایەڵی ڕەها بۆ خوایە، ناخی لێوان لێو دەبێت لەبەمەزن ڕاگرتنی

١- وشەی (تأويل) لە قورئاندا بە دوو مانا هاتووە، (تأويل لفظی) واتە ڕوونکردنەوەی مانای وشە یان دەربڕینەکە (ذلك تأويل مالم تستطع عليه صبرا)، وە (تأويل عملی) واتە ڕوونکردنەوەی دەرەنجامی بارودۆخێك (يوم يأتی تأويله) ئالێرەوە جیاوازیان کرد لەنێوان تأويل و تەفسیردا، (تأويل) بەمانای ڕوونکردنەوەو (تفسير) بەمانای دۆزینەوەی واتا کە لە فەرمانی (فسر)ەوە هاتووە بەواتای دۆزینەوە.

خـواو، هەسـت بـەمانای (الله أكـبر) دەكـات و، لەبـەردەم خـوادا هـەموو شتێكی لا بچووك دەبێتەوە.

كاتێك زۆرێـك لـەكردەوەكانی بەڵگـەن لەسـەر بەمـەزن گرتنـی پەهـا، وەك پاڕانـەوەو نوێـژكردن، ڕكـوع و كڕنـووش، زیكـرو تەسـبیحات. ئـەوا مرۆڤ ئەم كارانە تەنها بۆ خـوا ئـەنجام دەدات، تـەنها نوێـژ بـۆ ئـەو زاتـە دەكات، تەنها ڕكوع و كڕنوش بۆ ئەو زاتە دەبات، تەنها تەسبیحاتی ئـەو زاتە دەكات و، داوای لێخۆشبوونی تاوانەكانی لە كـەس ناكـات لـەو زاتـە نـەبێت، لەبەرئـەوەی ئەمانـە هـەمووی لەپوالّەتـەكانی مـەزن ڕاگرتنـی ڕەهان، كە نهێنی خواپەرستییە.

لەگـەورەترین نیشانەكانیشـی پاڕانەوەیـە، پاڕانـەوەش لـە زمانـدا بەمانای بـانگ كـردن دێت و، شـەرعیش ڕێگـە لـەوە ناگرێت كـە بـانگی مرۆڤێكی زیندوو بكەیت كە دەنگت دەبیستێت، بۆ ئەوەی بە زانستەكەی یان بەهێزەكەی یارمەتیدەرت بێت و، سوودت پێبگەیەنێت، ئەمەش ئـەو داواكردن و پاڕانەوەیە نییە كە باسی دەكەین، بـەڵكو ئـەو پاڕانەوەیـەی لێرەدا مەبەستمانە، كە مۆخی خواپەرستییە، ئەویش داواكردنی هێنـانی سوود و لابردن و دوورخستنەوەی زیانە بەبێ هۆیەكی مادی ئاشكرا، ئەم جۆرە پاڕانەوەیەش تەنها ئاڕاستەی خوای گـەورە دەكرێت، ڕاستەوخۆ بەبێ واسـیتەو یارمەتیـدەر، بـۆ نموونـە خـودی شـیفاو چـاكبوونەوە لـە پزیشك داواناكرێت ئەگەر زیندووش بێت، لەبەرئـەوەی پزیشـك نەخۆشـی دەستنیشان دەكات و دەرمان دەنووسێت و شیفا و چاكبوونەوەیش لای خواوەیە، بۆیە مرۆڤی باوەڕدار دەبێت داوای لەم جۆرە ئاڕاستەی مردوو

یان بێگیان نەکات، چونکە جگە لەخوای گەورە هیچ کەس ناتوانێت سوودت پێبگەیەنێت بەبێ هۆیەکی ئاشکرا.

مرۆڤی باوەڕدار هۆیەکان دەگرێتەبەر، پاشان داوای هۆکار لەخوای گەورە دەکات، هەرچیەکیش خەڵکی هیچ هۆیەکی لەبارەوە نازانن ئەم تەنها لە خوای گەورە داوا دەکات و لێی دەپارێتەوەو دەڵێت:"یا الله" و، بڕوای وایە دەرگاکەی کراوەیە و، وەڵامەکەی بەدەست هاتووە بۆیە کەس لەجێگەی ناپەرستێت و، بێجگە لەخوا لەکەسی دیکە ناپارێتەوە و، کەسیش ناکاتە نێوەند لە پارانەوەدا. ئەمە ئەو پارانەوەیەیە کە مۆخی خواپەرستییە.

مەبەست لە خواپەرستی:

خواپەرستی جەستەیەکی هەیە ئەویش ئەو وشانەن کە زمان دەریان دەبڕێت و، ئەو کردەوانەش کە ئەندامەکان ئەنجامیان دەدەن، هەروەها ڕۆحی هەیە، ڕۆحەکەشی ئەو بیروباوەڕەیە کە بووەتە پاڵنەر بۆیو، ئەو مەبەستەیە کە لە پێناویدا کاری کردووە، واتە ئەو دەرئەنجامانەی لەکارەکەیدا مەبەستی بووە، هەڵبەت بەشێك لەم بیروباوەڕەم باس کرد و، ئێستاش یەکێك لەم مەبەستانە باس دەکەم.

مەبەستی ڕاست و دروست لە خواپەرستی ئەوەیە کە: مەبەست لەئەنجامدانی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوای گەورەبێت، لەپێناوی پارە و، پلەوپایە و، بۆ سەرنج ڕاکێشانی خەڵکی نەبێت، وەکو پەیژەیەك بۆ گەیشتن بە خۆشیەکانی دونیا بەکارینەهێنن، مەبەستمان پێی دەرکردنی ناوبانگی چاکە نەبێت، ئەم مەبەستە ڕاستەیش پێی دەوترێت

(إخـلاص)، هەرچیەکیشـی تێکـەڵ بێـت لەمەبەسـتی دیکـە ئـەوا بـە ڕووپامایی (ریاء) ناودەبرێ، ئەوەشی مەبەست لە کردەوە دیاری دەکات بریتییـە لـە (نیـەت). خـوای گـەورە لـە پۆژی دواییـدا تـەنها لـە کردەوەکانمـان ناپرسـێتەوە بـەڵکو لـەوەیش دەپرسـێتەوە کـە بۆچـی کردووماندە، لەوانەیـە کردەوەکـە خـۆی چـاك بێـت، بـەڵام مەبەسـت لـە کردنەکەی دروست نەبێت و، نیەتەکەی باش نەبێت و، بەتەنها بۆ خـوای گەورە نەبێت، ئەوکات چاکیەکەی دەبێتە خراپەو، جوانیەکەی دەگۆڕێت بۆ ناشیرینی.

بۆ نموونە نوێژ کارێکی چاکە، بەڵام ئەگەر نیەتی نوێژخوێن ئەوەبێت کە خەڵکی ببینن، بۆ ئەوەی بەچاکی بزانن و پارەی بدەنێ و، دیاری بۆ بهێـنن، نوێژەکـەی لـەپێناو جێبـەجێکردنی فـەرمانی خـواو بـۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەو نەبێت، ئەوا ئەو نوێژەی دەبێتـە کـارێکی خراپ، هەرچەندە نوێژ لە بنچینەدا لە کردەوە چاکەکانە.

هەربۆیە کۆچکردنی کۆچکردووەکان جیـاوازی هـەبوو، باشـی تیـابوو خراپیشی تیابوو، هەرچەندە لەڕواڵەتیشدا یەك بوو، هـەموویان لەکۆچدا بەشداریان کردو، لەیەك کاتدا ڕۆیشـتن و، بەیـەك ڕێگـەدا کۆچیـان کـرد. هەرکەسێك مەبەستی پاراستنی دینەکـەی و، ڕەزامەنـدی خـوای گـەورە بوو، ئەوا گەشتەکەی کۆچـکردنە بـۆلای خـواو، پاداشـتی کۆچـکردووانی لەسـەر وەردەگرێـت، ئـەوەی ویسـتی ئافرەتێـك بخوازێـت لـە مەدینـەو، کاتێـك کۆچـکردووەکانی بینـی، لـەدڵی خۆیـدا وتـی: منـیش هاوەڵیـیان دەکەم بۆ ئەوەی بچم ئـەو ئافرەتـە بخـوازم، یـان بازرگـان بـوو هـاوەڵی کردن بۆئەوەی خەریکی بازرگانییەکەی بێـت، تـەنها ئـەوەش مەبەسـتی

بوو له کۆچکردنەکەی، ئەوا کۆچکردنەکەی لەپێناوی دونیادا بووە، نەک لەبەر پەزامەندی خوای گەورە.

ئەوە نیەتە کە خوو لە خواپەرستی جیادەکاتەوە، ئەوەی درەنگ بەخەبەرهات و، بەپەلە پۆیشت بۆ سەر کارەکەی و، فریا نەکەوت هیچ بخوات و، تا ئێوارە بەبرسێتی مایەوە، ئەوا هەموو ئەرکێکی پۆژووەوانی بەجێهێناوە بەڵام پاداشتی پۆژووەوانانی دەستنەکەوتووە، چونکە نیەتی پۆژووگرتن نەبووە[1]، ئەگەر مرۆڤ مەبەستی لەئەنجامدانی کردەوە ئاساییە پێگەپێدراوەکانی پۆژانەی، بەدەستهێنانی پەزامەندی خوای گەورە بوو و، نیەتی پاک و چاک بوو ئەوا بۆی دەبێتە خواپەرستی، ئا لێرەوە دەڵێین هەموو کردەوە سوودبەخشەکانی مرۆڤ بەنیەتی چاکەوە بەخواپەرستی لەقەڵەم دەدرێن، ئەوکات خواپەرستی سەراپای ژیان دەگرێتەوە و، مرۆڤ خواپەرست دەبێت لەخواردن و خواردنەوە، هەستان و دانیشتن و، کاسبی و هاوسەرگیریداو، هەرلێرەشەوە تێگەیشتنی پاستمان بۆ ئەم فەرمایشتەی خوای گەورە دەبێت:

﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ الذاريات: ٥٦. واتە: (من جنۆکەو ئادەمزادم بۆ هیچ دروست نەکردووە بۆ ئەوە نەبێ کە بمپەرستن.)

ئەوکاتە خواپەرستی بەم مانا گشتگیرە، دەبێتە مەبەستی بەدیهێنان.

١- ئەمەیش ناکۆک نییە لەگەل ئەوەی لە مەزهەبی حەنەفیدا هەیە دەربارەی دروستی دەستنوێژ بەبێ نیەت، بۆ کەسێک کە هەموو ئەندامەکانی دەستنوێژی شت لەبەرئەوەی (دەستنوێژ)، پەرستشێکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو مەرجێکە بۆ ئەو پەرستشە، هەروەک مەرجی دیکەیشی هەیە وەک: پاکی پۆشاک و شوێن و، داپۆشینی عەورەت و، هەموو ئەمانەش بەبێ نیەت پاستن.

پوختەی باس:

پوختەی ئەم باسە ئەوەیە کە یەکتاپەرستی ئولوهیەت- کە بەشی چوارەم و تایبەتترین بەشە لەباوەڕبوون بەخوا بریتییە لەوەی کە بڕوات هەبێت هەرچی سوود و زیان هەیە هەمووی تەنها لای خواوەیە، بۆیە تەنها داوای سوودو قازانج لەو دەکەیت، ئەویش یان لەڕێگەی ئەو ڕەوشانەی کە خوای گەورە بۆ ئەم گەردوونەی داناوە و بەیاسا سروشتییەکان ناودەبرێن، یان ڕاستەوخۆ بە پاڕانەوە داوای لێدەکەیت، تەنها لەو دەپاڕێتەوە، لەکەسی تر ناپاڕێتەوە و، هاوەڵی بۆ پەیدا ناکەیت لە پاڕانەوەدا و، پشت بەکەس نابەستیت ئەو زاتە نەبێت یان بەو هۆیانەی کە کردوونی بەڕێگەی دەستکەوتنی سوود و قازانج، لەگەڵ تێبینی کردنی ئەوەی تەنها ئەو زاتە سوودت پێدەگەیەنێت نەک تەنها وەک هۆیەکی دەستکەوتنی سوود لێی بڕوانیت و، بەشێوەیەکی ڕەها خۆشت بوێت بۆ ئەوەی پاڵنەرت بێت بۆ گوێڕایەڵییەکی ڕەها و، بەشێوەیەکی ڕەها لێی بترسیت کە پاڵنەربێت بۆ دوورکەوتنەوە لە حەرامکراوەکان و، بەڕەهایی مەزن و شکۆمەندبێت لەلات، بە وتە و بەکردەوە ئەو ڕاستییە بسەلمێنیت و، تەنها ڕەزامەندی ئەو زاتەت مەبەست بێت، لە خواپەرستیدا دونیاو خەڵکیت مەبەست نەبێت.

تووێژینەوەی زانستی:

کاتێک خوای گەورە ژیریی پێبەخشیوین و، فەرمانی پێکردووین لەنهێنییەکانی بوون و، سروشتە سەرسوڕهێنەر و، یاسا ناوازەکانی بڕوانین، ئێمەش پێویست بووە لەسەرمان فەرمانی خوای گەورە

جێبەجێ بکەین، ئەوا لێکۆڵینەوەی زانستە سروشتییەکان و، دۆزینەوەی نهێنییەکانی بوون، دەبنە خواپەرستی بەمەرجێك لە سنووری زانینی یاساکەدا نەوەستێت، بەڵکو بیر لەو خودا شکۆمەندە بکاتەوە کە بەدیهێناوە، بەم بیرکردنەوەیە باوەڕی زیاد دەکات و، دڵسۆزی و لێبڕانی زیاتر دەبێت لەخواپەرستیدا، مەرجێکی تریش ئەوەیە: ئەم نهێنیانە لە شتێکدا بەکار بهێنێت کە سوودی خەڵکی و، ڕەزامەندی خوای گەورەی تیابێت، نەك لەشتێکدا کە زیانیان پێبگەیەنێت و ئازاریان بدات و، ببێتەهۆی خراپەکاری لەسەر زەویدا.

بەرپەرچدانەوەی گومانێك:

زۆرکەس دەپرسن، ئەی مرۆڤی بێباوەڕ چی بکات کاتێك ئیش لەسەر ئەوە دەکات کە سوود بەخەڵکی بگەیەنێت و، خێر دەبەخشێتەوە و، پەناگە و نەخۆشخانە دروست دەکات و، قوتابخانە دەکاتەوە، پاشان لەڕۆژی دواییدا هیچ پاداشتێکی نادرێتەوە؟ لە وەڵامدا دەڵێین: خوای گەورە کاری هیچ نێرینە و مێینەیەك زایە ناکات و، هیچ چاکەکارێك لە بەرهەمی چاکەکەی مەحروم ناکات بەڵکو چی داوادەکات پێی دەبەخشێت. جا ئایا گەورەترین پاداشت ئەوەنیە کە چاکەکار چی داواکرد پێی بدرێت.

ئەگەر چاکەکار باوەڕدار بوو، باوەڕی بە ڕۆژی دوایی هەبوو، داوای پاداشتی ئەو ڕۆژەی کرد، خوای گەورە پاداشتی ڕۆژی دوایی پێدەبەخشێت خۆ ئەگەر (ئەو کەسە) تەنها دونیا و، ناوبانگ و، ستایش و پیاهەڵدانی خەڵکی ویست و، تەنها خۆزگەی ئەوە بوو لە ڕۆژنامەکاندا

لەبارەیەوە بنوسرێت و، لە مێژوودا ناوی تۆمار بکرێت، ئەوا خوای گەورە ئەوەی پێدەبەخشێت کە داوای دەکات.

ئەو کەسە پۆژی دوایی ناوێت، کەواتە تۆ بۆچی دڵتەنگ دەبیت و، ناپەزایی دەردەبڕیت ئەگەر پاداشتی پۆژی دوایی پێنەدرێت؟

مشتومڕێکی بێ سوود:

کتێبەکانی زانستی کەلام پڕبوون لە مشتومڕ دەربارەی: زات و سیفاتی خوای گەورە، ئایا زانستی خوای گەورە نموونەیەکە لە زاتی خوادا، یان سیفەتێکە لە خوادا، دەستیانکرد بە جیاکردنەوەی سیفەتەکانی زاتی خوا، وەک زانست و توانا و، سیفەتی کردارەکان وەک بەدیهێنان و پۆزی بەخشین و، سەرقاڵبوون بە مشتومڕکردن دەربارەی فەرموودەی خوای گەورە کە کێشی کردن بەرەو ناکۆکی و لادانێکی گەورە، کە هیچ پێویست نەبوو، ئەویش بەڵای تاقیکردنەوە بوو بەقسەکردن دەربارەی بەدیهێنراوی قورئان و، جوانی و ناشیرینی و، چاکی و چاکترین و، قەزاوقەدەر و، ئیرادەی مرۆڤ و، بابەتی لەم جۆرە. پووی پاستیش لەم بابەتانەدا ئەوەیە کە لێکۆڵینەوە و مشتومڕ لەبارەیانەوە پەتکراوەیە و، (ئەگەر بەزمانی نێو دادگاکان قسەمان کرد) ئەوا لە پوالەتدا داواکاریەکی پەتکراوەیە .

یەکەم: لەبەرئەوەی پێشینی ئەم ئومەتە لە هاوەڵان و شوێنکەوتووان کە باشترین و چاکترینی موسوڵمانانن، ئەمانەیان نەزانیوە و، بەدوایشیاندا نەگەڕاون، سەرەڕای ئەوەش دینەکەیان سەلامەتتر و، باوەڕەکەیان پاستتر بووە و، ئەوان پێشەنگی ئێمەن لە دینەکەماندا.

دووەم: لەبەرئەوەی ئەو کەسەی لە جیاوازی هەمە جۆری قسەکان دەکۆڵێتەوە، دەبینێت هەموویان یەک بنچینەیان هەیە، ئەویش بەراوردکردنی بەدیهێنەرە بە بەدیهێنراوان، جێبەجێکردنی لۆژیکی عەقڵی ئادەمیزاد و، بارە جیاوازەکانی نەفسی مرۆڤەکانە بەسەر خوادا، کە ئەمەش پووچ و بەتاڵە، چونکە بەدیهێنەر ناچوێنرێت بە بەدیهێنراو، لەبەرئەوەی هیچ شتێك نییە لە وێنەی ئەو زاتە.

سێیەم: چونکە هەموو ئەم شتانە، لە پشت ماددەوەن، واتە لەجیهانی غەیبەوەن، کە پێشتر لە بنەمای پێنجەمی بنەماکانی باوەڕدا باسی لێوەکرا، کە عەقڵ تەنها دەتوانێت بڕیار بەسەر جیهانی ماددەدا بدات، ناتوانێت بڕیار بەسەر ئەو دیو ماددە و نادیارەکاندا بدات و، ناشتوانێت دەرکیان پێبکات.

مەبەستی ڕەوا لەم باسەدا:

من بانگەشەی شتێکی تازە دەکەم، کە نزیکترە لە ڕاستیەوە و، سوودی زیاترە بۆمان، ئەویش ئەوەیە لەبری ئەوەی سەرقاڵی بین بە مشتومڕەوە دەربارەی سیفەتەکانی خوا، هەوڵ بدەین لە ژیانماندا بەجۆرێك هەڵسوکەوت بکەین کە بمانگەیەنێت بە ڕەزامەندی خوا، لەبری ئەوەی بەدوای ئەوەدا بگەڕێین کە قورئان بەدیهێنراوە یان نا، دەڵێین خوای گەورە قورئانی بۆ ناردووین بۆ ئەوەی کاری پێبکەین، کەواتە با کاری پێبکەین و، فەرمانەکانی جێبەجێ بکەین و، لە حەرامکراوەکان دووربکەوینەوە و، لەجیاتی گەڕان بەدوای زانستی خوادا، دەڵێین: کاتێك خوای گەورە زانایە بە هەموو پەنهان و ئاشکرایەکمان ئەوا پێویستە

لەژیانماندا بەجۆرێك هەڵسوکەوت بکەین کە پێچەوانەی شەرعی خوای گەورە نەبێت، تا ئەوەمان لەبارەوە بزانێت کە دەبێتە مایەی پەزامەندی زاتی بەرزی لێمان.

ئا ئەمە پەوایە، نموونەی ئەو کەسانەی کە بەم جۆرە پەفتار دەکەن و نموونەی ئەوانەش کە مشتومڕیانە دەربارەی سیفەتەکانی خوای گەورە، وەکو نموونەی قوتابیانی قوتابخانەیە، کە پێیان دەوترێت: لیژنەیەکی باڵا لە وەزارەتەوە دێت سەرپەرشتی تاقیکردنەوەکانتان دەکات، جا قوتابی عاقڵ دەڵێت: ئەگەر ئەم لیژنەیە تاقیکردنەوەکان بەڕێوە دەبات، ئەوا پێویستە خۆم ئامادە بکەم و کۆشش بکەم و، هەموو مەنهەجەکە لەبەر بکەم، ئەو قوتابیەشی ساویلکەیە دەست دەکات بەمشتومڕ دەربارەی ئەو لیژنەیە و، چۆنیەتی تاقیکردنەوەکە و، دەپرسێت ئایا هەموو لیژنەکە سەرپەرشتی تاقیکردنەوەکە دەکەن یان چەند ئەندامێکیان و، ئایا ژمارەیان تاکە یان جووت، ئایا بەسەیارە دێن یان بەفڕۆکە، ئابەم جۆرە لەم چەند و چوونەدا دەبێت تا ڕۆژی تاقیکردنەوە دێت و، ئەمیش هیچی بۆ ئامادە نەکردووە.

خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا دەربارەی هیچ کام لەو شتانەی کە هەندێك کەس مشتومڕەکانیان لەسەر بنیات ناوە و، ڕێبازە جۆراو جۆرەکانیان لەسەر دامەزراندووە و، کتێبەکانیان پێپڕکردووە پرسیارمان لێناکات. خۆ ئەگەر ئەوە لە مەرجەکانی باوەڕ بوایە، ئەوا پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانی بە دوایدا دەگەڕان و لێیان دەکۆڵیەوە، کەواتە با واز لە هەموو ئەوانە بهێنین، چونکە پاشماوەی فەلسەفەی یۆنانی کۆنە کە دەوڵەتەکەی لەناوچوو، زۆربەی تیۆرەکانیشی پووچەڵ بوونەوە و،

بەڵگەکانیشی پەکیان کەوت، لە بابەتەکانی میتافیزیکدا فەلسەفەیەکی نوێ هاتە شوێنیان، کە لەبواری گومڕاکردن و چەواشەکاریدا هیچی لەو کەمتر نییە، با پەیامی خوای گەورە پێشەنگمان بێت و، پشتی پێ ببەستین و، هەر بابەتێکی غەیبی تیابوو تەنها باسی بەشێکی کردبوو، باوەڕمان پێی هەبێت و، ئەوەیشی لای ئێمە نادیارە دەیگێڕینەوە بۆ لای ئەو زاتەی ئەم پەیامەی بۆ ناردووین.

ڕوالەتەکانی باوەڕ

ڕوالەتەکانی باوەڕ

ئەو قوتابییەی بڕوای بەوە هەیە کە کاتی تاقیکردنەوەکەی نزیکە و، تەنها هەفتەیەکی ماوە، سەرەڕای ئەوەیش خۆی بۆ ئامادە ناکات و، گرنگی پێ نادات، بەڵکو خۆی بە یاری و ڕابواردنەوە سەرقاڵ دەکات، ئەوا باوەڕی تەواوی بە نزیکی تاقیکردنەوەکەی نییە. ئەو کەسە وێڵەیش کە ڕێنمایی دەکەیت بۆ ڕێگای ڕاست، قسەکەت بەڕاست دەزانێت و باوەڕت پێدەکات، بەڵام لە جیاتی لای ڕاست دەڕوات بۆ لای چەپ، ئەوا باوەڕی تەواوی بە ڕاستگۆیی ڕێنیشاندەرەکە نییە، چونکە کاریگەری و شوێنکاری باوەڕی تەواو لە کردەوە و هەڵسوکەوتی باوەڕداردا دەردەکەوێت.

باوەڕ و کردەوە:

باوەڕ لە کردەوە جیانابێتەوە، چونکە کردەوە دەرەنجامی باوەڕە و، بەرهەمێکە لە بەرهەمەکانی، ئەو ڕوالەتەی باوەڕە کە بۆ خەڵکی دەردەکەوێت. هەر بۆیە خوای گەورە باوەڕ و کردەوەی چاکەی پێکەوە گرێ داوە.

﴿إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُهُۥ زَادَتْهُمْ إِيمَٰنًا وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ۝٢ ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ ۝٣ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُؤْمِنُونَ حَقًّا﴾الأنفال: ٢ – ٤. واتە: (خاوەن ئیمانی ڕاستەقینە ئەوانەن کە ناوی خودا ببرێ دڵیان ئەترسێو، ئەگەر ئایەتیان

بەسەردا بخوێنرێتەوە باوەڕیان بە خوداو پێغەمبەر زیاتر ئەبێو لە هەموو کاروبارێکدا تەنها پشت بە خودای خۆیان ئەبەستن و داوای یارمەتی لەو ئەکەن. ئەو کەسانەن کە نوێژەکانیان بەجێئەهێنن و، لەو پزق و پۆزییەی پێمان داون لە ڕێی خودادا خەرج ئەکەن. ئا ئەوانەن موسوڵمانی ڕاستەقینە.)

﴿إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَإِذَا كَانُوا۟ مَعَهُۥ عَلَىٰٓ أَمْرٍ جَامِعٍ لَّمْ يَذْهَبُوا۟ حَتَّىٰ يَسْتَـْٔذِنُوهُ﴾ النور: ٦٢. واتە: (بەڕاستی خاوەن ئیمانەکان ئەوانەن ئیمانیان بە خواو بە پێغەمبەری خوا هێناوەو، کاتێ لەسەر کارێکی وا پێویستی بە کۆمەڵی خەڵک بێ لەگەڵ پێغەمبەر بن، تا ئیزنی لێ نەخوازن و ئیزنیان نەدا نەڕۆن و کارەکە بەجێنەهێڵن.)

﴿قَدْ أَفْلَحَ ٱلْمُؤْمِنُونَ ۝١ ٱلَّذِينَ هُمْ فِى صَلَاتِهِمْ خَـٰشِعُونَ ۝٢ وَٱلَّذِينَ هُمْ عَنِ ٱللَّغْوِ مُعْرِضُونَ ۝٣ وَٱلَّذِينَ هُمْ لِلزَّكَوٰةِ فَـٰعِلُونَ ۝٤ وَٱلَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَـٰفِظُونَ ۝٥ إِلَّا عَلَىٰٓ أَزْوَٰجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَـٰنُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ ۝٦ فَمَنِ ٱبْتَغَىٰ وَرَآءَ ذَٰلِكَ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْعَادُونَ ۝٧ وَٱلَّذِينَ هُمْ لِأَمَـٰنَـٰتِهِمْ وَعَهْدِهِمْ رَٰعُونَ ۝٨ وَٱلَّذِينَ هُمْ عَلَىٰ صَلَوَٰتِهِمْ يُحَافِظُونَ﴾ المؤمنون: ١-٩.

واتە: (بەڕاستی خاوەن باوەڕەکان ڕزگاریان بووە. ئەو خاوەن باوەڕانەی کە لە نوێژەکانیانا لەخواترس و ئارامن. کە لە گوتارو کرداری بێسوودیش خۆیان لائەدەن. کە زەکاتی مالّی خۆیشیان دەرئەکەن. کە عەورەتی بەرودوای خۆیشیان ئەپارێزن. تەنها بۆ هاوسەری شەرعیی خۆیان یان کەنیزەکیان نەبێ کە بەگوێرەی شەرع بووبن بە هیی ئەوان، بەڕاستی ئەوانە لۆمەیان ناکرێ ئەگەر بچنە لای ئەو جۆرەکەسانە. دەی کەسانێ بەدوای لەو دوو ڕێگا شەرعییەی پێوەندی نێوان پیاوو ئافرەت

بەولاوە بکەون، ئەوانە یەجگار زۆر دەسدرێژییان کردووە. هەروەها ئەو موسوڵمانانە پزگار بوون کە ئەگەر ئەمانەتێکیان لا دانرابێ و گفت و پەیمانێکیان دابێ ئاگاداریی بکەن و دەسپیسی لە ئەمانەتەکەدا نەکەن و گفت و پەیمانەکە نەشکێنن. ئەوانەیش کە پارێزگاریی نوێژەکانیان ئەکەن و ناهێڵن نوێژیان بچێ.)

﴿لَّيْسَ ٱلْبِرَّ أَن تُوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ ٱلْمَشْرِقِ وَٱلْمَغْرِبِ وَلَٰكِنَّ ٱلْبِرَّ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلْكِتَٰبِ وَٱلنَّبِيِّۦنَ وَءَاتَى ٱلْمَالَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ ذَوِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينَ وَٱبْنَ ٱلسَّبِيلِ وَٱلسَّآئِلِينَ وَفِى ٱلرِّقَابِ وَأَقَامَ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَى ٱلزَّكَوٰةَ وَٱلْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَٰهَدُوا۟ ۖ وَٱلصَّٰبِرِينَ فِى ٱلْبَأْسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَحِينَ ٱلْبَأْسِ﴾ البقرة: ١٧٧،

واتە: (چاکەو کرداری باش ئەوە نیە ڕووبکەنە خۆرنشین وەک گاورو جوولەکە ئەڵێن و خوویان داوەتە مەسئەلەی قیبلەگۆڕانی موسوڵمانان. بەڵکو چاکەو کرداری باش ئەوەیە ئینسان بێنێ بە خوداو، بە پێغەمبەرو، بە ڕۆژی قیامەت و، بە فریشتەو، بەو کتێبانەی خودا ناردوونی بۆ پێغەمبەران و، دارایی خۆی ببەخشێ، ئەگەرچی خۆشی بوێ، بە خزمان و هەتیوان و داماوان و ڕێبواران و سوالکەران و بەو بەندانەی موحتاجی پارەو مالّن بەرامبەر ئازادکردنیان. کرداری چاک ئەوەیە ئینسان نوێژ بکات و زەکاتی مالّ بدات و، کە پەیمانێکی خێری دا بەجێبهێنێ و لە خۆشی و لە کاتی ڕووبەڕووبوونی دوژمنی ئایینداد خۆڕاگر بێت. ئا ئەوانەن لەگەڵ خودا ڕاست ئەکەن و بەئیمانن. ئا ئەوانەن خۆیان لە کوفرو لە کردەوەو ڕەوشتی بەد ئەپارێزن.)

باوەڕ زیاد دەکات

هەندێك لە زانایان وەکو بیرووباوەڕ لە خودی باوەڕیان ڕوانیوە، کە بەشکردن هەڵناگرێت، بەو پێیەش مرۆڤ لە یەکێك لەم دووانە دەرناچێت: باوەڕدار یان بێباوەڕ و، هیچ شتێك لەو نێوەندەدا نییە، بۆیە بۆچوونیان بەو جۆرە بووە کە باوەڕ نە زیاد دەکات نە کەم.

بەڵام زۆرینەی زانایان بەو جۆرە سەیری باوەڕیان کردووە، کە پەیوەستە بە کردەوەی چاکەوە و، بینیویانە بە زیادبوونی زیاد دەکات، ئەمەیش ئەو ڕاستییەیە کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُهُۥ زَادَتْهُمْ إِيمَٰنًا﴾ الأنفال: ٢، واتە: (ئەگەر ئایەتیان بەسەردا بخوێنرێتەوە باوەڕیان بە خوداو پێغەمبەر زیاتر ئەبێ.)

﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فَزَادَتْهُمْ إِيمَٰنًا﴾ التوبة: ١٢٤، واتە: (جا ئەوانەی کە خاوەن ئیمانن ئەو سوورەتە ئیمانیان زیاد ئەکات.)

﴿وَمَا زَادَهُمْ إِلَّآ إِيمَٰنًا وَتَسْلِيمًا﴾ الأحزاب: ٢٢، واتە: (بە پێچەوانەوە باوەڕیانی بە هەرچی کە خواو پێغەمبەری خوا بیفەرموون، زیاتر کرد.)

وازهێنان لە کردەوەیەك مرۆڤ ناخاتە بازنەی بێباوەڕییەوە:

زانایانی ئەهلی سوننەت هاوڕان لەسەر ئەوەی کە تەنها ئەنجامدانی کارێکی حەرام بەبێ نکوڵی کردن لە حەرامیەکەی و، وازهێنان لە واجبێك

بەبێ نکوڵی کردن لە واجب بوونی و، بەبێ بەکەمزانینی، خاوەنەکەی دووچاری سزای پڕژی دوایی دەکات، بەڵام نایخاتە بازنەی کوفرەوەو، نابێتە هۆی ئەوەی بۆ هەمیشە لە ئاگردا بمێنێتەوە.

ئەوەی لە فەرموودەیشدا هاتووە ئەوەیە کە زیناکار لە کاتێکدا باوەڕی هەیە زینا ناکات، واتە ئەو کاتەی کە زیناکە دەکات ئەوەی لەبیر نییە کە خوای گەورە ئاگای لێیەتی، خۆ ئەگەر ئەوەی لەبیر بووایە ئەوا شەرمی لە خوا دەکرد و کاری وای نەدەکرد، تەنانەت ئەگەر کەسێکی خراپەکار خۆی بۆ زیناش ئامادە بکات، بەڵام باوکی ببینێت دێت بەسەریداو سەیری دەکات، ئایا دەتوانێت لەسەر کارەکەی بەردەوام بێت، یان بەهۆی شەرمکردنیەوە لە باوکی وازدەهێنێت و نایکات؟ کەواتە ئەی چۆن شەرم لە خوا ناکات، لە کاتێکدا لەیادی بێت کە خوا دەیبینێت؟

بەرهەمەکانی باوەڕ:

بەرهەمەکانی باوەڕ ئەو کارانەی دڵە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەکی صەحیحدا بە پوختی باسی کردوون، کە یەکێکە لە بەڵگەکانی ڕەوانبێژی پێغەمبەرایەتی، کە هیچ ئادەمیزادێك پێی ناگات و لێی نزیك نابێتەوە، ئەویش ئەو فەرموودەیەیە کە لە پێناسەی (الإحسان)دا دەفەرموێت: "أن تعبد الله كأنك تراه، فإن لم تكن تراه فإنه يراك".

واتە: وا خواپەرستی بکە وەك ئەوەی کە خوا دەبینیت (واتە پەرستنی خوا بە خۆشەویستی و نزیکبوونەوە لێی و گەڕانەوە بۆلای).

جا ئەگەر تۆ نایبینیت، ئەوا بەجۆرێك خوابپەرستە كە خوای گەورە تۆ دەبینێت (واتە پەرستنی خوا بەهەستێكەوە كە لەژێر چاودێری ئەودایت بۆ ئەوەی لە سزای ئەو زاتە پارێزراوبیت).

زیكر و ستایشی خوا:

یەكەم بەرهەمی باوەڕ زیكرە، بەسەرهاتی یەكێك لە پیاوچاكانم خوێندەوە (كە ناوەكەیم لە یاد نییە)[1]، سەرەتای بەسەرهاتەكەی ئەوەبوو كە خاڵێكی خواپەرستی هەبوو، بەردەوام لەگەڵیدا بوو، پێی وت: "خاڵە چی بكەم بۆئەوەی وەكو تۆم لێبێت". خاڵی پێی وت: پۆژی سێ جار بڵێ: "إن الله ناظر إلي، إن الله مطلع علي". ئەویش: بۆ ماوەی هەفتەیەك لەسەر وتنی ئەو بیرخستنەوەیە بەردەوام بوو، پاشان پێی وت لەدوای هەموو نوێژێك سێ جار بیڵێ، ئەویش وتی و، هەفتەیەك وازی لێهێنا، دواتر فەرمانی پێكرد لەبری ئەوەی زمانی بجوڵێنێت بەدڵ بیڵێ، ئیدی بەوە ڕاهات لەسەر ئەوەی بەردەوام یادی خوا بكات و هەست بەچاودێری خوا بكات.

خوای گەورە لە قورئاندا فەرمانی بە هیچ شتێك نەكردووە كە فەرمانی بە یادكردن و بیركەوتنەوە نەكردبێت و، لە هەمووان زیاتر وەصفی ئەو كەسانەی كردووە كە ستایش و یادی خوا دەكەن. (ذكر) لە زمانی عەرەبیدا كە قورئانی پێهاتووە دوو جۆرە: زیكری دڵ و، زیكری

١- كاتێك ئەم كتێبەم نووسی، هیچ سەرچاوەیەكم لەبەردەستدا نەبوو تا بۆی بگەڕێمەوە و ئەوانەم بیربكەوێتەوە كە لەیادم نەماون، تەنها قورئانی پیرۆزم لەبەردەستدا بوو كە باشترین سەرچاوەیە.

زمان، هەردووکیان لە قورئاندا هاتوون دەربارەی زیکری دڵ ئەم ئایەتانە هاتوون: ﴿فَإِنِّي نَسِيتُ ٱلْحُوتَ وَمَآ أَنسَىٰنِيهُ إِلَّا ٱلشَّيْطَٰنُ أَنْ أَذْكُرَهُۥ﴾الكهف: ٦٣.

واتە: یادم بکەوێتەوەو بێتەوە بیرم.

هەروەها: ﴿ٱذْكُرْ نِعْمَتِيَ عَلَيْكَ وَعَلَىٰ وَٰلِدَتِكَ﴾ المائدة: ١١٠، واتە: (عیسای کوڕی مەریەم! یادی ئەو نیعمەتانە بکە کە بە تۆ و بە دایکتم داون.)

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱذْكُرُواْ نِعْمَةَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ﴾ الأحزاب: ٩، واتە: (ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە بە خواو بە پێغەمبەری خوا! باسی نیعمەتی خوا بکەن بەسەرتانەوە .)

لەبارەی زیکری زمانیشەوە دەفەرموێت:

﴿وَٱذْكُرْ فِي ٱلْكِتَٰبِ إِبْرَٰهِيمَ﴾ مریم:٤١، واتە: (تۆ باسی ئیبراهیم لە قورئانا بکە بۆ خەڵک.)

﴿وَٱذْكُرْ فِي ٱلْكِتَٰبِ مَرْيَمَ﴾ مریم: ١٦، واتە: (لە قورئاندا باسی بەسەرهاتی مەریەم بکە.)

﴿ٱذْكُرْنِي عِندَ رَبِّكَ﴾ یوسف: ٤٢، واتە: (کە دەرچووێت لای گەورەکەت باسی حاڵم بکە.)

﴿وَٱذْكُرُواْ ٱسْمَ ٱللَّهِ عَلَيْهِ﴾المائدة: ٤، واتە: (لەو کاتەدا کە درندە ڕاوییەکە ئەنێرن ناوی خودا بێنن.)

جا ئەگەر وێستت سیفەتی "ذاکر" ت تێدا بێتە دی، بەدڵت یاد بکەرەوە[1] (واتە: بە عەقڵ) لە کاتێکدا کەخۆت بەتەنهایت، یان لەناو

١- مەبەست لەو دڵە مادییە نییە.کە پاڵ بەخوێنەوە دەنێت بۆ ئەندامەکانی لەش، بەڵکو مەبەست لە شوێنی فیکر و هەست و سۆزە لە مرۆڤدا.

کۆمەڵێکدا بیت، کاتێك لە بازاڕیت، یان لە ڕێگایت. لە هەموو کات و بارودۆخێکدا لەبیرت بێت، کە خوای گەورە دەتبینێت، بۆیە تەنها کارێك بکە کە مایەی ڕەزامەندی ئەو زاتەیە، ئەگەر واجبێکت بەجێهێنا ئەوا لە یادت بێت کە لەبەر جێبەجێ کردنی فەرمانی خوا دەیکەیت و، ئەگەر وازت لە حەرامێك هێنا ئەوا لەبەر فەرمانی خوای گەورە وازی لێدەهێنێت و لێی دوورەدەکەویتەوە و، ئەگەر دوو ڕێگەت خرایە بەردەم، ئەوەیان هەڵبژێرە کە لە بەهەشت نزیکت دەخاتەوە و لە ئاگر دوورت دەخاتەوە. ئەگەر لەیادت چوو گوناهێکت کرد، پاشان بیرت کەوتەوە ئەوا تەوبە بکە لەسەری و، داوای لێبوردن بکە.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْاْ إِذَا مَسَّهُمْ طَٰٓئِفٌ مِّنَ ٱلشَّيْطَٰنِ تَذَكَّرُواْ فَإِذَا هُم مُّبْصِرُونَ﴾ الأعراف: ٢٠١، واتە: (بێگومان ئەوانەی لە خودا ئەترسن و خۆیان لە گوناە دوور ئەخەنەوە ئەگەر سووسەیێ لە شەیتانەوە لێیان بداو غافڵیان بکا گورج بیر ئەکەنەوە لە گەورەیی و زانایی خوداو ئەبینی گورج چاویان بینایەو دڵیان زانایەو ڕۆحیان ئاشنایە.)

بەزمانیشت یاد و ستایشی خوا بکە، چونکە باشترین زیکر زیکری زمانە لەگەڵ ئامادەبوونی دڵدا، چونکە ئەگەر فیکر ئامادە نەبێت زمان نازانێت چی دەڵێت، ئەو کات زیکرەکەی دەبێتە قسەیەکی بێ واتا، وەك زیکری کێك فرۆشەکەی شام کە هاواری دەکرد: (الله کریم) کە مەبەستی یاد و ستایشی خوا نەبوو، بەڵکو مەبەستی فرۆشتنی کێکەکەی بوو، لەوانەیە زیکر و یادی زمان سەرپێچی بێت، وەك یەکێك کە لەسەر مەی خواردنەوە ناوی خوا دەبات، یان ئەو کەسەی لە گۆرانیی خراپدا ناوی خوا دەبات، جا ئەگەر مەبەستی گاڵتەکردن بێت، ئەوا بە کوفر

دادەنرێت. باشترین زیکر قورئان خوێندنە، تەنها لەو شوێنانەدا نەبێت کە لە شەرعدا زیکری تایبەتی بۆ دانراوە، بۆ نموونە وەک تەسبیحات لە ڕکوع و سوجدەدا. هەروەها ئەو زیکرانەی پێغەمبەری خوا ﷺ لە ژیانی ڕۆژانەیدا خوێندوونی.

بەڵام ئەوەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بە ئاهەنگی ساڵیاد ناودەبرێت، کە لای زانایانمان بە سەماکردن ناسرا بوو بە هۆی ئەو هەڵسان و دانیشتن و چەمانەوە و جموجوڵانەی تیایەتی، لەسەر کۆمەڵێک ئاوازی ناسراو، کە بە هیچ جۆرێک (لا الە الا الله و الحمد لله)ی تیادا ناوترێت، بەڵکو گۆرانی و کۆمەڵێک دەنگی نادیاری تیا بەکاردەهێنرێت وەک: (ئاه) و (ئۆه)، لە (حاشیة ابن عابدین)[1]دا (کە باوەڕپێکراوی مەزهەبی حەنەفی)یە حەرامە، مەگەر لە ناچاریدا ئەنجامی بدات، یان ئاگای لەخۆی نەبێت و لە هۆشی خۆی چووبێت و، بە ئەنقەست نەیکردبێت بەڵکو هەست و سۆز بەسەریا زاڵ بووبێت.

لەنێوان ترس و هیوادا:

پێویستە مرۆڤی باوەڕدار ترسی لە سزای خوای گەورە هەبێت و، هیوای بە لێبوردنیشی هەبێت، لەبیری بێت کە خوای گەورە لێپرسینەوەی خێرایە و سزاشی تونـدە، ئەو کاتە ترس زاڵدەبێت بەسەریدا و، کە بیری دەکەوێتەوە خوای گەورە لێبووردە و میهرەبانە، هیوا و ئومێد بەسەریدا زاڵدەبێت، ئەگەر بە تەنها دڵی پڕ بوو لە ترس، ئەوا لە ڕەحمەتی خوا نائومێد دەبێت:

١- بەشی سێیەم - لاپەڕەی (٣٠٧) لە چاپی (الأمیریة)دا.

﴿إِنَّهُۥ لَا يَاْيْـَٔسُ مِن رَّوْحِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْكَٰفِرُونَ﴾ يوسف: ٨٧، واتـه: (بەڕاستی کافران نەبێ کەس لە میهرەبانی و لوتفی خودا نائومێد نابێ.)

ئەگەر دڵیشی تەنها پڕ بوو لە هیوا، ئەوا لە نەخشەو پلانی خوا بێ باك دەبێت.

﴿فَلَا يَأْمَنُ مَكْرَ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْخَٰسِرُونَ﴾ الأعراف: ٩٩، واتـه: (کەس لە قەهرو غەزەبی خودا ئەمین نابێ ئەوانە نەبێ کە زەرەرمەندن و کافرن و بیر لە گەورەیی خودا ناکەنەوە.)

لە پێشەوە باسمانکرد کە بەدیهێنەر لە بەدیهێنراو ناچێت، ترس لە بەدیهێنەر وەکو ترس لە دروستکراوەکانی نییە، تۆ لەو شێرە دەترسیت کە کەڵبەکانی جیرپەدەکاتەوە و دەنەڕێنێت، تۆش بە تەنها لەبەردەمیایت بەبێ چەك، بەڵام ترس لە خوا وەکو ترس لەو شێرە نییە، چونکە دەکرێت لە مەترسی ئەو شێرە دووربخرێیتەوە، بەڵام خوای پەروەردگار بەدیهێنەری ئەو شێرەیە، ناکرێت قەزاکەی لاببرێت ئەگەر نووسیبووی لەسەرت.

لە لافاو و زریان دەترسیت، خەریکە دەتگاتێ و تۆش لەبەردەم شەپۆلەکانیدایت، دەستەوسانی و هیچ توانایەکت نییە لە خۆتی دووربخەیتەوە، بەڵام وەکو ترسی ئەو خوایە نییە کە لافاوەکەی خوڵقاندووە و، ئەگەر بیەوێت دەیوەستێنێت و وشکی دەکات، دەکرێت لەدەست لافاو ڕابکەیت و، لێی دووربکەویتەوە، بەڵام ئەگەر سزای خوا هاتەکایەوە، ناتوانیت لەدەستی هەڵبێیت. تۆ لە نەخۆشی و دەردوو بەڵا و، لەدەستدانی خۆشەویستان و، پارەو ماڵ دەترسیت، بەڵام هیچ کام

لەمانە وەکو ترسان نییە لە خوای گەورە، کە هەموو شتێکی بەدەستە، ئەگەر ویستی تاقیت دەکاتەوە پێیان، گەر ویستیشی لەسەربوو لێت خۆشدەبێت و دەردو بەڵات لێ دوور دەخاتەوە و، هیچ شتێك نییە لە بووندا تاقیکردنەوەی خوای گەورەت لەسەر لابێبات.

مرۆڤی باوەڕدار پێویستە لەنێوان ترس و هیوادا بژی، ئەگەر لە نوێژدا وەستاو وتی: ﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ ئومێدەواربێت و، کاتێك وتی: ﴿مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾ هەست بە ترس بکات، زۆربەی موسوڵمانانی ئەمڕۆ کە هیوایان زاڵ کردووە بەسەر ترسداو، خۆزگە بوون بە لێبووردنیان زاڵکردووە، بەسەر خۆپاراستن لە سزا دا.

لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەگەر موسوڵمان فەریزەکانی ئەنجامدا و، لە حەرامکراوەکان دوورکەوتەوە ئەوا لە پارێزکاران دەبێت، بەڵام پلەبەرزەکانی بەهەشتی لەکیس دەچێت، وەکو ئەو قوتابییە وایە کە نزمترین نمرەی دەرچوون بەدەست دەهێنێت، لە وانەکانیدا نامێنێتەوە، بەڵام هیچ پاداشت و ڕێزلێنانێك بەدەست ناهێنێت و، دەرچوونەکەی (ناوەند) دەبێت نەك (باش) و (باڵا).

پشت بە خوا بەستن:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِن كُنتُمۡ ءَامَنتُم بِٱللَّهِ فَعَلَيۡهِ تَوَكَّلُوٓاْ﴾ یونس: ٨٤، واتە: (موسا وتی بەقەومەکەی: ئەی قەومینە! ئێوە ئەگەر باوەڕتان بە خودا هەیەو، ڕازین بە فەرمانیو ملکەچن بۆ حوکمی، پشت بەخودا ببەستن).

هـەروەها دەفـەرموویت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَوَكِّلِينَ﴾ آل عمران: ١٥٩، واتـە: (بێگومان خودا ئەوانەی خۆش ئەوێ کە پشتی پێ ئەبەستن.)

پشت بـەخوا بەسـتن چـییە؟ و حەقیقەتەکـەی چـییە؟ لـە پێشـەوە باسمـان لـەوەکرد خـوای گـەورە لـە دروسـتکراوانیدا سـوودبەخش و زیانبەخشی بەدیهێناوە و، لە یاساو ڕەوشە گەردوونیەکاندا هـۆی سـوود و، هـۆی زیـانی دانـاوە، کەواتـە ئایـا پشـت بەخوابەسـتن وازهێنانـە لـە هۆیەکان؟

لەناو سۆفیگەرەکاندا کەسانێك هەبوون کە پشت بەخوا بەسـتنیان لـە هۆکارەکاندا دەبینی. ئـیش ناکـات بـۆ بەدەسـتهێنانی ڕۆزی، چـاوەڕێیە بـەبێ ئیشـکردن ڕۆزیەکـەی بەدەسـت بگـات و، واز لەنەخۆشـەکەی دەهێنێت نایباتە لای پزیشك و، دەیەوێت بەبێ چارەسەر چـاك ببێتـەوە و، بـەبێ تێشـوو ڕێـی بیابـان دەگرێتەبـەر و، خۆزگـە دەخوازێـت بـەبێ هیلاکـی و مانـدووبوون تێشـووی بـۆ بێـت، واز لەبەدەسـهێنانی زانسـت دەهێنێت و، بڕوای وایە زانستی بەبێ ماندووبوون بۆ دێت[1]، کـە ئەمـەش پێچەوانەی شەرعە، خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿فَٱنتَشِرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ وَٱبْتَغُوا۟ مِن فَضْلِ ٱللَّهِ﴾ الجمعة: ١٠، واتە: (بڵاو ببنەوە بە زەویداو لە ڕێگای کاسـبی

١- بەمەڵە ئەم ئایەتەیان کردووەتـە بەڵگـە﴿وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَيُعَلِّمُكُمُ ٱللَّهُ﴾ البقرة: ٢٨٢، هەرچـەندە ئەمـە تـەنها بەشـێکی ئایەتەکەیـە، ئـەوەی هـەمووی بخوێنێتـەوە بـۆی دەردەکەوێت کە ئەو مانایە ناگەیەنێت. گریمان تـەنها ئـەم بەشـەی ئایەتەکەشی بەبەڵگـە هێنایەوە و، زانست بەتەقوا بەدەست هات نەك فێربوون، ئەوا وەڵامیان دەداتەوە کە تەقوا بەجێیـەجێکردنی فەرمانـەکانی شـەرعە، لـەو شـتانەی شـەرعیش فـەرمانی کـردووە بەئەنجامدانی بەدەستهێنانی زانستە، ئەو کەسەی کار بەم فەرمانە نەکات پارێزکار نییە.

و کاری دەستی خۆتانەوە داوای پزق و پۆزی بکەن لە خواو لە هەر کوێیەکا بۆتان پێکەوت.) هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَتَزَوَّدُواْ فَإِنَّ خَيْرَ ٱلزَّادِ ٱلتَّقْوَىٰ﴾ البقرة: ١٩٧، واتە: (توێشوو لەگەڵ خۆتان هەڵگرن بۆ دواڕۆژ، باشترین توێشوو کە ئینسان لەگەڵ خۆی هەڵیگرێ بۆ قیامەت لەخوداترسانە.)

پێغەمبەری خوایش ﷺ دەفەرموێت: (یاعباد الله تداووا)، هەروەها دەفەرموێت: (طلب العلم فریضة) جا هەرکەسێك وازی لە بەدەست هێنان و داواکردنی زانست هێنا و بانگەشەی ئەوەی کرد بۆی دێت ئەوا سەرپێچی شەرع و سروشتی مرۆڤی کردووە.

لەناو بیانیەکانیشدا خەڵکانێك هەن تەنها بەمادده و بۆ ماددە دەژین، باوەڕیان وایە هۆیەکان بۆنە و ئەنجامەکان دروست دەکەن و، چارەسەر خۆی شیفا دەبەخشێت و، هەوڵدان بەتەنها خۆی دەتگەیەنێتە سەرکەوتن. ئەمەش پێچەوانەی واقیعە، چونکە لەوانەیە هۆ هەبێت بەڵام بۆنەو ئەنجام نەبێت، ڕەنگە چارەسەر و تیمارکردن هەبێت بەڵام شیفا نەبێت، دەکرێت لەنەخۆشخانە ٢ نەخۆش لەیەك ژووردابن و، هەمان نەخۆشییان هەبێت و، هەمان پزیشك چاودێرییان بکات و، یەك دەرمانیان پێبدرێت، بەڵام دەبینیت یەکەمیان دەمرێت و، دووەم چاك دەبێتەوە، جوتیار بەنوێترین ئامێر زەوی دەکێڵێت و، باشترین تۆوی تیادا دەچێنێت و، پەینی کیمیایی پێوە دەکات، بەڵام سەرماو سۆڵەیەکی زۆر، یان گەرمایەکی بەتین، یان وشکەساڵییەکی سوتێنەر،

یان لافاوێکی لەناوبەر دێت بەسەریاو هەموو ئەو هۆیانەی گرتویەتیەبەر بەهەدەر دەڕوات.

بێگومان نەهۆیەکان بەتەنها ئەنجامەکان دەهێننە کایەوە و، نەپشتگوێخستنی هۆیەکان لە ڕوانگەی عەقڵەوە دروستە، بەڵکو ئەوەی عەقڵ بانگەشەی بۆ دەکات و، شەرع فەرمانی پێدەکات، ئەوەیە کە مرۆڤ هۆیەکان بگرێتە بەر، پاشان داوای بەدیهاتنی ئەنجامەکان لەخوای گەورە بکات.

وڵاخەکەت ببەستەوە و پشت بەخوا ببەستە بۆ پاراستنی، هەموو وانەکانت بخوێنە و پشت بەخوا ببەستە و، داوای سەرکەوتن و دەرچوونی لە تاقیکردنەوەکانتدا لێ بکە.

ئەمە پشت بەخوا بەستنی ڕاستەقینەیە، پشت بەخوا بەستن، لە پشتگوێخستنی هۆیەکان و، فەرامۆشکردنی یاسا گەردوونیەکاندا نییە و، لە فەرامۆشکردن و بیرچوونەوەی ئەو ڕاستیەدا نییە کە خوای گەورە سوود و زیان دەگەیەنێت و، لەوەدا نییە کە بچیت داوای سوودو قازانج لە غەیری خوا بکەیت. هەردەبێت هۆیەکان هەبن، گرتنەبەریشیان گوێڕایەڵییە بۆ فەرمانی شەرع و، شوێنکەوتنی یاسا و ڕێسای خوای گەورەیە لە بووندا. بەڵام هۆیەکان بەتەنها بەس نین، چونکە ئەنجامەکان بەدەستی خوای گەورەن، ئەوەی بەڕاستی پشت بەخوا دەبەستێت، ئەو کەسەیە کە بۆ گەیشتن بەخواستەکانی هەموو هەوڵەکانی دەخاتەگەڕ و، هەموو هۆکارێکی شەرعی بەکاردەهێنێت و، بڕوای وایە کە خوای گەورە دەیگەیەنێت بە داواکەی، لەبەرئەوە پشت بە خوا دەبەستێت، هەرچیەکی دەوێت داوا لەو دەکات.

سوپاسگوزاری:

دوای ئەوە مرۆڤی موسوڵمان بە فەرمانی خوا پازی بێت، ئەگەر بێبەشی کرد یان پێی بەخشی ئەمەش بە سوپاسگوزاریی دێتەدی.

﴿وَمَن شَكَرَ فَإِنَّمَا يَشْكُرُ لِنَفْسِهِۦ﴾ النمل: ٤٠، واتە: (هەرکەسیش سوپاسی بکا سوودی سوپاس کردنەکەی بۆ خۆیەتی.)

﴿وَسَيَجْزِى ٱللَّهُ ٱلشَّٰكِرِينَ﴾ آل عمران: ١٤٤، واتە: (خودا پاداشی شایانی ئەوانە ئەداتەوە کە شوکری ئەکەن لەسەر نیعمەتی ئیسلام و لەسەری ئەمێنن و خۆگر ئەبن.)

سوپاسگوزاری لە بەرهەمەکانی باوەڕە، ئەگەر بەندەیەک لەبەندەکانی خوا چاکەی لەگەڵ کردیت و سوپاست نەکرد، ئەوا کەمتەرخەم بوویت بەرامبەری و، خراپەت لەگەڵ کردووە، لە کاتێکدا چاکەکاری ڕاستەقینە خوای گەورەیە کەواتە چۆن سوپاسی خوای گەورە ناکەیت، کە خوای گەورە نیعمەتی بیستن و بینین و، تەندروستی و ئارامی و ئاسایشی پێ بەخشیویت و، دروستکراوانی سەر زەوی بۆ ڕام و فەراهەم کردویت، نیعمەت گەلی بێشومار و لەژمارە نەهاتووی پێبەخشیویت؟ مرۆڤ نرخی نیعمەتەکان نازانێت تەنها لەوکاتەدا نەبێت کە لەدەستیان دەدات، ئەگەر دڵانی ئازاری هەبێت لاچوونی ئازارەکەی بە گەورەترین نیعمەت دەزانێت، ئەگەر ئازارەکەیشی نەما ئەم نیعمەتەی لەیاد دەچێت و، ئەگەر ڕۆژێك پێوستی بەدینارێك بوو دەستی نەکەوت نرخی نیعمەتی دەوڵەمەندی دەزانێت، کە پێویستی پێی نەما لەبیری دەکات. ئەگەر کارەبا بڕا و، ماڵەکەی تاریك بوو نرخی نیعمەتی ڕووناکی دەزانێت، بەڵام هەر کارەبا هاتەوە چیتر نرخی نازانێت.

جا ئەگەر ناتوانیت نیعمەتەکانی خوا بژمێریت، ئایا سوپاسگوزار نابیت لەسەریان؟ بە زمان سوپاسی خوای گەورە دەکەیت و، دەڵێیت: (الحمد لله ... رب لك الحمد) و، بەکردەوە سوپاسی خوا دەکەیت و ئەم نیعمەتانە دەڕژێت بەسەر مەحروم و نەدارەکاندا، سوپاسگوزاری دەوڵەمەند ئەوەیە ببەخشێت بە هەژار و، سوپاسگوزاری بەهێز ئەوەیە یارمەتی لاواز بدات و، سوپاسگوزاری خاوەن دەسەلآت بەرجەستەکردنی ڕاستی و پەیڕەوکردنی دادپەروەرییە.

جا ئەگەر لەخواپێداوان بوویت و، (٥) جۆر خواردن لەسەر سفرەکەت بوو، دراوسێکەیشت برسی بوو، هیچت پێنەدا ئەوا ناچیتە ڕیزی سوپاسگوزارانەوە، هەرچەندە بەزمانیشت هەزار جار بڵێیت: (الحمد لله). کاتێك لە دڵەوە سوپاسی خوا دەکەیت، بە بەشی خوا ڕازی دەبیت و، نیعمەتەکان بەکەم و بێ بایەخ نازانیت و، ئێرەیی بەکەس نابەیت لەسەر ئەوەی کە خوای گەورە پێی بەخشیووە.

جا ئەو کەسەی بەدڵ سوپاسگوزار بوو بەڕازی بوون بەبەشی خوا و، بەکردەوە سوپاسگوزار بوو و لەو نیعمەتانەی خوا پێی بەخشیوە بەشی نەدارانی دا و، بەزمان سوپاسگوزار بوو بەزۆر ستایش کردنی خوا و، هەموو ئەمانەی پێکەوە کۆکردەوە ئەوە بەڕاستی لە سوپاسگوزارانە.

ئارامگرتن:

مرۆڤی موسوڵمان لەنێوان دوو نیعمەتدایە، ئەگەر تووشی خێر بوو و سوپاسگوزار بوو بە پاداشت بۆی دەنووسرێت و، ئەگەر دووچاری زیان و ناخۆشی بوو و ئارامی گرت بە پاداشت بۆی دەنوسرێت، بۆیە تەنها

پاداشتی هەژاری ئارامگر بە ئەندازەی پاداشتی دەولەمەندی سوپاسگوزارە، یان لەو زیاترە.

﴿وَلَنَجْزِيَنَّ ٱلَّذِينَ صَبَرُوٓاْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ﴾ النحل: ٩٦، واتە: (ئەو کەسانەی خۆگرن بە باشترین کردەوەیان پاداشیان ئەدەینەوە.)

ئەم ژیانەی دونیایش، مالّی خۆشگوزەرانی هەمیشەیی نییە و، بەدوور نییە لە ناڕەحەتی و، نەخۆشی، یان لە دەستدانی پارەو سامان، یان لە دەستدانی خۆشەویستان، یان ناپاکی هاوڕێ، یان نەمانی ئارامی و ئاسایش، ئەمە سروشتە نەگۆڕەکەیەتی.

جبلت على كدر وأنت تريدها ... صفوا من الأقذار والأكدار
ومكلف الأيام ضد طباعها ... متطلب في الماء جذوة نار

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَنَبْلُوَنَّكُم بِشَيْءٍ مِّنَ ٱلْخَوْفِ وَٱلْجُوعِ وَنَقْصٍ مِّنَ ٱلْأَمْوَٰلِ وَٱلْأَنفُسِ وَٱلثَّمَرَٰتِ ۗ وَبَشِّرِ ٱلصَّٰبِرِينَ﴾ البقرة: ١٥٥، واتە: (ئێمە تاقیتان ئەکەینەوەو دووچاری هەندێ ترس و برسێتی و کەمیی دارایی‌و مردن و کەمیی بەروبوومتان دەکەین، تا بزانین کێ خۆگر دەبێ‌و کێ بێزاری دەرئەبڕێ. ئەی موحەمەد موژدە بدە بە خۆگرەکان کە خودای گەورە پووی میهرەبانی لێیانەو ڕەحمەتیان بەسەردا ئەبارێنێ.)

لەبەر ئەوەی ئارامگران بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار بەلاّو ناڕەحەتیەکانیان لەبیردەچێتەوە و، پاداشت دەبیننەوە، ئەوانەیشی ئارام ناگرن ئازار دەچێژن و، هیچیان دەست ناکەوێت.

بـەلا و ناڕەحـەتی دەبێـت هـەبێت، جـا یـان بـە ئـارامگرتن تیمـاری دەکەیت و پاداشتت دەست دەکەوێت، یان لەبەرامبەریـدا هەڵدەچیت و، هەڵچـوونەکەت هـیچ لـە ئازارەکـەت کـەم ناکاتـەوە و، ناڕەحەتییەکـەت لەسەر لانابات. ئەمەش جۆری یەکەمی ئارامگرتنە، ئارامگرتن لەسەر بەلا و ناڕەحەتی.

جۆری دووەم؛ ئارامگرتنە لەسەر سەرپێچی، ئارامگرتنی ئەو گەنجەی عەورەتی دانەپۆشراو دەبینێت و نەفسی بەلایدا دەچێت، بـەڵام لەترسـی خوا چاو لەئاستیدا دادەخـات، ڕێگـەی چـێژو لەزەتـە قەدەغـەکراوەکان دەزانێت، بەڵام نایگرێتە بەر، هەرچەندە حەزیشـی لێیـەتی. ئـارامگرتنی ئەو فەرمانبەرەی بەرتیلێکی خراوەتە بەردەست، بـە ئەندازەی موچـەی شـەش مـانگی دەبێـت، بـەڵام دەسـتی لێدەگرێتـەوەو وەریناگرێـت، هەرچەندە پێویستیشی پێیەتی. ئارامگرتنی قوتابی لە تاقیکردنەوەدا لە کاتێکدا کە دەتوانێت وەڵامەکـە لـە کتێـب دەربهێنێـت بەدزیـەوە، بـەڵام نایکـات، هەرچـەندە دەرچوونیشـی پەیوەسـتە بەدەسـتکەوتنی ئـەو وەڵامەوە. سەرپێچییەکان لای نەفس خۆش و بـەتامن، جـا ئەگـەر مـرۆڤ خۆی گرتەوە لێیان، لە کاتێکدا کە توانـای بەسـەریاندا هـەبوو، ئـەوا لـە ئارامگرانە.

سێیـەم؛ ئارامگرتنە لەسەر پەرستشەکان، ئارامگرتن لەسـەر هەسـتان بۆ نوێژی بەیانی و، دەستبەردارببوونی خەوی خۆش و جێگای گـەرم، لـە بەرەبەیانێکی ساردا. ئارامگرتن لەسەر بەرگەگرتنی برسێتی و تینـوێتی لـە مـانگی ڕەمەزانـدا، لـەهاوینێکی گـەرم و بەتینـدا. ئـارامگرتن بەناچارکردنی ئەو نەفسەی کەپارەی خۆشدەوێت، لەسـەر زەکـات دان و

بەخشین. ئارامگرتن لەسەر دەستگرتن بەدینەوە لەم سەردەمە پڕ لەخراپەکاریەدا، کە دین بۆتە شتێکی نامۆ هەروەک چۆن لەسەرەتادا نامۆ بوو و، ئەو کەسەی دەستی بەدینەکەیەوە گرتووە دەڵێی دەستی بەپشکۆوە گرتووە و، کەسی دیندار دووچاری گاڵتەجاڕی خەڵکی و، ئەشکەنجەی فەرمانڕەوا و، بڕینی مووچە و، دەربەدەرکردن دەبێتەوە، جا ئەوەی تەنها لەبەر خواو بەمەبەستی بەدەستهێنانی پاداشتی خوا بەرگەی هەموو ئەوانەی گرت لەو کەسانەیە کە خوای گەورە لەبارەیانەوە دەفەرموێت:

﴿ ٱلَّذِينَ صَبَرُواْ وَعَلَىٰ رَبِّهِمۡ يَتَوَكَّلُونَ ﴾ النحل:٤٢، **واتە:** (ئەم ئەجرو پاداشە بۆ ئەو موسوڵمانانەیە کە خۆگرن و پشت بە خودای خۆیان ئەبەستن.)

﴿أُوْلَٰٓئِكَ يُؤۡتَوۡنَ أَجۡرَهُم مَّرَّتَيۡنِ بِمَا صَبَرُواْ ﴾ القصص: ٥٤، **واتە:** (ئەم کۆمەڵە ئەهلی کیتابە کە وا ئەڵێن دووجار پاداشی چاکەی خۆیان وەرئەگرن، جارێ لەسەر باوەڕکردنیان بە کتێبە پێشووەکان کە بۆ خۆیان هاتوونە خوارو جارێ لەسەر باوەڕکردنیان بە قورئان لەبەر ئەوەی کە سەبریان کردووەو خۆیان لەسەر لۆمەو سەرزەنشتی کافرەکانی ئەهلی کیتاب ڕاگرتووە.)

﴿وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلَّذِينَ صَبَرُواْ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٍ ﴾فصلت: ٣٥، **واتە:** (کەسیش ناگەیەنرێتە ئەم پلەیە کە بتوانێ لە بەرانبەری خراپەی خراپەکەردا چاکە بکاو خۆی بەرانبەر خراپەکەی ئەو ڕابگرێ ئەوکەسە

نەبێ کە بەشێکی گەورەی لە سەبرو لێبووردن و چاوپۆشی لەلایەن خواوە پێ بەخشرابێ.)

ملکەچکردن بۆ فەرمانی شەرع:

وتمان باوەڕ کارێکە لەکارەکانی دڵ، نهێنییەکە لەو نهێنیانەی کە تەنها خوای گەورە دەیزانێت، خەڵکی ڕواڵەت و ڕووکەشیان هەیە، بۆیە باوەڕدارمان بە وتە و کردەوەکان لە بێ باوەڕ جیاکردووەتەوە. ئیسلام ڕواڵەتی باوەڕە، ئیسلام لە زمانی عەرەبیدا واتە:"تەسلیم بوون" و ڕام بوون و قایل بوون، کوڕ ملکەچی باوکیەتی لەبەرئەوەی متمانەی پێیەتی و دڵخواز ملکەچی خۆشەویستەکەیەتی لەبەرئەوەی خۆشیدەوێت، دۆڕاویش لە ترسا خۆی دەدات بە دەست دوژمنەکەیەوە. بەڵام باوەڕدار بە شێوەیەکی ڕەها ملکەچی فەرمانی پەروەردگاریەتی، گوێڕایەڵی هەموو فەرمانەکانیەتی، هەرچەندە سوود و حیکمەتەکەشیان نەزانێت و، واز لە هەموو ئەو شتانە دەهێنێت کە خوای گەورە فەرمانی پێکردووە لێیان دوورببکەوێتەوە، هەرچەندە نهێنییەکەیشیان نەزانێت، ئەم ملکەچیەیش دوولایەنی هەیە: لایەنێکی کرداری، کە ئەویش فەرمانبەرداریە بە وتە و کردەوە، بە پشتیوانی خوا دواتر باسی دەکەین، لایەنێکی دەروونیش، کە لێرەدا لە باسی باوەڕدا ئاماژەی پێدەکەین.

ئەم لایەنەش بریتییە لەوەی لەدڵەوە بەفەرمانی شەرع ڕازیبین و، دڵنیابین لەبارەیەوە و، بەقەناعەتەوە ئەرکەکانمان جێبەجێ بکەین و واز

لە حەرام بهێنین و، لە دڵەوە لێی بێزار و ناڕازی نەبین، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ﴾ النساء:٦٥، واتە: (بێگومان ئیمان بەو جۆرە نابێ کە ئەوان گومان ئەبەن، قەسەم بەو خودایەی دروستی کردوویت! ئەمانە نابنە ئیماندارى پاستەقینە تا وایان لێ دێ کە بە ڕەزای دڵ و باوەڕەوە تۆ ئەکەنە حەکەم لەو ناکۆکییانەدا کە لەناویاندا ڕووئەدەن.)

کە ئەمە لایەنە کرداریەکەیەتی.

﴿ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا ﴾ النساء: ٦٥، واتە: (هیچ گرێ لە دڵیاندا نەبێ لەو حوکمە تۆ ئەیدەیت و بەتەواوی ملکەچت ئەبن و بەگوێت ئەکەن.)

ئەمەش لایەنە دەروونییەکەیەتی. تەنها گوێڕایەڵی کردنی فەرمانی پێغەمبەرﷺ بەس نییە، ئەگەر لە دڵەوە باوەڕمان بە ڕاستی ئەو فەرمانە نەبێت و، پێی ڕازی نەبین و، دڵنیا نەبین لێی.

﴿إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَن يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا ۚ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ النور: ٥١، واتە: (قسەی ئەوانەی خاوەن باوەڕن هەر ئەوەیە کاتێ بانگ ئەکرێن بۆ لای خواو پێغەمبەری خوا بۆ ئەوەی حوکم بدا لەنێوانیانا، بڵێن: گوێمان لە فەرمانەکە بوو و گوێڕایەڵین بۆیو ئەوانەی وا ئەڵێن ئەوانەن ڕزگار ئەبن و بەر ڕەحمەتی خوا ئەکەون.)

بەزمان بیڵێن و لە دڵەوە باوەڕیان پێی هەبێت.

خەڵکانێك هەن بەردەوام لە هەموو فەرمان و قەدەغەکردنێکدا لە حیکمەتی شەرع دەپرسن. وەك ئەوەی گوێڕایەڵی نەکەن لە کاتێکدا نەبێت کە حیکمەتەکەیان زانی، بێگومان شەرع حیکمەتی خۆی هەیە، بەڵام لەوانەیە لە دەقی قورئان و فەرموودەدا بۆمان دەربکەوێت یان بەلێکۆڵینەوە، لەوانەشە لامان ڕوون و ئاشکرا نەبێت، ئایا سەرپێچی پەروەردگارمان بکەین ئەگەر حیکمەتی شەرعەکەیمان بۆ دەرنەکەوت؟! بیری لێبکەرەوە: ئەگەر هەموو جارێك فەرمانێکت بە کوڕەکەت کرد ئەویش بڕیاریدا جێبەجێی نەکات، تا مەبەستی خۆتی بۆ ڕوون نەکەیتەوە لە کارەکەدا و، پێی نەڵێیت ئەو کارە چ حیکمەتێکی تێدایە، هەرچەندە بواری ڕوونکردنەوەشت نەبوو، یان ئەو فەرمانە نهێنییەکی تیابوو کە نەدەبوو ئاشکرا بکرێت! ئایا ئەو کوڕە بەسەرپێچیکار لەقەڵەم نادەیت؟ یان چاوەڕێی هیچ شتێکی لێناکەیت، لەبەرئەوەی ئەو کوڕتە و تۆ باوکی ئەویت؟ یان ئەگەر ئەفسەرێك فەرمانێکی سەرکردایەتی بۆهات و ئامادە نەبوو جێبەجێی بکات، تا بۆی ڕوون دەکرێتەوە پلانی کارەکە چییەو مەبەست لە دەرچوونی ئەو بڕیارە چییە، ئایا ئەو ئەفسەرە شایانی ئەوە نییە سزا بدرێت؟ مافی خوا بەسەر بەندەکەیەوە بەراورد ناکرێت بە مافی باوك بەسەر منداڵەکەیەوە، یان بە مافی سەرکردە بەسەر سەربازەکەیەوە، پێویستە لەسەرمان گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوای باڵادەست بین لە دڵخۆشی و بێزاریدا، بگونجێت بۆمان یان پێچەوانەی خواست و ئارەزووەکانمان بێت، نەك بەدوای بەڵگەی بێبنەمادا بگەڕێین و، چاو بگێڕین بۆ ئەوەی وتەیەك بدۆزینەوە لە فیقهدا کە لەگەڵ حەزەکانماندا بگونجێت؟ شارستانێتی

پۆژئاوا و، خوونەریتەکانی نەکەین بە بەڵگە بەسەر شەرعەوە، بەخواستی خۆمان دەقەکان پاڤە نەکەین، لە لێکدانەوەکانماندا نەچین لەڕێگەی ڕاست لابدەین، بۆئەوەی بڵێین دینەکەمان ئەم خوونەریتانە ڕەت ناکاتەوە، پاشان ئەگەر ئەم داب و نەریتانەی کۆمەڵگا گۆڕان[1]، یان سەرچاوەی ئەم شارستانێتییە بیانییە لە پۆژئاواوە گۆڕا بۆ پۆژهەڵات ئاڕاستەی لێکدانەوەکانمان نەگۆڕین و، لێکدانەوەیەکی تازە نەهێنین، بەڵکو پێویستە فەرمانەکانی شەرع بەجێبهێنین و، ڕازی بین پێی، ئەمەش ئەرکی هەموو باوەڕدارێکە کە متمانەی تەواوی بەڕاستی ئەم دینە هەیە.

توندگیری و شلگیری:

لە ڕواڵەت و بەڵگەکانی ئیمان، ئەوەیە کە خۆشویستن و ڕق لێبوونت لەبەر خوای گەورە بێت، مرۆڤی گوێڕایەڵی پارێزکارمان خۆشدەوێت هەرچەندە هیچ سوودێکی بۆمان نەبێت و، ڕقمان لە بێباوەڕی خراپەکارە هەرچەندە تووشی زیانمان نەکات. بەڵکو ڕقمان لێیەتی و لێی دوورەکەوینەوە ئەگەر سوودیشی بۆمان هەبێت ، یان توندوتۆڵترین پەیوەندیش لە نێوانماندا هەبێت. لەبەرئەوەی برایەتی ئایین بەهێزترە لای باوەڕدار وەك لە برایەتیی بەهۆی نەسەبەوە و، پەیوەندی بیروباوەڕ توندوتۆڵترە لە پەیوەندی بنەماڵە. خوای گەورە بە حەزرەتی نوحی ڕاگەیاند کە کوڕەکەی بێباوەڕە و لە ئەندامانی خێزانەکەی نییە، چونکە

١- لەو گۆڕانکارییانە ئەوەیە پۆژێك بێت بڵێین (دیموکراسیەتی ئیسلام) و، لەپۆژێکی دیکەدا بڵێین (ئیشتراکیەتی ئیسلام).

کاریکی خراپـه و، ڕازی نـەبوو سـۆز و خۆشەویستی و بـەزەیی لـەنێوان باوەڕداران و دوژمنانی ئایینداا هەبێت، هەرچەندە پەیوەندی نێوان ئـەو دوو گرۆیەش بەهێز بێت ئەوەتا دەفەرموێت:

﴿لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ﴾

المجادلة: ٢٢، **واتە:** (کەسانی وا نـابینی باوەڕیـان بـە خـواو بـە پێغەمبـەری خواو بە ڕۆژی قیامەت هەبن، دۆستایەتی لەگەڵ کەسانێکی وا بکـەن کـە موخالەفەی خواو پێغەمبەری خوا بکەن.)

زۆریان لێناکات کە بەناچـاری بێنـە نـاو ئیسـلامەوە، بـەڵکو ناهێڵێت ببنە ڕێگر و، دژایەتی بانگەوازەکەی بکەن، جا ئەگـەر دڵنیـابوون و ڕازی بـوون بەبانگەوازەکـەمان و هاتنـە نـاو دینەکەمانـەوە ئـەوا لـە ئێمـەن و بەشدار دەبین لە ماف و ئەرکەکانماندا و، ئەگەر دژایەتی بانگەوازەکەیان نـەکردین و، ئاشـتیانە ڕەفتاریـان کـرد، ئێمـەش مافـەکانیان دەپـارێزین هەرچەندە لەسەر ئایینی خۆیشیان بمێننەوە.

باوەڕدار خۆشویسـتن و ڕق لێبـوونی لەبـەر دینەکەیـەتی، جـا ئەگـەر خۆشەویستیت بەخشندەیی و لەسـەرخۆیی تیـادا بەرجەسـتە دەبێـت و، لێبوردەیی و خۆبەختکردنی لێدەردەکەوێت، ملکەچ دەکات بۆ براکـەی و ئەوەش بەسەر شۆڕی نازانێت، فەزڵـی دەدات بەسـەر خۆیـدا هەرچـەندە خۆیشی ئاتاج بێت و پێویستی پێی بێت و، ئەگەر ڕقـی هەسـتا و تـووڕە بوو لەبەر خاتری خوا تووڕە دەبێت و، لە بـەرگری کـردن لەدینەکـەی و، لە جەنگان دژی دوژمنـانی دینـدا تونـد دەبێـت، بـاوەڕدار نـەرمونیانی و تونـدی و، میهرەبـانی و زبـری پێکـەوە کۆدەکاتـەوە. نـەرمونیانی و

میهرەبانی بۆ خوشک و برا باوەڕدارەکانی و، توندی و زبریش لە بەرامبەر دوژمنانی دین و پشتیوانانی شەیتاندا.

﴿ مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ ٱللَّهِ ۚ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلْكُفَّارِ رُحَمَآءُ بَيْنَهُمْ ﴾الفتح: ٢٩، واتە: (موحەممەد پێغەمبەری خوایەو، ئەوانەیش کە لەگەڵینی لەسەر کافران توندو سەختگیرن و، لەناو خۆیانا بە ڕەحم و میهرەبانن.)

﴿أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ يُجَٰهِدُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَآئِمٍ﴾ المائدة: ٥٤[1]، واتە: (میهرەبان و دڵنەرمن لەگەڵ موسوڵمانان و، توندو بەدەستەڵاتن لەسەر کافران، لەپێناوی ڕەزامەندیی خوداداو بۆ بەرزکردنەوەی ئایینی ئیسلام جیهاد ئەکەن. بیروباوەڕیان پتەوەو لەپێناوی خودادا لە لۆمەو سەرزەنشتی ئەم و ئەو ناترسن.)

ئەمە حاڵی باوەڕداران بوو، کاتێک کە تێدەکۆشان و جیهادیان دەکرد، کاتێکیش وازمان لە جیهاد و تێکۆشان هێنا و سەرپێچی شەرعمان کرد، لەبەرامبەری یەکتریدا توندیمان نواند و، نەرمووونیانیش لەبەرامبەر دوژمنەکانماندا، خوای گەورە بەهۆی تاوانەکانمانەوە

١- لەپاڵ ئەم جیهادەشدا ئەم فەرموودەیەی خوای گەورەیان لەبیرناچێت کە دەفەرموێت: ﴿لَّا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمْ يُقَٰتِلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوٓا۟ إِلَيْهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ﴾ الممتحنة: ٨.واتە: "خوا مەنعتان ناکا لە دۆستی لەگەڵ ئەو کافرانەی جەنگیان لەگەڵ نەکردوون بەهۆی ئایینەوە کە ئێوە موسوڵمان بوون و ئەوان بتپەرست بوون و لە وڵاتی خۆتانیان دەرنەکردوون، خوا ڕێتان لێ ناگرێ پیاوەتی لەگەڵ ئەوانە بکەن و بە داد لەگەڵیان بجوولێنەوە، خوا ئەوانەی خۆش ئەوێ بەداد لەگەڵ خەڵک نەجوولێنەوە."

کەسانێکی بەسەردا زاڵکردین کە لە خوا ناترسن و پەحم بە ئێمەش ناکەن، جلەوی ولاتیان گرتە دەست و بوونە فەرمانڕەوا.

تەوبەکردن و داوای لێخۆشبوون:

خوای گەورە مرۆڤی دروست کردووە و کۆمەڵێ غەریزەی پێبەخشیوە وەک پەلەکردن و هیوا درێژی و، حەزکردن لە کۆکردنەوەی پارە و، ئارەزوومەندی لە نزیکی پەگەزی بەرامبەر و، تووڕەیی و، چاوچنۆکی و حەزی تۆڵەکردنەوە و، شەیتانی زاڵکردووە بەسەریدا لەو ڕێگەیەوە کە خراپەکانی لە بەرچاودا دەڕازێنێتەوەو، سەرپێچیەکانی لا خۆشەویست دەکات، هەروەها نەفسێکی فەرمانکار بەخراپەی پێداوە، کە حەزی لە حەرامە و، شەیتانی لە سەر دامەزراندووە، لەئەنجامی ئەمەشدا تووشی سەرپێچی و تاوان دەبێت، ئەی چی بکات بۆ ئەوەی لە سزای سەرپێچی و تاوان ڕزگاری ببێت؟

خوای گەورە بە پەحمەتی خۆی دەرگایەکی بۆ کردووەتەوە، کە ئەویش دەرگای تەوبەیە. پێی فەرموە: تۆ دەتوانیت لە لاپەڕەی کردەوەکانتدا هەموو ئەو تاوانانە بسڕیتەوە کە ئەنجامتداون، وەکو ئەوەی ئەنجامت نەدابن، بەڵکو لەوانەیە لەجێگەی ئەو خراپەیەی کە لەسەرت بووە، چاکەت بۆ تۆمار بکرێت. وەکو تیانووسی بازرگان تیایدا دەنووسرێت (١٠٠) دینار قەرزاریت، کە قەرزەکەت دایەوە تەنها بەوەوە ناوەستێت کە بۆت بسڕێتەوە، بەڵکو لەو لاپەڕەیەی کە قەرزەکەت لەسەر نووسراوە، دەیباتە لاپەڕەی ئەو قەرزەی کە هی تۆیە. خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَٰلِحًا فَأُوْلَٰٓئِكَ يُبَدِّلُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِهِمْ حَسَنَٰتٍ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ الفرقان: ٧٠، واتە: (مەگەر یەکێ کە تۆبەی کردبێ لە کافری و باوەڕی بە خوا هەبێ و ئیشی چاکەی کردبێ. ئەو جۆرە کەسانە هەرچی کاری خراپیان لەوەپێش کردووە خوا بۆیان ئەگۆڕێ بە چاکە و، خوا گوناە بەخش و بەڕەحم و میهرەبانە.)

دەرگای تەوبەش کراوەیە، تا مرۆڤ تەندروست و لەش ساغ بێت، جا ئەگەر ڕاستگۆیانە تەوبەی کرد ئەوا تەوبەکەی لێوەردەگیرێت و، ئەم دەرگایە داناخرێت تا ساتەوەختی گیان سپاردن، ئەو سەعاتەی گیان دەگاتە گەرو. ئەو سەعاتەی مرۆڤ تیایدا ڕووبەڕووی حەقیقەت دەبێتەوەو، بە چاوی خۆی هەموو ئەو ڕاستیانە دەبینێت کە پێغەمبەر لەبارەیانەوە هەواڵی دابوو، جا ئەوکاتە بەرەنجامی تەوبەکەی دەستەبەرە، چونکە تەوبە گەڕانەوەی خۆویستانەیە بۆلای خوای گەورە، ئەو کەسەی لەسەرە مەرگدایە بەناچاریی و زۆر دەگەڕێتەوە، بۆیە دانپیانان هیچ سوودێکی پێناگەیەنێت، دوای ئەوەی کە ئیختیار و توانای هەڵبژاردنی لە دەست دا.

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿إِنَّمَا ٱلتَّوْبَةُ عَلَى ٱللَّهِ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلسُّوٓءَ بِجَهَٰلَةٍ ثُمَّ يَتُوبُونَ مِن قَرِيبٍ فَأُوْلَٰٓئِكَ يَتُوبُ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿١٧﴾ وَلَيْسَتِ ٱلتَّوْبَةُ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ حَتَّىٰٓ إِذَا حَضَرَ أَحَدَهُمُ ٱلْمَوْتُ قَالَ إِنِّى تُبْتُ ٱلْـَٰٔنَ وَلَا ٱلَّذِينَ يَمُوتُونَ وَهُمْ كُفَّارٌ﴾ النساء: ١٧ – ١٨.

واتە: (ئەو تەوبە قبوولّ کردنە کە خودا وەعدی داوە بۆ ئەوانەیە بە نەزانیو سەفامەت گوناە ئەکەن و پاشان بە زوویی پەشیمان ئەبنەوە. ئەم جۆرە تاوانبارانە خودا تەوبەیان لێ قبوولّ ئەکات، خودا زانایەو کارەکانی پڕ لە حیکمەتن. خودا تەوبەی ئەوانە قبوولّ ناکا کە تا مردن یەخەیان ئەگرێ هەر کردەوەی خراپ ئەکەن و ئەو وەختە ئەڵێن: تەوبە بێ لە گوناە. نەخێر ئەوانە تەوبەیان لێ قبوولّ ناکرێت و، وەک ئەوانەن بە کافری ئەمرن.)

یەکەم مەرجی تەوبەش بریتییە لە وازهێنان لە تاوان و گوناە و بڕیاردان بە نەگەڕانەوە بۆی. ئەگەر بەڕێگەیەکدا ڕۆیشتی، پیاوێک پەنجەرەکەی کردەوە و ئاوێکی پیسی پیا ڕشتی، دوای ئەوەی کە سەرزەنشتت کرد و جوێنت پێ دا، داوای لێبوردنی لێکردیت، پاشان بەردەوام بوو لەسەر کارەکەی، یان وازی هێنا، بەڵام بەڵێنی پێ دایت کە سبەینێ دەگەڕێتەوە هەمان کار ئەنجام دەدات، ئایا پۆزش هێنانەوەکەی پەسەند دەکەیت؟

تەوبە گیان و لاشەی هەیە، گیانەکەی هەست کردنە بە ناشیرینی سەرپێچی و، لاشەکەشی وازهێنانە لە سەرپێچییەکە، وەکو ئەو کەسەی بەڕێگادا دەڕوات، تابلۆیەکی ئاگادارکردنەوە دەبینێت لەسەری نووسراوە ئەوە ڕێگەی مەبەست نییە، ئەویش هەست بە هەڵەکەی خۆی دەکات، ئەوەش هەستێکی بنچینەییە لە مرۆڤدا، چونکە ئەگەر زانینی هەڵە نەبووایە مرۆڤ هیدایەتی وەرنەدەگرت بۆ ڕێگەی ڕاست، بەڵام ئەگەر تەنها ئەم زانینە بوو، کاری بەناوەڕۆکەکەی نەکرد و، بەردەوام بوو لەسەر ڕۆشتنەکەی لەسەر ڕێگەی هەڵە، زانینی بەوەی کە هەڵەیە و

لایداوە هیچ سوودێکی پێناگەیەنێت، بەڵکو بەو هۆیەوە زیاتر تاوانبار دەبێت، چونکە ئەوەی تووشی لادان دەبێت و نازانێت، بیانوویەکی هەیە، بەڵام ئەوەی کە ڕێگا شارەزایە و، بەئەنقەست لادەدات، پاساوێکی نییە[1]!

مەرجی دووەم: لە جێگەی ئەو خراپەیە چاکە بکات، چاکسازی بکات لەجێگەی ئەو خراپەکارییەی ئەنجامیداوە. واتە بەگۆڕینی کار و، ڕاستکردنەوەی ڕەفتار و هەڵسوکەوت تەوبە بێتە دی.

﴿كَتَبَ رَبُّكُمْ عَلَىٰ نَفْسِهِ ٱلرَّحْمَةَ ۖ أَنَّهُۥ مَنْ عَمِلَ مِنكُمْ سُوٓءًۢا بِجَهَٰلَةٍ ثُمَّ تَابَ مِنۢ بَعْدِهِۦ وَأَصْلَحَ فَأَنَّهُۥ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ الأنعام: ٥٤، **واتە:** (خودا بڕیاری داوە بەزەیی‌و میهرەبانیتان لەگەڵدا بەکاربێنێ، خودا بڕیاری داوە هەرکام لە ئێوە بە نەزانی کارێکی خراپی کردو لەپاشاندا پەشیمان بوویەوەو عەزمی جەزم کرد لەسەر ئەوە کە نەگەڕێتەوە بۆ ئەو کارە، لە گوناهی خۆش ببێ‌و بیخاتە ژێر باڵی ڕەحمەتی خۆیەوە.)

﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُوا۟ مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ وَأَصْلَحُوا۟﴾ آل عمران:٨٩، **واتە:** (ئەوانە نەبێ کە پاش ئەو هەڵگەڕانەوەیە پەشیمان ئەبنەوەو ڕووئەکەنەوە خوداو ئەو خراپەکارییەی دەسیان دابوویە وازی لێ ئەهێنن و دەست ئەدەنە چاکەکردن.)

١- یەکەمیان ڕێی ون کردووە، بەڵام دووەمیان خەشم و قینی لێگیراوە (بەهۆی ئەوەوە کەدەیزانێت و لایداوە)، یەهودیش لە ﴿ٱلْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ﴾ الفاتحة: ٧، لەبەرئەوەی حەقیان زانیوەو سەرپێچییان کردووە ﴿فَلَمَّا جَآءَهُم مَّا عَرَفُوا۟ كَفَرُوا۟ بِهِۦ.....﴾ البقرة: ٨٩.

﴿ فَمَن تَابَ مِنۢ بَعۡدِ ظُلۡمِهِۦ وَأَصۡلَحَ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَتُوبُ عَلَيۡهِ ﴾ المائدة: ٣٩، واتە: (جا هەر کەس پاش ئەو ستەمەی کردوویەتی پەشیمان بوویەوەو گەڕایەوە بۆ لای خوداو بەگوێکردنیو، دەستی کرد بە چاکەکردن و عەزمی جەزم کرد نەگەڕێتەوە بۆ سەر گوناهەکە، ئەوە بێگومان خودای میهرەبان تەوبەی لێ وەرئەگرێو لە گوناهی خۆش ئەبێ.)

﴿ إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ وَأَصۡلَحُواْ وَبَيَّنُواْ فَأُوْلَٰٓئِكَ أَتُوبُ عَلَيۡهِمۡ ﴾البقرة: ١٦٠، واتە: (ئیللا ئەوانەی لەو پەنهان کردنەو لە گوناهەکانیتر پەشیمان ئەبنەوەو بەلابردن و نەهێشتنی کردەوە خراپەکان خۆیان چاك ئەکەن و ئەوەی شاردوویانەتەوە دەری ئەخەن و ڕاستی ئەڵێن، ئەوانە تەوبەیان لێ قبوول ئەکەم و ئەیانبەخشم.)

چاکسازیش ئەوەیە کە بەڕاستی وازت لە تاوان هێنابێت، ڕاستگۆیانە بڕیارت دابێت کە نەگەڕێیتەوە سەری. جا ئەگەر لەسەر ئەو بڕیارو پێداگرییە ڕاستگۆیانەت دامەزراو بوویت، پاشان نەفست بەسەرتدا زاڵبوو، یان بارودۆخ ناچاری کردیت، گەڕایتەوە سەری، پاشان تەوبەت کرد ئەوا تەوبەکەت وەرگیراوە، هەرچەندە دووبارە بگەڕێیتەوە سەری و چەند جاریش تەوبەی لەسەر بکەیت. بەڵام ئەگەر هەر لەبنەڕەتدا دوودڵ بووی لە بڕیارەکەتدا و، لەدڵی خۆتدا وتت، ئەگەر حەز و ئارەزووم بۆی بزوا دەگەڕێمەوە سەری پاشان تەوبەت کرد ئەوا تەوبەکەت نە ڕاستگۆیانەیەو نە وەرگیراوە.

ئەمە لە تەوبەکردندا لەمافەکانی خوای گەورەیە، ئەوەندە بەسە کە واز لە تاوانەکە بهێنیت و لە کردنی پەشیمان بیت و، بەڕاستی بڕیار

بدەیت نەگەڕێیتەوە سەری. بەڵام سەبارەت بە مافی خەڵکی: ئەگەر ستەمت لەیەکێك کردبوو، یان ماڵەکەیت خواردبوو، یان ئازارو ئەشکەنجەت دابوو، یان بەدرۆ شایەتیت لەسەر دابوو، یان غەیبەتت کردبوو، یان ناویت زڕاندبوو، یان هەر بابەتێکی لەوجۆرە ئەوا پێویستە مافەکەی بۆ بگێڕیتەوە، یان ئەو کەسە لێت ببوورێت و لە مافی خۆی خۆش بێت یان خوای گەورە ڕەحمت پێبکات و لێت ڕازی بکات. ئەگەر نا تەوبەکەت وەرناگیرێت و، ستەم لێکراوەکە لە ڕۆژی دواییدا لە چاکەکانت دەبات، یان لە خراپەکانی خۆی دەخاتە ئەستۆت.

هەرچەندە تاوانەکانیش زۆربن دەرگای تەوبە کراوەیە، هیچ کەس لە لێبوردنی خوایی نائومێد نابێت، چونکە نائومێد بوون لەلێبوردنی خوایی لە هەموو تاوانێك گەورەترە. ﴿ قُلْ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا۟ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ﴾الزمر: ٥٣، واتە: (تۆ، ئەی موحەممەد! بڵێ بەو بەندانەم کە زیادەڕۆییان کردووە لەسەر نەفسی خۆیان لە گوناهکردن و بێفەرمانیی خوادا: نائومێد مەبن لە ڕەحمەتی خوا، خوا لە هەموو گوناهێ خۆش ئەبێ بۆ هەرکەسێ کە باوەڕی هەبێ.)

جا تەوبەکردن وازهێنانە لە خراپە و گەڕانەوەیە بۆ چاکە، بەڵام داوای لێخۆشبوون داواکردنی لێخۆشبوونە لەخوای گەورە و، شەرع فەرمانی پێکردووە و، هانیداوین لە سەری.

﴿هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ وَٱسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا فَٱسْتَغْفِرُوهُ ثُمَّ تُوبُوٓا۟ إِلَيْهِ﴾ هود: ٦١، واتە: (ئەو لە خاك دروستی کردوون و عومرو زیندەگانیی پێ داون تیایا. تکای

گوناهبەخشین هەر لەو بکەن و بۆ لای ئەو بگەڕێنەوە و، لە گوناهەکانتان پەشیمان بنەوە.)

﴿ وَٱسْتَغْفِرُوا۟ رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوٓا۟ إِلَيْهِ إِنَّ رَبِّى رَحِيمٌ وَدُودٌ ﴾ هود: ٩٠، **واتە:** (داوای عەفوی گوناە لە خودا بکەن و، بەدڵ بگەڕێنەوە بۆ لای خودا؛ خودای من میهرەبان و بەبەزەییە.)

﴿وَيَٰقَوْمِ ٱسْتَغْفِرُوا۟ رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوٓا۟ إِلَيْهِ﴾ هود: ٥٢ ، **واتە:** (ئەی قەومینە! داوای تاوان پۆشی لە خودای خۆتان بکەن و بە دڵ بگەڕێنەوە بۆ لای و واز لە گوناە بێنن.)

هاوشێوەی ئەم ئایەتانە لەسەر زمانی هەموو پێغەمبەرێك هاتووە، کە ئامۆژگاری گەلەکەی پێکردووە، ڕێگەی لێبوردنی خوایی و، ڕزگاربوون لە سزای پێ پیشان داون.

تاوانبارانیش پلەی جیاوازیان هەیە: ئەوانەی لەسەر بێباوەڕی مردوون داوای لێخۆشبوون هیچ سوودی نییە بۆیان.

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ﴾ النساء: ٤٨. **واتە:** (بێگومان خودا هەرگیز لەوە نابووڕێ کە هاوبەشی بۆ بڕیار بدرێ.)

هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان لە بنەمادا لە ئەهلی کتاب بێباوەڕترن، بەڵام هەموویان لە حوکمی ئەم ئایەتەدا یەکسانن، کەسێك بە بێباوەڕی مردبێت پێی ناوترێت (خوا ڕەحمی پێبکات)، یان (خوا لێی خۆشبێت) و، پێی ناوترێت (ڕەحمەتی یان خوا لێخۆشبوو). بەڵام سەرپێچیکاران (لە موسوڵمانان)، ئەوانەی بەبێ تەوبە مردوون ئەوا کاروباریان بەدەست خوایە، ئەگەر ویستی لەسەربوو لێیان خۆش دەبێت.

﴿وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَاءُ﴾النساء: ٤٨، واتە: (بەڵام لە هەرچی گوناهێ لە خوار ئەم گوناهە گەورەوەوە بێ ئەبووریێ بۆ هەرکەس کە خۆی مەیلی لێ بێ.)

ئەگەر وێستیشی لەسەر بێت سزایان دەدات بە ئاگر، بەڵام هەتا هەتایە تیایدا نامێننەوە. کەسیش سزای ئاگر بەکەم نەزانێت و، بەسووک سەیری نەکات، چونکە ئاگری دونیا کە نیعمەتە، هیچ کەس بۆ چەند خولەکێك بەرگەی ناگرێت، کەواتە چۆن بۆ چەندین سەدە خۆمان بخەینە بەردەم سزای ئاگری دۆزەخ؟ بەڵام ئەوانەی تەوبە دەکەن خوای گەورە بەکەرەم و بەخشندەیی خۆی لێیان دەبوورێت، ئەمە ئەو کەسەی کە لەدوای ئەنجامدانی تاوان تەوبە دەکات، بەڵام ئەو کەسەی پێش تەواوبوونی تاوانەکەی، تەوبە دەکات و، نەفسی ئاگادارەکاتەوە و ترسی خوا دایدەگرێت و، لەبەر خاتری خوا وازی لێدەهێنێت هەرچەندە زۆر ئارەزووی لێیە. ئەو کەسە گەورەترین پاداشتی هەیە، هەروەك کەسێك کە شەیتان لەخشتەی دەبات و، پاڵی پێوە دەنێت بۆ زیناکردن، تەنانەت ئەگەر هۆکارەکانی گرتبێتەبەر، نیازی ئەنجامدانی بێت، لەو کاتەدا خوای بیربکەوێتەوە، پشت لەو تاوانە بکات هەرچەندە ئارەزوویشی لێبێت و، حەز بکات ئەنجامی بدات، کەسیش نییە توانای ئەوەی هەبێت مەگەر خوای گەورە هێزی پێ ببەخشێت، بۆیە ناکرێت کەس خۆی بخاتە نێو تاقیکردنەوەی لەو جۆرەوە، چونکە ئەو کەسە وەکو یەکێك وایە کە میکرۆبی نەخۆشیەکی سامناك بخوات، ئەگەر پزگاری بوو بەرگری پەیدا دەکات و لەو کەسە بەهێزتر دەبێت کە نەخۆشیەکە تووشی نەکەوتووە، بەڵام ئەگەری بەدەستهێنانی

بەرگری(١٪)ە و، ئەگەری لەناو چوونیشی (٩٩ ٪)یە. ئەمە لەنەخۆشی جەستەدا، بەڵام وازهێنان لە تاوان، بەرگری پێ نابەخشێت بۆ ئەوەی نەگەڕێتەوە بۆی، ئەوەی دەیەوێت سەلامەت بێت لەخراپە بالێی دووربکەوێتەوەو، هۆکارەکانی بنەبڕ بکات و، ڕێگاکانی دابخات و، لەو کەسانە دووربکەوێتەوە کە لەو بوارەدا هاندەرن و، بانگی دەکەن بۆ ئەو ڕێگەیە، چونکە هاوەڵ کاریگەریەکی زۆری لەسەر بیروبۆچوونەکانی مرۆڤ هەیە، پێشینانیش وتویانە:"پێم بڵێ هاوڕێیەتی کێ دەکەیت، پێت دەڵێم تۆ کێیت". با لاوان و پێگەیشتووان ئاگاداری ئەمە بن، داوای پشتیوانی و یارمەتی لە خوا بکەن.

باده را به روزگار دوایی

باوەڕ بەڕۆژی دوایی

ئێمە و مردن:

گرۆیەک لەتەک ئەم شاعیرە گەوجەدا ئەم دروشمە دەڵێنەوە:

مامضی فات و المؤمل غیب ولك الساعة التی أنت فیها ! !

واتە: ئەوەی ڕابوورد گوزەری کردو تێپەڕی و ئەوەشی بەئاوات دەخوازرێت نادیارە تەنها ئەو سەعاتە مولکی تۆیە کە تیایدا دەژیت ! !

بیر لەڕابردوو ناکاتەوە و، خۆی بۆ داهاتوو ئامادە ناکات. واگومان دەبات دوێنێ تێپەڕیوە و، سبەینێش نایەت، دەڵێت: (ئەوەی ڕابورد بەسەرچوو) کە سوێند بەخوا بەسەرنەچووە، بەڵکو هەموو چاکە و خراپەیەکی تۆمارکراوە، لە کتێبێکدا کە وردو درشت تیایدا ژمێردراوە و، (خۆزگە و ئاواتەخوازراوەکانیش نادیارن)، بەڵام لەبەردەم هەستەکاندا نادیارن. لە نەفسدا ئامادەن و لای خوای گەورە بوونیان هەیە، بێگومان دێت، ئەم دەستەیەش کە مردنیان لەیاد نییە و بیری لێناکەنەوە لە هەرسێکیان خراپترن. دەستەیەکیش بیری مردن دەکەن، بەڵام وەك یادکردنەکەی شاعیری فارسی، عومەر خیام کە بەخراپەکانی خەڵکی فریودابوو، دەڵێت: ئەگەر بەڕاستی مردن گومانی تیادا نییە، ژیانی دونیاش کورت و کۆتایە، کەواتە با پڕی بکەین لەعیشق و سەودا سەری و، ئەگەر لەسەر ناڕەحەتی و ئازار داڕێژراوە، با لێی ڕابکەین بۆ کاسەی

پڕ لەشەراب، تەمەن لە شیعر و... سەرخۆشی و... خراپەکاریدا بەسەر بەرین.

دەستەیەکیش یادی مردن دەکەن بەلام وەکو یادکردنەوەکەی (أبی العتاهیة)، کە نووسراوەکانی لێوان لێون لە باسی مردن و، خۆی پێوە سەرقاڵ کردووە، بەلام (تەنها کەمێك نەبێت) باسی دوای مردن ناکات، هەروەك ئەوەی بە یەکێك بڵێت: "بینیم مردن دەرئەنجامی هەموو زیندوویەکە"و. بەیەکێکی دیکەش بڵێت: "لەژێر کێڵی گۆڕەکانەوە خەوێکی دوورو درێژ هەیە".

هەروەها (ئەهلی حەق) کە زانیان مردن مەبەست و دوا ئەنجام نییە بەڵکو سەرەتایە و، خەو نییە بەڵکو لەخەو هەستانە، (خەڵکی خەوتوون کاتێك کە مردن بەئاگادێنەوە)و دەزانن لەدوای مردن ژیانێکی درێژخایەن دێت، ژیانێك کە کۆتایی نایەت، یان خۆشی نەبڕاوە، یان سزایەکی بەئازاری تیایە. ئەمەش دەستەی چوارەمە، دەستەی باوەڕداران.

ژیانی ڕۆژی دوایی:

ئەمە ژیانی ڕاستەقینەیە، ئەو کەسەی تووشی کورتبینی بوو نایبینێت، ئەوەی بەلاوازی ژیری تاقیکرایەوە باوەڕی پێی نییە، ئەوەش کە چاوی هەیە پێیدەبینێت و، عەقڵی هەیە دەرکی پێدەکات، دەبینێت ژیانی مرۆڤ چەند قۆناغێکە. ڕۆژانێك بوو لەسکی دایکیدا خۆی پێچابوویەوە، لەناو لەشی ئەودا دەژیا، ئەگەر ئەوکاتە بیری بکردایەتەوە وای دەزانی ئەوە ژیانە و دەستی پێوە دەگرت و، بەزۆر نەبێت نەدەهاتە دەرەوە، ئەگەر توانای قسەکردنی هەبوایە ئەو دەرچوونەی

بەمردن دەزانی لەکاتێکدا (لەدایك بوونە) و، گواستنەوەیە بۆ جیهانێکی فراوانتر، بۆ جیهانی بەرزەخ، بەرزەخی نێوان دونیای ماددی و کۆتا و، ژیانی هەمیشەیی رۆژی دوایی.

خۆ ئامادەکردن بۆ مردن:

غەریزەی هیوا درێژی لە ناخی مرۆڤدا چەسپاوە، هەر بۆیە مردن نزیکترین شتە لە هەستەکانمانەوە و، دوورترین شتە لە فیکرو بیرکردنەوەمان. دەبینین هەموو رۆژێك کۆڕەوی مردووان بەلاماندا تێدەپەڕێت، کەچی واهەست دەکەین خۆمان هەر دەمێنینەوە، لە تەنیشت تەرمی مردوودا دەڕۆین، هاوکات بیر لە دونیا دەکەینەوە و سەرگەرمی باس و خواستی دونیاین. دەبینین گۆڕەکان پانتایی زەویان پرکردووەتەوە، بەڵام بیر لەوە ناکەینەوە کە ئێمەش رۆژێك دەبینە نیشتەجێیان. پەنا بەخوا، تەنها لاشەمان دەبێتە نیشتەجێی گۆڕ، لاشەیش چییە؟ مرۆڤ کراسەکەی پیس دەبێت و لایدەبات، مندالێ لە دایك دەبێت و لە وێلاش جیا دەبێتەوە و لێی دێتەدەرەوە، مرۆڤ دەمرێت و لاشە بەجێدەهێلێت، لاشە تەنها وەکو کراسێك وایە، لەبەردەکرێت و دادەکەنرێت و، تەنها لاشە ئەسپاردەی خاك دەکرێت.

مرۆڤ مردنی لەبیردەچێتەوە، بەڵام باوەڕداری پاستەقینە هەمیشە لەبیریەتی، بەردەوام لە ئامادەییدایە بۆ پێشوازی لێکردنی، بە تەوبە و داوای لێخۆشبوون و وێردەکان خۆی بۆ ئامادە دەکات. هەموو بەیانی و ئێوارانێك سەرزەنشتی نەفسی خۆی دەکات. سوپاسی خوا دەکات کە ڕێنموونی کردووە بۆ ڕێگەی ڕاست و، داوای لێخۆشبوون لەخوا دەکات

لەو خراپانەی ئەنجامی داوە، پۆژی دوایی لەبیرە و، لەپۆژێك دەترسێت كە پووخسار و چاوەكان تیایدا سەرسام و حەپەساون. سڵ لە سزای دوای مردن دەكاتەوە و، بەهیوای بەدەستهێنانی پاداشتی دوای مەرگە، بۆ ئەوەش پەنا دەباتە بەر ئارامگرتن و نوێژكردن و، ئەنجامدانی كاری چاكە لەپێناوی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی و پاداشتی خوایی.

ساتەوەختی مردن لە بەلگەكانی باوەڕە

بیر لەو فەرموودەیەی خوای گەورە بكەرەوە كە دەفەرموێت: ﴿فَلَوْلَآ إِذَا بَلَغَتِ ٱلْحُلْقُومَ﴾ الواقعة: ٨٣. واتە: (باشە ئێوە بۆ بیرناكەنەوە پۆژێك دێت ڕۆحتان دەگاتە گەرووتان)، ساتەوەختی مردن هاتە پێش كە ڕاكردن لەدەستی مەحاڵە ﴿وَأَنتُمْ حِينَئِذٍ﴾ ئێوەش ئا لەوكاتەدا لەدەوری كەسە خۆشەویستەكەتان كۆبوونەتەوە﴿تَنظُرُونَ﴾ الواقعة: ٨٤، بەسۆزەوە تەماشای دەكەن و، پزیشكی بۆ دەهێنن، هەوڵی خۆتان دەخەنەگەڕ، باوەشی پیادادەكەن﴿وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنكُمْ وَلَٰكِن لَّا تُبْصِرُونَ﴾ الواقعة: ٨٥، واتە: (ئێمەیش لەوكاتەدا لە ئێوە نزیكترین لە كابرای حاڵی سەرەمەرگەوە، بەڵام ئێوە چاوتان لێ نییە.)

لەبەرئەوەی هەستەكانتان تەنها دەرك بە جیهانی ماددە دەكات، ئێستایش لەسەروبەندی ئەوەدایە بچێتە جیهانی ئەودیو ماددەوە .

﴿فَلَوْلَآ إِن كُنتُمْ غَيْرَ مَدِينِينَ ﴿٨٦﴾ تَرْجِعُونَهَآ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾ الواقعة: ٨٦ – ٨٧، واتە: (بۆ ئێوە ئەگەر لەژێر دەسەڵاتی خوادا نین و ئینكاركردنەكەیتان ڕاست و بەجێیە، بۆ گیانی كابرای حاڵی سەرەمەرگ ناگێڕنەوە بۆ جێی خۆی و مەنعی مردنی لێ ناكەن و چاكی ناكەنەوە، ئەگەر ڕاست ئەكەن؟)

ئەگەر ڕاستتان بکردایە عەقڵ و هەموو زانست و پارەو سامانتان دەخستەکار لەو پێناوەدا، ئەگەر ناتوانن، کەواتە بۆچی داننانێن بەو ڕاستیەدا کە ئەم گەردوونە پەروەردگارێکی هەیە، بەدیهێنەری ئێوەیە، ئەو زاتە ژیانی پێبەخشیوون و هەر ئەویش دەتانمرێنێت و دواتر زیندووتان دەکاتەوە؟

گومانێکی ناڕەوا:

نووسراوی هەندێك لە بێباوەڕانم خوێندەوە کە گاڵتەجاڕانە دەپرسن و، دەڵێن:"ئەگەر لەهەمان کاتدا مردوویەك لە ئەمەریکا و مردوویەك لە صین بمرێت، فریشتەی گیان کێشان چۆن گیانیان دەکێشێت؟....".

لە وەڵامدا دەڵێین (یەکەم): نموونەی فریشتە لەچاو زەویدا، وەکو نموونەی یەکێکمانە کاتێك بەسەر شارە مێروولەیەکدا دەچەمێینەوە کە هەزاران مێروولەی تیادایە، یان پەرداخێك کە ملیۆنەها میکرۆبی تیایە، بەڵکو فریشتەکان لەچاو ئێمەدا زۆر لەوە گەورەترن، گۆی زەوی لە لەپی دەستیدا وەکو دەنکە گەنمێك وایە لەنێو لەپی دەستی مرۆڤێکدا.....ئەمە یەکێکیانە.

دووەم: فریشتەی گیان کێشان هاوکارو یاریدەدەری هەیە لەکێشانی گیانەکاندا، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ تَوَفَّتْهُ رُسُلُنَا وَهُمْ لَا يُفَرِّطُونَ﴾ الأنعام: ٦١، واتە: (کە یەکێکیش لە ئێوە ڕۆژی تەواو بوو مەلائیکەی گیانکێشان و یاریدەرانی گیانی لێ ئەستێننەوەو، ئەم مەلائیکە ڕاسپێرراوانە دواناکەون لەوەی پێیان سپێردراوە.)

ڕۆژی قیامەت:

باوەڕ بەڕۆژی دوایی پایەی دووەمە لەپایەکانی بیروباوەڕ، تەنانەت لەقورئاندا چەندجار باسی باوەڕبوون بەخوا کراوە، هاوکات باوەڕبوون بەڕۆژی دوایی لەتەکدا باس کراوە.

مرۆڤی باوەڕدار هەمیشە لە بیریەتی، چاکەی زۆر ئەنجام دەدات بۆ ئەوەی پاداشتی ڕۆژی دوایی دەستگیربێت و، هێندەی لە توانایدایە لەخراپە دوورەکەوێتەوە لە ترسی سزاکەی، ئەگەر حەرامێکی خرایە پێش چاو، ئازاری ڕۆژی دوایی بیر دەکەوێتەوە و خۆی لێ لادەدات و لێی دوورەکەوێتەوە، ئەگەر ڕووبەڕووی کارێکی قورس بوویەوە، پاداشتی ڕۆژی دوایی بیردەکەوێتەوە و، نەفسی هەڵدەنێت بۆ ئەنجامدانی، باوەڕداران نێوانیان خۆش نییە لەگەڵ ڕاکشان لە جێگەی گەرم و نەرمدا (واتە بە نوێژ و خواپەرستی بەشێکی شەو دەبەنەسەر)، لە خۆشی و ناخۆشیدا، لە هەرزانی و گرانیدا مالّ و سامانیان دەبەخشن، فەزڵی باوەڕداران دەدەن بەسەر خۆیاندا هەرچەندە هەژار و نەداریش بن، بیر لە تۆندی سزای خوای گەورە دەکەنەوە و، بە بیستنی ناوی دڵەکانیان دادەچڵەکێت، پاشان یادی ڕەحمەتەکانی دەکەنەوە و دڵیان نەرم و ئامادە و چالاک دەبێت بۆ یادی خواو خواپەرستی و، بەیادی خوا خۆشنوود و ئاسوودە دەبن.

بەرپابوونی ڕۆژی قیامەت:

قورئانی پیرۆز پێی ڕاگەیاندووین کە هیچ کام لە دروستکراوان کاتی بەرپابوونی قیامەت نازانن، کەس نایزانێت خوای گەورە نەبێت.

﴿ يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلسَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَىٰهَا ۖ قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ رَبِّى ۖ لَا يُجَلِّيهَا لِوَقْتِهَآ إِلَّا هُوَ ﴾ الأعراف: ١٨٧، واتە: (دەربارەی ڕۆژی قیامەت پرسیارت لێ ئەکەن و ئەپرسن کەی دێت و جێگیر ئەبێ؟ ئەی موحەممەد! پێیان بڵێ زانینی کات و ساتی ڕۆژی قیامەت لای خودای پەروەردگارمە. کەس لە سات و کاتی خۆیدا دەرێناخات و بەرپای ناکات ئەو نەبێ.)

﴿كَلَمْحِ ٱلْبَصَرِ أَوْ هُوَ أَقْرَبُ﴾النحل: ٧٧، واتە: (ڕووداني قیامەت لای خوا وەك چاو بەیەکادانێکە یا لەوەیش کەمترە.)

بەڵام لە قورئانـدا هاتووە کە پێش بەرپابوونی ڕۆژی قیامەت ڕووداوی سەرسوڕهێنەر لەم گەردوونەدا ڕووەدات، لەوانەیش: گیاندارێك لە زەویـەوە دەردەچـێت و قسە لەگـەڵ خەڵکیـدا دەکـات، ئەمـەیش هەواڵێکی ڕاستە، لەو غەیبەوە کە عـەقڵی ئـادەمیزاد دەرکی پێناکـات، هیچی لەبارەوە نازانین تەنها ئـەوە نـەبێت کـە خـوای گـەورە دەربـارەی زانیاری پێداوین و، خوای گەورە بۆی ڕوون نەکردوینەتەوە ئەو گیانـدارە چیـیە و؟ سیفەتەکانی چین؟ باوەڕبوون پێی واجبەو دروست نییـە بـەبێ بەڵگەیەکی بیستراو لەبارەیەوە بدوێین.

لە نیشانەکانی بەرپابوونی قیامەت:

ڕووخانی بەستەکەی ذولقەرنەین و دەرچـوونی (یـەئجوج و مـەئجوج) لێیەوە، خـوای گـەورە ئاشـکرای نـەکردووە یـەئجوج و مـەئجوج کـێن و، لـەکام ئومـەتن و، وڵاتەکـەیان کامەیـە و، ئـەو بەربەسـتەیش دەکەوێتـە کوێوە، جا ئەگەر توانیمان بە گەڕان و لێکۆڵینەوە ئەوە دیاری بکەین و، گەیشتینە ئەنجامێك کە پێچەوانەی هەواڵی قورئان نییە، ئەوا پەسـەندی

دەکـەین، ئەگـەر نـا باوەڕمـان بـە هـەواڵی قورئانـەو لـەو سـنوورەدا دەوەستین کە خوای گەورە بۆی داناوین، خوای گەورە دەفەرموویّت:

﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا فُتِحَتۡ يَأۡجُوجُ وَمَأۡجُوجُ وَهُم مِّن كُلِّ حَدَبٖ يَنسِلُونَ ﴿٩٦﴾ وَٱقۡتَرَبَ ٱلۡوَعۡدُ ٱلۡحَقُّ فَإِذَا هِيَ شَٰخِصَةٌ أَبۡصَٰرُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ... ﴾ الأنبيـاء: ٩٦ – ٩٧، واتە: (تا کاتێ کە ڕێگای یاجووج و ماجووج ئەکرێتەوە، واتا تا ڕۆژی قیامەت دێو یاجووج و ماجووج لە هەموو ملەو بەرزاییەکەوە بەپەلە ئەکەونەڕێ، ئەو کاتە خەڵکی ئەو ئاواییە وێرانکراوانەیش زیندوو ئەکرێنەوە. زیندوو نابنەوە تا کاتێ کە گفتی ڕاست نزیک ئەبێتەوە کە هاتنی ڕۆژی قیامەتەو چاوی کافرەکان ئەبڵەق ئەبێ...)

زۆر ڕوداوی دیکەش کە لەفەرموودەدا هاتوون [1]و، قورئان باسی لێ نەکردوون، لەوانە: هەڵگرتنەوەی زانست، دەرکەوتنی نەزانی، مەی خواردنەوە، دەرکەوتنی زینا، کەمبوونەوەی پیاوان، زۆربوونی ئافرەتان، کەمبوونەوەی ئەمانەت پارێزی، تێکچوون و شێوانی هاوسەنگیەکانی کۆمەڵگا، نزم بەرز دەبێتەوە و، بەرز نزم دەبێتەوە، دەجال دەردەکەوێت و، حەزرەتی (عیسا) لەعالەمی مەلەکووتەوە دێتەخوارەوە و، شەریعەتی دوایین پێغەمبەر حەزرەتی(محمد)ﷺ سەردەخات.

١– ئەو فەرموودانەی یەک کەس لەکەسێکی دیکەوە ڕیوایەتی کردووە، ناتوانین بەتەواوی دان بەوەدا بنێین کە پێغەمبەری خواﷺ فەرموویەتی بەوجۆرەی کەدانەنێین بەڕاستی دەقی قورئاندا، لەبەرئەوە مرۆڤ هەر بەشێك لەقورئان بەدرۆ بزانێت بەبێباوەڕ لەقەڵەم دەدرێت، بەڵام بڕیاری بێباوەڕی بەسەر کەسێکدا نادرێت ئەگەر نکوڵی لەفەرموودەی لەم جۆرە بکات.

دەستپێکردنی قیامەت:

ئەوەی لە قورئاندا لە ئایەتەکانی قیامەتەوە بۆمان دەردەکەوێ[1]، ئەوەیە کە قیامەت بە بومەلەرزەیەکی زۆر گەورە دەست پێدەکات، لەو بومەلەرزانە ناچێت کە خەڵکی بینیوویانە، ئەم بومەلەرزەیە لەکاتێکدا ڕووەدات–خوا زاناترە– کە هێشتا ژیانی ئادەمیزاد بەردەوامە لەسەر زەوی و، خەڵکی زیندوون و لە ژیاندان، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی ترسان و تۆقینێکی فراوان دەبێتەوە، هەمووی ترس دایدەگرێت، هێندە توندو سامناك دەبێت دایك ئاگای لە کۆرپە شیرەخۆرەکەی نامێنێت، کە خۆی لە سروشتیدا سۆز و خۆشەویستی تایبەتی بۆی هەیە. ئافرەتە سکپڕەکان لە ترسا سکەکانیان لەباردەچێت و، خەڵکی خەریکە عەقڵ و هۆشیان لەدەست دەدەن، وەکو سەرخۆشیان لێدێت.

﴿وَمَا هُم بِسُكَٰرَىٰ وَلَٰكِنَّ عَذَابَ ٱللَّهِ شَدِيدٌ﴾ الحج: ٢، واتە: (ئەبینی خەڵك سەرخۆشن و لە ڕاستییشدا سەرخۆش نین، بەڵام سزاکەی خوا زۆر سەختەو لەتاواندا خەڵکەکە وایان لێ بەسەرهاتووە.)

١– لەبەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا: بەشێوەیەکی گشتی قسەکانم ئاڕاستەی موسوڵمان و غەیری موسوڵمان کردووە و، زیاتر پشتم بە بەڵگەی عەقڵی بەستووە، کاتێك گەیشتمە سەر بەشەکانی باوەڕ، قسەکان–بەزۆری– ئاڕاستەی باوەڕدار کراوە، زیاتر پشتم بەبەڵگەی بیستراو بەستووە و، ئایەتەکانی قورئانم بەبەڵگە هێناوەتەوە.–

ئەوەی ئەم بۆچوونە[1] پەسەند دەکات کە ئەم بومەلەرزەیە پێش قیامەتە ئەم فەرموودەیەی خوای گەورەیە:

﴿إِذَا زُلْزِلَتِ ٱلْأَرْضُ زِلْزَالَهَا ۝١ وَأَخْرَجَتِ ٱلْأَرْضُ أَثْقَالَهَا ۝٢ وَقَالَ ٱلْإِنسَٰنُ مَا لَهَا﴾ الزلزلة: ١ - ٣ واتە: (کە زەوی بوومەلەرزەی پێکەوت ئەو بوومەلەرزەیەی خوا بۆی بڕیارداوەو، زەوی هەرچی شارراوەی ناو خۆی هەیە هەمووی هەڵڕشتە دەرەوە، یا هەرچی مردووی تیا نێژراوە هەمووی خستە دەرەوەو، ئادەمزادیش لە سەرسامییا وتی: ئەوە زەوی چییەتی وای بەسەرهاتووە؟)

مرۆڤ لەسەر زەویدا ماوەتەوە و، بومەلەرزەکە دەبینێ و، پرسیاری لە بارەوە دەکات و، بەدوای هۆکارەکانیدا دەگەڕێت.

ڕووداوە گەردوونیەکان:

ڕۆژی قیامەت و، ئەوەی لەو ڕۆژەدا ڕوودەدات و، ئەوەش لەدوای دێت، لە نادیارو نەزانراوەکانن و، هەستەکان وەکو دروستکراوە ماددییەکان دەرکیان پێناکەن و، عەقڵی مرۆڤیش بڕیارێکی نییە لەبارەیانەوە، وەك ئەوەی کە بڕیار دەدات بەسەر ڕووداوە دونیاییەکاندا، هەموو ئیشەکەی لە تێگەیشتنی دەقەکان و، دەرکپێکردنی ماناکەیاندایە.

- هەندێك لەبارەی ئەم ئایەتەوە وتویانە: مەبەست لە زیندوبوونەوەیە چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَخْرَجَتِ ٱلْأَرْضُ أَثْقَالَهَا﴾ الزلزلة: ٢. هەردوو بۆچوونەکەش ڕێیان تێدەچێت، لەو بارەیەوە بڕیار نادەم بەلاکو دەڵێم: "خوا زاناترە....".

لە قورئانیشدا دەقی ڕوون و ئاشکرا هەیە، کە بەڵگەیە لەسەرئەوەی زۆربەی یاسا گەردوونیەکان، کە ناومان ناوە یاساکانی سروشت، گۆڕانکاری بەسەردا دێت، هەروەک ئەوەی بەردەوام بوونی پەیوەست بێت بە بەردەوام بوونی ئەم دنیایەوە، ئەگەر ماوەکەی کۆتایی هات بواری ئەم یاسایانەش کۆتاییان دێت. وەک ئەوەی ئەو جیهانەی کە دەیبینیت، بە زەوی و هەسارەکانیەوە و، بەو هەموو وردەکارییە سەرسوڕهێنەرەی تیایەتی، بینایەکی کاتی بێت، بۆ مەبەستێك و کاتێکی دیاریکراو دروستکرابێت. لەو ڕووداوانەش، شاخەکان دێنە لەرزە، تاوێرە بەردەکانی لەیەك هەڵدەوەشێن، شاخەکان وەك خوری شیکراوەیان لێدێت، شاخێکی گەورە وەکو تەپۆلکەی لێ دێت، پاشان وردوخاش دەبن و لەبەریەك هەڵدەتەکێن، وەکو تەپۆلکەی لمین دەچن بەهەوادا و، دەبنە سەراب و، زەوی وەك دەشتی تەختانی لێدێت. هەموو ئەمانە قورئان هەواڵی لەبارەوە داون و، هەواڵی ئەوەی داوە کە دەریاکان دەتەقنەوە و، دەبنە هەڵم و، هەسارەکان پەرش و بڵاو دەبنەوە و ڕێڕەوەکانیان دەگۆڕێت و، ئاسمان لەت لەت و پارچە پارچە دەبێت، پاشان دەپێچرێتەوە وەکو چۆن کتێبی کراوە دادەخرێت و دەپێچرێتەوە، لەئەنجامدا ئاسمان و زەوی دەگۆڕێن و بەشێوەیەکی تر دروست دەکرێنەوە.

فووکردن بەسور دا:

لەڕاستیدا نازانین (صور) چییە و، چۆن فووی پیادەکرێت و، هەرچیەکی لەبارەوە دەوترێت کە پشتی بەبەڵگەیەکی بیستراوی ڕاست

نەبەستبێت، پشتی پێنابەستڕێت. ئەوەشی لەقورئاندا هاتووە: ئەوەیە کە فووی پیادەکرێت جا هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە ترس و بیمێکی زۆر دایاندەگرێت، فووی پیادەکرێت هەرکەس لە ئاسمان و زەویدا مابێت خێرا دەمرێت. وادیارە: دووجار فوودەکرێت بە(صور)داو، لەوانەشە یەکجاربێت، دوای ئەوە هەموو زیندەوەران دەمرن"مەگەر کەسێك خوا ویستی لەسەر مردنی نەبێت"، ماوەیەك دەگوزەرێت کە خوا خۆی دەزانێت چەندە، پاشان فوو دەکرێتەوە بە(صور) دا ژیان دەگەڕێتەوە بۆ هەموو مردوویەك و هەمووان زیندوودەبنەوە، خێرا لە گۆڕەکانیان دێنە دەرەوە: ﴿وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَإِذَا هُم مِّنَ ٱلْأَجْدَاثِ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يَنسِلُونَ﴾ یس: ٥١، کەس ناتوانێت سەرپێچی بکات یان خۆی بدزێتەوە.

زیندووبوونەوە و حەشر:

هەموو مردوویەك لەسەر ئەو بارە دەروونیە زیندوو دەکرێتەوە کە لەسەری مردووە، وا دەزانێت تەنها سەعاتێك یان چەند سەعاتێك تێپەڕیوە بەسەریدا، وەکو کەسێك خەریکی کڕین یان فرۆشتن یان قسەکردنە و کتوپڕ سەیارە لێی دەدات و، دەبوورێتەوە و سێ پۆڵ بێهۆش دەکەوێت، کە هۆشی هاتەوە دەگەڕێتەوە سەر تەواوکردنی قسەکانی، یان کڕین و فرۆشتنەکەی تەواو دەکات، نازانێت کە سێ پۆڵی بەسەردا تێپەڕیوە، خەڵکیش لەپۆڵی زیندووبوونەوەدا هەر بەو شێوەیەن، بۆیە ئایین فێری کردوین داوای عاقیبەت خێری لە خوای گەورە بکەین.

خـوای گـەورە لـە دونیـادا نموونـەی هاوشـێوەی زیندووبوونـەوەی پیشانی خەڵکی داوە، وەك ئـەو کەسـەی بـەلای شارۆچـکەیەکی چـۆڵ و وێران و داڕووخاودا تێپەڕی و، وتی:

﴿أَنَّىٰ يُحْيِۦ هَٰذِهِ ٱللَّهُ بَعْدَ مَوْتِهَا ۖ فَأَمَاتَهُ ٱللَّهُ مِاْئَةَ عَامٍ ثُمَّ بَعَثَهُۥ ۖ قَالَ كَمْ لَبِثْتَ ۖ قَالَ لَبِثْتُ يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ ۖ قَالَ بَل لَّبِثْتَ مِاْئَةَ عَامٍ﴾ البقرة: ٢٥٩، **واتـە:** (خـودا چۆن ئەم کاوله وێرانە زیندوو ئەکاتـەوە؟ هـەر لەوێـدا خـودا بـۆ مـاوەی صەد ساڵ عوزەیری مراندو، پاش ئەوە زیندووی کـردەوەو لێـی پرسـی: چەند بەو حاڵە مایتەوە، واتە: بە مردوویـی؟ وتـی: ڕۆژێ یـا نیـوەڕۆژێ. خودا فەرمووی: نەخەیر صەد ساڵە مردووی).

هاوەڵانی ئەشکەوت، ٣٠٩ ساڵ خەویان لێکەوت، پاشان کە خەبەریان بوویەوە وایان دەزانی تەنها چەند سەعاتێك خەوتوون، هاوەڵێکیان نـارد تا بە پارەکەیان –کە مامەڵە پێکردنی بەسـەر چـووبوو– خواردنیـان بـۆ بکڕێت، نەیاندەزانی ئەو هەموو ماوەیە خەویان لێکەوتووە.

ئەمەش حاڵی خەڵکییە لەکاتی زیندووبوونـەوەدا، هـەموو یـەکێك لای وایە کەمێك خەوتووە و خەبەری بووەتەوە، دەکەونـە مقـۆ مقـۆ لـەنێوان یەکتردا:

﴿يُقْسِمُ ٱلْمُجْرِمُونَ مَا لَبِثُوا۟ غَيْرَ سَاعَةٍ﴾الروم: ٥٥، **واتە:** (تاوانباران سوێند ئەخۆن سەعاتێ زیاتر لە دنیادا نەژیاون و نەماونەتەوە.)

﴿ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ وَٱلْإِيمَٰنَ لَقَدْ لَبِثْتُمْ فِى كِتَٰبِ ٱللَّهِ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْبَعْثِ ۖ فَهَٰذَا يَوْمُ ٱلْبَعْثِ وَلَٰكِنَّكُمْ كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ الروم: ٥٦، **واتە:** (ئەوانەیش کە زانست و باوەڕیان دراوەتێ و موسوڵمان بـوون و چـاکەو خراپـەیان زانیـوە پێیـان

ئەڵێن: نەخەیر وا نییە. لە عیلمی خوادا هەیە کەوا تەواوی تەمەنتان لە دنیادا ژیاون و پاشان مردوون و وا ماونەتەوە تا پڕۆژی زیندووکردنەوەتان کە ئەمڕۆیەو وا ئێستا زیندوو کراونەتەوە بۆ لێپرسینەوە، بەڵام ئێوە لەبەر ئەوەی ئێستا لە بەردەم لێپرسینەوەدا وەستاون هیچ نازانن و هەموتان لە بیر چووەتەوە.)

وا گومان دەبەن کە هێشتا لەدونیادان، بەڵام سامناکی ئەو بارودۆخەی تێی کەوتوون هیچ پەیوەندیەکی خزمایەتی لەنێوانیاندا ناهێڵێت.

﴿فَلَآ أَنسَابَ بَيْنَهُمْ يَوْمَئِذٍ﴾ المؤمنون: ١٠١ ، واتە: (بنەچەو نەوە نامێنێ لە نێوانیانا.)

مرۆڤ هاوڕێ نزیك و دڵسۆزەکەی دەبینێت، لێی ناپرسێتەوە و گرنگی پێنادات. هەرکەسە خەمی خۆیەتی، لەدەست براو دایك و باوك و، هاوسەر و منداڵەکانی ڕادەکات. بەڵکو ئەگەر بارمتەی لێوەربگیرایە دەیکردنە قوربانی و بارمتە لەپێناوی خۆیدا، ماوەیەك وازیان لێدەهێنرێت—خوای گەورە زانایە بەو ماوەیە— وەك شەپۆل بەناو یەکدا دێن، پاشان هەموویان بۆ مەحشەر کۆدەکرێنەوە و ڕاپێچ دەکرێن.

هەموو مرۆڤەکان لە ئادەمەوە تا دوایین نەوەی، ئەوەی لەسەر جێگاکەی مردووە، ئەوەی لەدەریادا نوقم بووە، ئەوەی درندە خواردوویەتی و، ئەوەی لە فڕۆکە کەوتوەتە خوارەوە و، ئەوەی بەئاگر سوتاوەو بووە بەخۆڵەمێش، خوای گەورە سەرلەنوێ دروستیان دەکاتەوە هەروەك چۆن یەکەمجار لەنەبووەوە بەدیهێنان، هەموویان

کۆدەکاتــەوەو، لەگــەڵ جنۆکــە و شــەیتان و درێنــدەکان بــەرەو زەوی مەحشەر ڕاپێچ دەکرێن.

﴿مُهۡطِعِينَ إِلَى ٱلدَّاعِۖ يَقُولُ ٱلۡكَٰفِرُونَ هَٰذَا يَوۡمٌ عَسِرٞ﴾ القمــر: ٨، **واتــــە:** (مـــــل دائەنەوێنن و بە پەلەپەل بەدەم بانگی چوون بۆ مەحشــەرەوە ئەچن. کافران ئەو ڕۆژە ئەڵێن: ئەمڕۆ ڕۆژێکی سەختە.)

پاشان خوای گەورە فەرمان بە دۆزەخ دەدات لە دوورەوە بۆ خــەڵکی دەردەکەوێت و، پێیان دەڵێت:

﴿أَلَمۡ أَعۡهَدۡ إِلَيۡكُمۡ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ أَن لَّا تَعۡبُدُواْ ٱلشَّيۡطَٰنَۖ إِنَّهُۥ لَكُمۡ عَدُوّٞ مُّبِينٞ ٦٠ وَأَنِ ٱعۡبُدُونِيۚ هَٰذَا صِرَٰطٞ مُّسۡتَقِيمٞ ٦١ وَلَقَدۡ أَضَلَّ مِنكُمۡ جِبِلّٗا كَثِيرًاۖ أَفَلَمۡ تَكُونُواْ تَعۡقِلُونَ ٦٢ هَٰذِهِۦ جَهَنَّمُ ٱلَّتِي كُنتُمۡ تُوعَدُونَ﴾ يس: ٦٠ – ٦٣، **واتە:** (ئــەی بەرەی ئادەمزاد! ئایا من کاتی خــۆی ڕام نەسپاردن پــێم نــەوتن: کــەوا بەندەگی بۆ شەیتان مەکەن و مەپەرستن، شەیتان بێگومان دوژمنێکــی ئاشکراتانە. بەنــدەگی بــۆ مــن بکــەن و مــن بپەرستن و ئەمەیــە ڕێگــای ڕاست؟ بەڕاستیش شــەیتان خــەڵکێکی زۆری لێ گومڕاکردن. ئایــا ئێــوە عەقڵ و فامتان نەبوو وا بــە گوێی شــەیتانتان کرد؟ ئەمــەی کــە ئێستا ئەیبینن ئەو دۆزەخەیە کە گفتتان پێ ئەدرا کەوا بەنسیبتان ئەبێ.)

خــوای گــەورە فــەرمان دەکــات گوناهبــاران جیــا دەکرێنــەوەو دەناسرێنەوە، هەموو یەکێکیان خۆزگە دەخوازێت کــە مــرۆڤ نەبوایــە و، دەڵێت: ﴿يَٰلَيۡتَنِي كُنتُ تُرَابَۢا﴾ النبأ: ٤٠، **واتە:** (بریا هەر گڵ بوومایــە لــە دنیــاداو دروست نەکرابام.)

خوای گەورە بێباوەڕان لە دۆزەخدا کۆدەکاتەوە، لەگەڵ ئەوانەی کە بێجگە لە خوا دەیانپەرستن و، بەخوای خۆیان دەزانین لە جنۆکە و شەیتانەکان و، ئەو ناوانەی کە دایان هێنابوو هیچ بنەمایەکی پاستیان نەبوو، بەخەیاڵی خۆیان دەیانوت هاوتای خوای گەورەن، وەک یۆنانیەکان کە ناویان نابوو: (زیوس) و(أفرودیت)، ڕۆمەکان: (جوپیتێر) و (ڤینۆس) و، فارسەکان: (هرمز) و(ئەهریمەن) و، میسریەکان: (حابی) و، فینقییەکان (بعل) و، (لات) و(عزی)ش لای عەرەبەکان. ئەمانەیان بە هاوتای خوا لەقەڵەم دەدا و یۆنانی و ڕۆمەکان (ئەپۆڵۆن) یان بەخوای خۆر و هونەر دەزانی و، (باخوس) بەخوای شەراب و، (دیانا یان ئارتیمیس) بەخوای ڕاو و، (مینرڤا)بەخوای حیکمەت و، (نیبتۆن) بەخوای دەریاو هتد.... خوای گەورە پێیان دەفەرموێت: ﴿نَادُواْ شُرَكَآءِيَ ٱلَّذِينَ زَعَمْتُمْ فَدَعَوْهُمْ فَلَمْ يَسْتَجِيبُواْ لَهُمْ﴾ الكهف: ٥٢، واتە: (ئادەی بانگ لە هاوبەشەکانم بکەن، ئەوانەی ئێوە بە هاوبەشی منتان ئەزانین و ئەتانوت: ئەوانە تکاتان بۆ ئەکەن لای من. جا کافرەکانیش بانگیان لێ ئەکەن، بەڵام ئەوان هیچ وەڵامیان نادەنەوەو فریایان ناکەون.)

هەروەها پێیان دەفەرموێت: ﴿مَا لَكُمْ لَا تَنَاصَرُونَ﴾ الصافات: ٢٥، واتە: (ئەوە چیتان لێ قەوماوە یارمەتیی یەکتر نادەن؟)

لاواز و بێ دەسەڵاتەکان سەیری خۆبەزلزان و ستەمکارەکان دەکەن، ئەوانەی لە دنیادا خۆیان کردبووە پێشەوا و، گەلەکەیان بەڕەو شیرک و بێباوەڕی بردبوو، ئەمانیش شوێنیان کەوتبوون و پشتگیریان کردبوون پێیان دەڵێن:

﴿إِنَّا كُنَّا لَكُمْ تَبَعًا فَهَلْ أَنتُم مُّغْنُونَ عَنَّا مِنْ عَذَابِ ٱللَّهِ مِن شَيْءٍ﴾ إبـراهيم: ٢١، واتە: (ئێمە کە لە دنیادا باوەڕمان بە پێغەمبەران نەئەکرد، دوای ئێوە کەوتبوین، ئایا ئێوە ئێستە بەشێ لەو سزای خودایەمان لێ لانەدەن؟).

ئەوانیش خۆیان بەبێتاوان لەقەڵەم دەدەن و وەڵامیان دەدەنەوە و دەڵێن ئێمە بێبەرین لێتان، دان بەبێ توانایی خۆیاندا دەنێن بەوەی کە ناتوانن سزا لەسەر ئەوان و تەنانەت لەسەر خۆیشیان کەم بکەنەوە، هەمووان بە گەردنکەچی و کەساسی(لەبەردەم پەروەردگاری جیهانیاندا) دەوەستن و، هەموو خواوەندە داتاشراو و بەگومان دروستکراوەکانیان لەناو دەچن و، پێشەوایەتییە ساختە و ناڕەواکانیان دەسڕدرێنەوە، پەیمانی شەیتانیی نێوان بێبەشەوڕان و پەرستراوە بێبەنەماکانیان دەپچڕێت و، هەموو یەکێك خۆی بەری دەکات لەوەی کە بەناڕەوا پەرستویەتی، تەنانەت شەیتان لەبەردەم شوێنکەوتووانیدا دان بەدرۆکەیدا دەنێت و دەڵێت: ﴿لَمَّا قُضِيَ ٱلْأَمْرُ إِنَّ ٱللَّهَ وَعَدَكُمْ وَعْدَ ٱلْحَقِّ وَوَعَدتُّكُمْ فَأَخْلَفْتُكُمْ﴾ إبراهيم: ٢٢، واتە: (جا کاتێ کە حوکم بڕیارەوەو بەهەشتییان چوونە بەهەشت و دۆزەخییان چوونە دۆزەخ، شەیتان بە دۆزەخییەکانی وت: خودا بەڵێنی پێ دان و ڕاستی لەگەڵ کردن و هێنایەدی، منیش بەڵێنم پێدان کە حیساب نییەو درۆم لەگەڵ کردن.)

خۆی لەپەڕەوانی دەدزێتەوە و هەموو لۆمە و تاوانێك دەخاتە ئەستۆی ئەوان و، دان بەلاوازی و بێتوانایی خۆیدا دەنێت لە دونیادا، بەوەی کە تەنها توانای وەسوەسە و گومڕاکردنی هەبووە، بەدەر لەوە

دەسەلاتێکی نەبووە و، توانای سوود و زیان گەیاندنی نەبووە و، دەڵێت:

﴿ وَمَا كَانَ لِيَ عَلَيْكُم مِّن سُلْطَانٍ إِلَّآ أَن دَعَوْتُكُمْ فَٱسْتَجَبْتُمْ لِي[1] فَلَا تَلُومُونِي وَلُومُوٓاْ أَنفُسَكُم ﴾إبراهيم: ٢٢، واتە: (من هیچ زۆرێکم نەبوو بەسەرتانەوە، تەنها ئەوەندە بوو بانگم کردن بۆ ڕێگای چەوت و بەگوێتان کردم. ئیستە سەرزەنشتی من مەکەن. سەرزەنشتی خۆتان بکەن کە بەگوێتان کردم.) ﴿إِنَّ كَيْدَ ٱلشَّيْطَٰنِ كَانَ ضَعِيفًا ﴾ النساء: ٧٦، واتە: (فڕوفێڵی شەیتان بێهێزەو بەرگەی جیهادی ئێوە ناگرێ.)

لێپرسینەوە:

بێگومان دەبێت هەموان لەحوزووری خوادا بۆ لێپرسینەوە بوەستین و حیساب و کیتابمان لەگەڵ بکرێت، کێشانەو تەرازووی دادپەروەری ڕەهـا دادەنرێت، کـە تۆسقاڵێك لەدەنکـە خەرتەلەیـەك و، گەردیلەیـەك لـەتۆز و، یـەك ئـەلیکترۆنی خولگـەی گەردیلەیـەك، تەنانـەت لەوانـەیش بچـووکتر زایـەناکات، هـەموو کردەوەکـانی مـرۆڤ دەژمێردرێـت و دەخەملێنرێت، دڵسۆزی و نیەتە باشەکانی ئاشکرا دەبێت و، کێشانەی چاکەکانی بۆ قورس دەکات و، ئەوەیشی دووڕوویی و ڕووپامایی لەدڵیدا هەبێت، بۆی دەبێتە قورساییەك لەسەر لای خراپەکانی لەکێشانەدا[2].

١- ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر ناڕەوایی و پووچەڵی کاری جادووگەران کە بانگەشەی ئەوە دەکەن جنۆکەو شەیتان بەکاردەهێنن، بۆ زیان گەیاندن و سوودگەیاندن بەهەرکەسێك بیانەوێت و، لەلاشەی تووشبووان بەنەخۆشی دەروونی دەریاندەهێنن.

٢- ئەوەی وتراوە لە وەسفی تەرازوو کێشانەی ڕۆژی دوایی و شێوەکەیدا هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە.

دادگایەکی عادیلانەیە، هیچ شتێك سوود بەمرۆڤ ناگەیەنێت، تەنها ئەو کردەوانە نەبێت کە ئەنجامی داون و، لێخۆشبوون و ڕەحمەتی پەروەردگاری نەبێت کە پەنای بۆ بردووە و لێی پاڕاوەتەوە، ئەو پارە و سامانەی هەیبووە فریای ناکەوێت تەنها ئەو بەشەی نەبێت کە لەپێناو خوادا بەخشیوویەتی و، پلەوپایە و دەسەلات بەکەڵکی نایەت تەنها ئەوەی نەبێت کە لە پەرستش و فەرمانبەرداری خوادا بەکاریهێناوە، هیچ کەس ناتوانێت سوود بەکەس بگەیەنێت و، کەس ناتوانێت شەفاعەتکارێك بدۆزێتەوە تاشەفاعەتی بۆ بکات لەدوای ڕازی بوون و ڕوخسەتی پەروەردگاری نەبێت.

شەفاعەتی ڕۆژی دوایی وەکو شەفاعەتی دونیا نییە، شەفاعەتکار لەدونیادا دەچێتە ژوورەوە بۆلای دادوەر و، دەسەلات و پلەوپایەی دەخاتە پێش چاو، ناچاری دەکات بەشەفاعەتەکەی ڕازی بێت هەرچەندە لەناخیدا بەوکارە ڕازی نەبێت، جا ئەوکات تۆمەتبارێك لەسزا ڕزگار دەکات، بەڵام شەفاعەت لەڕۆژی دواییدا کاتێك وەردەگیرێت کە خوای پەروەردگار ڕەزامەند بێت (بەڕەحمەتی خۆی) لەیەکێك خۆشبێت و، بیەوێت (بەکەرەمی خۆی) یەکێك شکۆمەند بکات و دەیکاتە هۆکارێکی ئاشکرا بۆ ئەو لێخۆشبوونە، ڕێگە دەدات شەفاعەتی بۆ بکرێت، شەفاعەت کردن بەڕوخسەت و فەرمانی پەروەردگارە.

شاهید و بەڵگەکان:

دادگاکانی دونیا، کۆمەڵێك دادوەر لەمرۆڤەکان بەڕێوەی دەبەن ، دادپەروەریەکی ئادەمی سنووداری هەیەو، هۆکارەکانی سەلماندنی

ئاشکراو دیاریکراون، بەڵام دادگاییەکانی ڕۆژی دوایی خوای گەورە فەرمانڕەواو دادڕەسیەتی و، دادپەروەریەکەی ڕەها و بێسنوورە و، بەڵگەکانی شایەتی پێغەمبەران و، ئەو فریشتانەیە کە کردەوەکانیان ژماردووە و، چاکە و خراپەکانیان تۆمارکردووە. ئەو پەڕاوانەی ئەم سەرژمێریانە و، دانپیانانی تاوانباران و شایەتیدانی ئەندامەکانی جەستی تیادا تۆمارکراوە.

شایەتیدانی پێغەمبەران:

پێغەمبەران لەڕۆژی لێپرسینەوەدا ئامادە دەبن هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَوُضِعَ ٱلْكِتَٰبُ وَجِا۟ىٓءَ بِٱلنَّبِيِّـۧنَ﴾ الزمر: ٦٩، واتە: (کتێب و دەفتەری لێپرسینەوە دائەنرێو، پێغەمبەران و شەهیدان ئەهێنرێن)

دادگایی و لێپرسینەوەی هەر ئومەتێك بەپێی شەریعەتەکەی خۆی و، بەئامادەبوونی پێغەمبەرەکەی بەڕێوە دەچێت:

﴿وَتَرَىٰ كُلَّ أُمَّةٍ جَاثِيَةً ۚ كُلُّ أُمَّةٍ تُدْعَىٰٓ إِلَىٰ كِتَٰبِهَا﴾ الجاثية: ٢٨، واتە: (لەو ڕۆژەدا ئەبینی پەیڕەوانی هەر ئایینێ بۆخۆیان کۆبوونەتەوە بۆ لێپرسینەوە. پەیڕەوانی هەر ئایینێ بانگ ئەکرێن بۆسەر نامەو دەفتەری کردەوەی دنیایان.) ﴿فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا مِن كُلِّ أُمَّةٍۭ بِشَهِيدٍ وَجِئْنَا بِكَ عَلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ شَهِيدًا﴾ النساء: ٤١، واتە: (ئەبێ حاڵی ئەوکافرانە، لە جوولەکەو لە گاورو غەیری ئەوان، چۆن بێ کە لە ڕۆژی قیامەتدا شاهیدێ لەسەر هەر ئوممەتێ بێنین، واتە کە پێغەمبەرەکەیان شایەتی لەسەر بێباوەڕیو

کردەوەی خراپی کافرەکان بدات و تۆیش بێنین بۆ شاهیدی لەسەر ڕاستیی قسەی پێغەمبەرەکانیان ؟)

کتێب و پەڕاوەکان:

ئەو پەڕاوانەی لەدونیادا هەموو کردەوەکانمانی تیادا تۆمارەدەکرێت، پێچراوەتەوەو شاراوەیە، نهێنییەکە کەس نایزانێت. ئەگەر بەندە تەوبەیەکی ڕاستگۆیانەی کرد لەو تاوانانەی لەپەڕاوەکەیدا تۆمارکراون، ئەوا تاوانەکانی دەسڕێتەوە، ئەگەر نا تیایدا دەمێنێتەوە، جا کە ڕۆژی لێپرسینەوە هاتەپێش، بڵاودەکرێتەوەو ئاشکرا دەکرێت، وەك ئەنجامی تاقیکردنەوە، کە نهێنییە لای سەرپەرشتیارانی تاقیکردنەوەکان و کەس بەکەوتن و دەرنەچوونی فێرخوازان نازانێت ئەوان نەبن، بەڵام هەر کە کاتی ئاشکراکردنی هات، خەڵکی پێی دەزانن و، کەسی کەوتوو لەنێو کەسوکارو ئەندامانی خێزانەکەیدا ئاشکرا دەبێت، بەڵام لێرەدا لەنێو هەموو دروستکراوانداید، کە گەورەترین ئاشکرابوون و ئابڕووچوونە دەرنەچوو لەتاقیکردنەوەیەکی دونیادا لەپۆلێکدا دەکەوێت و، سااڵێك لەتەمەنی بەهەدەر دەڕوات، بەڵام دەرنەچوو لێرەدا دەکەوێتە ئاگری دۆزەخەوەو بەختەوەری هەمیشەیی لەدەست دەدات و–ئەگەر بێبەشەڕ بوو– دەخرێتە نێو سزاو ئازاری هەمیشەییەوە.

نامەی کردەوەکان بڵاودەکرێنەوە و دابەش دەکرێن، هەموو مرۆڤێك نامەی کردەوەکانی بەکراوەیی پێدەدرێت و، پێی دەوترێت:

﴿ ٱقۡرَأۡ كِتَٰبَكَ كَفَىٰ بِنَفۡسِكَ ٱلۡيَوۡمَ عَلَيۡكَ حَسِيبٗا ﴾ الإسراء: ١٤، واتە: (کتێبی کردەوەکانی خۆت بخوێنەرەوەو بزانە چیت کردووە ؟ ئەمڕۆ خۆت

بەسیت بۆ لێپرسینەوەی خۆت، واتە پێویست ناکات کەس شایەتیت لێ بدات.)

جا ئەوەی چاکەکانی کە فریشتەی سەرشانی پاست تۆماری کردوون زیاتربێت، نامەی کردەوەکانی دەدرێتە دەستی پاستی وەکو مژدەپێدانێك بەوەی کە﴿يُحَاسَبُ حِسَابًا يَسِيرًا﴾ الانشقاق: ٨، واتە: (ئەوە لەوەپاش بە ئاسانی لێی ئەپرسرێتەوە.)

کە نامەکەی بینی دڵخۆش دەبێت، وەك چۆن قوتابی کاتێك ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی وەردەگرێتەوە و دەبینێت دەرچووە دڵخۆش دەبێت و، حەزدەکات خوشك و برا و کەسوکاری لە سەرکەوتنەکەی ئاگادار بکات و، دەڵێت: ﴿هَآؤُمُ اقْرَءُوا كِتَٰبِيَهْ ۝١٩ إِنِّي ظَنَنتُ أَنِّي مُلَٰقٍ حِسَابِيَهْ﴾ الحاقة: ١٩ -٢٠، واتە: (فەرموون کارنامەکەم بخوێننەوە. من ئەمزانی بە حیساب و کیتابی خۆم ئەگەم و، سوپاس بۆ خوا وا پێیگەیشتم.) (واتە: یەقینم هەبوو لەدونیادا)

ئەو کەسەی خراپە و گوناهەکانی کە فریشتەی سەرشانی چەپ تۆماری کردوون زیاتر بوو، نامەی کردەوەکانی دەدرێتە دەستی چەپی و، بەسەرخۆیدا دەگری و دڵنیایە لەتیاچوونی و دەڵێت:

﴿يَٰلَيْتَنِي لَمْ أُوتَ كِتَٰبِيَهْ ۝٢٥ وَلَمْ أَدْرِ حِسَابِيَهْ ۝٢٦ يَٰلَيْتَهَا كَانَتِ ٱلْقَاضِيَةَ ۝٢٧ مَآ أَغْنَىٰ عَنِّي مَالِيَهْ ۝٢٨ هَلَكَ عَنِّي سُلْطَٰنِيَهْ﴾ الحاقة: ٢٥ – ٢٩، واتە: (خۆزگە کتێبی کارنامەکەم نەدرایەتە دەستم. نەیشمزانییایە حیساب و کیتابم چییەو چۆنە. خۆزگە ئەو مردنە کە مردم مردنێ بووایە وای بمراندمایە هەرگیزاو هەرگیز زیندوو نەبوومایەتەوە. هەرچی پارەو دارایم هەبوو دادی نەدام و

سوودی نەبوو بۆم. سامان و دەسەلاتم بەسەر خەڵکا، یا ئەو بەڵگانەی لەدنیادا ئەمهێنانەوە بۆ ئیسپات کردنی ڕاو بۆچوونی خۆم، هەموویم لە دەس چوو.) ﴿وَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ وَرَاءَ ظَهْرِهِ ۝١٠ فَسَوْفَ يَدْعُو ثُبُورًا ۝١١ وَيَصْلَىٰ سَعِيرًا﴾ الإنشقاق:١٠ – ١٢، واتە: (هەر کەسێکیش کتێبی کارنامەی لەلای پشتیەوە بدرێتە دەستی چەپی، ئەوە ئەکەوێتە هاوارو باوکەڕۆو، ئەچێتە ناو ئاگری دۆزەخ.)

تاوانبـاران نامـەی کردەوەکانیـان دەخوێننـەوە، دەبیـنن هەرچـی کردەوەیەکیان کردووە تیایدا تۆمارکراوە، ﴿أَحْصَىٰهُ اللَّهُ وَنَسُوهُ﴾ المجادلة: ٦، واتە: (خوا بۆخۆی سەرژمێری کردووە ئەوان لە یادیان چووەتەوە).

بۆیە بەسەرسوڕمانەوە دەڵێن:

﴿يَا وَيْلَتَنَا مَالِ هَٰذَا الْكِتَابِ لَا يُغَادِرُ صَغِيرَةً وَلَا كَبِيرَةً إِلَّا أَحْصَاهَا ۚ وَوَجَدُوا مَا عَمِلُوا حَاضِرًا ۗ وَلَا يَظْلِمُ رَبُّكَ أَحَدًا﴾ الكهف: ٤٩، واتـە: (ئـەی هـاوار مـاڵوێران خۆمان! ئەم نامەیـە نـە کـاری گـەورەو نـە کـاری بچـووک هیچـی بـەجێ نەهێشتووەو هـەمووی نووسـیوەو دیـاریی کـردووە؟ چـیان کـردووە لـە دنیادا لەو کاتەدا هەمووی ئـەبینن و بـە تـەواوی بۆیـان دەرئەکـەوێ کـە پـەروەردگاری تۆ ستەم لە کەس ناکات و بە خۆڕایی سزای کەس نادات.) بەڵکو ئەوان خۆیان ستەمیان لەنەفسی خۆیان کردووە.

پـەشـیمان دەبنـەوە لـەو سەرکێشـیەی نواندویانـە، کاتێـک دوای وەسوەسەی شەیتان و ئارەزووی نەفسی فەرمانکار بەخراپـە کـەوتوون، ڕقیان لەخۆیان دەبێتەوە و لەقیامەتدا بانگیان لێدەکرێت:

﴿ يُنَادَوْنَ لَمَقْتُ ٱللَّهِ أَكْبَرُ مِن مَّقْتِكُمْ أَنفُسَكُمْ إِذْ تُدْعَوْنَ إِلَى ٱلْإِيمَٰنِ فَتَكْفُرُونَ ﴾ غافر: ١٠، واتە: (بەڕاستی ئەوانەی کە کافر بوون و بە کافری مردوون لە ڕۆژی قیامەتا بانگیان لێ ئەکرێ و پێیان ئەوترێ: دوژمنایەتیی خوا بۆ ئێوە لەم ڕۆژەدا گەورەترو سەختترە لە دوژمنایەتیی خۆتان بۆ خۆتان لە دنیادا کاتێ بانگ ئەکران بۆ باوەڕکردن بە خواو ئێوە کوفرتان ئەکردو ئیمانتان پێ نەئەهێنا.)

بەرگریکردن پاشان دانپیانان:

کاتێک بێباوەڕان بۆ لێپرسینەوە دەوەستێنرێن، پەنا دەبەنە بەر نکۆلّی کردن و، سوێندی درۆ دەخۆن لەسەر بێتاوانییان، وادەزانن لەبەردەم داوەڕێکی ئادەمی ڕواڵەت بیندان، لەبیریان چووەتەوە لەحوزوور پەروەردگاری هەموو جیهاندان، کە ئاگاداری ناخ و دەروونیانە و، زانایە بەڕاز و نهێنییەکانیان.

﴿فَيَحْلِفُونَ لَهُۥ كَمَا يَحْلِفُونَ لَكُمْ﴾المجادلة: ١٨،.

دەڵێن: ﴿وَٱللَّهِ رَبِّنَا مَا كُنَّا مُشْرِكِينَ ﴾ الأنعام: ٢٣، واتە: (بە خودا قەسەم ئێمە هاوڕێمان بۆ خودا دانەناوە.)

خوای گەورە مۆر دەنێت بەدەمیاندا، ناهێڵێت قسەبکەن و، فەرمان بەئەندامەکانی لاشەیان دەکات کە لەئەنجامدانی تاوان و حەرامدا بەکارهێنراون ئەوانیش شایەتی دەدەن لەسەر ئەو کردەوانەی کاتی خۆی کردوویانن، دەست قسە دەکات و دان دەنێت بەو حەرامانەی ئەنجامی داون و، قاچ شایەتی دەدات لەسەر ئەو حەرامانەی کە بەرەو

لایان ڕۆشتووە: ﴿ ٱلْيَوْمَ نَخْتِمُ عَلَىٰٓ أَفْوَٰهِهِمْ وَتُكَلِّمُنَآ أَيْدِيهِمْ وَتَشْهَدُ أَرْجُلُهُم بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴾ یس: ٦٥ ، واتە: (ئەمڕۆ دەمیان مۆر ئەکەین بۆ ئەوەی نەتوانن هیچ بڵێن و، دەستیان قسەمان بۆ ئەکاو پێیان شایەتیمان بۆ ئەدا لەسەر ئەو کردەوانەی کاتی خۆی کردوویانن، واتە یا نیشانەی گوناهەکانیان دەرئەکەوێ یا هەر دەستوپەلیان دێنینە گۆ.)

جا کاتێک دان بەتاوانەکانیاندا دەنێن و، تاوانەکە بەسەریاندا دەچەسپێت، دەست دەکەن بەسەرزەنشت کردنی ئەندامەکانی لاشەیان.

﴿وَقَالُوا۟ لِجُلُودِهِمْ لِمَ شَهِدتُّمْ عَلَيْنَا ۖ قَالُوٓا۟ أَنطَقَنَا ٱللَّهُ ٱلَّذِىٓ أَنطَقَ كُلَّ شَىْءٍ ﴾ فصلت: ٢١، واتە: (کافرەکان بە پێستی لەشی خۆیان ئەڵێن: بۆ شایەتیتان لێداین لەسەر ئەو کردەوە خراپانەی کردوومانن؟ ئەوانیش ئەڵێن: ئەو خوایەی هەموو شتێکی هێناوەتە گۆو ئێوەی یەکەمجار لە دنیادا دروست کردووەو سەرەنجامیش بۆ لای ئەو ئەگەڕێنەوە، ئەو خوایە هێنایینیە گۆ.)

لەدونیادا خۆیان دەشاردەوە بۆئەوەی کاری ناشیرین و خراپە ئەنجام بدەن، لەکاتێکدا ئەمڕۆ بێزەری تەلەفزیۆن لەژوورێکدایە کە دەرگاکانی داخراون و، لەنێو چوار دیوارداید، بەڵام ملیۆنەها کەس دەیبینن و، گوێبیستی قسەکانی دەبن و، شاهێدن بەسەریەوە، جا ئەگەر مرۆڤ لەدونیادا بەمە گەشتبێت، کەواتە دەبێت زانست و لێپرسینەوەی خوای گەورە لەڕۆژی دواییدا چۆن بێت؟ هەر بۆیە خوای گەورە سەرزەنشتیان دەکات و پێیان دەفەرموێت: ﴿وَمَا كُنتُمْ تَسْتَتِرُونَ أَن يَشْهَدَ عَلَيْكُمْ سَمْعُكُمْ وَلَآ أَبْصَٰرُكُمْ وَلَا جُلُودُكُمْ ﴾ فصلت: ٢٢، واتە: (ئێوە کاتی

خۆی که تاوانتان ئەکرد خۆتان له ترسی ئەوه دانەئەپۆشی که گوێچکەو چاوو پێستتان شایەتیتان لێبدەن.)

مرۆڤ چۆن لەدەست پێست و، چاو و گوێی خۆی پادەکات، کە بەشێکن لەخودی خۆی.

﴿ وَلَٰكِن ظَنَنتُمْ أَنَّ ٱللَّهَ لَا يَعْلَمُ كَثِيرًا مِّمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٢٢﴾ وَذَٰلِكُمْ ظَنُّكُمُ ٱلَّذِى ظَنَنتُم بِرَبِّكُمْ أَرْدَىٰكُمْ فَأَصْبَحْتُم مِّنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴾ فصلت: ٢٢ – ٢٣، واتە: (گومانتان وابوو خوا بە زۆر لەو کردەوانەتان نازانێ کە ئەیانکەن. ئەو گومانی بێئاگایی لە تاوانە کە بە خوای خۆتانتان ئەبرد، ئەوە بوو بەربادی کردن و کوتانی بەزەویداو ڕەنج بەخەسارو دۆڕاوی کردن.)

ئەمەش چارەنووس و کۆتایی هەموو بێباوەڕێکە، کە نکۆڵی لەڕۆژی لێپرسینەوە دەکات و، چاوی تەنها ئەم دونیایە دەبینێت، نکوڵی لەڕۆژی دوایی دەکات کە بێگومان بەڕێوەیە و، خۆی بەتاوانەکانیەوە لە خوای گەورە دەشارێتەوە، لەکاتێکدا خوا ئاگای لێیەتی و، ئەو ئەندامانەی کە تاوانەکانی پێ جێبەجێ کردوون شاهێدی لەسەر دەدەن، ئیدی چۆن خۆی لەشایەتێك دەشارێتەوە کە بەردەوام لەگەڵیەتی و ناتوانێت لێی جیابێتەوە؟

خوایە گیان لێمان ببوری و لێمان خۆشبیت و، لەڕۆژی دواییدا تاوانەکانمان بپۆشی، هەروەك لەدونیادا پۆشیت هەر تۆ لێخۆشبوو و داپۆشەریت.

ڕەخنەیەکی بێ بایەخ:

کاتێك منداڵ بووین دەستەیەك لەخەڵکی، بە گاڵتەجاڕییەوە پێیان دەوتین: "دەست و قاچ چۆن دێنەزمان و قسەدەکەن، لەکاتێکدا زمانیان نییە و، توانای ڕوونکردنەوەیان نییە؟".

ئەوەبوو ئامێزی تۆمارکردن و، سینەما داهێنراو، لە بانکەکاندا کامێرای شاراوە دانرا، کە بەتیشکێکی نەبینراو (تیشکی ژێر سوور) وێنە دەگرێت و، تەنها کەسێك بەبەردەمیدا تێپەڕێت دەجوڵێت، جا ئەگەر دزێك دزی کرد و نکوڵی کرد، فیلمەکەی بۆ لێدەدەنەوە هەموو جوڵە و قسەکانی دووبارە لێدەداتەوە، ئەم داهێنراوانە بەڵگەبوون لەسەر ئەو نەزان و لووت بەرزانە، وەك ئەوەی پێیان بڵێ:"ئەوە بڕیار دەدات کە شریتەکانی هێناوەتە قسەکردن لە دونیادا و، جووڵە و وشەکانی تۆمار کردووە، قسەی ئەو دزە ئاشکرا دەکات کە شاردوویەتیەوەو، ئەو کردەوەیەی بەسەردا دەچەسپێنێت کە نکوڵی لێدەکات.... ئەو زاتەی زەمینەی بۆ ئەم داهێنان و پێشکەوتنانە ڕەخساندووە لە دونیادا، ئایا لەڕۆژی دواییدا دەست و قاچ ناهێنێتە گۆ؟".

لێپرسینەوەو ئەنجامەکانی:

لێپرسینەوە جۆراو جۆرە، لێپرسینەوەی ئاسان هەیە وەك لێپرسینەوەی ئەو کەسانەی نامەی کردەوەکانیان دەدرێتە دەستی ڕاستیان و، لێپرسینەوەی تۆندیش هەیە وەك لێپرسینەوەی ئەو گوندەی لەفەرمانی پەروەردگاریان یاخیبوون! خەڵکیش کە ئەنجامی لێپرسینەوەکان وەردەگرنەوە چەند پۆلێکن: ئەوانەی بەکرداری چاکی

دونیایان لەخواوە نزیکن و پایەیان بڵند کراوە ﴿وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلسَّٰبِقُونَ﴾ الواقعة: ١٠، ئەوانەی کە نامەی کردەوەکانیان لەڕۆژی قیامەتدا دەدرێتە دەستی ڕاستیان ﴿أَصۡحَٰبُ ٱلۡمَيۡمَنَةِ﴾ الواقعة: ٨ و، ئەوانەی لەڕۆژی قیامەتدا کارنامەیان دەدرێتە دەستی چەپیان ﴿أَصۡحَٰبُ ٱلۡمَشۡـَٔمَةِ﴾ الواقعة: ٩.

﴿فَأَمَّآ إِن كَانَ مِنَ ٱلۡمُقَرَّبِينَ ٨٨ فَرَوۡحٞ وَرَيۡحَانٞ وَجَنَّتُ نَعِيمٖ ٨٩ وَأَمَّآ إِن كَانَ مِنۡ أَصۡحَٰبِ ٱلۡيَمِينِ ٩٠ فَسَلَٰمٞ لَّكَ مِنۡ أَصۡحَٰبِ ٱلۡيَمِينِ ٩١ وَأَمَّآ إِن كَانَ مِنَ ٱلۡمُكَذِّبِينَ ٱلضَّآلِّينَ ٩٢ فَنُزُلٞ مِّنۡ حَمِيمٖ ٩٣ وَتَصۡلِيَةُ جَحِيمٍ ٩٤ إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ حَقُّ ٱلۡيَقِينِ ٩٥ فَسَبِّحۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلۡعَظِيمِ﴾ الواقعة:٨٨-٩٦، واتە: (جا کە مرد ئەگەر لەوانە بوو کە بە کرداری چاکی دنیایان لە خواوە نزیکن، ئەوە ئەنجامی حەسانەوەو ڕزق و ڕۆزیی پاك و خۆش و بەهەشتی پڕ لە نازو نیعمەتە. ئەگەریش لەوانە بێ کە دەفتەری کرداریان ئەدرێتە دەستی ڕاستیان، ئەوە پێی ئەوترێ: ئەی ئەوکەسەی دەفتەری کردارت دراوەتە دەستی ڕاستت، سەلامی خوات لێ بێ لە هەموو ئەو برادەرانەتەوە کە دەفتەری کرداریان دراوەتە دەستی ڕاستیان. خۆ ئەگەر لەوانەیش بێ کە خواو پێغەمبەران و قورئان و ڕۆژی قیامەت بە درۆئەخەنەوەو بە درۆیان دائەنێن و ڕێی ڕاستیان ون کردووە، ئەوە خۆراکی بۆ ئامادەکراوی پێشوازی لێ کردنی ئاوی کوڵبەکوڵە. لەگەڵ فڕێدانە ناو ئاگری دۆزەخەوە. بێگومان ئەمەی کە وترا ئەو شتەیە هیچ گومانێکی تیا نییەو ڕاست و دروستە. کەواتە ناوی خوای مەزنت پاك و بێگەرد ڕاگرەو بڵێ : "سبحان ربی العظیم ".)

خرانه ناو دۆزەخ:

خوا خۆی بڕیاریداوە هەموو کەسێك بەسەر پردی سیراط دا بڕوات کە جەهەنەم لەژێریدایە، خێرایی پەڕینەوەی هەرکەسێکیش بەپێی پلەی نزیکی لە خوداوەیە، واتە چەند ترس و هیوای بەخودا بووە لە دونیاداو بەپێی زۆری ئەجری کردەوە چاکەکانی ئەو پردە دەبڕێت، جا پارێزکاران دەپەڕنەوەو ڕزگاریان دەبێت و ستەمکارانیش دەکەونە ناوی. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِن مِّنكُمْ إِلَّا وَارِدُهَا ۚ كَانَ عَلَىٰ رَبِّكَ حَتْمًا مَّقْضِيًّا ﴿٧١﴾ ثُمَّ نُنَجِّي الَّذِينَ اتَّقَوا وَّنَذَرُ الظَّالِمِينَ فِيهَا جِثِيًّا﴾ مریم: ٧١ – ٧٢.

واتە: (کەس لە ئێوە نییە نەچێتە ناو دۆزەخ. ئەمە کارێکە بڕیار دراوە و لەسەر خوا پێویستە جێبەجێی بکا، واتە خوا خۆی بڕیاری داوەو پێویستی کردووە لەسەر خۆی هەموو کەسێ بەرێتە دۆزەخو سەری لەوێ پێ بدا. جا پاش ئەوەی هەموومان بردنە دۆزەخەوە، ئەوانەیان کە باوەڕیان بە خوا بووە و لەخوا ترساون ڕزگاریان ئەکەین و ئەیاهێنینەوە دەرەوەو، ستەمکارەکان لەسەر ئەژنۆ لەوێ ئەهێڵینەوە.)

هەروەها لە سورەتی (التکاثر) دا خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿لَتَرَوُنَّ الْجَحِيمَ ﴿٦﴾ ثُمَّ لَتَرَوُنَّهَا عَيْنَ الْيَقِينِ﴾ التکاثر: ٦ – ٧، واتە: (دۆزەخ بە ڕاستی ئەبینن. پاشانیش بەڕاستی بە چاوی خۆتان ئەیبینن.)

بینینی یەکەم: ئەوەیە کە –خوا خۆی زاناترە– پارێزکاران بەسەر دۆزەخدا تێپەڕ دەبن و، ڕزگاریان دەبێت لێی، بەڵام بینینی دووەم:

تێپەڕبوونی ستەمکارانە بەسەر دۆزەخ دا، کە دەکەونە ناوی. لەوانەیە بینینی یەکەم پێش لێپرسینەوە بێت، کاتێک دۆزەخ ئاشکرا دەبێت و خەڵکی دەیبینن هەروەک لەپێشەوە باسمان کرد.

بەهەشت و دۆزەخ:

ئەو باس و پێناسانەی بەهەشت کە لەقورئاندا هاتووە، وەک خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ﴾ البقرة: ٢٥، واتە: (چەندەها ڕووبار بەبەردەمیاندا جاری و ڕەوانە) و، خەڵکەکەی بازن و دەستە بەندی ئالتونیان لەدەست دەکرێت و، پۆشاکەکانیان لە ئاوریشمە و، بەهەشت چەندەها ڕووباری شیر و، شەرابی تام خۆش و بۆن خۆش و، ڕووباری هەنگوینی پاڵفتەی تێدایە، هەروەها حۆری و، منداڵی جوان و ئێسک سوکی تێدایە.

هەموو ئەمانە بەشێوەیەک باسکراون کە تاڕادەیەک بەئاسانی لێیان تێبگەین، چونکە زمانە مرۆییەکان لە بنچینەدا بۆ تەعبیرکردن لەشتەکانی سەر زەوی دانراون، بێگومان ڕووبارەکانی بەهەشت وەک ڕووبارەکانی دونیا نین، شیر و هەنگوین و شەرابەکەیشی، وەک شەراب و هەنگوین و شیری دونیا نین، حۆریەکانیشی وەکو ئافرەتانی سەر زەوی نین و، منداڵەکانیش وەکو منداڵەکانی سەر زەوی نین، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو پێشەکیانەی لەسەرەتای ئەم کتێبەدا خستمانەڕوو، کە ئەویش (بنەماکانی بیروباوەڕ)ە کە وتمان خەیاڵی مرۆڤ ناتوانێت پەی پێببات و، حەقیقەتەکەی وێنا بکات.

ئەو موفەسیرانەش کە باسیان لە وردەکاریەکانی بەهەشت کردووە، پشتیان بە بەڵگەیەک نەبەستووە، ئەوپەڕی ئەو هەوڵەی داویانە ئەوەیە کە دونیایان کردووەتە پێوەر بۆ پۆژی دوایی، هەروەک خەڵکانێک سیفات و دادپەروەری خوای گەورەیان لێکچواند بەسیفات و دادپەروەری ئادەمیزاد و، کەوتنە نێو چەواشەکاری و گومڕاییەوە، لەکاتێکدا خوای گەورە پزگاری دەکردن و، لە گومڕایی بەدووری دەگرتن، ئەگەر لە سنووری دەقە قورئانیەکاندا بوەستایە و، پێبازی پێشینیان بگرتایەتەبەر، دانیان بنایە بە سنووردارێو دەستەوسانی عەقڵ و خەیاڵدا، لەپەییێبردن و وێناکردنیدا.

لەو گفتوگۆ نادروست و، مشتومڕە بێئاکامانەش، ئەوەیە کە دەربارەی حۆری وتویانە، کە ئایا خۆش پابواردن لەگەڵیان وەکو خۆش پابواردن وایە لەگەڵ ئافرەتان لەدونیادا، ئەوەیان لەبیرچووە کە خۆش پابواردن لەسەر ئەو شێوە ناسراوەی کە هەیە، مەبەست لێی مانەوەی وەچەیە لەسەر زەوی[1]، کە ئەوەش لەپۆژی دواییدا پێویست نییە ، بۆیە لەبری ئەوەی بکەوینە مشتومڕ دەربارەی وردەکاریەکانی و، جیاوازی بکەوێتە نێوانمان لەسەر باسکردنی ئەوەی کە تیایەتی و، قورئان بۆی باس نەکردوین. پێویستە باوەڕمان بەهەموو ئایەتەکانی قورئان هەبێت، پاشان سەرقاڵ بین بەو کردەوە چاکانەی کە دەمانگەیەننە بەهەشت.

١- ئەگەر مرۆڤی ژیر بیری لێبکردایەتەوە بە ناشیرینی دەزانی و، بێزی لەشوێنەکەی دەهاتەوە، بەڵام خوای گەورە ئارەزووی داناوە بۆ ئەوەی پێ لەم بیرکردنەوەیە بگرێت، هەروەک چۆن ماددەی سڕکردنی داناوە بۆ ئەوەی مرۆڤ هەست بەئازاری کرداری نەشتەرگەری نەکات.

چوونه ناو بەهەشت:

چوونه ناو بەهەشت بەخۆزگە و خواست و ئارەزووکردن نییە، بەڵکو بە باوەڕو گوێڕایەڵی کردنە.

﴿ لَّيْسَ بِأَمَانِيِّكُمْ وَلَآ أَمَانِيِّ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ ۗ مَن يَعْمَلْ سُوٓءًا يُجْزَ بِهِۦ ﴾ النساء: ١٢٣، واتە: (چوونە بەهەشت و بەختیاری لە ڕۆژی قیامەتدا نە بە ئارەزووی ئێوەیەو نە بە ئارەزووی گاورو جوولەکەکانەو نە بە قسەو گەزافی موشریکەکانە. نەخێر بە قسەی کەس نییە بەڵکو هەرکەس خراپە بکات لێی دەپرسرێتەوەو تۆڵەی لێ ئەسەنرێ.)

﴿ أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ وَلَمَّا يَعْلَمِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ جَٰهَدُوا۟ مِنكُمْ وَيَعْلَمَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴾ آل عمران: ١٤٢، واتە: (یا گومانتان وابوو هەروەها بەخۆڕایی ئەچنە بەهەشت کە هێشتا لە ڕێگەی خوادا جیهادتان نەکردوەو سەبرو خۆگریتان پیشان نەداوە؟.)

ئەو باوەڕدارەی دەچێتە بەهەشتەوە یان چاکەکارێکی بانگخوازە بۆ لای خوا، کە لەپێناو بەرز ڕاگرتنی پەیامی خوادا هەوڵیداوە و تێکۆشاوە و، بەنەفس و مالّ و زمانی لەو ڕێگەیەدا کاری کردووە، ئەوکاتە یەکێك دەبێت لەوانەی تێکۆشاون، ئەگەر نەیتوانی ئەوا پێویستە لەسەری –لانی کەم– کەسێکی شەڕخواز و خراپەکار نەبێت و، شوێن بانگەوازی خراپە نەکەوێت و، خۆی و کەسوکاری موسوڵمان بێت و، بەهۆی دەستگرتنی بەدینەکەیەوە ئارام بگرێت لەسەر ئەو ناڕەحەتیانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە، ئەوکاتە لە ئارامگران دەبێت.

جا کە لێپرسینەوە کۆتایی پێهات و، باوەڕدار بەسەر (صراط) دا تێپەڕی، ڕزگاری دەبێت.

﴿ وَسِيقَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟ رَبَّهُمْ إِلَى ٱلْجَنَّةِ زُمَرًا ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا وَفُتِحَتْ أَبْوَٰبُهَا ۚ وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَا سَلَٰمٌ عَلَيْكُمْ طِبْتُمْ فَٱدْخُلُوهَا خَٰلِدِينَ ﴿٧٣﴾ وَقَالُوا۟ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى صَدَقَنَا وَعْدَهُۥ وَأَوْرَثَنَا ٱلْأَرْضَ نَتَبَوَّأُ مِنَ ٱلْجَنَّةِ حَيْثُ نَشَآءُ ۖ فَنِعْمَ أَجْرُ ٱلْعَٰمِلِينَ ﴾ الزمر: ٧٣ - ٧٤، واتە: (ئەوانەیش کە لە دنیادا لە خوا ترساون کۆمەڵ کۆمەڵ بەڕێ ئەکرێن بۆ بەهەشت، تا کاتێ ئەگەنە بەهەشت و دەرگاکانییان بۆ ئەکرێنەوەو دەرگاوانەکانی بەهەشت پێیان ئەڵێن: سڵاوی خواتان لێ بێ، خۆتان لە چڵک و چەپەڵیی تاوان پاک ڕاگرت، دە بڕۆنە ناو بەهەشتەوەو هەمیشە لەوێ بن. بەهەشتییەکانیش ئەڵێن: سوپاس بۆ ئەو خودایەی گفتی خۆی کە دابووینێ، لەگەڵی هێناینەدیو خاکی بەهەشتی بۆ کردین بە میراتی بۆماوە، هەر شوێنێکمان ئەوێ ئەیکەین بە جێگەو ماوەی خۆمان. کەواتە پاداشی چاکە پاداشی ئەوانەیە کردەوەی چاکەیان کردووە.)

١- لە باسی دۆزەخدا فەرمووی: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا وَفُتِحَتْ أَبْوَٰبُهَا ﴾ الزمر: ٧٣، چونکە وەک بەندیخانە وایە دەرگاکانی داخراوە، تەنها بۆ پێشوازی لە کەسی هاتوو، یان بۆ دەرچوونی کەسێک دەکرێتەوە، بەڵام لێرەدا دەفەرموێت: ﴿وَفُتِحَتْ أَبْوَٰبُهَا ﴾ لەبەرئەوەی هەمیشە دەرگاکانی کراوەیە، هەرچەندە کەس بۆی نییە بچێتە ژوورەوە، تەنها بە ڕووخسەتی پەروەردگاری نەبێت.

باسی بەهەشت:

فراوانی بەهەشت هێندەی فراوانی ئاسمانەکان و زەوییە، بەلاتانەوە سەیر نەبێت، چونکە پۆژێ دوایی لەچاو دونیادا وەکو دونیا وایە لەچاو سکی دایکدا، کۆرپەلە سکی دایکی بەدونیای خۆی دەزانێت، ئایا تەنها خانوویەکی ئەم دونیایە چەندەها جار لە دونیای کۆرپەلە فراوانتر نییە؟

ئەم بەهەشتە ﴿أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ﴾ آل عمران: ١٣٣، —بۆ پارێزکاران ئامادەکراوە— ئەی ئەو پارێزکارانە کێن کە بەهەشتیان بۆ ئامادەکراوە؟ چیان دەکرد؟ بۆ ئەوەی ئێمەیش وەک ئەوان بکەین تاکو لەگەڵیاندابین، خوای گەورە پوونی کردووەتەوە لەخواترس و پارێزکاران ئەوانەن کە:

﴿ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ فِي ٱلسَّرَّآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَٱلْكَٰظِمِينَ ٱلْغَيْظَ وَٱلْعَافِينَ عَنِ ٱلنَّاسِ﴾ آل عمران: ١٣٤، واتە: (ئەو لەخوداترسانەی کە لە خۆشی و ناخۆشیدا مالّی خۆیان لەپێناوی خودای خۆیانا سەرف ئەکەن و لە کاتی تووڕەبوونا ڕقی خۆیان ئەخۆنەوە، ئەوانەی تاوانیان بەرانبەر کردوون چاوپۆشییان لێ ئەکەن و لێیان ئەبوورن.)

﴿ وَٱلَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا۟ فَٰحِشَةً أَوْ ظَلَمُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ ذَكَرُوا۟ ٱللَّهَ فَٱسْتَغْفَرُوا۟ لِذُنُوبِهِمْ﴾ آل عمران: ١٣٥، واتە: (ئەوانەی هەرکاتێ تاوانێکی ناڕەوایان کرد یا ستەمیان لە خۆیان کرد بە گوناهێکی تر، بیری گەورەیی خودا ئەکەنەوە و داوای لێخۆشبوونی لێ ئەکەن و پەشیمان ئەبنەوە لەو تاوان و ستەمە.)

ئەمە بەشێکە لە سیفەتی پارێزکاران، ئەو کەسەی خۆی بەم سیفەتانە ڕازاندبێتەوە دوای ڕاستکردنەوەی بیروباوەڕ و، یەکتاپەرستی

ڕاستگۆیانه، خوای گەوره به فەزڵ و بەخشندەیی خۆی، دەیخاتە ئەو بەهەشتەی کە بۆی ئامادەکردوون.

بەهەشتیش ئاست و پلەی جیاوازی هەیە: (جنة النعیم)ی تیایە کە هەموو کەسێك بەدەستی ناهێنێت:

﴿أَيَطْمَعُ كُلُّ ٱمْرِئٍ مِّنْهُمْ أَن يُدْخَلَ جَنَّةَ نَعِيمٍ﴾ المعارج: ٣٨، واتە: (ئاخۆ هەریەکێ لەوانە بە تەمایە بخرێتە بەهەشتی پڕ نازو نیعمەتەوە؟)

بەڵکو ئەمە بۆ ئەوانەیە کە بەڕاستی لەپێشن و لەگەڵ سەرهەڵدانی هەر ئایینێك لەئایینەکانی خوادا ئیمانیان پێهێناوە، ئەوانەی نزیك خراونەتەوە لە خوا و پایەیان بڵند کراوە.

﴿أُولَٰئِكَ ٱلْمُقَرَّبُونَ ﴿١١﴾ فِي جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ﴾ الواقعة: ١١ - ١٢، واتە: (ئەوانە ئەوانەن کە نزیك خراونەتەوە لە بارەگای خواو پایەیان بڵند کراوە. ئەوانەن کە لە بەهەشتی (جنات النعیم) دان.)

بەهەشتێك هەیە خوای گەورە ناوی ناوە(الغرفة) و، بەڵێنی داوە بە(عباد الرحمن) ئەم بەهەشتەیان پێببەخشێت، ئەو کەسانەی لە سورەتی(الفرقان) دا وەسفی کردوون کە ڕاستی و دروستی بیروباوەڕ و، دامەزراوی ڕەفتار و هەڵسوکەوت و، زۆری عیبادەت و، ڕەوشت بەرزی پێکەوە کۆدەکەنەوە، ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە (الغرفة) پلەیەکی بەرزە لە بەهەشتدا، بۆ ئەوکەسانە تەرخان کراوە کە سیفاتی کەمالیان لە خۆیاندا بەرجەستەکردووە و، ئارامیان گرتووە لەسەر ئەرك و ناڕەحەتی خواپەرستیو گوناە نەکردن و دەستگرتن بەو سیفاتە جوانانەوە.

خوای گەورە بۆی ڕوون کردوینەتەوە کە لەبەهەشتدا چەندین باخ و گوڵزاری دروستکردووە کە دارەکانیان هەندێکیان بەسەر زەویدا ئەکشێن و بڵاودەبنەوە.

﴿وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنشَأَ جَنَّٰتٍ مَّعْرُوشَٰتٍ وَغَيْرَ مَعْرُوشَٰتٍ﴾ الأنعام: ١٤١.

هەروەها شوێنێکی تیایە ناوی: (جنة المأوى)یە کە جێگای ئەهلی تەقوایە و، شوێنێك ناوی: (جنات عدن)ەو، ئەو کەسەیشی لە مەقامی پەروەردگاری بترسێت کە بۆ حیساب و کیتاب کردن لەگەڵ بەندەکان دەوەستێت، دوو بەهەشتی بۆ ئامادەکراوە. ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بەهەشت پلەی جۆراوجۆری هەیە و، خەڵکەکەیشی پلەوپایەیان جیاوازە.

حاڵی ئەهلی بەهەشت:

ئەهلی بەهەشت لەگەڵ خێزان و کەسوکاریان پێکەوە کۆدەبنەوە:

﴿ٱدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ أَنتُمْ وَأَزْوَٰجُكُمْ تُحْبَرُونَ﴾ الزخرف:٧٠، واتە: (وەرن خۆتان و هاوسەرەکانتان بچنە ناو بەهەشتەوە شادمان و دڵخۆش بن.)

﴿هُمْ وَأَزْوَٰجُهُمْ فِى ظِلَٰلٍ عَلَى ٱلْأَرَآئِكِ مُتَّكِـُٔونَ﴾ یس: ٥٦، واتە: (خۆیان و ژنەکانیان لە سێبەردا لەسەر چارپایەی جوان پاڵیان لێ داوەتەوە.)

﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَٱتَّبَعَتْهُمْ ذُرِّيَّتُهُم بِإِيمَٰنٍ أَلْحَقْنَا بِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ﴾ الطور: ٢١، واتە: (ئەوانەی ئیمانیان هێناوەو نەوەیان بە باوەڕەوە شوێنیان کەوتوون، ئەوانەو هەموو نەوەکانیشیان ئەخەینە ڕیزی ئەوان.)

بەسینەیەکی ساف و دڵ و دەروونێکی بێگەردەوە لە بەهەشتدا کۆدەبنەوە.

﴿وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنْ غِلٍّ﴾ الحجر: ٤٧، واتە: (هەرچی کینەو ناحەزی هەبوو لە سینەیانمان دەرهێنا.)

﴿مُتَّكِئِينَ عَلَىٰ سُرُرٍ مَّصْفُوفَةٍ﴾ الطور: ٢٠، واتە: (حاڵیان وایە پاڵ نەدەن بە چەندین تەختی ڕیزکراوەوە.)

﴿إِخْوَانًا عَلَىٰ سُرُرٍ مُّتَقَابِلِينَ﴾ الحجر: ٤٧، واتە: (بەرامبەر یەک، لەسەر کورسی دانەنیشن.)

ئەوانەی لە خوا دەترسن و خۆیان لە گوناە دەپارێزن لەبەهەشتدا لەسەر کورسی و جێگەی خۆش شانیان داداوە، کە لەئاوریشمی تایبەتی ناواخن کراوە، خوای گەورە ناوی ناوە(الإستبرق)، لەدەوریشیان لەو بەهەشتە سەرنج ڕاکێشەدا خزمەتگوزاری منداڵ خزمەتیان دەکەن. لێکردنەوەی هەر میوەیەک نزیک و ئاسانە، درەختەکان خۆیان سەرفرو دەهێنن بۆیان.

﴿وَيَطُوفُ عَلَيْهِمْ غِلْمَانٌ لَّهُمْ كَأَنَّهُمْ لُؤْلُؤٌ مَّكْنُونٌ﴾ الطور: ٢٤، واتە: (خولام و خزمەتکاری وای خۆیان بەدەوریانا ئەخولێنەوە بۆ خزمەت کردن و فەرمان بەجێهێنانیان، وەک دوڕی لەناو سەدەفا داپۆشراو وان.)

﴿يَدْعُونَ فِيهَا بِكُلِّ فَاكِهَةٍ آمِنِينَ﴾ الدخان: ٥٥، واتە: (لە بەهەشتا داوای هەر جۆرە میوەیەک ئەکەن کە حەزی لێ بکەن و، لە هەموو مەترسییەک ئەمینن.)﴿يُطَافُ عَلَيْهِم بِكَأْسٍ مِّن مَّعِينٍ ﴿٤٥﴾ بَيْضَاءَ لَذَّةٍ لِّلشَّارِبِينَ ﴿٤٦﴾ لَا فِيهَا غَوْلٌ وَلَا هُمْ عَنْهَا يُنزَفُونَ﴾ الصافات: ٤٥ – ٤٧، واتە: (پیاڵەی شەرابی سافیان بەسەرا ئەگێڕن. شەرابەکەی بەسەریانا ئەگێڕن سپییەو مایەی لەزەت و خۆشییە بۆ ئەو کەسانەی ئەیخۆنەوە. نە هیچ گیروگرفتێکی

پێوەیە وەک شەرابی دنیاو، نە ئەو کەسەی پێ سەرخۆش ئەبێ کە ئەیخواتەوە.)

خواردنیان بەسەردا دەگێڕن:

﴿عَلَيْهِم بِصِحَافٍ مِّن ذَهَبٍ﴾ الزخرف: ٧١، **واتە:** (ئەگەڕێن بەسەریانا بە کاسەی زێڕین و پیاڵەوە.)

جۆرەها شەراب و خواردنەوەی خۆشیان پێشکەش دەکەن:

﴿بِأَكْوَابٍ وَأَبَارِيقَ وَكَأْسٍ مِّن مَّعِينٍ﴾ الواقعة: ١٨، **واتە:** (بە پیاڵەی بێدەسک و لوولەو گۆزەی دەسک و لوولەدارو بە کاسەی شەرابی ساف و بێگەردەوە.)

حەزیان لە هەرخواردنێك بێت بۆیان ئامادەیە:

﴿وَفَٰكِهَةٍ مِّمَّا يَتَخَيَّرُونَ ﴿٢٠﴾ وَلَحْمِ طَيْرٍ مِّمَّا يَشْتَهُونَ﴾ الواقعة: ٢٠ – ٢١، **واتە:** (ئەو میردمندالانە میوەیان بەسەردا ئەگێڕن لەو جۆرەی خۆیان هەڵیئەبژێرن. گۆشتی پەلەوەریشیان بۆ دێنن لەو جۆرەی خۆیان حەزی لێ ئەکەن.)

﴿فِي سِدْرٍ مَّخْضُودٍ ﴿٢٨﴾ وَطَلْحٍ مَّنضُودٍ ﴿٢٩﴾ وَظِلٍّ مَّمْدُودٍ ﴿٣٠﴾ وَمَاءٍ مَّسْكُوبٍ ﴿٣١﴾ وَفَٰكِهَةٍ كَثِيرَةٍ ﴿٣٢﴾ لَّا مَقْطُوعَةٍ وَلَا مَمْنُوعَةٍ ﴿٣٣﴾ وَفُرُشٍ مَّرْفُوعَةٍ﴾ الواقعة: ٢٨ – ٣٤، **واتە:** (لەناو مۆردی درك لێکراوەدان. لەناو دارمۆزی بەر لە خوارەوە بۆ سەرەوە ڕێزکراودان. لە پەنای سێبەری پەل کشاویشدان کە هەرگیز کورت نابێتەوەو زیادو کەم ناکا. لای ئاوی داکراوان واتە هەرکاتێ بییانەوێ بۆیان دابەکرێ بیخۆنەوە. لەناو میوەی زۆرپشدان. کە نە ئەبڕێتەوەو نە لێیان ئەگیرێتەوە. لەناو فەرش و ڕایەخی بەرزکراوەدان کە چین لەسەر چین لەبان یەك دانراون.)

﴿لَا يَرَوْنَ فِيهَا شَمْسًا وَلَا زَمْهَرِيرًا ﴿١٣﴾ وَدَانِيَةً عَلَيْهِمْ ظِلَالُهَا وَذُلِّلَتْ قُطُوفُهَا تَذْلِيلًا﴾ الإنسان: ١٣ – ١٤، واته: (نه هەتاو ئەبینن لەو بەهەشتەداو نە سەرمای سەخت. سێبەری درەختەکانی بەهەشت نزیکە بەسەر سەریانەوەو چنینی میوەی درەختەکانی بەهەشتیان بۆ ئاسان کراوە بە ئاسان کردن.)

﴿تَعْرِفُ فِي وُجُوهِهِمْ نَضْرَةَ النَّعِيمِ﴾ المطففين: ٢٤، واته: (لە سیمایانا گەشیی نازو نیعمەت ئەناسیتەوە.)

﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاعِمَةٌ ﴿٨﴾ لِّسَعْيِهَا رَاضِيَةٌ﴾ الغاشية: ٨ – ٩، واتە: (چەندەها سەروپوو لەو رۆژەدا لە نازو نیعمەتان. پازین بەوەی لە دنیادا کردوویانە چونکە پاداشەکەی ئەبینن.)

هەرکاتێك بیانەوێت لەناو بەهەشتدا سەلام لەیەکتر دەکەن و هاتوچۆ دەکەن و، چاویان بەیەکتر دەکەوێت و پێکەوە گفتوگۆدەکەن. ﴿وَتَحِيَّتُهُمْ فِيهَا سَلَامٌ﴾ یونس: ١٠، واتە: (هەروەها لەناو یەکا سەلام لە یەکتر ئەکەن.)

تەنها قسەی باش دەکەن و رێنمویی کراون بۆ گوفتاری جوان و پەسەند.

﴿وَهُدُوا إِلَى الطَّيِّبِ مِنَ الْقَوْلِ﴾ الحج: ٢٤، واتە: (ئەمانە کە لە دنیادا بوون خراونەتە سەر رێی قسەی پاك و چاك.)

﴿وَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ يَتَسَاءَلُونَ ﴿٢٥﴾ قَالُوا إِنَّا كُنَّا قَبْلُ فِي أَهْلِنَا مُشْفِقِينَ ﴿٢٦﴾ فَمَنَّ اللَّهُ عَلَيْنَا وَوَقَانَا عَذَابَ السَّمُومِ﴾ الطور: ٢٥–٢٧، واتە: (هەندێکیان رووئەکەنە هەندێکی تریان لەناو خۆیانا پرسیارو وەلام ئەکەن. ئەڵێن: ئێمە لەمەوبەر لەناو خۆمانا لە عەزابی خوا ئەترساین. خوایش لوتفی

لەگەڵ کردین و منەتباری کردین و لە سزای ئاگری دۆزەخی پاراستین کە کار ئەکاتە کون و کەلەبەرەکانی لەش.)

ئەمەش: لە بەرهەمەکانی پاڕانەوەو داوای لێخۆشبوونە.

﴿ إِنَّا كُنَّا مِن قَبْلُ نَدْعُوهُ ۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْبَرُّ ٱلرَّحِيمُ ﴾ الطور: ٢٨، واتە: (ئێمە لەمەوبەر کە لە دنیادا بووین هاوارمان هەر لەو ئەکرد. بەڕاستی هەر ئەو خاوەن ئیحسان و میهرەبانە)

کاتێک گفتوگۆ دەکەن ڕۆژانی دونیاو حاڵی خەڵکیان بیردەکەوێتەوە، کە لەدونیادا چۆن بوون و لەڕۆژی دواییشدا بەچ چارەنووسێک گەیشتوون.

﴿ فَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ يَتَسَآءَلُونَ ﴿٥٠﴾ قَالَ قَآئِلٌ مِّنْهُمْ إِنِّى كَانَ لِى قَرِينٌ ﴿٥١﴾ يَقُولُ أَئِنَّكَ لَمِنَ ٱلْمُصَدِّقِينَ ﴿٥٢﴾ أَءِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَدِينُونَ ﴿٥٣﴾ قَالَ ﴾ الصافات: ٥٠ – ٥٤، واتە: (یەکێکیان لەناو قسەدا بە یەکێکیان ئەڵێ: من لە دنیادا هاوڕێیەکم هەبوو. پێی ئەوتم: ئایا تۆ لەوانەی باوەڕ بە قسەی ئەو پێغەمبەرە ئەکەن لە بارەی زیندووبوونەوەوە لە پاش مردن؟ ئایا ئێمە کە مردین و بووین بە خۆڵو ئێسقان، ئایا ئێمە زیندووئەکرێینەوەو جەزامان ئەدرێتەوە؟ وتی:)

(واتە ئەو باوەڕدارەی لەبەهەشدایە بەبراکانی دەڵێت:).

﴿هَلْ أَنتُم مُّطَّلِعُونَ ﴾ الصافات: ٥٤، واتە: (ئایا ئێوە تەماشای ئەهلی دۆزەخ ئەکەن و بۆیان ئەڕوانن تا بزانن ئەو شەخسەی لە دنیادا برادەرم بوو و وای پێ ئەوتم، ئێستا لە دۆزەخدا لە چ شوێنێکایە؟)

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بەهەشتییەکان دەتوانن دۆزەخییەکان ببینن.

﴿فَٱطَّلَعَ فَرَءَاهُ فِى سَوَآءِ ٱلْجَحِيمِ﴾ الصافات: ٥٥، واتە: (جا سەیری کردن، واتە: سەیری دۆزەخییەکانی کردو، ناسراوەکەی خۆی دی لە ناوەڕاستی دۆزەخا.)

"قال لە" ئەم ئایەتەو ئایەتی دواتریش بەڵگەن لەسەر ئەوەی بەهەشتییەکان و دۆزەخییەکان لەگەڵ یەکتر گفتوگۆدەکەن:

﴿تَٱللَّهِ إِن كِدتَّ لَتُرْدِينِ ﴿٥٦﴾ وَلَوْلَا نِعْمَةُ رَبِّى لَكُنتُ مِنَ ٱلْمُحْضَرِينَ﴾ الصافات: ٥٦ – ٥٧، واتە: (جا ئەم شەخسە بەهەشتییە بە کۆنەبرادەرە ئێستا دۆزەخییەکەی خۆی وت: قەسەم بە خوا نزیك بوو بمفەوتێنی و ببی بە هۆی کافربوونم. ئەگەر نیعمەتی خوای خۆم نەبوایە منیش یەکێك ئەبووم لەوانەی ئامادەی ناو دۆزەخ کراون.)

خوای گەورە بەفەزڵی خۆی هاوسەری(حۆری) یان پێدەبەخشێت.

﴿وَزَوَّجْنَٰهُم بِحُورٍ عِينٍ﴾ الدخان: ٥٤، واتە: (حۆریی سپی پەنگ و چاوگەورەیشیان لێ مارە ئەکەین و پێکەوە ئەیانکەین بە هاوجووتی یەک.)

﴿كَأَمْثَٰلِ ٱللُّؤْلُؤِ ٱلْمَكْنُونِ﴾ الواقعة: ٢٣، واتە: (لە وێنەی مرواریی لەناو سەدەفا داپۆشراو.)

خوای گەورە بەتایبەت ئەو حۆریانەی بۆ دروست کردوون.

﴿أَبْكَارًا ﴿٣٦﴾ عُرُبًا أَتْرَابًا﴾ الواقعة: ٣٦ – ٣٧، واتە: (بە کچی و دەسبۆنەبراوی دروستمان کردوون. سپی پێست و هەموو هاوتەمەنن.)

﴿فَصِرَٰتُ ٱلطَّرْفِ لَمْ يَطْمِثْهُنَّ إِنسٌ قَبْلَهُمْ وَلَا جَآنٌّ﴾ الرحمن:٥٦ ، واتە: (لەو بەهەشتانەدا حۆریی وا هەن چاویان تەنها لە مێردەکانی خۆیانەو

ناڕوانن کەسی ترو بەر لە مێردەکانیان کەسی تر، نە ئادەمزادو نە پەری، لاقەی نەکردوون و دەستی پێ نەگەیاندوون.)

بەهەشتییەکان دوعا و پاڕانەوەیان لەبەهەشتدا بەم جۆرەیە:

﴿ دَعْوَىٰهُمْ فِيهَا سُبْحَٰنَكَ ٱللَّهُمَّ وَتَحِيَّتُهُمْ فِيهَا سَلَٰمٌ ۚ وَءَاخِرُ دَعْوَىٰهُمْ أَنِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾ یونس: ١٠، واتە: (دوعاو نزایان لە بەهەشتدا ئەوەیە ئەڵێن: پاکی و بێ خەوشی بۆ تۆیە ئەی خودای پەروەردگار، هەروەها لەناو یەکا سەلام لە یەکتر ئەکەن، یا مەلائیکەکان سەلامیان لێئەکەن و، دوا دوعایان ئەوەیە کە ئەڵێن: ستایش و سوپاس بۆ ئەو خودایە کە پەروەردگاری هەموو عالەمە.)

دەڵێن:

﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى هَدَىٰنَا لِهَٰذَا وَمَا كُنَّا لِنَهْتَدِىَ لَوْلَآ أَنْ هَدَىٰنَا ٱللَّهُ ۖ لَقَدْ جَآءَتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِٱلْحَقِّ ۖ وَنُودُوٓا۟ أَن تِلْكُمُ ٱلْجَنَّةُ أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾ الأعراف: ٤٣، واتە: (سوپاس و ستایش بۆ ئەو خودایەی شارەزای ڕێگایەکی کردین گەیاندینیە ئەم نازو نیعمەتە نەبڕاوەیە. ئێمە ئەگەر هیدایەتی خودا نەبوایە هەرگیز نەئەکەوتینە سەر ئەم ڕێگایە. پێغەمبەرانی خودا بەڕاستی هاتن و باوەڕمان پێ کردن و کەوتینە دوای ئامۆژگارییەکانیان. کە چوونە ئەو بەهەشتە بانگیان لێ ئەکرێت: ئەمە ئەو بەهەشتەیە بەهۆی کرداری چاکتانەوە دەستتان کەوت.)

﴿ لَا يَمَسُّهُمْ فِيهَا نَصَبٌ وَمَا هُم مِّنْهَا بِمُخْرَجِينَ ﴾ الحجر: ٤٨، واتە: (هیچ ئەلەم و ئازارێ ناگا بە لەش و دڵیان و لەو بەهەشتانەیش دەرناکرێن.)

﴿ لَا يَذُوقُونَ فِيهَا ٱلْمَوْتَ إِلَّا ٱلْمَوْتَةَ ٱلْأُولَىٰ ﴾الدخان: ٥٦، واتە: (مەرگ ناچێژن لە بەهەشتا لەو مەرگە بەولاوە کە یەکەم جار لە دنیادا چەشتوویانەو مردوون.)

﴿وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَدْخُلُونَ عَلَيْهِم مِّن كُلِّ بَابٍ ﴾ الرعد: ٢٣، واتە: (فریشتەکان ئەڕۆنەلایان، هەموو دەرگاکانیان لە ڕووداو کراونەتەوە.)

سڵاویان لێدەکەن و پیرۆزباییان لێدەکەن و پێیان دەڵێن:

﴿سَلَٰمٌ عَلَيْكُم بِمَا صَبَرْتُمْ ۚ فَنِعْمَ عُقْبَى ٱلدَّارِ﴾ الرعد: ٢٤، واتە: (سەلامتان لێ بێ بەهۆی ئەوەوە کە لەدنیادا خۆتان ڕاگرتبوو. ئارامگای دواییتان ئارامگایەکی زۆر باشە.)

﴿وَفِيهَا مَا تَشْتَهِيهِ ٱلْأَنفُسُ وَتَلَذُّ ٱلْأَعْيُنُ ﴾الزخرف: ٧١، واتە: (لە بەهەشتا هەیە ئەوەی نەفسی ئادەمزاد ئارەزووی بکاو چاو لەزەتی لێ وەربگرێ.)

﴿ إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿٦٠﴾ لِمِثْلِ هَٰذَا فَلْيَعْمَلِ ٱلْعَٰمِلُونَ ﴾ الصافات: ٦٠ – ٦١، واتە: (بەڕاستی سەرکەوتنی گەورە ئەم باوەڕبەخواو بەڕۆژیدوایی‌کردن و ڕزگاربوون لە ئاگری دۆزەخەیە. دەسا با ئەوانەی کار ئەکەن، کار بۆ ئامانج و مەبەستی وا بکەن.)

﴿وَفِي ذَٰلِكَ فَلْيَتَنَافَسِ ٱلْمُتَنَٰفِسُونَ﴾ المطففين: ٢٦، واتە: (دەسا با ئەوانەی لەناو خۆیانا ئەکەونە ململانێ و هەرکەسێ شتی چاکی بۆ خۆی ئەوێ، بۆ دەستخستنی نازو نیعمەتی وا بکەونە ململانێ.)

خوایە گیان بەڕەحمەت و میهرەبانی فراوانت کە هەموو شتێکی گرتووەتەوە، بەلێبوردەیی و لێخۆشبوونت –کە هەر تۆ لێبوردە و

لێخۆشبووییت- پەنامان بدە لە سزای دۆزەخ و، بەسەلامەتی بمانخەرە بەهەشتەوە.

دۆزەخ:

ئەوەی بەمێشکماندا دێت ئەوەیە کە ئاگری دۆزەخ وەکو ئاگری دونیا وایە، لەکاتێکدا زۆر بەتینترە. تەنانەت بەراورد ناکرێت، هەرچەندە لەجۆردا چوونیەکن، بەڵام ئەو کەسەی لەقورئاندا بەوردی سەرنجی وەسفی ئاگری دۆزەخ دەدات، بۆی دەردەکەوێت کە بەجۆرێکی ترە، چونکە ئەگەر ئاگرێك بوایە لەجۆری ئاگری دونیا، ئەوا هەموو شتێکی دەسوتاند و، دەیکردە خەڵوز. لەکاتێکدا دۆزەخ درەخت و، ئاوو سێبەری تیایە، هەرچەندە سێبەر و ئاو و درەختەکانی بۆ سزادانن نەك وەك ناز و نیعمەت. ئاگری دونیا سوتێنەرە ئەوەی بچێتە ناوی دەمرێت و، لەئازارەکەی ڕزگاری دەبێت. بەڵام ئاگری دۆزەخ -خوا پەنامان بدات- ئازارێکی بەردەوامە بۆ دۆزەخییەکان.

﴿لَا يُقْضَىٰ عَلَيْهِمْ فَيَمُوتُوا۟ وَلَا يُخَفَّفُ عَنْهُم مِّنْ عَذَابِهَا﴾فاطر: ٣٦، واتە: (نە بڕیاری مردنێکی نوێیان ئەدرێ تا بمرن و بحەسێنەوەو لە سزای دۆزەخ ڕزگار بن و، نە سزای دۆزەخیان تۆزێ بۆ سووك ئەکرێ و، هەر کافرێکی تریش هەروا پاداش ئەدەینەوە. جا ناڕەزایی من لە کارو کردەوەی ئەو کافرانە چۆن بوو و چۆنم سزادان ؟)

پێستەکە بەتەواوی ناسوتێت و نەمێنێت، بەڵکو هەموو جارێك دەسوتێت و هەڵدەقرچێت و، پێستی تر دەکرێت بەبەریاندا بۆ ئەوەی بەچاکی سزاو ئازار بچێژن، دۆزەخییەکان دەژین و بیردەکەنەوەو،

ڕابردوویان بیردەکەوێتەوەو ئاژاوە دەگێڕن، هەروەها لەدۆزەخدا درەخت هەیە، بەڵام درەختی زەققوم کە لەبێخی دۆزەخەوە دەڕوێت و، لەناشیرینیدا لەسەلکە شەیتان دەچێت:

﴿تَخۡرُجُ فِيٓ أَصۡلِ ٱلۡجَحِيمِ ٦٤ طَلۡعُهَا كَأَنَّهُۥ رُءُوسُ ٱلشَّيَٰطِينِ﴾ الصافات: ٦٤ – ٦٥ .

هەروەها لەدۆزەخدا خواردن هەیەو، دۆزەخیەکان دەخۆن، بەڵام لەبەری ئەم درەختە قێزەونە دەخۆن.

﴿فَمَالِـُٔونَ مِنۡهَا ٱلۡبُطُونَ﴾ الصافات: ٦٦.

﴿إِنَّ شَجَرَتَ ٱلزَّقُّومِ ٤٣ طَعَامُ ٱلۡأَثِيمِ ٤٤ كَٱلۡمُهۡلِ يَغۡلِي فِي ٱلۡبُطُونِ ٤٥ كَغَلۡيِ ٱلۡحَمِيمِ﴾ الدخان: ٤٣ – ٤٦. واتە: (بەڕاستی درەختی زەققووم، خۆراکی گوناهبارانە. ئەو زەققوومە وەک تڵپی ڕۆن زەیتوون وایە لەناو سکا ئەکوڵێ. وەک کوڵانی ئاوی گەرمی هاتووە کوڵ.)

هەروەک لەدۆزەخدا خواردنەوە هەیە، ئاوی تیادایە، بەڵام ئاوی کێم و زووخاوە، کە دەرخواردی بێباوەڕ دەدرێت:

﴿يَتَجَرَّعُهُۥ وَلَا يَكَادُ يُسِيغُهُۥ﴾ إبراهيم: ١٧.

جا کە لەبەری تاڵی داری زەققومیان خوارد، ئینجا ئاوی لەکوڵ دەخۆنەوە بەسەریدا، لەو ئاوەی کە قورئان باسی کردووە، لەبەرئەوەی لەوپەڕی تینوێتیدان وەکو حوشتری تینوو هەر لێی دەخۆنەوە پاشان لەو ئاوە زۆر لەکوڵە دەکرێت بەسەریاندا.

﴿يُصۡهَرُ بِهِۦ مَا فِي بُطُونِهِمۡ وَٱلۡجُلُودُ﴾ الحج: ٢٠.

لەدۆزەخدا پۆشاک هەیە، بەڵام لەئاگر دروستکراوە.

﴿فَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ قُطِّعَتۡ لَهُمۡ ثِيَابٞ مِّن نَّارٖ﴾ الحج: ١٩.

هەروەها لە دۆزەخدا سێبەر و پەڵە هەور هەیە، بەڵام لە ئاگر و دووکەڵە.

﴿ لَهُم مِّن فَوْقِهِمْ ظُلَلٌ مِّنَ ٱلنَّارِ وَمِن تَحْتِهِمْ ظُلَلٌ ﴾الزمر: ١٦.

﴿ وَظِلٍّ مِّن يَحْمُومٍ ﴿٤٣﴾ لَّا بَارِدٍ وَلَا كَرِيمٍ ﴾ الواقعة: ٤٣ – ٤٤.

ئەمە چارەنووس و ئاکامی ئەو کەسانەیە کە ژیانی دونیایان زیاتر لەقیامەت لامەبەست بووە و، سوورببوون لەسەر بێباوەڕی و، نکوڵیان لەزیندوبوونەوە کردووە.

﴿ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَبْلَ ذَٰلِكَ مُتْرَفِينَ ﴿٤٥﴾ وَكَانُوا۟ يُصِرُّونَ عَلَى ٱلْحِنثِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٤٦﴾ وَكَانُوا۟ يَقُولُونَ أَئِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَبْعُوثُونَ ﴾الواقعة: ٤٥ – ٤٧

واتە: (ئەمانە لە دنیادا خاوەنی نازو نیعمەت و ڕابواردن بوون. لەسەر تاوانە گەورەکەیش سوور بوون کە هاوبەشیان بۆ خوا دانانە. هەمیشەیش ئەیانوت: ئایا ئێمە کاتێ کە مردین و بووین بە گڵ و ئێسکە پڕیو، زیندوو ئەکرێینەوە؟)

﴿ لَهُمْ فِيهَا زَفِيرٌ وَشَهِيقٌ ﴿١٠٦﴾ خَٰلِدِينَ فِيهَا مَا دَامَتِ ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلْأَرْضُ إِلَّا مَا شَآءَ رَبُّكَ ۖ إِنَّ رَبَّكَ فَعَّالٌ لِّمَا يُرِيدُ﴾ هود: ١٠٦ – ١٠٧، واتە: (جا ئەوانەی بەدبەختن وان لە ناو ئاگری دۆزەخدا و لەوێدا هەناسە وەردەگرن و هەناسە دەرئەکەن. لەو ئاگرەدا بەردەوام ئەمێننەوە تا ئاسمان و ئەرز مابێ، ئیللا کاتێ کە خودا مەیلی لە دەرکردنیان هەبێ. خودای بەدەستەڵات چی بوێ ئەیکات.)

چوونه ناو ئاگر:

کاتێك لێپرسینەوه کۆتایی دێت، بڕیاری سزا و ئازار بەسەر کافر و بێبڕواکاندا دەدرێت، دەسته دەسته بەرەو دۆزەخ ڕاپێچ دەکرێن. دۆزەخ لەداخی خوانەناسان و سەرسەختییان و پشت هەلکردنیان لە پێغەمبەرانی خوا، خەریکە پارچە پارچەبێت و لێك ببێتەوەو، پاسەوانانی دۆزەخ سەریان سوڕدەمێنێت لە گەوجی و سەرسەختی دۆزەخییەکان، بۆیە سەرلەنوێ لێیان دەپرسن:

﴿تَكَادُ تَمَيَّزُ مِنَ ٱلْغَيْظِ كُلَّمَآ أُلْقِىَ فِيهَا فَوْجٌ سَأَلَهُمْ خَزَنَتُهَآ أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَذِيرٌ﴾ الملك: ٨، واتە: (ئەو ئاگری دۆزەخە وەختە لە ڕقانا لەو کافرانەی تێی فڕێ ئەدرێن، پارچە پارچە ببێ. هەرچەند تیپێ لەو کافرانەی تێ فڕێئەدرێ دەرگاوانەکانی لێیان ئەپرسن: ئەوە پێغەمبەرێکتان نەهاتە لا لەم ڕۆژەتان بترسێنێ؟)

ئەوانیش بەناچاری و کەساسیەوە دان بەتاوانەکەیاندا دەنێن.

﴿قَالُواْ بَلَىٰ قَدْ جَآءَنَا نَذِيرٌ فَكَذَّبْنَا وَقُلْنَا مَا نَزَّلَ ٱللَّهُ مِن شَىْءٍ﴾ الملك: ٩، واتە: (ئەوانیش ئەڵێن: بەڵێ وەڵڵا. بەڕاستی پێغەمبەرمان هاتەسەرو لەم ڕۆژەی ترساندین، بەڵام ئێمە باوەڕمان پێنەکردو بە درۆزنمان داناو وتمان: حاشا خوا هیچ ئایەتێکی نەناردووەتە خوار.)

فریشتەکانیش پێیان دەڵێن:

﴿إِنْ أَنتُمْ إِلَّا فِى ضَلَٰلٍ كَبِيرٍ﴾ الملك: ٩، واتە: (لە گومڕاهییەکی گەورەدان.)

ئەوسا ئیتر بەناچاری دان بەوەدادەنێن کە کەپبوون و نەیان بیستووە و، بیروهۆشیان بەکارنەهێناوە و بیریان نەکردووەتەوە، خۆ ئەگەر

گوێیـــان بگرتایـــه و، بیریـــان لـــەخۆیان و، گـــەردوونی دەوروبـــەریان بکردایەتەوە، ئەوا لەو ڕێگەیەوە خوای گەورەیان دەناسی و، باوەڕیان پێدەهێناو شوێن پێغەمبەرەکەی دەکەوتن و، نەدەبوونە نیشتەجێی دۆزەخ.

﴿ وَقَالُواْ لَوۡ كُنَّا نَسۡمَعُ أَوۡ نَعۡقِلُ مَا كُنَّا فِيٓ أَصۡحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ ۝١٠ فَٱعۡتَرَفُواْ بِذَنۢبِهِمۡ فَسُحۡقٗا لِّأَصۡحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ﴾ الملك: ١٠ – ١١، واتە: (ئەیشلێین: ئەگەر ئێمە گوێچکەمان ببوایە بۆ بیستنی قسەی پێغەمبەران یا هۆش و فاممان بوایە بیرمان بکردایەتەوە، ئێستا لە ئەهلی دۆزەخ نەئەبووین. بەم جۆرە پێ لە تاوانی خۆیان ئەنێن، دەسا با خوا ئەهلی دۆزەخ لە ڕەحمەتی خۆی دوورخاتەوە.)

دۆزەخ بەندیخانەیە:

دۆزەخ ٧ دەرگای هەیە: ﴿لَهَا سَبۡعَةُ أَبۡوَٰبٖ﴾ الحجر: ٤٤.

دۆزەخییەکان بەسەر ئەم دەرگایانەدا دابەش دەکرێن.

﴿لِكُلِّ بَابٖ مِّنۡهُمۡ جُزۡءٞ مَّقۡسُومٌ﴾ الحجر: ٤٤.

لە ژوورە تایبەتە داخراوەکانی دۆزەخدا، بەستراون بەستووی ڕاکێشراوەوە.

﴿إِنَّهَا عَلَيۡهِم مُّؤۡصَدَةٞ ۝٨ فِي عَمَدٖ مُّمَدَّدَةِۭ﴾ الهمزة: ٨ – ٩.

بەکۆت و زنجیرەوە فڕێ دەدرێنە ناو شوێنێکی تەنگەبەرەوە لەدۆزەخدا:

﴿مُقَرَّنِينَ﴾ الفرقان: ١٣، بەیەکەوە بەستراون.

خـوای گـەورە کـۆت و زنجـیر و ئـاگری هەڵگیرسـاوی بـۆ بێبـاوەڕان ئامادەکردووە: ﴿سَلَٰسِلَا۟ وَأَغْلَٰلًا وَسَعِيرًا﴾ الإنسان: ٤ .

هەوڵی دەربازبوون لەدۆزەخ:

خوای گەورە لەدونیادا تەمەنێکی دوورو درێژی داوە بە مرۆڤ، عـەقڵی پێبەخشیووە بۆ هەڵبـژاردنی ئـەو شـتانەی کـە دەیـەوێت و، ئیرادەیشـی پێداوە تا خواستەکانی پێ بهێنێتەدی، جا هەندێ لـە خـەڵکی پەفتـاری ڕێگـەی دۆزەخیـان هەڵبـژاردووەو، ئـەو کارانەشـیان ئەنجامـداوە کـە دەیانگەیـەنێت بـەدۆزەخ، کـاتێکیش پێـی گەیشـتن، دەسـت دەکـەن بەهەوڵدان بـۆ دەرچـوون لێـی و، بـەڵێن دەدەن ئەگـەر گەڕێنرانـەوە بـۆ دونیا، باوەڕدەهێنن و چاکە دەکەن، وادەزانن ئەمە وەکو تاقیکردنەوەی دونیا وایە، هەرکەس لەخولێکدا دەرنەچوو، هەوڵ بـدات لـەخولێکی تـردا دەربچێت، نازانن ئەوەی لـەدونیا دەرچـوو ناگەڕێتـەوە بـۆی، ئەوەیشـی چووە ناو ئاگر ناتوانێت لێی دەربچێت، ئیدی ئـەم فەرموودەیـەی خـوای گەورەیان بەسەردا دەچەسپێت:

﴿وَلَقَدْ جِئْنَٰهُم بِكِتَٰبٍ فَصَّلْنَٰهُ عَلَىٰ عِلْمٍ هُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٥٢﴾ هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا تَأْوِيلَهُۥ ۚ يَوْمَ يَأْتِى تَأْوِيلُهُۥ يَقُولُ ٱلَّذِينَ نَسُوهُ مِن قَبْلُ قَدْ جَآءَتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِٱلْحَقِّ فَهَل لَّنَا مِن شُفَعَآءَ فَيَشْفَعُوا۟ لَنَآ أَوْ نُرَدُّ فَنَعْمَلَ غَيْرَ ٱلَّذِى كُنَّا نَعْمَلُ﴾الأعـراف: ٥٢ – ٥٣، واتە: (ئێمە کیتابێکمان بۆ هێنـان کـە بـەپو بـاوەڕو حوکمـەکانمان تێدا تەفصیل داو بۆمان ڕوون کردنەوەو، خۆمان ئەزانین چـۆن و بۆچـی تەفصـیلمان داون و، هـەموو پـەن لـە حیکمـەت و، هـۆی شـارەزایی و ڕەحمـەتن بـۆ ئەوانـەی ئیمـان ئـەهێنن و سەرپێچـی ناکـەن. کافرەکـان

چاوەڕوانی ئەوەن ئەنجامی فەرمووەکانی قورئان، لە وەعدو وەعیدو سزاو پاداش بێنەدیو ڕۆژی قیامەت بێت. کە ئەوانە هاتنە دی و ڕۆژی قیامەت هات ئەوانەی لە دنیادا قورئانیان لەبیرکردبوو سەرپێچییان ئەکرد، ڕاستییان بۆ دەرئەکەوێت و ئەڵێن: پێغەمبەرەکان لە دنیادا ڕاستیان کردو ڕاستیان هێناو، ئێمە باوەڕمان پێ نەکردن. ئاخۆ لەم ڕۆژەدا تکاکار هەن تکامان بۆ بکەن و لە سزا ڕزگارمان بکەن؟ ئاخۆ ئەمانگەڕێننەوە بۆ دنیا تا کردەوەی تر بکەین غەیری ئەوەی ئەوسا ئەمانکرد؟ خودای گەورەیش ئەفەرموێ: نەخێر ئیستە ماوەی هیچ نەماوە، ئەمانە لە دنیادا خۆیان دۆڕاندو ئیستە ماڵوێرانن و، ئەو بوختان و درۆیانەی لە دنیادا کردنیان فریایان ناکەون.)

﴿ وَتَرَى ٱلظَّٰلِمِينَ لَمَّا رَأَوُا۟ ٱلْعَذَابَ يَقُولُونَ هَلْ إِلَىٰ مَرَدٍّ مِّن سَبِيلٍ ﴾ الشـــورى: ٤٤، واتە: (لە ڕۆژی قیامەتا ستەمکاران ئەبینی کە عەزابی خوا بە چاوی خۆیان ئەبینن ئەکەونە هاوارو دادو فوغان و ئەڵێن : ئایا ڕێگەیەک هەیە بتوانین لەو ڕێگاوە بگەڕێینەوە بۆ دنیاو ئیتر لەوێ مرۆی چاک و خاوەن باوەڕ بین و بێ فەرمانیی خوا نەکەین؟)

﴿ وَهُمْ يَصْطَرِخُونَ فِيهَا رَبَّنَآ أَخْرِجْنَا نَعْمَلْ صَٰلِحًا غَيْرَ ٱلَّذِى كُنَّا نَعْمَلُ﴾فـاطر: ٣٧، واتە: (ئەوانیش لە دۆزەخا ئەکەونە هاوار هاوارو ئەڵێن: خوایە ! لەم دۆزەخەمان دەرکە با کردەوەیەکی چاک بکەین غەیری ئەو کردەوە خراپانەی لە دنیادا ئەمانکردن.)

ئالێرەدا گوێبیستی وەڵامی کاریگەر و یەکلاییکەرەوە دەبن.

﴿ أَوَلَمْ نُعَمِّرْكُم مَّا يَتَذَكَّرُ فِيهِ مَن تَذَكَّرَ وَجَاءَكُمُ النَّذِيرُ فَذُوقُوا فَمَا لِلظَّالِمِينَ مِن نَّصِيرٍ ﴾ فاطر: ٣٧، واتە: (جا خوایش پێیان ئەفەرموێ: ئایا ئێمە ئەوەندەمان تەمەن نەدانێ بەشی ئەوە بکا هەرکەس بتوانێ بیری تیا بکاتەوەو بزانێ چی چاکە تا بیکاو چی خراپە تا نەیکاو، پێغەمبەری لە پۆژی قیامەت ترسێنیشتان هاتەلاو گوێتان نەدایی‌و بە قسەتان نەکرد؟ دە کەواتە بیچێژن، مرۆی ستەمکار هیچ یارمەتیدەرێکی بۆ نییە.)

پەنا دەبەنە بەر دەرگاوانانی دۆزەخ، هەروەک چۆن دیل لەبەندیخانەدا پەنا دەباتەبەر پاسەوانانی بەندیخانە، وادەزانێت ئەوان سوودی پێدەگەیەنن، یان زیانی لێدوورەدەخەنەوە، پێیان دەڵێن:

﴿لِخَزَنَةِ جَهَنَّمَ ادْعُوا رَبَّكُمْ يُخَفِّفْ عَنَّا يَوْمًا مِّنَ الْعَذَابِ ﴿٤٩﴾ قَالُوا أَوَلَمْ تَكُ تَأْتِيكُمْ رُسُلُكُم بِالْبَيِّنَاتِ ۖ قَالُوا بَلَىٰ ۚ قَالُوا فَادْعُوا ۗ وَمَا دُعَاءُ الْكَافِرِينَ إِلَّا فِي ضَلَالٍ﴾ غافر: ٤٩ – ٥٠، واتە: (ئەوانەی کە لەناو ئاگران بە قاپیەوانەکانی دۆزەخ ئەڵێن داوا لە خوای خۆتان بکەن بەڵکو ئەمە خوایە بۆ تاقە پۆژێ ئەم سزای دۆزەخەمان لەسەر هەڵبگرێ. دەرگاوانەکانی دۆزەخیش لە وەڵاما پێیان ئەڵێن: ئایا ئەو پێغەمبەرانەی خوا ناردبوونیە سەرتان، بە بەڵگەو دەلیلی پێغەمبەرییەوە نەئەهاتنە لاتان؟ ئەمانیش ئەڵێن: بەڵێ ئەهاتن. دەرگاوانەکانیش پێیان ئەڵێن: کەواتە خۆتان داوا بکەن، بەڵام داواو دوعاو پاڕانەوەی کافران لە سەرلێشێواوییەوە نەبێ نییەو هیچ دادێکیان نادا چونکە کاتی خۆی فریای خۆیان نەکەوتن تا ئێستا وا تووش نەبن.)

کاتێک لەوانیش نائومێد دەبن دەچن بۆ لای مالیک، سەرۆکی دەرگاوانانی دۆزەخ. ﴿وَنَادَوْاْ يَٰمَٰلِكُ لِيَقْضِ عَلَيْنَا رَبُّكَ﴾الزخرف: ٧٧ واتە: (ئەوانەی لەناو ئاگری دۆزەخان هاوار ئەکەنە دەرگاوانی دۆزەخ کە ناوی (مالیک)ەو پێی ئەڵێن: ئەی مالیک! بەڵکو کارێ بکەی خوا گیانمان بکێشێو بمرین و بحەسێینەوە.)

ئەویش بەتوندی وەڵامی یەکلاکەرەوەیان دەداتەوە و، دەڵێت:

﴿إِنَّكُم مَّٰكِثُونَ﴾ الزخرف: ٧٧، ، واتە: (نەخێر، ئێوە بۆ هەمیشە لەم شوێنەدا ئەمێننەوە.)

ئینجا بیر لەوە دەکەنەوە کە هەرچییان هەیە بیکەنە قوربانی خۆیان، هەروەک چۆن لەدونیادا لەپێناو ڕزگاری خۆیاندا پارەیان دەبەخشی، بەڵام ئێستا ئەمە مەحاڵە:

﴿ وَلَوْ أَنَّ لِلَّذِينَ ظَلَمُواْ مَا فِي ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا وَمِثْلَهُۥ مَعَهُۥ لَٱفْتَدَوْاْ بِهِۦ مِن سُوٓءِ ٱلْعَذَابِ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِۚ وَبَدَا لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مَا لَمْ يَكُونُواْ يَحْتَسِبُونَ ﴿٤٧﴾ وَبَدَا لَهُمْ سَيِّـَٔاتُ مَا كَسَبُواْ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ﴾ الزمر: ٤٧ – ٤٨،

واتە: (ئەگەر ئەوانەی لە دنیادا ستەمکار بوون هەرچی دارایی‌و سامان لە زەویدا هەیە هیی ئەوان بوایەو ئەوەندەی تریشی لەگەڵا بوایە ئەیانکرد بە قوربانی خۆیان و ئەیاندا لەباتیی ئەوەدا لەو سزا سەختە ڕزگاربن کە لە ڕۆژی قیامەتا تووشیان ئەبێ‌و، لەو ڕۆژەدا بۆیان دەرئەکەوێ لەلایەن خواوە لە ئازارو سزا، ئەوەی کە هەر بە خەیاڵیشیانا نەئەهات. لەو ڕۆژەدا خراپەی ئەو کردارانەیان بۆ دەرئەکەوێ کە کردوویانن و، ئەوەی گاڵتەیان پێئەکردو بەدرۆیان دانەنا گەمارۆیان ئەداو سزای لە هەموو لایەکەوە ڕوویان تێئەکا.)

ئـەم هەوڵانـە هـیچ سـوودێکیان پـێ ناگەیـەنێت و، لەدۆزەخـدا دەمێننەوە.

﴿وَلَهُم مَّقَٰمِعُ مِنْ حَدِيدٍ ﴿٢١﴾ كُلَّمَآ أَرَادُوٓاْ أَن يَخْرُجُواْ مِنْهَا مِنْ غَمٍّ أُعِيدُواْ فِيهَا﴾ الحج: ٢١ – ٢٢ ، واتە: (گورزی ئاسنیشیان بۆ هەیە بۆ سزادانیان، بەدەست مەئموورێ سزادانیانەوەن. هەرچەند بییانـەوێ لەبـەر ناڕەحـەتی و داخ و خەفەتی دڵیان لەو ئاگرە دەرچن، ئەگەڕێنرێنەوە بۆ ناوی.)

پێیـان دەوترێـت: ﴿وَذُوقُواْ عَذَابَ ٱلْحَرِيقِ﴾ الحـج:٢١، واتـە: (پێیـان ئەوترێ: دە بخۆن ئاگری لەشسوتێن بچێژن.)

گفتوگۆ و جیاوازییەکانیان:

بەهەشتییەکان خوشك و برای یەکترن و لەسـەر کورسـی و قەنەفـەی ڕازاوە لەبەرامبەر یەکەوە دانیشتوون (سەلام لەیەکتر دەکـەن و سـوپاس و ستایشـی پـەروەردگار دەکـەن)، هەرچـی کینـەو بـوغزە لـەدڵ و دەروونیاندا دەرهێنراوە، ڕێنمویی کراون بۆ گوفتـاری جـوان و پەسـەند، گفتوگۆکانیان هیچ قسـەیەکی نابـەجێ و نادروسـت و نـاڕێکی تیـا نییـە، بەڵام دۆزەخییەکان لەکێشمەکێشم و دەمەقاڵێدان:

﴿ كُلَّمَا دَخَلَتْ أُمَّةٌ لَّعَنَتْ أُخْتَهَا حَتَّىٰٓ إِذَا ٱدَّارَكُواْ فِيهَا جَمِيعًا قَالَتْ أُخْرَىٰهُمْ لِأُولَىٰهُمْ رَبَّنَا هَٰٓؤُلَآءِ أَضَلُّونَا فَـَٔاتِهِمْ عَذَابًا ضِعْفًا مِّنَ ٱلنَّارِ ۖ قَالَ لِكُلٍّ ضِعْفٌ وَلَٰكِن لَّا تَعْلَمُونَ ﴿٣٨﴾ وَقَالَتْ أُولَىٰهُمْ لِأُخْرَىٰهُمْ فَمَا كَانَ لَكُمْ عَلَيْنَا مِن فَضْلٍ فَذُوقُواْ ٱلْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْسِبُونَ﴾ الأعراف: ٣٨ – ٣٩، واتە: (جا هەر تاقمێ ئەڕۆیشتە ناو ئاگر لەعنەتی لە ئوممەتەکەی پێش خـۆی ئـەکرد کـە دوایـان کـەوتبوون. کـە

هـەموو لـەوێ کۆبوونـەوەو ڕووبـەڕووی یـەک وەسـتان پـەیڕەوەکان دەربارەی ئەوانەی دوایان کەوتبوون ئەیانوت: خودایا! ئـا ئەمانـە بـوون ئێمەیان گومڕا کرد. دە دوو قـات بـە ئـاگر سـزایان بـدە، حـەقی ئـەوەی خۆیان گومڕابوون و هی ئەوەیش ئێمەیان گـومڕاکرد. خـودا ئەفـەرموێ: ئێوەش و ئەوانیش هەموو تۆڵەتان لێئەسەنرێ، بەڵام نە ئێوەو نە ئـەوان کەستان بە حاڵ و سزای کەسی ترتـان نـازانن. ئـەنجا کۆمەڵـە پێشـووە گومڕاکەرەکان وتیان بە کۆمەڵی دوای خۆیان کە پـەیڕەوییان کردبـوون: ئەوا ئێمەو ئێوە وەک یەک سزا ئەدرێین و، ئێوە هیچ لە ئێمە چاکتر نـین. دە بچێژن سزا بەهۆی کردەوەی بەدتانەوە.)

﴿هَٰذَا فَوْجٌ مُّقْتَحِمٌ مَّعَكُمْ ۖ لَا مَرْحَبًا بِهِمْ ۚ إِنَّهُمْ صَالُوا النَّارِ ﴿٥٩﴾ قَالُوا بَلْ أَنتُمْ لَا مَرْحَبًا بِكُمْ ۖ أَنتُمْ قَدَّمْتُمُوهُ لَنَا ۖ فَبِئْسَ الْقَرَارُ ﴿٦٠﴾ قَالُوا رَبَّنَا مَن قَدَّمَ لَنَا هَٰذَا فَزِدْهُ عَذَابًا ضِعْفًا فِي النَّارِ ﴿٦١﴾ وَقَالُوا مَا لَنَا لَا نَرَىٰ رِجَالًا كُنَّا نَعُدُّهُم مِّنَ الْأَشْرَارِ ﴿٦٢﴾ أَتَّخَذْنَاهُمْ سِخْرِيًّا أَمْ زَاغَتْ عَنْهُمُ الْأَبْصَارُ ﴿٦٣﴾ إِنَّ ذَٰلِكَ لَحَقٌّ تَخَاصُمُ أَهْلِ النَّارِ﴾ ص: ٥٩ – ٦٤.

﴿ وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا رَبَّنَا أَرِنَا الَّذَيْنِ أَضَلَّانَا مِنَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ نَجْعَلْهُمَا تَحْتَ أَقْدَامِنَا لِيَكُونَا مِنَ الْأَسْفَلِينَ ﴾ فصلت: ٢٩، واتـە: (کافرەکـان لـە ڕۆژی قیامـەتا ئـەڵێن : خوایـە! ئـەو دوو بنیـادەم و جنۆکەیـەمان پیشـان بـدە کـە گومڕایان کردین بۆ ئەوەی لەژێر پێمانا بییانفلیقێنینەوە تا لەوانە بن کـە لە بنیبنەوەو لەژێرپێدان.)

گفتوگۆی نێوان بەهەشتییەکان و دۆزەخییەکان:

لەقورئانـــدا ئامـــاژە بـــەوەکراوە کـــە بەهەشـــتییەکان دەتـــوانن دۆزەخییـەکان ببیـنن و، هـەردوولا بـانگ لەیـەکتری دەکـەن و گفتوگـۆ دەکەن.

﴿وَنَادَىٰٓ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِ أَصۡحَٰبَ ٱلنَّارِ أَن قَدۡ وَجَدۡنَا مَا وَعَدَنَا رَبُّنَا حَقّٗا فَهَلۡ وَجَدتُّم مَّا وَعَدَ رَبُّكُمۡ حَقّٗاۖ قَالُواْ نَعَمۡۚ فَأَذَّنَ مُؤَذِّنُۢ بَيۡنَهُمۡ أَن لَّعۡنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ الأعـــراف: ٤٤، واتە: (بەهەشتییەکان بانگ ئەکەنە دۆزەخییەکان و پێیـان ئـەڵێن: ئێمـە بەڕاستی ئـەوەی خـودا وەعـدی پـێ دابـووین دەسـتمان کـەوت، ئـاخۆ ئێوەیش ئەوەی خودا وەعدی پێ دابوون دەستتان کەوت؟ وتیان: بەڵێ، جا لەوێدا لەبەینی ئەو دوو کۆمەڵەدا جارچی جارێ کێشاو وتی: لەعنـەت و نەفرینی خودا لە ستەمکاران بێ.)

﴿وَنَادَىٰٓ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ أَصۡحَٰبَ ٱلۡجَنَّةِ أَنۡ أَفِيضُواْ عَلَيۡنَا مِنَ ٱلۡمَآءِ أَوۡ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُۚ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ حَرَّمَهُمَا عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ ۝٥٠ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَهُمۡ لَهۡوٗا وَلَعِبٗا وَغَرَّتۡهُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَاۚ﴾ الأعـــراف: ٥٠ – ٥١، واتـــە: (دۆزەخییـــەکان هاوارئەکەنە بەهەشتییەکان: لەو ئـاوو ڕزقـەی خـودا پێـی داون، بـڕژێنن بەسەرماندا و بەشمان بدەن. بەهەشتییەکان لە وەڵامدا ئەڵێن: بەڕاسـتی خودا ئەمانەی لە کافران مەنع کـردووەو نایانـدرێتێ. ئەوانـەی لـە دنیـادا ئایینی خۆیانیان کردبووە ئارەزووبازیو گاڵتەو، ژیانی خۆش و وەختیـی دنیـا مـەغروورێ کردبـوون، ئـەمڕۆ کـە قیامەتـە ئێمـە ئـەوان فـەرامۆش ئەکەین و گوێیان نادەینێ، وەک چۆن ئەوان ئەم ڕۆژەیان لەبیر کردبوو و ئینکاری ئایەتەکانی ئێمەیان ئەکرد.)

ئەعراف:

ئەوەی لەئایەتەکانەوە لێی تێدەگەین، ئەوەیە کە(أعراف) شوێنێکە لەنێوان بەهەشت و دۆزەخدا، بۆماوەیەك کەسانێکی تێدا دەمێنێتەوە، کە کردەوە چاکەکانیان لەوە کەمترە بەهۆیانەوە بچنە بەهەشت و، خراپەکانیشیان ئەوەندە زۆر نییە بخرێنە دۆزەخەوە، لەوێوە بەهەشت دەبینن و هیوا دەخوازن کە ڕۆژێك بچنە ناوی و، لەگەڵ بەهەشتیەکاندا قسەدەکەن و، ئاگری دۆزەخیش دەبینن و پەنابەخوا دەگرن لەوەی لە دۆزەخییان بن و، لەنێوان ئەهلی بەهەشت و ئەهلی دۆزەخدا شوورایەك هەیە هەردوولا لەیەکتر جیادەکاتەوە.

﴿ وَعَلَى ٱلْأَعْرَافِ رِجَالٌ يَعْرِفُونَ كُلًّۢا بِسِيمَىٰهُمْ وَنَادَوْا۟ أَصْحَٰبَ ٱلْجَنَّةِ أَن سَلَٰمٌ عَلَيْكُمْ لَمْ يَدْخُلُوهَا وَهُمْ يَطْمَعُونَ ﴿٤٦﴾ وَإِذَا صُرِفَتْ أَبْصَٰرُهُمْ تِلْقَآءَ أَصْحَٰبِ ٱلنَّارِ قَالُوا۟ رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا مَعَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾ الأعراف: ٤٦ – ٤٧، واتە: (لە بەینی ئەهلی بەهەشت و ئەهلی دۆزەخدا شوورایەك هەیە هەردوولا لە یەك جوێ ئەکاتەوە. لە سەرووی ئەو شوورایەوە کۆمەڵێك هەن لەوانەی لە دنیادا هاوبەشیان بۆ خودا دانەناوەو تەنها خودایان پەرستووە، بەڵام لەکردەوەی چاکدا کەموکوڕییان هەبووە. ئەم کۆمەڵە ئەهلی بەهەشت و جەهەننەم ئەناسن و بە نیشانەی تایبەتیدا لە یەکیان جیا ئەکەنەوە.. هەر لەوێوە بانگ ئەکەنە ئەهلی بەهەشت و ئەڵێن: سڵاوتان لێ بێ. ئەمانە هێشتا نەچوونەتە بەهەشت و بە هیوان بچن. ئەمانە کە ڕوویان بەرەو لای ئەهلی دۆزەخ وەرئەچەرخێ ئەڵێن: پەنا بە خودا، ئەی پەروەردگار! مەمانکە بە هاوڕێی ستەمکاران.)

لەدۆزەخـــدا کەســـانێك (لەدۆزەخییـــەکان) دەبیـــنن بەڕواڵەتیانـــدا دەیانناسن، کە لەسەر زەویدا لەستەمکاران بوون. شانازییان بەدەست و پێوەنـد و شـوێنکەوتە و، ئـەو جـەماوەرەوە کـردووە کـە پشـتگیریان کردوون، بەو هۆیەشەوە لەخۆیان بایی بوون و گومڕابـوون، جائـەمانیش بانگیان دەکەن و پێیان دەڵێن:

﴿مَآ أَغۡنَىٰ عَنكُمۡ جَمۡعُكُمۡ وَمَا كُنتُمۡ تَسۡتَكۡبِرُونَ﴾ الأعراف: ٤٨، واتـە: (هەرچـی مـاڵ و سـامانتان کـۆکردەوە یـا خـۆ کۆمـەڵی زۆرتـان، هیچـی فریاتـان نەکەوت و بـە کـەڵکتان نـەهات، هـەروەها خۆبـەزلزانینتان بـۆ ئـەم ڕۆژە سەختە سوودێکی نەبوو!.)

ئاڵەو ڕۆژەدا دەبینن، کە هیچ کـام لەوشتانە فریایـان نەکـەوتوون و، ئازاریـان لەسـەرکەم نەکردونەتـەوە، بـەڵکو هـەموویان لـەدوای خۆیـان بەجێهێشـتووە، کەسـێك بمرێـت نـەهاوڕێ، نەهاوپـەیمان، نەدەسـت و پەیوەند لەگەڵی نایـەت. هـەموویان وازی لێـدەهێنن و بـەجێی دەهـێڵن، بەتەنها دەخرێتە ناو گۆڕو، بەتەنها لەناو گۆڕ دێتەوە دەر و، بەتـەنهایش بۆ لێپرسینەوە دەوەستێنرێت. ئەمە حەقیقەتی بینینە لـەدونیادا، بـەڵام چـاوەکان کـوێرن لـە ئاسـتیدا و، بینـایی بێتوانایـە لـە ئاسـت دەرك پێکردنیـدا. سـا پـەروەردگارا بەرچـاو ڕوونیمـان پێببەخشـە تـا ئـەو حەقیقەتانە ببینین کە بەرەو زاتـی تـۆ ڕێنموویـیمـان دەکـەن و، چـاومان ڕۆشن بکەرەوە تـا ئـەو ڕێگەیـەی پـێ ببینـین کـە دەمانگەیەنێتـە زاتـی بەرزت، لـە فیتنـەی پـەنهان و ئاشکرا بـەدوورمان بگـرە و، ڕەزامەنـدیی خـۆت و بەهەشـتمان پـێ ڕەوا ببینـە و، لـە تووڕەیـت و ئـاگری دۆزەخ پەنامان بدە، هەر تۆ لێبوردە و لێخۆشبوویت.



باوەڕ بە قەدەر
٧

باوەڕ بە قەدەر ٧

مانای قەزا و قەدەر:

خوای گەورە لەچەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆزدا باسی قەدەری کردووە وەک دەفەرموێت:

﴿ وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلَّا عِندَنَا خَزَائِنُهُ وَمَا نُنَزِّلُهُ إِلَّا بِقَدَرٍ مَّعْلُومٍ ﴾ الحجر: ٢١، **واتە:** (هەرچی لە دنیادا هەیە خەزێنەکانی لای ئێمەیەو بە ئەندازەیێکی دیاریکراو نەبێ داینابەزێنین.)

هەروەها دەفەرموێت:

﴿ إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ ﴾ القمر: ٤٩، **واتە:** (بەڕاستی ئێمە هەموو شتێکمان لەسەر ئەندازەو هەڵسەنگاندن و بە پێی حیکمەتێك دروست کردووە.)

دەربارەی زەوی دەفەرموێت:

﴿وَبَارَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَا أَقْوَاتَهَا﴾ فصلت: ١٠، **واتە:** (خێروبێری تێخستووەو ڕزق و ڕۆزیی خەڵکەکەی تێدا ڕێکخستووە کە هەر کۆمەڵێ بە چی ئەژین و چۆن ئەژین.)

دەربارەی مانگ دەفەرموێت:

﴿ وَالْقَمَرَ قَدَّرْنَاهُ مَنَازِلَ حَتَّىٰ عَادَ كَالْعُرْجُونِ الْقَدِيمِ ﴾ یس: ٣٩، **واتە:** (مانگیشمان بڕیار داوە بە خاوەنی چەند ماوایو مەنزڵ تا لە سەرەنجاما لە ئاخری مانگا وەک داری وشك هەڵاتووی کۆنی لێدێتەوە.)

هەروەها دەفەرموویت:

﴿وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُۥ تَقْدِيرًا﴾ الفرقان: ٢، واتە: (هەموو شتێکی دروست کردووەو لە پێش دروستکردنیا لە عیلم و زانیاریی خۆیا ئەندازەی بۆ داناوەو بەو پێیە دروستی کردووە.)

﴿وَكُلُّ شَيْءٍ عِندَهُۥ بِمِقْدَارٍ﴾ الرعد: ٨، واتە: (هەموو شتێ لای خودا ئەندازەیێکی دیاری هەیە نە لێی زیاد ئەکات و نە لێی کەم ئەکات.)

لەم ئایەتە قورئانیانەوە لەوە حاڵی دەبین کە قەدەر، هەموو ئەو یاساو رێسایانەیە کە خوای گەورە بۆ گەردوونی داناوەو، ئەو رێزم و یاسا سروشتیانەیە کە لە سەری دەڕوا بەڕێوە.

هەرچیبەکی تێدایە بە ئەندازە و رێژەی دیاری کراو بەدیهێناوە، هیچ بوونێک نییە کە پێش پەیدابوون و بەدیهاتنی ئەندازە و ژمارەی گەردیلەکانی دیاری نەکرابێت و، بڕی ئەو توخمانەی کە لێی پێک دێن و جۆرەکەیو، ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەریدا دێت کاتێک تێکەڵ بە مادەیەکی تر دەبێت و، لێی جیا دەبێتەوە و، ئەو جوڵە و سرەوتانەی دێتە رێگەی و، هەموو ئەمانە لە ئەزەلەوە دیاری کراون.

جیاوازی نێوان قەزاو قەدەر بە نموونەیەک ڕوون دەکەمەوە "نموونەی بەرزو باڵا بۆ خوایە": ئەو باڵەخانانەی تازە دروست دەکرێن تابلۆیەکیان لەسەر هەڵدەواسرێت کە تیایدا نووسراوە (دیزاینی فڵان ئەندازیارەو، لەلایەن فڵان بەڵێندەرەوە جێبەجێدەکرێت)، ئەندازیار وێنەی نەخشەکە دەکێشێت و بەرزی بیناکەو ئەستووری دیوارەکان و، هەموو ئەو ئاسن و بەردانەی تیایدا دادەنرێت و، رێژەی هەموویان و، هەرچی دەرگا و پەنجەرەی تیایە، ئەندازەی هەموو ئەو شتانە دەگرێت

و دیاریـیـان دەکـات، ئەمـە نموونـەی قـەدەرە، بەڵێنـدەریش پێوانـەو ئەندازەکاریـەکانی ئەندازیارەکـە دەکێشێت، ئەمـەش نموونـەی قەزایـە، هەردووکیشـیان لەلایـەن خـواوەن: هـەروەك ئەندازیارەکـە دەتوانێـت دیزاینەکە بگۆڕێت، خـوای گـەورە بەڕەحمـەتی خـۆی دوعـاو پـاڕانـەوەو بەخشینی کردووەتە هۆکار بۆ بەرزکردنەوە و لابردنی هەندێك موقـەدەر، کە تەنها خۆی تەقدیری کردووەو، تەنها بـە دوعـا و پـاڕانـەوەیش بـەرزی کردووەتەوە و لایبردووە.[1]

پاداشت و سزا:

بەشێوەیەکی گشتی ئەوە مانای قـەدەرە کـە هـەموو بـەدیهێنراوێکی خوا دەگرێتەوە، خوای گەورە ئەندازەگیری هەموو حاڵەت و پێوانـەکانی کردووەو، زانایە بەوەی چی بۆ دەبێت و چی لێوە پەیدا دەبێت، لەنێوان ئەو دروستکراوانەی خوای گەورەدا مرۆڤـە، ئـالێرەوە ڕووبـەڕووی کێشـە دەبێتـەوە، کـە لـە مێـژە خـەڵکانێکی زۆر چـوونەتە بـنج و بنـاوانی و مشـتوومڕی زۆری لـە بـارەوە کـراوە، ئـەویش باسـی پاداشـت و سـزایە. ئەگەر هەرچی لە گەردووندا ڕووەدات وێنـە بۆکێشـراوو زانـراو بێـت لای

١- ئەگەر هـەرکارێك مرۆڤ دەیکـات لـە ئەزەلـەوە بەسـەریدا بسـەپێنرایە، بـەبێ گـۆڕان و دەستکاری و، هیچ ئیختیارێکی نەبوایە تیایدا، ئـەوا ڕەوانـەکردنی پێغەمبـەران و، جیهـاد دژی بێباوەڕان و نزاو پاڕانەوەیش سوودیان نەدەبوو. پێغەمبەران و خەلیفەکانی ڕاشیدین و چاکەخوازانی هەموو ئومەتێك پاڕاونەتەوە و، داوای لاچوونی بەڵا و، دەستگیربوونی خێر و چاکەیان کردووە لە خوای گەورە. لای گەورە پیاوماقوڵی حیجاز، مامۆستای پایە بـەرز (محمد نصیف) ڕەحمەتی خـوای لێبێـت، نامەیـەکی دەستنووسـی (شـوکانی)م بینـی لـەم بارەیەوە کە یەکجار ناوازە بوو .

خوای گەورەو، یاساو سونتەتەکانی خوای گەورە گۆڕانیان بەسەردا نایەت، کەواتە پاداشت و سزا چۆن دەبێت؟

وەڵامی کورت و پوختیش ئەوەیە کە: دەبێت جیاوازی بکەین لەنێوان حاڵی مرۆڤی بینەرو (بەرجەستەو)و، سیفات و کردارەکانی خوای گەورەدا، کە غەیبییەو، عەقڵ ناتوانێت پەی پێ ببات و، هیچی لەبارەوە نازانێت ئەوە نەبێت کە لە ڕێگەی وەحییەوە هاتووە.

مرۆڤی خاوەن ئیختیار:

ئێستا دەربارەی بارودۆخی بینراو قسە دەکەم و، دواتریش دەربارەی دەقە قورئانیەکان. لە واقیعدا مرۆڤ سەربەستی پێدراوە، عەقڵی هەیە دەتوانێت حوکمی پێبکات بەسەر کاروبارە ماددیەکاندا و، شەڕ و خێڕی پێ لە یەک جیا بکاتەوە و، ئیرادەی هەیە دەتوانێت کاری چاک یان خراپی پێبکات. هەموو مرۆڤێکی عاقڵ دەزانێت کە نوێژ خێرە و، زینا تاوان و خراپەیە و. تەقدیری ئەوە دەکات ئەگەر لە ماڵەکەی چوویە دەرەوەو لەلای پاستەوە ڕۆیشت بۆ مزگەوت نوێژ دەکات و، ئەگەر لای چەپەوە ڕۆیشت بۆ ماڵی خراپ زینا دەکات، ئایا کەس گومانی لەمە هەیە؟ ئەگەر دەستم ساغ و تەندروست بوو هیچ نەخۆشییەکی نەبوو، ئەوا دەتوانم بەرزی بکەمەوە، ئایا کەس هەیە بانگەشەی ئەوە بکات کە من ناتوانم دەستم بەرز بکەمەوە، بەرزم کردەوە بۆ ئەوەی دینارێك بدەم بەهەژارێك، یان بەرزم کردەوە بۆئەوەی دار لە بێتاوانێك بدەم، ئایا ئەمە وایە؟ ئایا بەخشین بە هەژار چاکەیەک

نییە شایانی پاداشت بێت و، لێدانی بێتاوانێك خراپەیەك نییە شایانی سزا بێت؟

قوتابی دەتوانێت شەوانی تاقیکردنەوە بە گاڵتەو گەمەوە بەسەر بەرێت و، دەشتوانێت بە خوێندن و کۆششکردنەوە سەرقاڵ بێت، ئایا ئەمە ڕاست نییە؟ ئایا کەس بانگەشەی ئەوە دەکات کە کەوتنی یاریزانێك ستەم بووەو، دەرچوونی کەسێکی جدی و لێبڕاو یارمەتیو خاتر گرتن بووە؟

مرۆڤی زۆرلێکراو:

تـوانیم بـە ئـیرادەی خـۆم دەسـتم بجـوڵێنم، چـونکە خـوای گـەورە ماسـولکەکانی دەسـتی بـۆ ڕام کـردووم، بـەڵام نـاتوانم کـۆنترۆڵی ماسـولکەکانی دڵ و گـەدەم بکـەم. ئـەو قوتابیـەش ڕەنگـە زیـرەك بێـت یەکجار وانەکەی بخوێنێت و لەبـەری بکـات، پاشـان دەسـت دەکـات بـە یاری و ڕابـواردن، لەوانەیـە کـەودەن و تەمـەڵ بێـت شـەو و ڕۆژ کۆشـش بکـات، بـەڵام تێنـەگات و نـەتوانێت لەبـەری بکـات. لەوانەیـە ماڵەکـەی بێدەنگ بێت و باوکی زانایەك بێت کاری خوێندنی بۆ ئاسان بکـات، یـان بخوێنێت و کۆشش بکات. لەوانەشە ماڵەکەی پڕبێت لـە دەنگـە دەنـگ و باوکی نەزانێك بێت ئەو کاتـە ناتوانێـت بخوێنێـت، ئـەو کەسـە ناتوانێـت زیرەکـی بـەخۆی ببەخشـێت و، ناتوانێـت دایـك و بـاوکی هەڵبـژێرێت و، ناتوانێت ئەوکاتە باشە هەڵبژێرێت کە تیایدا دێتە دونیاوەو، نایشـتوانێت ئەو ژینگە چاکە هەڵبژێرێت بۆئەوەی تەمەنی منداڵی تیادا بەسەر ببـات. مرۆڤ خاوەنی هیچ کام لەمانە نییە، هەروەك ناتوانێت بەتەواوی سەرجەم

ئەندامەکانی جەستەی بگۆڕێت و، بالای بەرزتر بکات، لەم ڕوانگەیەوە ناچارو زۆرلێکراوە.

مرۆڤ سەربەست و سەرپشکە لە سنووری وزە و توانای مرۆییدا:

مرۆڤ سەربەست و سەرپشکە لە سنووری توانا مرۆییەکانداو، لەبەرئەوەی زۆرلێکراوە- لە هەندێ لە حاڵەتەکاندا - سیفەتی سەربەستی تیادا ناسڕدرێتەوە. وەکو سەیارەو تاشەبەرد، کەس نکوڵی لەوە ناکات کە سەیارە دەڕوات، بەڵام لە سنووری هێزی بزوێنەرەکەیو، بواری بەرگەگرتنیدا، ئەگەر سەیارەیەکی شەحن دروست بکرێت ناتوانێت بەخێرایی سەیارەیەکی پێشبڕکێ بڕوات و، ئەگەر بۆ ئەوە دروست کرابێت کە بەسەر زەویدا بڕوات داوای ئەوەی لێناکرێت بەسەر پەیژەدا سەربکەوێت، یان بە دیواردا بڕوات. بەڕێگادا دەڕوات، ئەگەر ڕێگرێك بەردەمی لێگرت، توانای ڕۆیشتنی لەدەست نادات، وەکو بەردیش نابێت. مرۆڤیش بەهەمان شێوە، لە ژیانیدا زۆر بەربەست و ڕێگر تواناکانی سنووردار دەکەن، یان ئاڕاستەکەیان دەگۆڕن، کۆمەڵێك کاروبار کاری تێدەکەن کە ناتوانێت لەسەر خۆی لابیات یان بیانگۆڕێت، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە سەربەست نییە، ئەو (مرۆڤێکی سەربەستە) و، لە سنووری مرۆڤ بووندا کار دەکات.

پاداشت و سزا بەندن بە سەربەستییەوە:

ئەگەر سەربەستی نەبێت ئەوا سزایش نییە، ئەوەی زۆری لێدەکرێت خراپە ئەنجام بدات لەسەر ئەو خراپەیە سزا نادرێت، خوای گەورەیش

لەسەر شتانێك لێمان دەپرسێتەوە كە سەرپشك بین لە كردن یان وازلێهێنانیدا، مرۆڤ هەر كارێكی چاك بكات قازانجی تەنها بۆ خۆیەتی و، هەر خراپەیەكیشی كردبێت تەنها یەخەی خۆی دەگرێت و لەسەر خۆیەتی، خوای گەورە ئەرك ناخاتە سەر هیچ كەسێك بەقەدەر توانای خۆی نەبێت. تۆزقالێكیشی لێ ون نابێت و زایەی ناكات.

ئەگەر ئەو دادگاییانەی ئادەمیزادەكان بەڕێوەی دەبەن، كە دادپەروەریەكەی ڕێژەییە، ڕەچاوی بارودۆخی تۆمەتبار و پاڵنەر و، ژینگە و ئامادەییەكانی بكات و، تەقدیری ئەمانەیش بە دادپەروەری ببینێت، ئایا ئەمە لە دادگای پەروەردگاری جیهانیاندا وا فەرامۆش دەكرێت، لەكاتێكدا دادپەروەری ڕەهای تیادایە. ئایا تاوانبارێك كە دایك و باوكێكی خراپەكاری هەبووە و، لە ژینگەیەكی خراپدا گەشەی كردووە و، تەمەنی منداڵی بە فەرامۆشكراویی و لانەوازی گوزەراندووە، وەكو یەكێك سزا دەدرێت كە هەمان تاوانی كردووە، بەڵام لە باشترین ژینگەدا ژیاوەو، باشترین دایك و باوكی هەبووە؟

پێوەرەكانی دادپەروەری:

زۆربەی زانایانی كەلام گەورەترین هەڵەیان كردووە، كاتێك پێوەرەكانی دادپەروەری ئادەمیزادیان بەراوردكردووە بە دادپەروەری خوای گەورە. بەهۆی پووداوێكەوە كە بەسەرم هات لەم پاستییە ورد بوومەوە، لێرەدا ئامازەی پێ دەكەم لەبەرئەوەی پەندی تیادایە، هەرچەندە ئەم كتێبە جێگەی گێڕانەوەی ئەو باسە نییە.

ساڵی (١٩٣١) له شام له قوتابخانەیەکی سەرەتایی وانەم دەوتەوە ، ئەوکاتە له تافی لاویدا بووم، چەندین خولیاو ئەندێشە له مێشکمدا بوو، ناخم پڕبوو لە سەرکەشی، تووشی گومان بووم دەربارەی قەدەر، پرسیارم له زانایان دەکرد لەو بارەیەوە، بەڵام وەڵامی تەواوم دەست نەکەوت، سەرکەشییەکەشم بووبووە پاڵنەرم بۆ ئەوەی مشتوومڕیان لەگەڵدا بکەم و بێزاریان بکەم. تا ئەوەبوو ڕۆژێك لە قوتابخانە بووم، قوتابیەکم بە لێدان تەمێ دەکرد ، (لەو ڕۆژانەدا لێدان یەکێك بوو لە هۆکارەکای تەمێ کردن) قوتابیەکە هاواری لێهەستا و بێ شەرمانە وتی: ئەمە ستەمە... تۆ ستەمکاری ...!!

خوێنەرانی بەڕێز بڕوا بکەن، کاتێك گوێم لەو قسەیە بوو دارەکە لە دەستم کەوتە خوارەوە و، قوتابیەکە و قوتابخانەشم لەبیر نەما، وام هەست دەکرد کە لەناو تاریکیدا بووم و گڵۆپێکی ڕۆشنم بۆ داگیرسا، بەخۆم وت: ئەو قوتابیە لێدانەکەی من بە ستەم دەزانێت و، منیش بە دادوڕەوای دەزانم، کارەکەش هەمان شتە و ئەگەر قوتابیەکە چووە ماڵەوە و سکاڵای لاکردن ئەوانیش پێیان وت: نەخێر ئەمە ستەم نییە، ئەمە دادپەروەرییە، مامۆستا لەپێناو بەرژەوەندی خۆتدا لێت دەدات. جا ئەگەر قوتابی مافی ئەوەی نەبێت پێوەرە کەم و کورتەکانی بەراورد بکات بەدادپەروەری مامۆستا، کەواتە من چۆن پێوەرە مرۆییەکانم بەراورد بکەم بە دادپەروەری خوای گەورە. ئایا ناکرێت ئەو کردارەی من بە ستەمی دەبینم لە ڕاستیدا ئەوپەڕی دادپەروەری بێت؟ منداڵی نەخۆش ئەوە بەستەم دەزانێت کە پزیشك دەرزی لێدەدات، لەکاتێکدا لای باوکی منداڵەکە ئەوپەری دادپەروەرییە، لەبەرئەوەی منداڵەکە لە

ئازارەکە دەڕوانێت و، باوکەکەش کاریگەرییەکەی لە چاکبوونەوەی منداڵەکەیدا دەبینێت.

دادوەر ناتوانێت بڕیار لەبارەی سکاڵایەکەوە بدات تا سەرنجی هەموو قۆناغ و ڕووداوەکانی نەدات، بەڵام ئێمە زۆربەی کات لایەنێکی واقیعەکە دەبینین، کەچی دوای لێکۆڵینەوەی ناتەواو، بڕیاری هەڵە دەدەین، ئەگەر خۆت و هاوڕێکەت لە بیابانداو ون بوون سەیارەیەکی گرانبەها بەلاتاندا تێپەڕیو، خاوەنەکەی بانگی کردن و، هەردووکتانی سەرخست، هاوڕێکەت چەقۆکەی دەرهێناو چەرمی کوشنەکەی درێ، ئایا کارەکەی بە ستەم نازانیت؟ بێگومان ئەوە ستەمە، بەڵام ئەگەر زانیت لە پێشەوە چەتە هەیە لەسەر ڕێگاکە، هەرکات سەیارەی ساغ ببینن دەی بەن بۆ خۆیان، ئەگەر کوشنەکانی دڕاوو هەڵوەشاو بێت وازی لێدەهێنن، ئایا ئەم کارە لەبەرچاوتدا لە ستەمەوە ناگۆڕێت بۆ دادپەروەری؟

بەڵکو ئەگەر خاوەنی سەیارەکە ئەم ڕاستییە بزانێت، خۆی چەرمی کوشنی سەیارەکەی دەدڕێت، چونکە ئەوەی پێ باشترە کە سەیارەکەی بۆ بمێنێتەوە، بە کوشنە شڕەکەیەوە، لەوەی هەمووی بە ساغی لەدەست بچێت؟ ئایا ئەمە ڕاست نییە؟ ئەمە چیرۆکی خضرو موسایە، کاتێك سواری پاپۆڕەکە بوون و کوونی تێکرد، خوای گەورە ئاماژەی بە نموونەیەك کردووە، کە لە ڕێگەیەوە تێبگەین پەلە نەکەین لە بڕیاردانداو پێش ئەوەی لە ڕووداوەکان ئاگادار بین.

لەگەڵ دەقە قورئانیەکاندا:

پێش ئەوەی دەربارەی دەقەکان بدوێم بە پێویستی دەزانم ئەم بنەمایانەتان بیر بخەمەوە:

١- کاری عەقڵ بریتییە لە تێگەیشتنی دەقەکان و، ناتوانێت خۆی بە وردی حەقیقەتی قەدەر بزانێت، چونکە هەروەک لە پێشەوە باسمانکرد- بێتوانایە لەوەی لەودیو ماددە تێبگات، بۆیە پێویستە لەو باسانە دووربکەوینەوە کە لە دەقە قورئانیەکاندا ڕوون نەکراونەتەوە.

٢- ئەوە بزانین کە قورئان بنچینەیە، ئەگەر ئایەتێکی قورئان و فەرموودەیەکی (آحاد) دژیەک بوون، بەشێوەیەکی پەسەند نەدەگونجان، ئەوا کار بە ئایەتەکە دەکەین.[1]

٣- ناکرێت لە قورئان یان فەرموودەی صەحیحدا دەقێکی ڕاشکاوو ئاشکرا هەبێت، نکوڵی لە بوونی واقیعێکی بینراوو هەستپێکراو بکات، چونکە ئەو زاتەی کە قورئانی ناردووە، هەر ئەو زاتەیە کە واقیعی هێناوەتە بوون و، خوای گەورە نەرێ لە شتێك ناکات کە بەدیهێنابێت.

٤- زۆرێك لەو دەقە قورئانیانەی کە وا تێدەگەین مانای زۆرلێکردن دەگەیەنن، بەواتای ئەوەی کە مرۆڤ سەربەست و سەرپشك نییە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ هُوَ ٱلَّذِى يُصَوِّرُكُمْ فِى ٱلْأَرْحَامِ كَيْفَ يَشَآءُ ﴾

١- لە بنەما ناسراوەکانی لای شارەزایانی زمان و زاراوە: ئەوەیە کە پێغەمبەرﷺ هیچ فەرموودەیەك ناڤەرموێت پێچەوانەی قورئان بێت، یان پێچەوانەی واقیعی بینراو بێت، جا ئەگەر فەرموودەیەکی لێگێڕدرایەوە کە پێچەوانەی قورئان بوو، یان پێچەوانەی واقیع بوو، بڕیار دەدەین کە پێغەمبەرﷺ نەیفەرموە، تەنانەت ئەگەر بە سەنەدێکی صەحیحیش ڕیوایەت کرابێت.

آل عمران: ٦، **واتە:** (ئەو خودایەکی گەورەو بەدەستەلاتی وەهایە لەناو منالدانا لە سکی دایکدا وێنەی ئێوە ئەکێشێ هەرچۆن کە مەیلی هەبێ و خواستی لەسەر بێ.)

ئەو لەدایکبووەی بە کچ وێنە کێشراوە ناتوانێت خۆی بکات بە کوڕ، پێست ڕەش ناتوانێت پێستی خۆی بگۆڕێت بۆ سپی، هەر لەوبارەیەڕەوە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَرَبُّكَ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ وَيَخْتَارُ ۗ مَا كَانَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ﴾القصص: ٦٨، **واتە:** (خوای تۆ ئەوەی مەیلی لێ بێ دروستی ئەکاو ئەو کەسانە هەڵئەبژێرێ بۆ پێغەمبەرایەتی کە مەیلی لێ بێ هەڵیانبژێرێ.)

هەروەها ئاماژە بە ڕووداوە گەردوونیەکان دەکات کە لە سەرو توانای مرۆڤەوەن وەک خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَفَرَءَيْتُم مَّا تَحْرُثُونَ ﴿٦٣﴾ ءَأَنتُمْ تَزْرَعُونَهُۥٓ أَمْ نَحْنُ ٱلزَّٰرِعُونَ ﴿٦٤﴾ لَوْ نَشَآءُ لَجَعَلْنَٰهُ حُطَٰمًا﴾ الواقعة: ٦٣ – ٦٥، **واتە:** (خەبەرم بدەنێ لە بارەی ئەو تۆوەوە کە عەرزی بۆ ئەکێڵن و دایئەچێنن. ئێوەن ئەیڕوێنن یان ئێمەین ڕواندوومانە؟ ئەگەر بمانویستایە ئەو تۆوە داچێنراوەمان کەوا سەوز بوو هەڵچوو، ئەکرد بە پووش و پەڵاشێکی وشک.)

هەروەها دەفەرموێت :

﴿وَإِن يَمْسَسْكَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَ﴾الأنعام: ١٧، **واتە:** (ئەگەر خودای توانا تووشی بەڵاییکی کردی، کەس نییە بتوانێ دەرووت لێ بکاتەوەو ئەو بەڵایەت لە کۆڵ بکاتەوە خۆی نەبێ.)

ئەوەیشی دەلالەت دەکاتە سەر ئەو بارودۆخەی کە دەبێتە هۆی چاکسازی یان خراپەکاریو، لە دەستکرد و کاری مرۆڤ نییە. وەك دەفەرموویت:

﴿وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّىٰهَا ۝٧ فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَىٰهَا﴾ الشمس: ٧ – ٨، واتە: (سوێند بە نەفسی ئادەمزاد و بەو خوایەی وای دروست کردووە کە ئامادەی کردووە بۆ هەموو سیفەت و کردارەکانی. جا نیشانی داوە لەفەرمانیخوا دەرچوونی کامەیەو لەخواترسانی کامەیە.)

هەروەها ئەو ئایەتانەی وشەی (هیدایەت)یان تیادا هاتووە بە مانای بەڵگەو ڕێنموویی، وەك دەفەرموویت: ﴿وَهَدَيْنَاهُ النَّجْدَيْنِ﴾ البلد: ١٠، واتە: (ڕێگای چاکەو خراپەمان پیشان داوە تا چاکە بکاو خراپە نەکا.)

هەروەها دەفەرموویت: ﴿إِنَّا هَدَيْنَاهُ السَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا﴾ الإنسان: ٣، واتە: (ئێمە ئادەمزادمان شارەزا کردووە بە ڕێگای خێرو شەڕ، جا یا وەری ئەگرێو سوپاسی خوای خۆی ئەکا یا ئینکاری ئەکاو گوێی بۆ ناگرێ.)

بۆم دەرکەوت زۆربەی ئەم دەقە قورئانیانە ئاماژە بۆ ئەو کاروبارانە دەکەن کە تاڕادەیەك کاریگەرییان لەسەر چاکبوون و خراپ بوونی مرۆڤ هەیە و، لە دەسەڵاتی خۆیدا نییە، پێشتر باسم لەوە کرد کە خوای گەورە لەسەر ئەو جۆرە شتانە لە بەندەکەی ناپرسێتەوە و، زۆر لە بەندەکەی ناکات لەسەر کارێك کە ناتوانێت وازی لێبهێنێت و پاشان سزای بدات.

ئەمە ئەو دەقانەیە کە ئەندامانی گروپە لادەرەکان هەڵوێستەیان لەسەر کردووەو، بە هەڵە لێی تێگەیشتوون و، بە هەڵەداچوون لە جێبەجێکردنیدا، لە کاتێکدا پێویست بوو لەسەریان:

١- جیاوازییان بکردایە لەنێوان ئەو ئایەتانەی کە باس لە تواناو دەسەڵات و کاربەجێیی خوای گەورە دەکەن و، ئەو ئایەتانەی پەیوەندییان بە پاداشت و سزاوە هەیە.

٢- گرنگیدان بە کۆی دەقەکان نەک وەستان لەسەر تاکە تاکەی ئایەتەکان، ئەو کەسەیش کە شوێن کۆی دەقەکان بکەوێت، دەبێنێت قورئان سەربەستیو ئیرادە بۆ مرۆڤ دەچەسپێنێت، کە پاداشت و سزای لەسەر بوونیاد دەنرێت. ئەوەی ئەم فەرموودەیەی خوای گەورە دەخوێنێتەوە لەبارەی قورئانەوە کە دەفەرموێت: ﴿يُضِلُّ بِهِۦ كَثِيرًا وَيَهْدِى بِهِۦ كَثِيرًا﴾البقرة: ٢٦.

لە سەرەتادا وا تێدەگات، کە هیدایەت و گومڕایی کارێکی بڕیاردراوەو، خوای گەورە لەسەر بەندەکانی نووسیوە، کۆمەڵێکی گومڕا کردووەو، هیدایەتی کۆمەڵێکیشی داوە، بەڵام ئەگەر لەم فەرموودانەی خوای گەورە بڕوانێت:

﴿هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ﴾ البقرة: ٢، واتە: (هۆی شارەزاییە بۆ ئەوانەی کە لە خودا ئەترسن.)

﴿وَمَا يُضِلُّ بِهِۦٓ إِلَّا ٱلْفَٰسِقِينَ﴾ البقرة: ٢٦، واتە: (خودا بەم نموونە هێنانەوە زۆر کەس گومڕا ئەکات کە لە ڕێگای ڕاست لائەدەن و لە یاسای ئیسلام دەرئەچن.)

دەزانێت کە خوای گەورە هیدایەت و گومڕایی بەسەر کەسدا نەسەپاندووە، بەڵکو بەگوێرەی حاڵی مرۆڤە، ئەگەر لەخوا ترس و پارێزکار بێت، قورئان مایەی هیدایەتە بۆی و، ئەگەر خراپەکار بێت، ئەوا بۆی دەبێتە مایەی گومڕایی.

لەگەڵ ئەوەشدا گومان هەر دەمێنێت، کەسێك دەپرسێت: جا من چۆن بزانم کە خوای گەورە منی کردووە بەیەکێك لەپارێزکاران یان لەخراپەکاران، بەڵام ئەگەر سەرنج بدا لەم ئایەتەی خوای گەورە: ﴿إِلَّا ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٢٦﴾ ٱلَّذِينَ يَنقُضُونَ عَهْدَ ٱللَّهِ مِنۢ بَعْدِ مِيثَٰقِهِۦ وَيَقْطَعُونَ مَآ أَمَرَ ٱللَّهُ بِهِۦٓ أَن يُوصَلَ وَيُفْسِدُونَ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ البقرة: ٢٦-٢٧، واتە: (خودا بەم نموونە هێنانەوە زۆر کەس گومڕا ئەکات کە لە ڕێگای ڕاست لائەدەن و لە یاسای ئیسلام دەرئەچن. ئەوانەی پەیمانی خودا هەڵئەوەشێننەوە، ئەو پەیمانەی خودا لە جیهانی ئەرواحدا لەگەڵی بەستوون، ئەوانەی ئەوەی خودا ئەمری کردووە بە ڕاگرتنی ئەیبڕن و بەجێی ناهێنن، وەك صیلەی ڕەحم و چاکەو خۆشویستنی خوداو پێغەمبەرو بەگوێکردنیان و ڕاگرتنی ئایین و خێرخواهی، ئەوانەی خراپە دەکەن و لە ڕێگای ڕاست لائەدەن، بێگومان ئەوانەی ئەمە حاڵیان بێ مالوێران و ڕەنجبەخەساری هەردوو دنیان.)

بۆی دەردەکەوێت کە ئەم مەسەلەیە زۆرلێکردنی تیادا نییە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیفەت و کارانەی کە لە بواری سەربەستی مرۆڤ و تواناکانیدایە.

تۆ دەتوانیت باوەڕت بە غەیب هەبێت و نوێژ بە ئەنجام بگەیەنیت و لەپێناوی خوادا ببەخشیت، هەروەك لەبەرامبەردا دەتوانیت پەیمان بشكێنیت و سیلەی ڕەحم بەجێنەهێنیت و، خراپەكاری لەسەر زەویدا بكەیت، كاروبارێك كە لە تواناتدایە ئەنجامیان بدەیت یان وازیان لێبهێنیت، ئەگەر سیانەكەی یەكەمت ئەنجامدا، بەوە دەچیتە ڕیزی پارێزكاران و، هیدایەت وەردەگریت، ئەگەر سیانەكەی دیكەت ئەنجامدا، بەوە دەبیتە یەكێك لە خراپەكاران و، دەچیتە ڕیزی گومڕاكانەوە.

لێكۆڵینەوەیەكی بێ ئاكام:

ئا لێرەدا هەندێ كەس دەڵێن: ئایا بە ویستی خوا ئەم خراپەیەم ئەنجام داوە یان نا؟ و ئایا دەمتوانی ئەو كارە نەكەم؟ ئایا خۆم بەدیهێنەری كارەكەمم؟ كتێبەكانی زانستی كەلام پڕن لە باس و لێكۆڵینەوە دەربارەی ئەم جۆرە بابەتانە. هەموو ئەمانەش لێكۆڵینەوەیەكی بێ ئاكامن، چونكە بەدیهێنەر بەراورد ناكرێت بە بەدیهێنراوەكانی و، عەقڵ فەرمان و بڕیار نادات بەسەر خوا و سیفەتەكانیدا.

خوای گەورە لێی ناپرسێت چی دەكات، بەڵام ئەو لێمان دەپرسێت كە چی دەكەین و، لەبارەی كارەكانمانەوە لێمان دەپرسێتەوە، خوای گەورە دادپەروەرە و گومان لە دادپەروەریەكەیدا نییە، باشتر وایە ئێمە سەیری خۆمان بكەین و، ژیریمان بەباشی بەكاربهێنین و، كار لەسەر ئاڕاستەكردنی ئیرادەمان بكەین بۆ خێر و چاكە و، واز لەو باسانە بهێنین

کە پەیوەندی بە خواوە هەیەو، پێشینان قسەیان تیادا نەکردووەو خۆیان پێوە سەرقاڵ نەکردووە.

ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر قەدەر:

سەرپێچیکاری وا هەیە بە ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر قەدەر سەرپێچییەکەی دەخاتەڕوو، بە زیناکار دەڵێیت: بۆچی زینات کرد؟ دەڵێت: لەبەرئەوەی لە چارەم نووسراوە و قەدەرە! کە ئەمەش بەڵگەیەکی بێ بنەماو لاوازە و، لە دوو ڕووەوە ڕەتکراوەتەوە:

١- لەبەرئەوەی لێپرسینەوە و سزا لەسەر کردەوە و، پاڵنەر و، هاندەرەکانیەتی. ئەم زیناکارەش سەیری (لوح المحفوظ)ی نەکردووە، کەچی پێی وایە کە زینای لەسەر نووسراوە -وەک بانگەشە دەکات- و دەچێت زینا دەکات بۆ ئەوەی فەرمانی قەدەر جێبەجێ بکات، لەکاتێکدا لەبنچینەدا شوێن هەواو ئارەزوو کەوتووە و، داوای چێژ و لەزەتی خێرای کردووە و، وەڵامی بانگی شەیتانی داوەتەوە.

ئەوانەی هاوەڵیان بۆ خوا پەیدا کردبوو بەو جۆرە بەڵگانە ناڕەزاییان دەربڕی و وتیان: ﴿لَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشْرَكْنَا وَلَآ ءَابَآؤُنَا﴾ الأنعام: ١٤٨. واتە: (ئەگەر خودا بیویستایە کافر نەبین نە ئێمە و نە باووباپیرانمان کافر نەدەبووین.)

خوای گەورەیش لە وەڵامیاندا فەرمووی: ﴿قُلْ هَلْ عِندَكُم مِّنْ عِلْمٍ فَتُخْرِجُوهُ لَنَآ﴾ الأنعام: ١٤٨، واتە: (تۆ ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ: هیچ دەلیلێکتان هەیە لەسەر ڕاستی ئەم قسانەتان بۆمانی دەربخەن و تێمان بگەیێنن!)

٢- ئەگەر ئەو کەسەی ناڕازییە لە قەدەر ڕاستگۆ بێت، ئەوا بە هەموو قەدەرێکی خوایی، لە هەژاری‌و نەخۆشی‌و بزسیەتی‌و، لە دەستدانی خۆشەویست و، لەدەستدانی پارەو مالّ ڕازی دەبێت، بەڵام ئەوەتا دەبینرێت کە بەوە ڕازی نییە، لەکاتێکدا قەدەرە. بەڵکو هەوڵ بۆ کۆکردنەوەی پارەو، لابردنی نەخۆشی‌و بزسیەتی دەدات و، ئازار دەچێژێت و خەفەت بۆ لەدەستدانی خۆشەویستان و، لەکیسچوونی پارەو مالّ دەخوات، کەواتە بۆچی هەموو توانا و هەست و سۆزەکانی تەرخان کردووە بۆ بەدەستهێنانی چێژی دنیاو، دوورکەوتنەوە لە ئازار تیایداو، عەقڵی نەخستووەتە کار بۆ کپکردنی هەواو ئارەزوو، قەدەغەکردنی نەفس لەو حەرامەی کە حەزی پێیەتی، لە کاتێکدا دەزانێت کە چ سزایەکی لەدواوەیە؟

ئێمە و سەلەف لەبەردەم بیروباوەڕی قەدەردا:

نەیارانی ئیسلام موسوڵمانان بەوە تۆمەتبار دەکەن کە دەستیان داوەتە تەمەڵی‌و پشت بە خەڵك بەستن، لەبەرئەوەی باوەڕیان بە قەدەر هەیە، هەرچەندە ئەم تۆمەتانەش هەندێ لە ڕاستییان تیادایە، بەشێك لە هۆکاری ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ بەهەڵە تێگەیشتنی زۆرێك لەوانەی لە بیروباوەڕی قەدەر دواکەوتوون. زۆرێك لە موسوڵمانە نەزانەکان کردوویانە بە بیانوو بۆ ئەنجامدانی سەرپێچی‌و، هۆکار بۆ تەمەڵی‌و خاوبوونەوە، لەکاتێکدا پێشینانمان کردبوویان بە پاڵنەر بۆ کارکردن و تێکۆشان.

خوێندوومانەتەوە کە ڕۆژی دابەش کراوە، ئەوەی بەشی تۆیە دێتە بەردەستت هەرچەندە لاوازیش بیت و ئەوەیشی هی کەسانی دیکە بێت

ناتوانیت بەدەستی بهێنیت هەرچەندە هەوڵێشی بۆبدەیت، بۆیە کەسانێك وا لەو مەسەلەیە حاڵی بوون کە مانای وازهێنانە لە کاسبی کردن و، فەرامۆشکردنی هەوڵدانەو، ئەوەیە کە بەبێ کار پاڵ بدەینەوەو، چاوەڕێ بکەین لە ئاسمانەوە زێڕوزیومان بۆ ببارێت و، بەبێ پارەو خۆ ئامادەکردن سەفەر بکەین ..... پێشینانیش ئەمەیان خوێندەوە و، ئەوەی لێ تێگەیشتن کە پێویستە لەسەریان بەهەموو توانایەکیانەوە کار بکەن و، هەرچی لە توانایاندایە بیخەنەگەڕ بۆ کۆکردنەوەی پارەو سامانی حەڵاڵ، پاشان دوای هەوڵدان ڕازی بوون بەوەی کە دەستیان دەکەوت، بێزار نەبوون لە خوای گەورەو، ئێرەییان نەدەبرد بەو برایانەیان کە لە خۆیان زیاتریان دەستدەکەوت و، دەوڵەمەندی تووشی لەخۆبایی بوونی نەکردن و هەژاریش ئازاری پێنەگەیاندن.

بیستمان کە ئەجەل و مردن چارەنووسە، ئەمەشمان کردە هۆکار بۆ فەرامۆش کردنی خۆپاراستن و ئاگاداربوون و، زایەکردنی بەرپرسیاریەتیەکان و، تێکەڵ کردن لەنێوان تاوانی بە ئەنقەست و ئەو قەدەرەی بە بێ تاوان[1] ڕوویداوە، باووباپیرانیشمان گوێبیستی ئەمە بوون و وتیان: ئەگەر ئەجەل چارەنووسێکی حەتمی بێت کەس پێش ئەوکاتەی کە بۆی دیاریکراوە نامرێت هەرچەندە خۆی بخاتە نێو بڵێسەی ئاگرەوە و سنگی بخاتە بەر ڕم و تیر و، لەکاتی دیاریکراویش دواناکەوێت ئەگەر لەناو قەڵایەکی حەوت شووراداخۆی حەشار بدات،

١- شۆفێر بەخێرایی ئوتومبیل لێدەخوڕێت و ئەگەر تووشی پێکدادان بوو، دەڵێت: ئەوە قەدەرە و، قوتابی تەمەڵ کەمتەرخەمی دەکات و، ئەگەر دەرنەچوو، ناڕەزایی بەرامبەر قەدەر دەردەبڕێت.

کەواتە با کاربکەین بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خواو، لەپێناو خوادا هەوڵ بدەین، لە مردن نەترسین چونکە مردن چارەنووسە و، کاتێکی دیاریکراوی هەیە نە پێش دەکەوێت و نە دوادەکەوێت، با هەوڵ بدەین و بە زمانمان نکوڵی لە خراپە بکەین و، بە وتەی حەق ڕووبەڕووی ستەمکار ببینەوە، بۆیە لەپێناو حەقدا لە کەس نەدەسڵەمینەوە و، لە خوا نەبێت لە هیچ کەس نەدەترسان.

وامانزانی هەموو شتێك موقەدەرە و، لێکۆڵینەوەی یاسا گەردوونییەکانی خوای گەورەمان فەرامۆش کرد و، ئەو یاسا سروشتییانەی پەروەردگارمان کردوونی بەهۆکاری سوودو زیان و، لەکاتێکدا پێشینانمان زانای ئەو یاساو زانستانە بوون و، زانیویانە و سوودیان لێوەرگرتووە، لە ئەنجامدا لە بەرزاییەکانەوە دابەزین بۆ نزمایی. ئەوان بەهۆی ئیمانەوە سەردارو پێشەواو مامۆستایانی دونیا بوون، ئێمەش بووینە سەوادی ڕام کراوو دەستەمۆ، ئەوان بە شمشێری حەق سێیەکی جیهانی پێشکەتوویان فەتح کرد و، ئێمەیش دوژمنەکەمان بە شمشێری ناحەق دڵی وڵاتەکەمانی لەت کرد.

هۆکاری بەپیرۆز ڕاگرتنی مردووەکان:

هەندێکمان کاتێك بینیمان کە هەموو ژیانمان شێواوەو خراپ بووەو، زیندووەکانمان سەریان شۆڕبووە، دەستمان کرد بە باسکردنی سەربەرزیو چاکەکاری باوو باپیرانمان، بێهیواییمان لە ئێستا گۆڕا بە هیوامان بۆ ڕابردوو و، بچووك کردنەوەی زیندووەکانمان بۆ بەمەزن ڕاگرتنی مردووەکانمان، لێرەوە ڕوانەتەکانی پیرۆز ڕاگرتنی مردووەکان و، پشت پێبەستنیان و، چاوەڕێکردنی کۆمەکی لێیان سەری هەڵدا. وا

گومان دەبەین کە سەرکەوتنی ئەوان و شکستی ئێمە، توانای ئەوەیان پێدەبەخشێت کە کۆمەکیمان بکەن، بۆیە هەستاین بە دروستکردنی گلکۆی گەورەو، گومەزی بەرز لەسەر گۆڕەکانیان و، بەپیرۆز ڕاگرتنیان، کە ئەمەش گێڕاینیەوە بۆ بیروباوەڕی نەفامی، وامان لێهات نەزر بکەین بۆ گۆڕەکان و، لێیان بپارێینەوە و، ڕەنگە داوای سوودو زیانمان لە خاوەنەکانیان کردبێت، بەبێ هۆکارێکی دیارو ئاشکراو، بەبێ نێوەندێکی هەستپێکراو، هەموو ئەمانەیش (پەرچەکردارە) بۆ خراپی ئێستاو، شکۆمەندی ڕابردووەمان.

تێکەڵکردنێکی بێ پاساو:

تێگەیشتنی هەڵەمان لە بیروباوەڕی قەدەر وای لێکردین تێکەڵاوی بکەین لەنێوان ئەو دەقە قورئانیانەی کە دەربارەی کارە خۆویستەکانە، کە دەسەڵاتمان هەیە بەسەریانداو، ئەو کاروبارانەش کە خوای گەورە لەسەرو توانای ئێمەوە داینارن و بەرزترن لەوەی کە پێیان بگەین، ئەم تێکەڵ کردنە سەیرەش لە مەزهەبە کەلامیەکاندا سەری هەڵدا. هەبوو بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە مرۆڤ زۆرلێکراوەو ئیرادەی نییە، لەبەرئەوەی ناتوانێت بۆ نموونە کۆنترۆڵی ماسولکەکانی دڵی بکات و، سەرپشک نییە لە هەڵبژاردنی دایك و باوکیداو، ناتوانێت ژینگەی یەکەمی خۆی هەڵبژێرێت، لەبیریان چوو خوای گەورە چەندین ماسولکەی تری پێبەخشیووە کە دەسەڵاتی هەیە بەسەریانداو، عەقڵێکی پێبەخشیووە کە دەتوانێت بەپێی توانا هەڵەی ژینگەکەیو شوێنکاری پەروەردەکەی ڕاست بکاتەوە.

لـه بەرامبـەردا (کەسـانێکی تـر) هـەبوون، بەشـێوەیەکی نـاواقیعی ئیرادەی مرۆڤیـان لـەلا گـەورەو گـرنگ بـوو بـەگوێرەی ئـەوە پاداشت و سزایان تێکەڵاو دەکرد و، لەبیریان چـوو کـە خـوای گـەورە لێپرسـینەوە لەگەڵ مرۆڤ ناکات، تەنها لە سنووری سەربەستیو تواناکانیـدا نـەبێت و، سزای نادات لەسەر کارێـک کـە زۆری لێکرابێـت. کوێرانـە گـەڕان بـەدوای دادپـەروەری خـواداو، پاسـتی یەکـەمیان لەبیرچـوو، ئـەویش ئەوەیـە کـە دادپـەروەری خوا بە پێوەری دادپـەروەری ئـادەمیزاد پێوانـە ناکرێـت و، ڕێگەی سەلامەتی لە بیروباوەڕی قەدەرو سەرجەم بیروباوەڕەکانی تـردا، ئەوەیـە کـە بگەڕێینـەوە بـۆ سەرچـاوە بنەڕەتیەکـە ئـەویش قورئانـە و. لەویشدا شوێن پێشـینەکان لـە هـاوەڵان و شـوێنکەوتووانیان بکـەوین و، دەسـتبەرداری ئـەم لێکۆڵینـەوە بـێ ئاکامانـە بـین کـە دیراسـەی کـەم و کورتی فەلسەفەی سەرەتایی و پووکەشی یۆنانی وروژاندی.

باور به غیب

باوەڕ بە غەیب

جیهانی غەیب:

لە (بنەماکانی بیروباوەڕدا) باسی ئەوەمان کرد کە هەستەکان ناتوانن دەرك بە هەموو بوونەوەران بکەن و، لە بووندا جیهانگەلی ڕاستەقینە هەن، کە بە هەستەکانمان دەرکیان پێناکەین، نزیکترینیان لێمانەوە ئەو ڕۆحەیە کە هەریەکە لە ئێمە پێی دەڵێ، کێ نکوڵی لە بوونی ڕۆح دەکات؟ هیچ کەس. کێ دەرکی بە ماهیەتی ڕۆح کردووە؟ هیچ کەس. جیهانی دەرك پێکراوو بینراو، ئەوەیە کە قورئان ناویناوە (عالم الشهادة) جیهانی بینراوو، ئەو جیهانەیشی نادیارە لای هەستەکانمان –جیهانی ئەو دیو ماددە(میتافیزیك)– جیهانی غەیبە.

هەموو خەڵکی یەکسانن لە باوەڕبوون بە جیهانی بینراوو بە ڕاست زانینی، تەنانەت گیاندارانیش هەست بە بوونی دەکەن. لە باوەڕ پێبوونیشیدا کەس فەزڵی بەسەر کەسەوە نییە، چونکە ئەوە زانستی پێویستە، بەڵام فەزڵ لە باوەڕبوون بە غەیبدایە، کەسێك باوەڕی بە شتێك هەیە کە نایبینێت و بوونی بە ڕاست دەزانێت، بە پشت بەستن بە ڕاستی ئەو هەواڵەی لەبارەیەوە پێی گەیشتووە.

ئەمەیش لە تایبەتمەندییەکانی پارێزکارانە، هەر بۆیە خوای گەورە کردوویەتی بە یەکەم سیفەت کە پارێزکارانی پێ وەسف کردووە، لە

سەرەتای سورەتی (البقرة)دا، کە دەفەرموویێت پارێزکاران ئەوانەن کە باوەڕیان بە غەیب هەیە ﴿ٱلَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِٱلْغَيْبِ﴾ البقرة: ٣.

چۆن باوەڕمان بە غەیب هەبێت؟

چۆن باوەڕمان بە غەیب هەبێت لە کاتێکدا خوای گەورە ئەو هەستانەی پێ نەبەخشیووین کە بە هۆیانەوە بتوانین دەرکی پێبکەین؟ ئێمە ئەگەر وازمان لێ بهێنرایە تەنها پشتمان بە هەستەکانمان ببەستایەو، تەنها بە عەقڵ بڕیارمان بدایە بەسەر ئەو شتانەی لە ڕێگەی هەستەکانەوە دەرکمان پێکردووە، ئەوا دەربارەی ئەودیو ماددە هەر لە نەزانی خۆماندا دەماینەوە ، بەڵام خوای گەورە بە دانایی‌و ڕەحمەتی خۆی، عەقڵی بێ توانا نەکردووە لە دەرک پێکردنیدا، بەڵکو هەواڵی پێداوە دەربارەی هەموو ئەو شتانەی کە پێویستی پێیەتی.

ئەم هەواڵانەش لە خودی نەفسەوە نایەت بەڵکو لە دەرەوە دێت، نە لە ڕێگەی هەستی دەروونییەوەیە، نە ئیلهامی ڕۆحی‌و، نە لە ڕۆشنی بیرو هزرو، نە دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەی عەقڵی. لەتوانای مرۆڤەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو لە دەرەوە دێت بە یەکێك لەم ٣ ڕێگەیە:

یەکەم: خوای گەورە ئەم هەواڵانە بە مرۆڤ بگەیەنێت، بە ئیلهام یان بە خەوبینین، یان بە جۆرێك لە جۆرەکان کە مرۆڤ دەسەلاتی تیایدا نەبێت و، نەتوانێت بە هەوڵدان و بیرکردنەوە پێی بگات، تا هەستی پێبکات و، باسی بکات.

دووەم: گوێبیستی بێت بێ ئەوەی بێژەرە ڕاستەقینەکەی ببینێت، دەگاتە گوێو دەرکی پێدەکات و لێی تێدەگات.

سێیەم: (که ئەمەیش گشتیترو زۆرترە) ئەوەیە کە خوای گەورە یەکێك لە بەدیهێنراوە چاك و، گوێڕایەڵەکانی خۆی، لە فریشتەکان بنێرێت بۆلای یەکێك لە مرۆڤەکان، کە خوای گەورە هەڵیدەبژێرێت و پلەی بەرزی پێ دەبەخشێت، تا پەیامی خوای گەورەی پێبگەیەنێت و، فەرمانی پێ بکات کە ئەو پەیامە بە خەڵکی بگەیەنێت.

ئەمەش سێ ڕێگەیەو چوارەمی نییە.

﴿وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ ٱللَّهُ إِلَّا وَحْيًا أَوْ مِن وَرَآيِٕ حِجَابٍ أَوْ يُرْسِلَ رَسُولًا فَيُوحِيَ بِإِذْنِهِۦ مَا يَشَآءُ﴾الشورى: ٥١، واتە: (هەرگیز هیچ کەسێ ئەوەی بۆ نەلواوە خوا قسەی لەگەڵ بکا بەوە نەبێ کە فریشتەی وەحیی بنێرێتە سەر کە جیبرەئیلە، یا لە پشتی پەردەوە هەروەك لە تووری سینادا قسەی لەگەڵ موسا کرد، یا پێغەمبەرێکی بنێرێتەسەرو چیی مەیل لەسەر بێ وەحیی بۆ بکا تا ئەویش بە خەڵکی بگەیەنێ.)

ئەو غەیبەی کە پێویستە باوەڕمان پێی هەبێت:

ئەو غەیبەی کە ڕوکنێکی باوەڕەو، ئەوکەسەی باوەڕی پێی نەبێت بێباوەڕە و لە دینی ئیسلام دەچێتە دەرەوە، ئەوەیە کە لە قورئاندا هاتووە. بەڵام ئەو غەیبەی لە فەرموودە صەحیحەکانی پێغەمبەردا هاتووە، نکۆڵی کردن لێی نابێتە هۆی بێباوەڕی و دەرچوون لە دین، بەڵکو ئەو کەسە گومڕا دەبێت، ئەم جیاوازییەی نێوان قورئان و فەرموودەیش پێویستی بە هەندێك ڕوونکردنەوە هەیە. ئەویش ئەوەیە

که ئەو وەحییەی پێغەمبەرﷺ گەیاندوویەتیو، ئەو فەرموودانەیش کە فەرموویەتی، لە بنەمادا لە یەك پلەی بەڵگە پێهێنانەوەدان[1].

قورئان بە دەربڕین و ماناکەیەوە وەحییە لە خوای گەورەوە و، فەرموودەش وەحییە لە خوای گەورەوە بە مانا، دەربڕینەکەیشی هی پێغەمبەرەﷺ، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلْهَوَىٰٓ ۝٣ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْىٌ يُوحَىٰ﴾ النجم: ٣ – ٤، واتە: (لە ئارەزووی نەفسی خۆیشیەوە قسە ناکا. ئەوەی کە ئەو ئەیخوێنێتەوە بەسەرتانا لە وەحی بەوڵاوە نییە کە لە خواوە وەحیی بۆ ئەکرێ.)

ئەو هاوەڵانەیش کە گوێبیستی پێغەمبەرﷺ بوون کاتێك ئایەتێکی پێ گەیاندوون، یان فەرموودەیەکی فەرموە، جیاوازیان نەکردووە لەنێوانیاندا، لە ڕوانگەی واجب بوونی بەڵگە پێهێنانەوەو کارپێکردنیاندا.

بەڵام جیاوازی لە ڕیوایەت کردن و گێڕانەوەوە سەری هەڵدا، قورئان بەشێوەی دەقاودەق (متواتر) گواستراوەتەوە، بە جۆرێك کە بێگومانین لەوەی ئەو دەقەی لە قورئاندایە، ئەوەیە کە حەزرەتی جوبرەئیل هێنای بۆ موحەممەدﷺ و، ئەوەیە کە موحەممەد گەیاندی بە هاوەڵەکانی، هیچی لێ لانەبرد[2]و، هیچی بۆ زیاد نەکردو، هیچی لێ نەگۆڕی. بەڵام

١- واتە لە هێزی بەڵگە هێنانەوە پێیان.

٢- هەرکەسێك لەشوێنکەوتووانی ئەو دەستەو تاقمانەی خراونەتە پاڵ ئیسلام بڕوای وابێت، ئەوەی لە پەڕاوەکاندا هاتووە هەموو قورئان نییە و، بەشێك لە قورئانیش هەیە لەو پەڕاوانەدا نییە کە خەڵکی دەستاو دەستیان پێدەکەن، بێباوەڕەو لە ڕێبازی ئیسلام دەرچووە، تەنها ئەو ئایەتانە نەبێت کە وتراوە لە ڕووی خوێندنەوەوە نەسخ کراونەتەوەو، بە هەواڵێکی دەقاودەق ئەوە نەچەسپاوە.

فەرموودەی پێغەمبەرﷺ زۆربەی -ئەگەر نەڵێین هەمووی- "ئحاد"ە (واتە ژمارەیەك ڕیوایەتیان کردووە کە نەگەشتوونەتە ئاستی (تواتر)و دواتریش ناوبانگی دەرنەکردبێت، ئەم جۆرە فەرموودەیە مانای زانیاریەکی (ظنی) دەدات بە دەستەوە) و زانایانی فەرموودە ئەوپەڕی هەوڵیانداوە بۆ بژارکردن و پوختەکردنی ڕیوایەتەکانی و، لێکۆڵینەوە لەو کەسانەی فەرموودەکانیان گێڕاوەتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە قەطعی بێگومان نین لەوەی کە ئەو فەرموودانەی (بخاری)و (مسلم)و هاوەڵان ڕیوایەتیان کردووە، پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی‌و، بەدەربڕینی ئەو گێڕاوەتەوە، وەك ئەوەی کە بێگومانین ئەوەی لە کتێبی خوادا هەیە ئەو قورئانەیە کە لای خواوە بۆمان ڕەوانە کراوە.

کاتێك بیروباوەڕ بنچینەی ئایینەو، نەبوونی دەبێتە هۆی بێباوەڕیو لە ئایین لادان و، بڕیار نادرێت بەسەر موسوڵماندا بە پاشگەزبوونەوە لە دین، چونکە ئەگەری ئەوەی هەیە کە بێباوەڕ نەبێت. بۆیە وتمان ئەوەی نکۆڵی لە بیروباوەڕێك بکات کە لە قورئاندا هاتووە ئەوا بێباوەڕە، ئەو کەسەش کە نکۆڵی لە بیروباوەڕێك دەکات کە لە فەرموودەدا هاتووە گومڕا و گوناهبار دەبێت نەك بێباوەڕ، ئەمە ئەگەر یاخی بوو بەسەرسەختی ڕەتیکردەوە.

بەڵام ئەگەر لە شارەزایانی بواری فەرموودە بوو، لە هۆیەکانی دەزانی‌و، فەرموودەکەی ڕەت دەکردەوە لەبەر هۆیەك لە سەنەدەکەی یان لە دەقەکەیدا، ئەوا هیچی لەسەر نییە.

غەیب

ئەو بابەتە غەیبیانەی کە شەرع هەواڵیداوە لە بارەیانەوەو، باوەڕبوون پێویان واجبەو، نکۆڵی کردن لێیان بێباوەڕییە، بریتین لە فریشتە و جنۆکە و، کتێبە ئاسمانییەکان و پێغەمبەران و، ڕۆژی دوایی و، لێپرسینەوە لەو ڕۆژەدا و، ئەوەی لەدوای دێت لە پاداشت و سزا و، قەدەر و، ئەوەی لە قورئاندا هاتووە، دەربارەی ئاسمانەکان و زەوی و، بەدیهێنانی مرۆڤ و، هەموو ئەو ڕاستیانەی کە قورئان هەواڵی داوە لەبارەیانەوە.

وەڵامدانەوەی گومانێك:

ئەو ماددیانەی کە تەنها باوەڕیان بە هەستپێکراوەکان هەیە، بە بنەمای سێیەم لە بنەماکانی بیروباوەڕ وەڵامیان دەدەینەوە کە ڕوونی دەکاتەوە مەرج نییە نەبوونی دروستبوون مانای نەبوون بگەیەنێت و، مافی ئەوەمان نییە نکۆڵی لەبوونی شتەکان بکەین تەنها لەبەرئەوەی هەست بە بوونیان ناکەین و، بەو بنەمایەی کە تیایدا ڕوونمان کردەوە هەواڵی ڕاستگۆیانە و هەستەکان سوودیان هەیە بۆ گەیشتن بەیەقین و، لەبەرئەوەی ڕاستگۆیی موحەممەدﷺ سەبارەت بە هەواڵدانی دەربارەی خوای گەورە چەسپاوە و، گواستنەوەی ئەم هەواڵەیش بۆ ئێمە جێگیرو چەسپاوە، ئا لێرەوە یەقین لای ئێمەی باوەڕدار سەبارەت بە بوونی ئەم غەیب و نادیارانە هاتووەتە ئاراوە.

بەشەکانی غەیب:

جیهانی غەیب چەند بەشێکە، هەر بەشێکی بە غەیبێك ناودەبرێت:

١- بەشێك لە غەیب ئێمە دەرکمان پێ نەکردووە، بەڵام کەسانێکی تر لە غەیری ئێمە دەرکیان پێ کردووە، بۆ نموونە وەك چیرۆکی یوسف، خوای گەورە بە غەیب ناوی بردووە، لەبەرئەوەی موحەممەدﷺ و گەلەکەی بە هەستەکانیان دەرکیان پێنەکردووە، نەیانبینیووەو هیچیان لەبارەیەوە نەبیستووە، بەڵام بەنی ئیسرائیل (مەبەستم کوڕەکانی یەعقوبە) یوسف و براکانی، دەرکیان پێکردووەو تیایدا ژیاون و، واقیعی ژیانی ئەوان بووە.

٢- بەشێك لە غەیب ئادەمیزاد دەرکی پێنەکردووە، هەرچەندە دەکرا لە ڕوانگەی عەقڵیەوە دەرکی پێبکەن. ئەگەر خوای گەورە کاتی بەدیهێنانیانی پێش بخستایە، وەك ئەو ڕووداوانەی پێش ئەمان لەسەر زەویدا ڕوویانداوە و، دەنگوباسی ئەو زیندەوەرانەی لەو کاتەدا لەسەر زەوی ژیاون، بەڵام لە واقیعدا زانیاریان لە بارەیانەوە نەبووە، هیچیان لەبارەی بەدیهێنانی ئادەمی باوکیان و، سەرەتای ژیانی ئادەمیزادەوە نەزانیوە، تەنها ئەوە نەبێت کە لە ڕێگەی وەحییەوە پێیان گەیشتووە.

٣- بەشێك کە بە هەستەکان دەرکی پێناکرێت و، بە عەقڵ فەرمانی بەسەردا نادرێت و، بە خەیاڵ و ئەندێشە پەی بە حەقیقەتەکانی نابرێت، وەك سیفاتەکانی خوای گەورە و، ئەو بەدیهێنراوانەی کە لای ئێمە غەیبن، وەك فریشتە و جنۆکە و شەیتانەکان و، ڕووداوەکانی ڕۆژی قیامەت و، لێپرسینەوە و پاداشت و سزا.

وەڵامدانەوەی گومانێك:

ڕەنگە کەسێك بڵێت: لەو کاروبارە غەیبیانەی کە خوای گەورە لە قورئاندا ئاماژەی پێکردوون بارینی باران و، زانستە بەوەی کە لە ڕەحمی دایکاندایە، کەواتە چۆن هەواڵی کەشناسی کەش و هەوای سبەینێ ڕادەگەیەنێت، کە سامانڵ بێ یان باراناوی و؟ چۆن زانست ڕەگەزی منداڵ دیاری دەکات لەناو سکی دایکیدا: کە ئایا نێرە یان مێیە؟

لە وەڵامدا دەڵێین:

١- خوای گەورە قورئانی ناردووە و، هەر خوای گەورە گەردوون و هەموو ڕووداوەکانی بەدیهێناوە، بۆیە ناکرێت دەقێکی ڕاشکاوو یەکلاکەرەوە لە قورئاندا هەبێت نکۆڵی لە کارێکی بینراو و هەستپێکراو بکات و، ئەگەر دەقێکمان بینی ئەوەی لێ دەرکەوت کە پێچەوانەی واقیعە، لێی وردەبینەوە، دەبینین کە ئەو مانایەی مەبەستی بووە لێی پێچەوانەی ئەوەیە کە بۆمان دەرکەوتووە[١].

٢- دەنگوباسی کەشناسی باس لە باران دەکات دوای بینینی هۆکارەکانیو، تەواوبوونی دروستبوونەکەیو، ڕوونکردنەوەی ئەمەش ئەوەیە کە بۆ نموونە ئەو بارانەی لە کەنار دەریاکانی شام دەبارێت،

١- ئەوەش ئەگەر دەقەکە ئایەتێك بوو لە قورئان، لە قورئاندا ئایەتێك نییە بەڵکەیەکی یەکلاکەرەوە بێت لەسەر نەفی کردنی بڕیاری عەقڵ بەبوونی وەك بڕیارێکی یەکلاکەرەوە، ئەگەر دەقەکە فەرموودەیەکی (آحاد) بوو (واتە یەك کەس لە یەکێکی دیکەوە ڕیوایەتی کردبوو)، ئەوا بڕیاری ئەوە دەدەین کە پێغەمبەرﷺ نەیفەرموە، هەرچەندە پیاوانێکی ڕاستگۆش ڕیوایەتیان کردبێت، چونکە پێغەمبەرﷺ شتێك نالێت پێچەوانەی واقیع بێت.

دەرکەوتووە لە (زانست بە یاساکانی خوای گەورە لە گەردووندا)، هۆکارەکەی ئەو هەوایەیە کە لە دەریای ئەتڵەسیەوە دێت و، بە گەرووی (جبل طارق)دا تێپەڕ دەبێت و، بەر بارستەیەکی هەوایی وەستاو دەکەوێت، لە ئەنجامدا بەهۆی جیاوازی پلەی گەرمی هەوای هاتوو هەوای وەستاو هەورەکان پێکدێن، جا کە بینییان بە پشت بەستن بە زانینی یاساکانی خوای گەورە لە گەردووندا دەزانن کە ئەو بارانە دوای ئەوەندە سەعات یان ڕۆژ دەگاتە کەناراوەکانی شام.

ئەوەش وەکو یەکێك وەهایە لە پەنجەرەیەکەوە پۆستەچی دەبینێت و، بۆی دەردەکەوێت کەی دەگاتە ماڵەکەی، بۆیە بە خێزانەکەی دەڵێت: دوای پێنج خولەك پۆستەچیەکە دەگاتە ماڵمان، یان وەك یەکێك چاویلکەیەکی پێیە کاتێك لە چاوی دەکات، ئەو سەیارەیەی پێ دەبینێت کە بەرەو ڕووی دێت پێش ئەوەی کەسی تر بە چاوی ئاسایی ببینێت.

لە ڕاستیدا ئەوە غەیبی نەزانیوە، بەڵکو واقیعەکەی بینیووە پێش ئەوەی کەسانی تر ببینن، هەروەك ئەو کەسەی جۆری کۆرپەلە دیاری دەکات دوای پێکهاتن و دروستبوونی، بەڵام دروست بوون و پێکهاتنی هەورەکان و، باراندنی باران لە زەویەکدا کە خوای گەورە وشکە سااڵی لەسەر نووسیوەو، قەدەغەکردنی لە زەویەك کە خوای گەورە باراندوویەتی بەسەریا، ئا ئەمە مەبەستی ئایەتەکەیەو خوای گەورە خۆی زاناترە.



فریشته و پیامه
ئاسمانیه کان و پیغه مبه ران

فریشتەو پەیامە ئاسمانیەکان و پێغەمبەران

باوەڕهێنان بە فریشتەو پێغەمبەران و پەیامە ئاسمانیەکان لە بنچینەکانی بیروباوەڕە، کە هەر دەبێت موسوڵمان باوەڕی پێیان هەبێت. فریشتەکان پەیامبەری خوای گەورەن بۆ پێغەمبەران، پێغەمبەرانیش پەیامبەری خوای گەورەن بۆ خەڵکی، کتێبە ئاسمانیەکانیش ئەو پەیامانەن کە فریشتەکان هێناویانن بۆ پێغەمبەران و، پێغەمبەرانیش بە خەڵکیان ڕاگەیاندووە.

وەحی و پێویستبوونی:

وەحی لە ڕوانگەی عەقڵەوە مومکینە، چونکە خوای گەورە بەتوانایە لە بەدیهێنانی فریشتەکان و، هەڵبژاردنی پێغەمبەران و، چەسپاندنی فەرمان و بڕیارەکان، عەقڵ ڕێگە لەمە ناگرێت، دوای ئەوەی باوەڕی هێنا بە بوون و تواناو دەسەڵاتی خوا. لە ڕاستیدا ئەمەش واقیعە، لەبەرئەوەی هەواڵی ڕاست هێناویەتی، لە پێشەوە باسمان کرد کە هەواڵی ڕاست ڕێگەیەکە لە ڕێگاکانی زانست (بەمانای یەقین)، هەروەک چۆن یەقینمان هەیە لەوەی دەیبینین و دەبیستین کە ئەوەش پێویستە ئەگەر ئەوە نەبوایە مرۆڤەکان تەنها زانیاریان دەربارەی جیهانی مادە دەبوو، وەکو گیاندار تەنها بۆ دونیا دەژیان، تەنها خواردن و هاوسەرگیریو، چێژە جەستەییەکانیان دەزانیو، پەیوەست نەدەبوون بە پەروەردگاریانەوەو، کاریان بۆ ڕۆژی دوایی نەدەکرد.

ئەگەر وەحی نەبووایە پەوشت بەرزیو، پایەبڵندی مرۆڤایەتیان لە دەست دەدا، هەرچەندە چەندین بیردۆزیان بهێنایە لە زانستی پەوشتدا، چونکە ئەگەر پەوشت لەسەر بنەمای بیروباوەڕ بنیات نەنرێت، وەکو ئەوە وایە لەسەر تەپۆڵکەی لمین بنیات نرابێت، لەبەرئەوەی مرۆڤ لە سروشتیدا وا هەڵکەوتووە کە خۆی خۆشبوێت و، سوود بە خۆی بگەیەنێت و، زیانی لێدووربخاتەوە، بۆیە کارێک ناکات چێژ یان دەستکەوتی تیا نەبێت.[1]

ئەگەر پیاوێک تەنها یەک دیناری پێبێت هەڵی گرتبێت بۆ نانی ئێوارەیو، سندوقێك ببینێت کە بۆ یارمەتی بێباوکان دانراوە، ئایا ئەگەر باوەڕی بە خواو ڕۆژی دوایی نەبێت دینارەکە لە سندوقەکەدا دادەنێت و، بە دەست بەتاڵی دەگەڕێتەوە و بە کەس ناڵێت و، ناهێڵێت کەس ببینێت؟

هەڵبەت مرۆڤی باوەڕدار لە سندوقەکەدا دایدەنێت چونکە دەزانێت خوای گەورە دەیبینێت و، لە بری ئەو دینارە لە ڕۆژی دواییدا حەوت سەد دیناری پێ دەبەخشێت. تەنها باوەڕدارە کاری چاکە ئەنجام دەدات، خەڵکی ببینن یان نەیبینن، سوپاسی بکەن یان سوپاسی نەکەن، پاداشتی بدەنەوە و قەرەبووی بۆ بکەنەوە و یان پاداشتی نەدەنەوە و قەرەبووی بۆ نەکەنەوە.

١- سەیری کتێبی وتە بەنرخەکان "Maximes"ی نووسەر "Laroche Faucold" بکە.

تەنها باوەڕدارە واز لە کاری خراپە دەهێنێت، جا بە تەنها بێت یان لەگەڵ خەڵکیدا بێت، بەڵام ئەو کەسەی چاکە دەکات بۆ ئەوەی ستایشی بکەن و پێی ببەخشن، ئەگەر کەسانێکی لەدەور نەبێت ستایشی بکەن و بەخششی بدەنێ ئەو کارە ناکات، ئەو کەسەشی کە لەترسی ئابڕووچوون، یان لەترسی سزا واز لە خراپە دەهێنێت، ئەگەر دڵنیا بوو پۆلیس نایبینێت، یان خەڵکی تەماشای ناکەن وازی لێناهێنێت. ئەگەر خوای گەورە لەڕۆژی دواییدا لە خەڵکی بپرسیایەتەوە لەسەر هەڵەو تاوانەکانیان و، لە دونیادا پێغەمبەرانی ڕەوانە نەکردایە بۆیان تا شەرعی پەروەردگاریان پێ بناسێنێت و شارەزایان بکات، ئەوا ناڕەزاییبان دەردەبڕی و دەیانوت: ﴿رَبَّنَا لَوْلَآ أَرْسَلْتَ إِلَيْنَا رَسُولًا فَنَتَّبِعَ ءَايَٰتِكَ﴾ طه: ١٣٤، واتە: (خوایە ئەوە بۆ پێغەمبەرێکت نەنارد سەرمان تا ئێمەیش شوێنی ئایەتەکانی تۆ بکەوتینایە بەر لەوەی زەلیلی دنیاو ڕسوای قیامەت ببین.)

بانگەشەی ئەوەیان دەکرد ئەگەر پەیامیان بۆ ڕەوانە بکرایە ئەوا کاریان پێدەکردو، ئەگەر شەریعەتیان بزانیایە شوێنی دەکەوتن، لەبەرئەوە خوای گەورە پێغەمبەرانی نارد بۆلای خەڵک تا لەڕۆژی داددا کە حیساب و کیتابیان لەگەڵ دەکرێت قسەیان لەسەر خوا نەمێنێت و بەهانەیان ببڕێت و نەڵێن ئێمە لەدونیادا کەس ئاگاداری نەکردووین:

﴿لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةٌۢ بَعْدَ ٱلرُّسُلِ﴾النساء: ١٦٥، واتە: (ئەم پێغەمبەرانە بۆیە بەم حاڵەوە نێرران بۆ لای خەڵک تا لە ڕۆژی داددا کە

حیساب و کیتابیان لەگەڵ ئەکرێ قسەیان لەسەر خودا نەمێنێو بەهانەیان ببڕێو نەڵێن ئێمە لە دنیادا کەس ئاگاداری نەکردووین.)

بەرپەچدانەوەی گومانێك:

خەڵکی دەڵێن: بۆچی خوای گەورە هەموو خەڵکی هیدایەت نەداوە بۆ ڕێگەی بەهەشت؟ بۆچی هەواو ئارەزووی لە ناخیاندا داناوە و پاشان لەسەر زیناکردن سزایان دەدات ؟ خۆشەویستی پارەو سامانی لە دڵیاندا چاندووە و ئەگەر بەحەڵاڵی کۆی نەکەنەوە سەرزەنشتیان دەکات؟ لە وەڵامدا دەڵێین: ئەم قسەیە وەك قسەی قوتابیانی قوتابخانەیە، کە دەڵێن بۆچی هەر لە سەرەتای ساڵەوە پرسیاری تاقیکردنەوەکانمان نادەنێ، بۆچی شاردوویانەتەوە لێمان و، داوامان لێدەکەن خۆمانی بۆ ئامادە بکەین؟ ئەوان شاردوویانەتەوە بۆئەوەی قوتابی هەوڵ بدات و هەموو وانەکان بخوێنێت، ئەگەر هەر لە سەرەتاوە پرسیاری تاقیکردنەوەکانی پێبدرێت، تاقیکردنەوە مانایەکی نامێنێت.

دونیاش مانّی تاقیکردنەوەیە، بۆ ئەوەی گوێڕایەڵ و فەرمانبەردار لە سەرپێچیکار و، ڕاست و ڕێك لە لار جیابکرێتەوە. ئەگەر بەربەستەکانی پێشبڕکێ نەبوایە[1]، کەسی واق وڕماو و لاواز لە سوارچاکی ئازاو پەرۆش جیانەدەکرایەوە.

خوای گەورە ئەگەر ویستی لەسەر بووایە، هەموو خەڵکی دەکرد بەیەك ئومەت و، هەموویانی بۆ خواپەرستی بەدیدەهێنا، هەروەك فریشتەکانی بەو جۆرە بەدیهێناوە، بەڵام ویستویەتی بەم جۆرە بێت،

١- واتە پێشبڕکێی ئەسپ سواری.

هیچ هێزێکیش نییە ویستی خوا بگۆڕێتەوە، زاتی پەروەردگار پرسیاری لێناکرێت و، ئێمەیش مولکی ئەو زاتەین و هەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێینەوە، لە غەیری ئەو پەروەردگارێکمان نییە، ئەگەر ویستی سزامان دەدات ئەگەر ویستیشی لێمان دەبورێت، ئێمەیش داوای لێبوردن و ڕەحمەت لە خوا دەکەین و، پەنای پێدەگرین لە سزاکانی، چونکە ئێمە تەنها بە لێبوردنی زاتی بەرزی لە سزاکانی ڕزگارمان دەبێت و، ناتوانین لێبوردن بەدەست بهێنین تەنها لە لایەن ئەو زاتەوە نەبێت.

فریشتەکان:

بوونی فریشتەکان چەسپاوە و لە قورئاندا هاتووە، هەرکەسێك نکوڵی لە شتێك بکات کە لە قورئاندا باسکراوە ئەوا بێباوەڕە، ئەوەی لە قورئاندا هاتووە دەربارەی دەنگ و باس و سیفاتەکانیان ئەوەیە کە:

١- فریشتەکان پێش ئادەمیزاد بەدیهێنراون، وەك خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا پێی ڕاگەیاندوون: ﴿إِنِّي جَاعِلٌ فِي ٱلْأَرْضِ خَلِيفَةً قَالُوٓاْ أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ ٱلدِّمَآءَ﴾ البقرة: ٣٠، واتە: (من دەمەوێ لەسەر ڕووی زەوی جێنیشینێ بۆ خۆم دروست بکەم کە خاوەنی هێزی زانیاری و ئارەزووی نەفس و ڕق و قین بێ. ئەوانیش عەرزیان کرد: جۆرە مەخلوقی وەهات بۆچیە کە لەوێ ئاژاوە بنێتەوە و خراپەکاری بکات و خوێن بڕێژێ.)

٢- فریشتەکان بۆ خواپەرستی و فەرمانبەرداری ڕەها دروستکراون: ﴿وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ﴾البقرة: ٣٠، واتە: (لە حاڵێکدا کە ئێمە سوپاس و ستایشت ئەکەین و تەقدیست ئەکەین و بە گەورەت ئەزانین؟)

ئەوان لە فەرمانی خوا دەرناچن:

﴿لَّا يَعْصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ﴾ التحريم: ٦، واتە: (خوا هەر فەرمانێکیان بداتێ بێفەرمانیی ناکەن و هەرچییان ئەمر پێبکرێ ئەیکەن.)

﴿وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ﴾ النحل: ٥٠، واتە:(ئەوەی ئەمریان پێ ئەکرێ جێ بەجێی ئەکەن.)

﴿وَيُسَبِّحُونَهُۥ وَلَهُۥ يَسْجُدُونَ﴾ الأعراف: ٢٠٦، واتە: (تەسبیحی خودا ئەکەن و سوجدەی بۆ ئەبەن.)

﴿يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَيُؤْمِنُونَ بِهِۦ﴾ غافر: ٧، واتە: (بۆ سوپاس و سەنای خوا تەسبیحاتی بۆ ئەکەن و باوەڕیان پێی هەیە)

٣- کاتێك خوای گەورە حەزرەتی ئادەمی دروستکرد، ناوەکانی فێرکرد[١] و فریشتەکانی تاقیکردەوەو ئەو ناوانەی لێ پرسین ئەوانیش نەیانزانی تا ئادەم فێری کردن، دوای ئەوەی فەزڵی ئادەم دەرکەوت بەسەریاندا، خوای گەورە فەرمانی پێکردن کڕنوشی بۆ بەرن، کڕنوشی ڕێز نەك کڕنوشی خواپەرستی.

١- خوای گەورە پوونی نەکردووەتەوە ئەو ناوانە چین، بەڵام وادیارە کە ناوی فریشتەکان بووبێت، یان ناوی ئەو شتانەی لەو کاتەدا هەبوون، پوونیشی نەکردووەتەوە بە چ زمانێك فێری ناوەکانی کردووە. یان ڕەنگە مەبەست لەوەبێت کە (واللە أعلم) خوای گەورە توانای بە ئادەم بەخشیووە لەدانانی ناوەکاندا.

٤- هەندێك جار بەشێوەیەکی ماددی بەرجەستە دەبن و، لەسەر شێوەی ئادەمیزاد دەردەکەون، وەك لە چیرۆکی مەریەم دا ئاماژەی پێکراوە:

﴿فَأَرْسَلْنَآ إِلَيْهَا رُوحَنَا فَتَمَثَّلَ لَهَا بَشَرًا سَوِيًّا﴾ مریم: ١٧، واتە: (ئێمە فروستادەی خۆمان، کە جیبرەئیلە، نارد لای و، لە شێوەی بنیادەمێکی ڕێك و پێك و تەواودا خۆی پیشان دا.)

هەروەها میوانەکانی حەزرەتی ئیبراهیم فریشتە بوون و لەسەر شێوەی ئادەمیزاد هاتن، ئەویش خوانی نێوارەی پێشکەش کردن کە لە گۆشتی گوێرەکەیەکی قەڵەو پێکهاتبوو:

﴿فَلَمَّا رَءَآ أَيْدِيَهُمْ لَا تَصِلُ إِلَيْهِ نَكِرَهُمْ وَأَوْجَسَ مِنْهُمْ خِيفَةً قَالُوا۟ لَا تَخَفْ إِنَّآ أُرْسِلْنَآ إِلَىٰ قَوْمِ لُوطٍ﴾ هود: ٧٠، واتە: (کە تەماشای کرد دەس بۆ خواردنەکە نابەن لێیان تەوسایەوەو ترسی لێ نیشت کە تووشی زیانێکی بکەن، ئەوانیش کە هەستیان بە ترسەکەی ئیبراهیم کرد پێیان وت: مەترسە ئێمە فریشتەین و بۆ سزادانی قەومی لووط نێررراوین. کە دەست بۆ خواردنەکە نابەین لەبەر هیچ نییە ئەوە نەبێ کە فریشتەین و فریشتە خواردەمەنی ناخوات.)

٥- شوێن و بارەگایان لە ئاسمانە بە فەرمانی خوا دێنەخوارەوە بۆ سەر زەوی[1]:

١- ئەگەر ئەستێرەی وا هەبێت کە گەیشتن پێی پێویستی بە ملیارێك ساڵی ڕووناکی هەبێت، ئاسمانیش لەدوای هەموو ئەستێرەکانەوەیە کەواتە بە چ خێراییەك دێنەخوارەوە؟ عەقڵ دەستەوەستانە لە ئاست وێناکردنی ئەم خێراییەدا!

﴿ وَمَانَتَنَزَّلُ إِلَّا بِأَمْرِ رَبِّكَ ﴾مریم: ٦٤، واتە: (ئێمە بە فەرمانی خوای تۆ نەبێ لە ئاسمانەوە نایەینە خوارەوە.)

٦- لە بنچینەی دروست بوون و پلەوپایەی پەرستندا ئاست و پلەی جیاوازیان هەیە، خوای گەورە کردوونی بە فروستادە لەنێوان خۆی و پێغەمبەرانیدا:

﴿رُسُلًا أُوْلِيٓ أَجْنِحَةٍ مَّثْنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَ ۚ يَزِيدُ فِي ٱلْخَلْقِ مَا يَشَآءُ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴾ فاطر:١، واتە: (فریشتەی کردووە بە فروستادە لە نێوان خۆیو پێغەمبەرانیاو دوو باڵ و سێ باڵ و چوار باڵی بۆ کردوون و چەندیشی مەیل لێ بێ باڵی زیاتریان بۆ ئەکا خوا بێگومان توانی بەسەر هەموو شتێکدا ئەشکێ.)

﴿وَمَا مِنَّآ إِلَّا لَهُۥ مَقَامٌ مَّعْلُومٌ﴾ الصافات: ١٦٤، واتە: (فریشتەکان پێ لە بەندەیی خۆیان ئەنێن و ئەڵێن: ئێمە کەسمان تیا نییە پایەو شوێنێکی دیاری نەبێ لە خواناسین و خواپەرستنا.)

هەیانە وەحی دەهێنێت کە ئەویش حەزرەتی جوبرەئیلە:

﴿قُلْ مَن كَانَ عَدُوًّا لِّجِبْرِيلَ فَإِنَّهُۥ نَزَّلَهُۥ عَلَىٰ قَلْبِكَ بِإِذْنِ ٱللَّهِ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ وَهُدًى وَبُشْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ ﴾ البقرة: ٩٧ ، واتە: (بەو جوولەکانە بڵێ: هەرکەس دوژمنی جیبرەئیل بێ (س.خ) لای خودای گەورە نرخی نییە چونکە جیبرەئیل لە فریشتەکانی بارەگایە و خودای گەورە بە قورئانەوە ناردوویەتی بۆ سەر دڵی تۆ ئەی موحەمەد. ئەو قورئانەیش باوەڕی بەو کتێبانە هەیە کە لای خوداوە هاتوون، هەروەها ئەو قورئانە هۆی شارەزاییە بۆ شارێگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و موژدەی

بەختیاریی دواڕۆژ ئەدات بە موسوڵمانان.) ﴿ وَإِنَّهُۥ لَتَنزِيلُ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٩٢﴾ نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلْأَمِينُ ﴿١٩٣﴾ عَلَىٰ قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ ٱلْمُنذِرِينَ ﴾ الشعراء: ١٩٢ – ١٩٤، **واتە:** (بەڕاستیش ئەو قورئانە لە خوای هەموو جیهانەکانەوە هاتووەتە خوار بۆ پێغەمبەر کە بیگەیەنێ بە ئادەمزاد. فریشتەیەکی پیرۆزی ئەمین هێناویەتە خوار. بۆسەر دڵی تۆ، وشە وشەو ڕستە ڕستەو ئایەت ئایەت داینـاوە لـە دڵتـاو تـۆ فێـری بوویـت بـۆ ئـەوەی لەوکەسـانە بـی خـەڵک ئەترسێنن لە سزای خوا.)

فریشتەی گیان کێشان[1]، کە کاری گیان کێشانی پێسپێردراوە:

﴿قُلْ يَتَوَفَّىٰكُم مَّلَكُ ٱلْمَوْتِ ٱلَّذِى وُكِّلَ بِكُمْ ﴾ السجدة: ١١، **واتە:** (تۆ پێیان بڵێ: فریشـتەی مـەرگ کـە کـراوە بـە بەرپرسـی گیانکێشـانتان، گیانتـان ئەکێشێ.)

فریشتە هەیە فوو دەکات بـە نـەفخی صـوردا، لەوانـەش (میکائیـل)، هەشیانە عەرش هەڵدەگرن.

﴿ٱلَّذِينَ يَحْمِلُونَ ٱلْعَرْشَ﴾غافر: ٧، **واتـە:** (ئـەو فریشـتانەی عەرشـی خوایـان هەڵگرتووە.).

﴿وَٱلْمَلَكُ عَلَىٰٓ أَرْجَآئِهَا ۚ وَيَحْمِلُ عَرْشَ رَبِّكَ فَوْقَهُمْ يَوْمَئِذٍ ثَمَٰنِيَةٌ ﴾ الحاقـة: ١٧ **واتـە:** (فریشـتەکانیش لـەو ڕۆژەدا لـە سووچـەکانی ئاسمانـدان چـاوەڕوانی فەرمانی خودان و، لەو ڕۆژەدا هەشت فریشتە عەرشی خوا هەڵگـەرن بەسەر سەری ئەو فریشتانەی تردەوە کە لە سووچەکانی ئاسماندان.)

١– دەقێکی جێگیرم نەدۆزیەوە (هەرچـەندە زۆر گـەڕام) لـە قورئـان یـان فـەرمودەدا کـە ناوی (عزرائیل) بێت.

هەندێکیان ئەرکی پێشوازیو میوانداری کردنی بەهەشتییەکانیان پێسپێردراوە:

﴿وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَدْخُلُونَ عَلَيْهِم مِّن كُلِّ بَابٍ ﴿٢٣﴾ سَلَٰمٌ عَلَيْكُم بِمَا صَبَرْتُمْ﴾ الرعد: ٢٣ – ٢٤، واتە: (فریشتەکان ئەڕۆنەلایان، هەموو دەرگاکانیان لە ڕووداکراونەتەوە. پێیان ئەڵێن: سەلامتان لێ بێ بەهۆی ئەوەوە کە لەدنیادا خۆتان ڕاگرتبوو. ئارامگای دواییتان ئارامگایەکی زۆر باشە.)

هەندێکی تریان ئەرکی سزادانی دۆزەخییەکانیان لە ئەستۆدایە:

﴿عَلَيْهَا مَلَٰٓئِكَةٌ غِلَاظٌ شِدَادٌ﴾ التحريم: ٦، واتە: (فریشتەی زبرو تووندو تووڕەی بەسەرەوەیە، خوا هەر فەرمانێکیان بداتێ بێفەرمانیی ناکەن و هەرچییان ئەمر پێبکرێ ئەیکەن.)

هەیانە کردەوەکانی مرۆڤ تۆمار دەکات:

﴿ مَّا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ﴾ ق: ١٨، واتە: (ئادەمزاد قسەیێ چییە نایکا ئیللا فریشتەیەکی چاودێریکەری ئامادە بۆ نووسینی لەلاوەیە هەرچیی بە دەما بێ هەمووی لای خۆی ئەنووسێ.)

﴿وَإِنَّ عَلَيْكُمْ لَحَٰفِظِينَ ﴿١٠﴾ كِرَامًا كَٰتِبِينَ﴾ الإنفطار: ١٠ – ١١ واتە: (بێگومان چەندین فریشتەی نیگابان بەسەر ئێوەوە نیگابانی ئەکەن. خاوەن پایەو قەدرن چاکەو خراپەتان ئەنووسنەوە.)

هەروەها فریشتە گەلێك هەن لە ڕۆژی قیامەتدا مرۆڤەکان دەبەن بۆ لێپرسینەوەو شایەتیان لەسەر دەدەن:

﴿وَجَآءَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّعَهَا سَآئِقٌ وَشَهِيدٌ﴾ ق: ٢١، واتە: (هەموکەسێکیش هات بۆ سارای مەحشەر بۆ لێپرسینەوەو حیساب و کیتاب لەگەڵ کردن و هەر

یەکێ دوو کەسی لەگەڵە، یەکیان لێخوڕێکە ئەیهێنێ بۆ مەیدانی حەشرو ئەویشیان شایەتێکە ڕاستیی ئەو شتانە باس ئەکا کە لەو ئادەمزادە ڕوویان داوە.)

٧- یەکێکی تر لە ئەرك و کاری فریشتەکان کە لە قورئاندا ئاماژەی پێکراوە، ئەوەیە کە دێن بۆ کۆمەکی و پشتگیری کردنی باوەڕداران لە جەنگەکاندا:

﴿إِذْ يُوحِي رَبُّكَ إِلَى ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ أَنِّي مَعَكُمْ فَثَبِّتُوا۟ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾الأنفال: ١٢، واتە: (بیری ئەوە بکەنەوە کە خودا وەحیی کرد بۆ فریشتەکان و پێی وتن من لەگەڵتانم و یارمەتیتان ئەدەم، ئێوە دڵی موسوڵمانەکان دامەزرێنن.)

هەروەها دوعایان بۆ دەکەن و، داوای ڕەحمەت و لێخۆشبوونیان بۆ دەکەن:

﴿هُوَ ٱلَّذِى يُصَلِّى عَلَيْكُمْ وَمَلَٰٓئِكَتُهُۥ﴾ الأحزاب: ٤٣، واتە: (خوا ئەو خوایە کە خۆیو فریشتەکانی سەلاواتتان لێئەدەن.)

﴿وَيَسْتَغْفِرُونَ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ رَبَّنَا وَسِعْتَ كُلَّ شَىْءٍ رَّحْمَةً وَعِلْمًا فَٱغْفِرْ لِلَّذِينَ تَابُوا۟ وَٱتَّبَعُوا۟ سَبِيلَكَ وَقِهِمْ عَذَابَ ٱلْجَحِيمِ ﴿٧﴾ رَبَّنَا وَأَدْخِلْهُمْ جَنَّٰتِ عَدْنٍ ٱلَّتِى وَعَدتَّهُمْ وَمَن صَلَحَ مِنْ ءَابَآئِهِمْ وَأَزْوَٰجِهِمْ وَذُرِّيَّٰتِهِمْ ۚ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٨﴾ وَقِهِمُ ٱلسَّيِّـَٔاتِ وَمَن تَقِ ٱلسَّيِّـَٔاتِ يَوْمَئِذٍ فَقَدْ رَحِمْتَهُۥ﴾ غافر: ٧ - ٩، واتە: (بۆ ئەوانەی ئیمانیان هێناوەو ئەڵێن : خوایە ! تۆ بە میهرەبانیو زانایی خۆت هەموو شتێکت گرتووەتەوە، دەسا لەوانە ببوورە کە تۆبەیان کردووەو ڕێی تۆیان گرتووەتەبەرو لە ئاگری دۆزەخیان بپارێزە. خوایە بیشیانخەرە ناو ئەو بەهەشتی عەدنەوە کە

گفتت پێداون، لەگەڵ هەرکەس کە پیاوی چاك بووبێ لە باوك و باپیران و ژن و نەوەیان. بێگومان هەر تۆ خاوەن عیززەت و حیکمەتیت. بیشیانپارێزە لە سزای خراپ لە رۆژی قیامەتاو، هەرکەسێ تۆ لەو رۆژەدا لە سزای خراپی بپارێزێ ئەوە میهرەبانیت لەگەڵی کردووەو، بە ئاوات گەیشتنی مەزنیش هەر ئەوەیە.)

لە نوێژی بەیانیدا قورئان خوێندنی باوەڕداران دەبینن:

﴿إِنَّ قُرْءَانَ ٱلْفَجْرِ كَانَ مَشْهُودًا﴾ الإسراء: ٧٨، واتە: (هەروەها نوێژی بەیانی بکە، بەڕاستی فریشتەکانی شەوو رۆژ ئاگایان لە نوێژی بەیانیانە.)

لەکاتی سەرەمەرگدا مژدە دەدەن بەباوەڕداران و سەرزەنشتی تاوانباران و سەرپێچیکاران دەکەن:

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُوا۟ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسْتَقَٰمُوا۟ تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ أَلَّا تَخَافُوا۟ وَلَا تَحْزَنُوا۟ وَأَبْشِرُوا۟﴾ فصلت: ٣٠، واتە: (بەڕاستی ئەو کەسانەی وتوویانە: پەروەردگاری ئێمە زاتی خوایەو، پاش ئەو دان پیانانەیان لەسەر باوەڕ بەو قسەیان و فەرمانبەرداری کردنی خوا بەردەوام بوون، ئەوانە فریشتە دێنە خوارەوە بۆ سەریان و پێیان ئەڵێن : لە هیچ مەترسن و خەفەتی هیچ مەخۆن و خۆش مژدە بن بەو بەهەشتەی لەسەر زمانی پێغەمبەران گفتتان پێئەدرا کە بۆتان ئەبێ.)، ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَفَّىٰهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ ظَالِمِىٓ أَنفُسِهِمْ قَالُوا۟ فِيمَ كُنتُمْ﴾ النساء: ٩٧، واتە: (ئەوانەی مەلائیکە گیانیان ئەکێشێو لە دنیادا ستەمیان لە خۆیان کردوەو، کۆچیان

نەکردوە لەپێناوی یارمەتیدانی پێغەمبەرو ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا مەلائیکەکان پێیان ئەڵێن: لەکوێ بوون؟) .

﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ يَتَوَفَّى ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَضْرِبُونَ وُجُوهَهُمْ وَأَدْبَٰرَهُمْ﴾ الأنفال: ٥٠، واتە: (خۆزگە چاوتان لێ ئەبوو چۆن مەلائیکەکان کە گیانی کافرەکان ئەکێشن، لە دەموچاوو لە پشتیان ئەدەن و پێیان ئەڵێن: ئەوە دەردتان بێ، دە سزای ئاگر بچێژن!)

دواتر سەرپێچیکاران بەرەو دۆزەخ ڕاپێچ دەکەن و، سەرکۆنەیان دەکەن:

﴿وَسِيقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِلَىٰ جَهَنَّمَ زُمَرًا حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا فُتِحَتْ أَبْوَٰبُهَا وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَآ أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِّنكُمْ يَتْلُونَ عَلَيْكُمْ ءَايَٰتِ رَبِّكُمْ وَيُنذِرُونَكُمْ لِقَآءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَا قَالُوا۟ بَلَىٰ وَلَٰكِنْ حَقَّتْ كَلِمَةُ ٱلْعَذَابِ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٧١﴾ قِيلَ ٱدْخُلُوٓا۟ أَبْوَٰبَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۖ فَبِئْسَ مَثْوَى ٱلْمُتَكَبِّرِينَ﴾ الزمر: ٧١ – ٧٢، واتە: (ئەوانەیش کە لە دنیادا کافر بوون کۆمەڵ کۆمەڵ پاڵیان پێوە ئەنرێ بۆ ناو دۆزەخ، تا کاتێ کە ئەگەنە بەرەوە دەرگاکانی دۆزەخیان بۆ ئەکرێنەوەو دەرگاوانەکانی پێیان ئەڵێن: ئایا پێغەمبەرانێ لە خۆتان نەهاتنە لاتان ئایاتەکانی خوای خۆتانیان بەسەرا ئەخوێندنەوەو لەوەیان ئەترساندن کە بەم ڕۆژەتان بگەن؟ ئەوانیش ئەڵێن: بەڵێ، بەڵێ، هاتن و ترساندینیان، بەڵام فەرموودەی خوا بە سزادانی کافران ڕاستەو ئەبێ بێتەدی. بەو کافرانە ئەوترێ: بڕۆنە ناو دەرگاکانی دۆزەخەوەو هەمیشە تیایانا بمێننەوە. دەسا گەڵێ گەڵێ خراپ و نابارو نا هەمواوە قەرارگای ئەوانەی خۆیان بە زل ئەزانیو ملیان بۆ فەرموودەی خوا کەچ نەئەکرد.)

پێشوازی لە بەهەشتییەکان دەکەن و، بەخێرهاتنیان دەکەن:

﴿ وَسِيقَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟ رَبَّهُمْ إِلَى ٱلْجَنَّةِ زُمَرًا ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا وَفُتِحَتْ أَبْوَٰبُهَا وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَا سَلَٰمٌ عَلَيْكُمْ طِبْتُمْ فَٱدْخُلُوهَا خَٰلِدِينَ ﴾ الزمر: ٧٣، واتە: (ئەوانەیش کە لە دنیادا لە خوا ترساون کۆمەڵ کۆمەڵ بەڕێ ئەکرێن بۆ بەهەشت، تا کاتێ ئەگەنە بەهەشت و دەرگاکانییان بۆ ئەکرێنەوەو دەرگاوانەکانی بەهەشت پێیان ئەڵێن: سڵاوی خواتان لێ بێ، خۆتان لە چڵک و چەپەڵیی تاوان پاک ڕاگرت، دە بڕۆنە ناو بەهەشتەوەو هەمیشە لەوێ بن.)

فریشتەکان هاوسەرگیری ناکەن و وەچە ناخەنەوەو، نێرو مێیان نییە.

ئەمە زۆربەی ئەو باسانەیە کە لەبارەی فریشتەکانەوە هاتووە لە قورئانداو، لە فەرموودەی صەحیحیشدا باسیان هاتووە. لە فەرموودەی (آحاد)دا هاتووە، بەڵام ڕیوایەتەکانیان صەحیحەو، سەنەدەکانیان جێگیرە. هەرکەسێك نکۆڵی لەوە بکات کە لە قورئاندا هاتووە لەبارەی فریشتەکان و دروستکراوانی دیکەوە ئەوا بێباوەڕە.

باوەڕ بە فریشتەکان یەکێکە لە ڕوکنەکانی بیروباوەڕە ئیسلامییەکان:

﴿ ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلْمُؤْمِنُونَ ۚ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِۦ ۚ وَقَالُوا۟ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا ۖ غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ ٱلْمَصِيرُ ﴾ البقرة: ٢٨٥. واتە: (پێغەمبەری خودا ئیمانی هێناوە بەوەی لە لایەنی خودای خۆیەوە بۆی نێرراوە. خاوەن ئیمانەکانیش هەموو

ئیمانیان هێناوە بە خودای پەروەردگارو، بە فریشتەکانی و، بەو کتێبانەی کە بۆ پێغەمبەران نێررارون. بەدڵ باوەڕیان هەیەو بە زوبان ئیعتیراف و ئیقرار ئەکەن و ئەڵێن: ئێمە هیچ فەرق و جیاوازی ناکەین لە بەینی پێغەمبەرەکانی خودادا. هەروەها هەموو وتوویانە: ئێمە فەرمانی خودامان بیستووەو وەرمانگرتوەو ملکەچین بۆی و ئەڵێن: خودایا تاوانبەخشی هەر بۆ تۆیەو لە تۆی داوا ئەکەین و، لە ڕۆژی قیامەتدا بۆ لای تۆ ئەگەڕێینەوەو سەرەنجاممان هەرلای تۆیە.)

بەرهەمی باوەڕبوون بە فریشتەکان:

هەستکردنی زیاتر بە شکۆمەندیو مەزنی و ڕەحمەتی خوا، کە فریشتەکانی ڕاسپاردووە بە دوعاکردن و داوای لێخۆشبوون بۆ باوەڕداران و دوورکەوتنەوە لە سەرپێچییەکان، کاتێك بیری دەکەوێتەوە کە فریشتەکان هەموو وتەو کردارێکی تۆمار دەکەن. ئازایەتی لە جیهادو تێکۆشاندا، کاتێك دەزانێت فریشتەکان (بە فەرمانی خوای گەورە) پشتگیری تێکۆشەران دەکەن. کارکردن بۆ گەیشتن بە بەهەشت بۆئەوەی لەو کەسانە بێت کە فریشتەکان سەلامی لێدەکەن و، دوورکەوتنەوە لە هۆکارەکانی چوونە دۆزەخ بۆئەوەی لەو کەسانە نەبێت کە فریشتەکان سەرزەنشتی دەکەن.

هەروەها لە بەرهەمەکانی باوەڕ بە فریشتەکان خۆچواندنە بەوان لە پابەندبوون بە فەرمانبەرداریو خواپەرستییەوەو، دوورکەوتنەوە لە سەرپێچیو، بەهێزکردنی لایەنی فریشتەیی و پاکیزەیی لە مرۆڤدا.

جنۆکە:

خـوای گـەورە لـە قورئانـدا پێـی ڕاگەیانـدووین، کـە دروسـتکراوێکی دیکەی بەدیهێناوە، چاومان بێتوانایە لە ئاست بینینیاندا لەسەر شێوەی بنەڕەتی خۆیان، هەروەک چۆن بێتوانایە لەئاست بینینی فریشتەکان و، بینینی تیشکی سـەرو بنەوشـەیی و ژێـر سـوور و، بینینـی شـەپۆلەکانی سەروو دەنگ و، بینینی تەزووی کارەبا، کاتێک بە وایـەردا تێپـەڕدەبێت، ئەو دروستکراوەیش جنۆکەیە.

کە پێویستە باوەڕمان پێی هەبێت، هەرکەسێکیش نکۆڵی لـە بـوونی بکات بێبـاوەڕە، بـەو جـۆرە باسـکراون لـە قورئانـدا، هەرچـەندە خـوای گەورە زۆر تایبەت باسی نەکردوون و، بە ئاشکرا نەیکردووەتە ڕوکنێکی باوەڕ، وەک باوەڕ بە فریشتەکان.

جنۆکە لە قورئاندا:

١- قورئـان پێـی ڕاگەیانـدووین کـە جنۆکـەکان لـە ئـاگر دروسـتکراون. ئەمەش پێویستی ناکات کە ئاگرێک بن بە هەرشتێک بکەون بیسـوتێنن و، ڕێگریش نییە لەبەردەم ئـەوەدا کـە خـوای گـەورە دواتـر سروشـتەکەیان بگۆڕێـت. ئـەوەتا مـرۆڤ لـە قـۆڕ دروسـتکراوە، بـەڵام بـەو شـێوەیە نەماوەتـەوە بـەڵکو خـوای گـەورە شـێوەیەکی دیکـەی پێبەخشـیووە، کردوویەتی بە ئاوێتەیەک لـە ئێسـک و ماسـولکەو خـوێن و دەمـار بـەپێی یاسـا گەردوونیـەکان، کـە بـەدیهێنراوەکان لـە بارێکـەوە دەگۆڕێـت بـۆ بارێکی تر..زیندەوەری هەمەجۆر و فرە شێوە لە خانـە دروسـت دەکـات و، تۆوێکی وشک دەکات بە درەختێکی گوڵدار و گەڵا سەوز.

٢- له قورئاندا هاتووه كه جنۆكه پێش مرۆڤ بەدیهێنراوه:

﴿ وَٱلْجَآنَّ خَلَقْنَٰهُ مِن قَبْلُ مِن نَّارِ ٱلسَّمُومِ ﴾ الحجر: ٢٧. **واتە:** (جیننیشمان، پێش ئینسان، له ئاگرێکی زۆر گەرم دروست کرد.)

٣- ئەوان ئێمە دەبینن و ئێمە نایانبینین، ئەمەش شتێکی سەیر نییە، ئەو کەسەی دووربینی بەدەستەوە بێت کەسێك لە دوورەوە دەبینێت، بەڵام یەکێکی تر نایبینێت، ئێمەیش لە دنیادا بوارمان بۆ پەخساوە ئامێرێ وەك تەلەفزیۆن دروست بکەین کە بێژەرێ تیا دەبینین، بەڵام ئەو نامانبینێت، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿إِنَّهُۥ يَرَىٰكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُۥ مِنْ حَيْثُ لَا تَرَوْنَهُمْ﴾الأعراف: ٢٧ . **واتە:** (بێگومان شەیتان و دەستەو بەستەکەی لە دنیادا ئێوە ئەبینن، بەڵام ئێوە ئەوان نابینن.)

٤- ئەوانیش وەك ئێمە ئەرکیان لە ئەستۆدایە و لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت هەروەك چۆن ئێمە لێپرسینەوەمان لەگەڵ دەکرێت، پاداشت و سزا وەردەگرن هەروەك چۆن ئێمە پاداشت دەدرێینەوە و سزا دەدرێین و، پەنا بە خوا دۆزەخ پڕ دەبێت لە جنۆکە و ئادەمیزاد پێکەوە، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ الذاريات: ٥٦، **واتە:** (من جنۆکەو ئادەمزادم بۆ هیچ دروست نەکردووە بۆ ئەوە نەبێ کە بمپەرستن.) ، ﴿وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ ٱلْجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ أَجْمَعِينَ﴾ هود: ١١٩ . **واتە:** (قسەی خودات بڕاوەتەوەو لە عیلمیدا تێپەڕیوە: ئەبێ دۆزەخ لە بنیادەمیش و لە جیننییش پڕ بکەم.)

٥- پەیامی موحەممەدﷺ یان پێگەیشتووە، هەروەک چۆن پێش ئەویش پەیامی موسا (علیه السلام)یان بۆ ڕەوانە کرابوو: ﴿قَالُوا يَا قَوْمَنَا إِنَّا سَمِعْنَا كِتَابًا أُنْزِلَ مِنْ بَعْدِ مُوسَىٰ مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيْهِ يَهْدِي إِلَى الْحَقِّ وَإِلَىٰ طَرِيقٍ مُسْتَقِيمٍ﴾ الأحقاف: ٣٠، واتە: (بە خێڵەکەی خۆیانیان وت : ئەی عەشرەتەکەمان ! بەڕاستی ئێمە گوێمان لە خوێندنەوەی کتێبێک بوو پاش سەردەمی مووسا هاتووەتەخوارو هەرچی کتێبێ لەپێش خۆیا نازڵ بووە بۆسەر هەر پێغەمبەرێ ئەم باوەڕی پێئەکاو خەڵک ڕێنمایی ئەکا بۆ ڕاستیو بۆ ڕێگایەکی ڕاست کە ڕێگای خوابەیەکزانینە.)

٦- جنۆکەکان چاکەکار و گوناهباریشیان هەیە، ئەوانیش وەک ئادەمیزاد دەستەو گرۆی جیاوازن:

﴿وَأَنَّا مِنَّا الصَّالِحُونَ وَمِنَّا دُونَ ذَٰلِكَ كُنَّا طَرَائِقَ قِدَدًا﴾ الجن: ١١، واتە: (ئێمەیش پەریی خێرخواو بێئازاریشمان تیایەو هیی واشمان تیایە لەمانە ئایەختر و چاکەیان بۆ کەس ناوێ، ئێمە ڕێگاو شێوەی جیاجیامان گرتبوەبەر بۆ خۆمان.)، ﴿وَأَنَّا مِنَّا الْمُسْلِمُونَ وَمِنَّا الْقَاسِطُونَ﴾الجن: ١٤، واتە: (ئێمە ئێستا موسوڵمانیشمان تیایەو لە ئیسلامەتی لاداویشمان تیایە.)

٧- خوای گەورە پامی کردبوون بۆ حەزرەتی سولەیمان:

﴿يَعْمَلُونَ لَهُ مَا يَشَاءُ مِن مَّحَارِيبَ وَتَمَاثِيلَ[1] وَجِفَانٍ كَالْجَوَابِ وَقُدُورٍ رَّاسِيَاتٍ﴾ سبأ: ١٣، واتە: (چیی بویستایە لە قەڵای قایم و خانووی چاک و پەیکەری

١- پەیکەر (التماثیل): بەمانا ناسراوەکەی، کە پەیکەری بەرجەستەیە و، لەئایینی ئێمەدا حەرامە.

فریشتەو پێغەمبەران و قاپی وەك حەوزی گەورەو مەنجەڵی لەسەر سێ کوچکە دامەزراو، ئەم جنۆکانە بۆیان دروست ئەکرد.)

٨- جنۆکەکان غەیب زان نین، بۆیە لەدوای مردنی سولەیمانیش هەر مابوونەوەو کاریان بۆ دەکرد:

﴿مَا دَلَّهُمْ عَلَىٰ مَوْتِهِۦٓ إِلَّا دَآبَّةُ ٱلْأَرْضِ تَأْكُلُ مِنسَأَتَهُۥ ۖ فَلَمَّا خَرَّ تَبَيَّنَتِ ٱلْجِنُّ أَن لَّوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ٱلْغَيْبَ مَا لَبِثُوا۟ فِى ٱلْعَذَابِ ٱلْمُهِينِ﴾ سبا: ١٤، واتە: (کەس جنۆکەکان یا کەسوکاری سولەیمانی لە مەرگی ئاگادار نەکرد مۆرانە نەبێ عاساکەیان کرمۆڵ کردو ئەویش کە بە پێوە سەری خستبووە سەر عاساکەی پاش کرمۆڵبوونی عاساکەیو کەوتنی، خۆیشی کەوت و پێیان زانی کە مردووە. جا کە کەوت جنۆکەکان بۆیان دەرکەوت کەوا ئەگەر عیلمی غەیبیان هەبوایەو شتی نهێنیان بزانییایە، ئەیانزانی هەرچەند بەپێوەیە، مردووە و، لەو ئازارە سەختەی بەردەوام ئیشکردن و ڕەنج کێشاندا نەئەمانەوە، کە ئەو بەپێوە بەسەر سەریانەوە وەستابوو تا بەردەوام بن لەکارداو خاو و خلیچکی نەکەن و کارەکە تەواوبکەن.)

٩- خوای گەورە بەرەنگاریان بوویەوە، هەروەك چۆن لە ڕووی ئادەمیزادەکاندا وەستا و تەحەدای کردن کە ناتوانن هاوشێوەی قورئان بهێنن:

﴿قُل لَّئِنِ ٱجْتَمَعَتِ ٱلْإِنسُ وَٱلْجِنُّ عَلَىٰٓ أَن يَأْتُوا۟ بِمِثْلِ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِۦ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا﴾ الإسراء: ٨٨، واتە: (تۆ بڵێ: ئەگەر هەموو ئینسان و جین کۆببنەوە بۆ ئەوەی وێنەی ئەم قورئانە بێنن ناتوانن وێنەی بێنن هەرچەند لە ناو خۆیشیاندا پشتی یەکتر بگرن.)

١٠- پـێش هـاتنی ئیسـلام لەچـەند شـوێنێکی ئاسمانـدا دادەنیشـتن بـۆ گوێگرتن لەفریشـتەکان و لەوانـەوە گوێبیسـتی هـەواڵ و دەنـگ و باسـی ئاسمانـەکان دەبـوون، بـەڵام کـە ئیسـلام هـات ڕێگـەیان لـێگیراو گـڕە ئەستێرەی فەزاسمیان بۆ هاوێژرا:

﴿وَأَنَّا كُنَّا نَقْعُدُ مِنْهَا مَقَاعِدَ لِلسَّمْعِ فَمَن يَسْتَمِعِ الْآنَ يَجِدْ لَهُ شِهَابًا رَّصَدًا﴾ الجـن: ٩، واتە: (ئەیشیانوت: ئێمە جاران لە چەند شـوێنێکی ئاسمانـا دائەنیشـتین بـۆ گـوێگرتن تـا بـزانین فریشـتەکان باسـی چـی ئەکـەن، بـەڵام ئێسـتا هەرکەس گوێ بگرێ گڕ- ئەستێرەی فەزاسم خۆی بۆ مەڵاس داوە.)

شەیتانەکان:

شـەیتانەکان لـە بێبـاوەڕانی جنۆکـە پێکهـاتوون، ئیبلـیس باوکیانـە، هەندێك وتویانە ئیبلیس لە فریشتەکانە، بەڵام لە ڕاستیدا لە جنۆکەیە.

یەکەم: لەبەرئەوەی خوای گەورە لە قورئاندا ئاماژەی بەوە کردووە:

﴿فَسَجَدُوٓاْ إِلَّآ إِبْلِيسَ كَانَ مِنَ ٱلْجِنِّ فَفَسَقَ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِۦٓ﴾ الکهـف: ٥٠، واتـە: (هەموویان بەگوێیان کردین و سوجدەیان بۆ برد، شـەیتان نـەبێ کـە لـە بەرەی جین بوو لە فەرمانی خودا دەرچوو و سوجدەی نەبرد.)

دووەم: لەبەرئـەوەی ئیبلـیس سەرپێچـی پـەروەردگاری کـرد، بـەڵام فریشتەکان بێفەرمانیی ناکەن و هەرچییان ئەمر پێبکرێت دەیکەن:

﴿لَّا يَعْصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمْ﴾ التحریم: ٦.

سێیەم: لەبەرئەوەی قورئان ئاشکرای کـردووە کـە شـەیتان لـە ئـاگر دروستکراوە:

﴿قَالَ أَنَا۠ خَيْرٌ مِّنْهُ خَلَقْتَنِي مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُۥ مِن طِينٍ﴾ الأعراف: ١٢، واتە: (من باشترم لەو، منت لە ئاگر دروست کردووە کە نوورانیو پوونا کەو، ئادەمت لە قوڕ دروست کردوە کە بێ نوورو تاریکە!.)

شەیتانەکان لە قورئاندا:

١- شەیتان یەکەم دوژمنی ئادەمیزادە، باوکیانی لە بەهەشت وەدەرناوەو، کاردەکات لەسەرئەوەی ڕێگەی چوونە بەهەشتیان لێبگرێت و دووریان بخاتەوە لێی‌و، دەستخەڕۆیان بکات و بە پەفتاری دژەخیانە فریویان بدات، سەرەڕای هەموو ئەمانە ئادەمیزادەکان شوێنی دەکەون و واز لە شەرعی خوای گەورە دەهێنن بۆ وەسوەسەکەی‌و، پشت لە هیدایەت و ڕێنمویی پێغەمبەران هەڵدەکەن بۆ گومڕایی شەیتان.

خوای گەورە مرۆڤەکان لەسەر ئەم کارە گەوجانەیە سەرزەنشت دەکات، کە وەڵامی دوژمنەکەیان دەدەنەوەو بەرەو پیری دەچن لەکاتێکدا دەیەوێت تووشی سزا بن، بەڵام وەڵامی پەروەردگاریان نادەنەوە، کە بانگیان دەکات بۆئەوەی لێیان خۆشبێت و ڕەحمیان پێبکات:

﴿أَفَتَتَّخِذُونَهُۥ وَذُرِّيَّتَهُۥٓ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِى وَهُمْ لَكُمْ عَدُوٌۢ ۚ بِئْسَ لِلظَّٰلِمِينَ بَدَلًا﴾ الكهف: ٥٠، واتە: (جا ئایا لەگەڵ ئەم حاڵەدا ئێوە شەیتان و نەوەکانی ئەکەنە دۆستی خۆتان لەجیاتیی من کە ئەوانە دوژمنی ڕاستەقینەتانن؟ بێگومان شەیتان بریتییەکی زۆر خراپە بۆ ستەمکاران. مرۆی ژیر چۆن دوژمن ئەکاتە دۆستی خۆی؟)

٢- ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی شەیتانەکان زۆر دەبن و نەوە دەخەنەوەو هەموو نەوەکانیان لە ئیبلیسە.

٣- خوای گەورە شەیتانی بەسەر خەڵکیدا زاڵکردووە، بەڵام توانای ئەوەی پێنەبەخشیووە کە سوود و زیان بگەیەنێت و، هێزێکی وەهای پێنەداوە کە نەتوانێت بەرەنگاری بکرێت، بەڵکو فێڵ و هەڵخەڵەتاندنی پێبەخشیووە:

﴿إِنَّ كَيْدَ ٱلشَّيْطَٰنِ كَانَ ضَعِيفًا﴾ النساء: ٧٦، واتە: (فرۆفێڵی شەیتان بێهێزەو بەرگەی جیهادی ئێوە ناگرێ.)، ﴿وَلَيْسَ بِضَآرِّهِم شَيْـًٔا إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ﴾ المجادلة: ١٠، واتە: (هیچ زیانێکیشیان پێ ناگەیەنێ مەگەر بە ئیزنی خواو ئەگەر خوا مەیلی لێ بێ.)، ﴿وَمَا كَانَ لَهُۥ عَلَيْهِم مِّن سُلْطَٰنٍ إِلَّا لِنَعْلَمَ مَن يُؤْمِنُ بِٱلْـَٔاخِرَةِ مِمَّنْ هُوَ مِنْهَا فِى شَكٍّ﴾ سبأ: ٢١، واتە: (شەیتان هیچ بەڵگەو توانێکیشی نەبوو بەسەریانا کە بتوانێ گومڕایان بکا، بەڵام ئەوە ڕووی دا بۆ ئەوەی بۆ هەمووان دەرکەوێو عیلمی ئێمەیش ڕووبکاتە جیاوازیی نێوان خاوەن ئیمان و بێ ئیمان و بزانین کێ باوەڕی بە ڕۆژی قیامەت هەیەو کێ گومانی تیایا هەیەو لێی دوو دڵە.)

٤- ئیشی وەسوەسەو فریودان و هەڵخەڵەتاندنە بۆ کاری خراپ و بانگەواز دەکات بۆ ڕەفتاری بەدو ناشیرین:

﴿يَعِدُكُمُ ٱلْفَقْرَ وَيَأْمُرُكُم بِٱلْفَحْشَآءِ﴾ البقرة: ٢٦٨، واتە: (شەیتان ئەتانترسێنێ بە هەژاری ئەگەر مالتان لەڕێگەی خوادا صەرف بکەن و، ئەمرتان پێ ئەکا کە بەخیل بن و صەدەقە نەکەن.)، ﴿يَعِدُهُمْ وَيُمَنِّيهِمْ ۖ وَمَا يَعِدُهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ إِلَّا غُرُورًا﴾ النساء: ١٢٠، واتە: (شەیتان بەڵێنی درۆیان

ئەداتێ و ڕاست ناکا لەگەڵیان و ئەیانخاتە سەر ڕێگای بەتاڵ. شەیتان تەنها سەرکەشییان فێر ئەکات و شتی ناڕەوایان لەبەرچاو جوان ئەکات.)

هانیان دەدات بۆ مەی خواردنەوەو قومارکردن و هاوشێوەکانیان، کە هەموویان کۆمەڵە کارێکی پیس و قێزەونن و کاری شەیتانی نەفرین لێکراون: ﴿رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ ٱلشَّيْطَٰنِ﴾ المائدة: ٩٠.

هەموو بەرنامەکەی خۆی لە خراپە و بەدکاری و ناڕاوەگێڕیدا دەبینێتەوە، یەکەمین مادەدەش لەم بەرنامەیەدا و کە ئادەم و حەوای پێ فریودا، پۆشاک دامالێن و خۆ ڕووتکردنەوە و، لەبەرکردنی پۆشاکی کورت بوو:

﴿ يَٰبَنِىٓ ءَادَمَ لَا يَفْتِنَنَّكُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ كَمَآ أَخْرَجَ أَبَوَيْكُم مِّنَ ٱلْجَنَّةِ يَنزِعُ عَنْهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوْءَٰتِهِمَآ﴾ الأعراف: ٢٧، واتە: (ئەی ئادەمزاد! ئاگاتان لە خۆتان بێ شەیتان نەتانخەڵەتێنێ و نەتانخاتە ناو میحنەتی کوفرو گومڕاییەوە، وەک باوک و دایکتانی لە بەهەشت بە دەرکردن داو بەرگی بەهەشتی لێ داڕنین و عەورەتی خۆیانی پێشان دان.)

جل لێ داڕنین و، دەرخستنی عەورەت، یەکەم مادەدەی ئەم یاسا شەیتانیە بوو. لە کارەکانی ئیبلیس ئەوەیە کە خراپ لەبەرچاوی شوێنکەوتەکانیدا بەچاک دەرخات تا بە چاکە بیبینن و، ناشیرینیشیان لا جوان بکات:

﴿وَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ الأنعام: ٤٣ ، واتە: (شەیتان کردەوە ناشیرینەکانیانی لە بەرچاو جوان کردن و لەخشتەی بردن؟!)

یەکێکی تر لە کارەکانی ئیبلیس ئەوەیە کە هانی دەست و پێوەندەکانی دەدات گومان لای باوەڕداران بووروژێنن و، دووریان بخەنەوە لە بانگەوازە پەواکەیان لە ڕێگەی سەرقاڵکردنیان بە مشتومڕو ڕووپاماییەوە، خوای گەورەش لەمە ئاگاداری کردووین و، پێی فەرموویین:

﴿ وَإِنَّ ٱلشَّيَٰطِينَ لَيُوحُونَ إِلَىٰٓ أَوْلِيَآئِهِمْ لِيُجَٰدِلُوكُمْ ﴾ الأنعام: ١٢١، واتە: (شەیتانەکان بەگوێی بنیادەمە دۆستە گومڕاکانیاندا ئەچپێنن و وەسوەسە ئەخەنە دڵیانەوە تا موجادەلەتان لەگەڵ بکەن.)

کەواتە وەڵامیان مەدەنەوەو مەکەونە ناو شیرکی ئەوانەوە: ﴿وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ ﴾ الأنعام: ١٢١، واتە: (بێگومان ئەگەر بەگوێیان بکەن لەحەڵاڵ کردنی شتێکدا کە خودا حەرامی کردووە ئەوا ئێوە لە ڕیزی موشریکەکاندا ئەبن کە بەگوێی قسەی غەیری خودا ئەکەن.)

شەیتان مرۆڤی باوەڕدار لە یادی خوا دوورەخاتەوە، تا بیری دەباتەوەو، هەنگاو دەنێت بەرەو سەرپێچی، سەرپێچیکارانیش شەیتان زاڵبووە بەسەریاندا:

﴿ ٱسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ ٱلشَّيْطَٰنُ فَأَنسَىٰهُمْ ذِكْرَ ٱللَّهِ ﴾المجادلة: ١٩، واتە: (شەیتان زاڵ بووە بەسەریاناو یادی خوای لەبیر بردوونەتەوە.)

بەڵام:

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟ إِذَا مَسَّهُمْ طَٰٓئِفٌ مِّنَ ٱلشَّيْطَٰنِ تَذَكَّرُوا۟ فَإِذَا هُم مُّبْصِرُونَ ﴾ الأعراف: ٢٠١، واتە: (بێگومان ئەوانەی لە خودا ئەترسن و خۆیان لە گوناە دوور ئەخەنەوە ئەگەر سووسەیێ لە شەیتانەوە لێیان بداو غافڵیان بکا

گورج بیر ئەکەنەوە لە گەورەیی‌و زانایی خوداو ئەبینی گورج چاویان بینایە‌و دڵیان زانایە‌و ڕۆحیان ئاشنایە.)

٥- بەڵام شەیتان سەرەڕای پێداگری لەسەر خراپەکاری‌و، دامەزراوی لەسەر دژایەتی کردنی ئادەمیزاد، لە هەموو ڕێگەیەکەوە دەچێت بۆ نەوەی ئادەم، لەنێوان دەستەکانیان و لە پشتیانەوە و لەلای ڕاستیانەوە‌و لەلای چەپیانەوە، بەردەوام لە کەمیندایە بۆیان تا لە خشتەیان بەرێت، هەروەها بە دەنگی هەراسانیان دەکات و، بەشداریپیان دەکات لە مانّ و سامان و منداڵدا ..... سەرەڕای هەموو ئەوانە تەنها توانای وەسوەسەو، فریودانی هەیە، توانا و دەسەڵاتی سوود و زیان گەیاندنی نییە، کاتێك بێباوەڕان و شەیتانەکان مشتوومڕ و دەمەقاڵەیانە لە ڕۆژی دواییدا، پێیان دەڵێت:

﴿ وَمَا كَانَ لِيَ عَلَيْكُم مِّن سُلْطَٰنٍ إِلَّآ أَن دَعَوْتُكُمْ فَٱسْتَجَبْتُمْ لِي فَلَا تَلُومُونِي وَلُومُوٓاْ أَنفُسَكُم ﴾ إبراهيم: ٢٢، **واتە:** (من هیچ زۆرێکم نەبوو بەسەرتانەوە، تەنها ئەوەندە بوو بانگم کردن بۆ ڕێگای چەوت و بەگوێتان کردم. ئیستە سەرزەنشتی من مەکەن. سەرزەنشتی خۆتان بکەن کە بەگوێتان کردم.)

کاتێك ئیبلیس داوای لە پەروەردگاری کرد مردنەکەی دوابخات و، وەڵامی دایەوە: ﴿ قَالَ رَبِّ بِمَآ أَغْوَيْتَنِي لَأُزَيِّنَنَّ لَهُمْ فِي ٱلْأَرْضِ وَلَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٣٩﴾ إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ ٱلْمُخْلَصِينَ ﴾ الحجر: ٣٩ - ٤٠، **واتە:** (شەیتان وتی: خودایا مادام تۆ منت گومڕا کرد، منیش هەرچی تاوانە لای ئەوانی

جـوان ئەکـەم لەسـەر زەویـداو هـەموویان گـومڕا ئەکـەم. مەگـەر ئـەو بەندانەت کە پاکیزەو هەڵبژاردەن.)

خوای گەورە دەفەرموویت:

﴿ قَالَ هَٰذَا صِرَٰطٌ عَلَيَّ مُسْتَقِيمٌ ﴿٤١﴾ إِنَّ عِبَادِي لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَٰنٌ إِلَّا مَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلْغَاوِينَ ﴾ الحجر: ٤١ - ٤٢، واتە: (خـوا فـەرمووی: ڕێگـاکردنی پاکیزەکـان ڕێگـای ڕاسـتی منـە. بەڕاسـتی تـۆ هـەرگیز دەسـتت بەسـەر بەندەکانی منـدا ناڕوا مەگەر ئەوانەی بکەونە شوێنت لە گومڕاهەکان.)،

﴿ إِنَّهُۥ لَيْسَ لَهُۥ سُلْطَٰنٌ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ﴿٩٩﴾ إِنَّمَا سُلْطَٰنُهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ يَتَوَلَّوْنَهُۥ وَٱلَّذِينَ هُم بِهِۦ مُشْرِكُونَ ﴾ النحل: ٩٩ - ١٠٠ ، واتـە: (بێگومـان شـەیتان دەسـتی بەسـەر ئـەو کەسـانەدا نـاڕوات کـە ئیمـانی تەواویان هەیەو پشت بە خودا ئەبەستن. شەیتان تـەنها دەسـتی بەسـەر ئەوانـەدا ئـەڕوات کـە ئـەویان خـۆش ئـەوێو بـەگوێی ئەکـەن و بـەهۆی ئەوەوە هاوبەش بۆ خودا بڕیار ئەدەن.)

٦- شـوێنکەوتەکانی دەخەڵـەتێنێت و لـە سـاتەوەختی ناڕەحەتیـدا دەستبەرداریان دەبێت و، خیانەتیان لێدەکات.

﴿ وَإِذْ زَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَعْمَٰلَهُمْ وَقَالَ لَا غَالِبَ لَكُمُ ٱلْيَوْمَ مِنَ ٱلنَّاسِ وَإِنِّى جَارٌ لَّكُمْ ۖ فَلَمَّا تَرَٰٓءَتِ ٱلْفِئَتَانِ نَكَصَ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ وَقَالَ إِنِّى بَرِىٓءٌ مِّنكُمْ إِنِّىٓ أَرَىٰ مَا لَا تَرَوْنَ ﴾ الأنفال: ٤٨، واتـە: (یـادی ئـەوە بکەنـەوە کـە شـەیتان لـە کـاتی بەرامبـەربوونی موسـوڵمانان و کافرانـدا کـردەوەی کافرەکانی لەبەرچاویاندا جوان کـردو پێـی وتـن هـیچ بنیادەمـێ بەسـەر ئێوەدا زاڵ نابێ لەم ڕۆژەداو، من پەنام بۆ ئێـوە، واتـە: بتـەکانیان. جـا

کاتێ هەردوو گورۆهەکە یەکتریان بینیو، ڕاستەوخۆ کەوتنە جەنگەوە شەیتان لێیان پاشگەز بوویەوەو پێی وتن: بێگومان ئەوەی من ئەیبینم ئێوە نایبینن.) واتە ئەو فریشتانەی کە لەو ڕۆژەدا هاتبوونە خوارەوە بۆ پشتگیری کردنی باوەڕداران: ﴿إِنِّيٓ أَخَافُ ٱللَّهَ﴾ المائدة: ٢٨، واتە: (من لەو خودایە ئەترسم کە پەروەردگاری هەموو عالەمە.)

﴿ كَمَثَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ إِذۡ قَالَ لِلۡإِنسَٰنِ ٱكۡفُرۡ فَلَمَّا كَفَرَ قَالَ إِنِّي بَرِيٓءٞ مِّنكَ إِنِّيٓ أَخَافُ ٱللَّهَ رَبَّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾ الحشر: ١٦، واتە: (وەک میسالی شەیتان وایە کە کەوتە بن کڵێشەی ئادەمزادو پێی وت: کافر ببەو باوەڕت بە خواو پێغەمبەری خوا نەبێ. جا کە کافر بوو حاشای لێ کردو وتی: من بێ بەریم لە تۆ، من لە خوای پەروەردگاری هەموو جیهانەکان ئەترسم.)

شەیتانی ئادەمی:

ئەمە بەشێکە لە سیفەتەکانی شەیتان کە لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێکراوە، کار لەسەر بڵاوکردنەوەی بێباوەڕیو بەدکاریو، دەرخستنی عەورەتەکان دەکات، خراپە و کاری ناشیرین لەبەرچاوی خەڵکی دەڕازێنێتەوە، تا لەسەری جێگیر دەبن و دەستی پێوەدەگرن. گومان و دوودڵی لە ناخی مرۆڤەکاندا دەوروژێنێت، بە گوفتاری ناشیرین دەدوێت و، دژایەتی دەخاتە نێو ڕیزی باوەڕدارانەوە و پەرش و بڵاویان دەکاتەوە، تەنانەت ئەگەر بە دەم ویست و داواکانیەوە چوون و شوێنی کەوتن و، ڕۆژێك پێویستیان بە کۆمەکی و هاوکاری ئەو هەبوو، داوای یارمەتیو کۆمەکیان لێکرد، وازیان لێدەهێنێت و خۆی بێبەری دەکات لێیان.

هەرکەسێکیش ئەم جۆرە پەفتارانە بنوێنێت، هەمان حوکمی شەیتانی هەیە: ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ۝١ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ۝٢ إِلَٰهِ ٱلنَّاسِ ۝٣ مِن شَرِّ ٱلْوَسْوَاسِ ٱلْخَنَّاسِ ۝٤ ٱلَّذِى يُوَسْوِسُ فِى صُدُورِ ٱلنَّاسِ ۝٥ مِنَ ٱلْجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ﴾ الناس: ١ – ٦، واتە: (ئەی موحەممەد تۆ بڵێ: من پەنا ئەگرم بە پەروەردگاری هەموو ئادەمزادو پەرییان. ئەو پەروەردگارەی کە پادشای هەموو ئادەمزادو پەرییانە. کە خواو پەرستراوی هەموو ئادەمزادو پەرییانە (واتە ئەبێ هەموویان بیپەرستن، هەرچەندە هەندێکیشیان نەیپەرستن). پەنا ئەگرم بەو خوایە لە شەڕو خراپەی ئەو شەیتانە وەسوەسەخەرە دڵانە کە هەر کە ناوی خوا هێنرا ئەکشێتە دواوە. ئەو شەیتانە کە وەسوەسەو وتوویژە ئەخاتە سنگی خەڵک، لە پەریو لە ئادەمزاد.)

ئەو کەسەی ئارەزووی خراپەکاریو بەدرەوشتی بکات و بە وێنەی ڕووت و، چیرۆکی بێ ئابڕوانە بۆ خەڵکی بڕازێنێتەوە، ئەوا لە شەیتانی ئادەمییە. ئەوەیشی بانگەواز بۆ دەمارگیری نەفامی بکات (نەفامی کۆن یان نوێ)، ئومەتی موحەممەد بکاتە چەند ئومەتێك، جیاوازی و دووبەرەکی لەنێوانیاندا بەرپا بکات، ئەوا لە شەیتانانی ئادەمییە. ئەو کەسەیش کە خەڵکی دووردەخاتەوە لە ڕێگەی بەهەشت و دەستیان دەگرێت بۆ ڕێگەی دۆزەخ و، یادی خوای گەورەو ڕۆژی دواییان لەبیردەباتەوە، ئەوا لە شەیتانە ئادەمییەکانە: ﴿وَقُل رَّبِّ أَعُوذُ بِكَ مِنْ هَمَزَٰتِ ٱلشَّيَٰطِينِ ۝٩٧ وَأَعُوذُ بِكَ رَبِّ أَن يَحْضُرُونِ﴾ المؤمنون: ٩٧ – ٩٨، واتە: (بیشڵێ: خودایە من پەنا ئەگرم بە تۆ لە وەسوەسەی شەیتانەکان کە ئەیخەنە دڵی ئادەمیزادەوە. پەنایش ئەگرم بە تۆ خوایە لەوە کە ئەم شەیتانانە بێنە بن دەستم.)

باور
به پیغمبران

باوەڕ بە پێغەمبەران

یەکەم شت کە قورئان بڕیاری لەسەر دەدات و جەختی لەسەر دەکاتەوە، ئەوەیە کە فریشتە و جنۆکە و پێغەمبەران، لە دروستکراوانی خوای گەورەن، هەموویان بەندەی ئەون، ئەو زاتە بەدیهێناون و هەڵیاندەسورێنێت، ئەوانیش ناتوانن هیچ سوود و زیانێک بەخۆیان بگەیەنن تەنها بە ویست و ڕەزامەندی خوا نەبێت.

پێغەمبەران هەموویان ئادەمیزادن، وەک ئادەمیزاد لە دایک دەبن و دەمرن، وەکو ئەوان نەخۆش دەکەون و چاک دەبنەوە[1]، جیاواز نین لەئادەمیزاد لە پێکهاتەی جەستەو، شێوەی ئەندامەکانیان و، سوڕانی خوێن و لێدانەکانی دڵیان، دەخۆن و دەخۆنەوە، هەروەک چۆن خەڵکی دەخۆن و دەخۆنەوە.

هیچ تایبەتمەندیەکی خوایەتیان تیادا نییە، لەبەرئەوەی خوایەتی تەنها بۆ زاتی(الله)یە، بەڵکو ئادەمیزادن وەحییان بۆ دێت، ئومەتەکانی پێشوو وەحییان بەلاوە سەیر بوو، خوای گەورە لە وەڵامیاندا فەرمووی سەرسوڕمانەکەیان لە جێگەی خۆیدا نییە:

١- پێغەمبەران هەموویان ئادەمیزادن: لە هەموو شتێکدا لە ئادەمیزاد دەچن، مەگەر هۆکارێک بەربەست بووبێت لەبەردەم هەڵبژاردنیان بۆ پێغەمبەرایەتی، وەک نەخۆشی دەگمەن و شێوێنەرو، ڕێگر لەبەردەم بەجێگەیاندنی ئەرکی بانگەوازدا.

﴿ أَكَانَ لِلنَّاسِ عَجَبًا أَنْ أَوْحَيْنَآ إِلَىٰ رَجُلٍ مِّنْهُمْ أَنْ أَنذِرِ ٱلنَّاسَ وَبَشِّرِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ﴾ یونس: ۲، واتە: (ئایا لای خەڵکی شتێکی سەیرو عەجایەبە ئێمە وەحی بکەین بۆ پیاوێ لە خۆیان و پێی بڵێین ئادەمزاد بترسێنە لە سزای خودا و موژدە بە خاوەن ئیمانەکان بدە ...)

بەڵایانەوە سەیر بوو پێغەمبەر لە ئادەمیزاد بێت ئەمەشیان کردە کۆسپ لەبەردەم باوەڕهێناندا.

﴿ أَن قَالُوٓاْ أَبَعَثَ ٱللَّهُ بَشَرًا رَّسُولًا ﴾ الإسراء: ۹٤، واتە: (کە ئەیانوت: ئایا خودا ئادەمزادێکی بە فورستادەیی ناردووە؟)

خوای گەورەیش وەڵامیدانەوە، کە دەبێت پێغەمبەر لە ڕەگەزی ئەو کەسانە بێت کە ڕەوانە کراوە بۆیان، ئادەمیزادەکان پێغەمبەرێکیان بۆ ڕەوانە دەکرێت ئادەمیزاد بێت.

﴿لَّوْ كَانَ فِي ٱلْأَرْضِ مَلَٰٓئِكَةٌ يَمْشُونَ مُطْمَئِنِّينَ لَنَزَّلْنَا عَلَيْهِم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ مَلَكًا رَّسُولًا ﴾ الإسراء: ۹۵، واتە: (تۆ بڵێ: بەو کافرانە ئەگەر لە ئەرزا مەلائیکە ببوونایە بە نیشتەجێی بڕۆیشتنایە بەسەر زەویداو وەکو ئادەمیزاد لەوێ بژیانایە.. لە ئاسمانەوە مەلائیکەمان ڕەوانە ئەکرد بۆ سەریان بە پێغەمبەری.)

کەوتنە مشتومڕ لەگەڵ پێغەمبەرەکانیانداو وتیان: ئێوە وەک ئێمە بنیادەمن؟

﴿قَالُوٓاْ إِنْ أَنتُمْ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُنَا ﴾ إبراهیم: ۱۰.

پێغەمبەرەکانیان وتیان: لەڕاستیدا ئێمە هەر ئادەمیزادێکی وەک ئێوەین.

﴿قَالَتْ لَهُمْ رُسُلُهُمْ إِن نَّحْنُ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ﴾ إبراهيم: ١١.

بەڵام خوای گەورە چاکە لەگەڵ کەسێك دەکات کەخواستی لێبێت لەبەندەکانی خۆی و پایەی پێغەمبەرایەتی دەداتێ: ﴿وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَمُنُّ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ﴾إبراهيم: ١١.

خوای گەورە هەڵێبژاردووین و وەحی بۆ ناردووین و، فەرمانی پێکردووین پەیامەکەی بگەیەنین:

﴿وَقَالُوا۟ مَالِ هَٰذَا ٱلرَّسُولِ يَأْكُلُ ٱلطَّعَامَ وَيَمْشِى فِى ٱلْأَسْوَاقِ ۙ لَوْلَآ أُنزِلَ إِلَيْهِ مَلَكٌ فَيَكُونَ مَعَهُۥ نَذِيرًا﴾ الفرقان: ٧، واتە: (ئەڵێن: ئەم پێغەمبەرە چیی‌یەتی‌و چۆن پێغەمبەرێکە خواردن ئەخواو بە ناو بازارا دێو دەچێ وەك خەڵکی عادەتی؟ ئەگەر پاست ئەکا پێغەمبەرە بۆچی فریشتەیەکی لە ئاسمانەوە بۆ نەنێرراوەتە خوارێ لەگەڵیا بێو پێکەوە بێن خەڵك لە بێ فەرمانیی خوا بترسێنن تا ئێمەیش باوەڕی پێ بکەین؟)

خوای گەورە وەڵامیان دەداتەوەو، بە پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت:

﴿وَمَآ أَرْسَلْنَا قَبْلَكَ مِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ إِلَّآ إِنَّهُمْ لَيَأْكُلُونَ ٱلطَّعَامَ وَيَمْشُونَ فِى ٱلْأَسْوَاقِ﴾الفرقان: ٢٠، واتە: (ئێمە بەر لە تۆ هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە وەك خەڵکی تر خواردنی نەخواردبێو بەناو بازاڕدا نەڕۆیشتبێ.)

هەروەها دەفەرموێت:

﴿وَقَالُوا۟ لَوْلَآ أُنزِلَ عَلَيْهِ مَلَكٌ ۖ وَلَوْ أَنزَلْنَا مَلَكًا لَّقُضِىَ ٱلْأَمْرُ ثُمَّ لَا يُنظَرُونَ ﴿٨﴾ وَلَوْ جَعَلْنَٰهُ مَلَكًا لَّجَعَلْنَٰهُ رَجُلًا وَلَلَبَسْنَا عَلَيْهِم مَّا يَلْبِسُونَ﴾الأنعام: ٨ – ٩، واتە: (کافرەکان ئەڵێن: ئەوە بۆچی مەلائیکەیێکی لەگەڵدا نەنێرراوە

خوار بۆ لامان پێمان بڵێ: ئەمە پێغەمبەری خودایە؟! بێگومان ئەگەر کار بگاتە ئەو ڕادە مەلائیکە بێتە خوارو ئەوان ببینن یەکسەر کار ئەبڕێتەوەو لەناو ئەبرێن و بە قەدەر چاوبەیەکدانانێك مۆڵەت نادرێن، (چونکە خودا نیسبەت بە نەتەوەکانی تر وەهای کردووە بە عادەت و بەسەر ئەمانیشدا تەطبیق ئەکرێ.) ئەگەر مەلائیکەیێکیشمان بنارداید لەگەڵتدا کە بیانبینیایە، یا هەر مەلائیکەکەمان بکردایە بە پێغەمبەر ئەمانخستە شێوەی بنیادەمەوە، وەك چۆن جارجار جیبرەئیل لە شێوەی دوحیەدا ئەهاتە لای پێغەمبەرو وەحیی بۆ ئەهێنا، چونکە بنیادەم هێزی ئەوەی نییە مەلائیکە لە شێوەی خۆیدا ببینێ، جا ئەو وەختەیش هەر سەریان لە خۆیان تێکئەداو ئەیانوت: ئەمە کەی پێغەمبەرە؟ ئەمە بنیادەمێکە وەکو ئێوەو هیچ جیاوازییەکی نییە.)

حەقیقەتی پێغەمبەر:

﴿قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰٓ إِلَيَّ﴾ الكهف: ١١٠، واتە: (تۆ ئەی پێغەمبەر بڵێ من تەنیا بنیادەمێکم وەك ئێوە و گەزاف ئەوە لێ نادەم کە هەموو کەلیمەکانی خودا ئەزانم. تەنیا بەوە لە ئێوە جیا ئەبمەوە کە وەحیم بۆ ئەکرێ.)

جەختی لەسەر ئادەمی بوونی پێغەمبەرﷺ کردووەتەوە بە بەکارهێنانی (إنما) کە بۆ دیاری کردن و کورتکردنەوە بەکاردێت و، هەموو سیفەتێکی لێدادەڕنێت کە پێچەوانەی مرۆڤ بوونە پاشان جارێکی تر جەختی لەسەر دەکاتەوە کە دەفەرموێت: "مثلكم".

پێغەمبەرﷺ لە پێکهاتەی جەستە و، سروشتی بەدیهاتنیدا وەکو ئێمەی ئادەمیزاد وایە، بەڵام ئێمە هەموومان لە بەدیهاتن و ئەدگار و تایبەتمەندی و شکڵمەندیدا وەکو ئەو نین، ئەگەر (موحەممەدﷺ) دواپین پێغەمبەر نەبووایە ئەوا -بەبێ مشتومڕ- مەزنترین سەردار و پاڵەوانی پاڵەوانان بوو.

ئەگەر ئادەمیزاد بێت وەکو ئێمە، ئەوەی بۆ ئێمە دروست و پەسەندە بۆ ئەویش دروستە، کەواتە ئایا هەڵە دەکات وەکو چۆن ئێمە هەڵە دەکەین؟

لە وەڵامدا دەڵێین:

١- ئەگەر هەڵە لە بواری گەیاندنی پەیامی خوا و، ڕوونکردنەوەی شەریعەتەکەیدا ڕووبدات. ئەم جۆرەیش لە هەڵە مەحاڵە لە پێغەمبەران ڕووبدات، چونکە پێغەمبەر کاتێ پەیامی خوا دەگەیەنێت و شەریعەتەکەی ڕوون دەکاتەوە لەئارەزووی نەفسی خۆیەوە قسە ناکات، بەڵکو لەلایەن خوای گەورەوە وەحی بۆ دێت: ﴿وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَىٰ ۝٣ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَىٰ﴾ النجم: ٣ - ٤.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَكُمُ الرَّسُولُ بِالْحَقِّ مِن رَّبِّكُمْ﴾ النساء: ١٧٠، واتە: (ئەی بەرەی ئادەمزاد! وا بەڕاستی موحەممەدتان بە پێغەمبەری بۆ هات لەلایەن خوداوەو ئایینی ئیسلامی بۆ هێناون.)

مەحاڵە پێغەمبەرﷺ (دوای پەیامەکەی) تووشی سەرپێچی ببێت، یان کارێك ئەنجام بدات پێچەوانەی دادپەروەری بێ یان لە مرۆڤایەتی کەم

بکاتەوە یان پێچەوانەی کاملّبوون بێت، لەبەرئەوەی خوای گەورە کردوویەتی بە پێشەنگ و، فەرمانی بە موسوڵمانان کردووە بیکەنە سەرمەشق و، لە کردەوەکانیدا چاوی لێبکەن و شوێنی بکەون:

﴿ لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ ﴾ الأحزاب: ٢١، واتە: (بەڕاستی لە بوونی پێغەمبەری خوادا چاولێکەری و شوێنکەوتنێکی جوان هەیە.)

پێغەمبەران هەموویان سەرمەشق و چاکترین نموونەن بۆ مرۆڤەکان:

﴿لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِيهِمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ ﴾ الممتحنة: ٦، واتە: (بەڕاستی چاولێکەرییەکی جوانتان بۆ هەیە.)

ئەمەش پێویستی بە خۆپاراستن و خۆبەدوورگرتنە لە تاوان و هەڵە و سەرپێچی و کاری نابەجێ.

٢- یان هەڵە لە کارێکی شەرعیدا بێت کە پێغەمبەرﷺ ئیجتهادی تیادا کردووەو، هیچ شتێکی لەلایەن پەروەردگاریەوە بۆ نەهاتووە دەربارەی: ئەم جۆرەیش لە هەڵە ئەگەری ڕوودانی هەیە لە پێغەمبەران، بەڵام خوای گەورە لەسەر ئەو هەڵەیە فەرمانیان بەسەردا نادات بەڵکو لایەنی ڕاستیان بۆ ڕوون دەکاتەوە تیایدا، هەروەک ئەوەی لە پێغەمبەرﷺ ڕوویدا لە چیرۆکی نابیناکەدا، هەروەها لە چیرۆکی بەندکراوەکانی بەدردا، ئیجتهادی کرد خوای گەورەیش بۆی ڕوون کردەوە کە ڕاستی نەپێکاوە لە ئیجتهادەکەیدا.

بیرم لە هەڵوێستی پێغەمبەرﷺ دەکردەوە کاتێك پیاوە نابیناکە هات بۆلای، بە خۆمم وت ئەگەر خوای گەورە ئەم ئایەتانەی لە سورەتی (عبس وتولی)دا نەناردایەو، ئەم هەڵوێستەی بخرایەتە پێش چاوی بیریار

و سیاسەتمەدار و زانایانی دونیا، ئایا کەسیان تیا بوو بڵێت ئەم هەڵوێستەی پێغەمبەرﷺ شتێکی تیایە جێگەی ڕەخنەو سەرنج بێت یان هەموویان بڕیاریان دەدا لەسەرئەوەی کە هەڵوێستەکەی تەواو ڕاست بووە؟

گەورەپیاوانی گەلەکەی کۆکردووەتەوە قسەیان بۆ دەکات و هەوڵ دەدات لایەنگرییان بەدەست بهێنێت بۆ سەرخستنی بانگەواز، لەوکاتەدا یەکێك لە شوێنکەتووەکانی دێت پرسیاری مەسەلەیەکی لێدەکات کە بەپەلە نییەو، دواخستنیشی مایەی زیان نییە دەتوانێت لەهەر کاتێکی تردا پرسیاری لەبارەوە بکات، پێغەمبەریشﷺ وەڵامەکەی دوادەخات تا کۆتایی بە وتارەکەی بهێنێت. ئایا کەس هەیە بێجگە لەمە کارێکی تر بکات؟ ئایا لە دونیادا کەس هەیە نەڵێت ئەو کارەی پێغەمبەر ڕاستە؟

ئەوکارە بەپێی پێوەری لۆژیکی ئادەمیزاد ڕاستە، بەڵام کاتێك وەحی بە پێوەرێکی تر هات، دەرکەوت کە کێشانەو پێوانەی خوا ڕاستترە لە پێوانەی خەڵکیو، فەرمان و بڕیاری ئەو زاتەی عەقڵی بەدیهێناوە ڕاستترە لە فەرمان و بڕیاری عەقڵ، خوای بەدیهێنەر فەرمانڕەواو دادوەری ڕاست و بەهێزەو، فەرمانی عەقڵیش لارو چەوتە.

هەمان قسەیش دەکرێت سەبارەت بە هەڵوێستی پێغەمبەرﷺ بەرامبەر (دیلەکانی بەدر)، واتە ئەوەی پێغەمبەر کردی، هەڵە بوو بەنیسبەت فەرمانی خواوە، ئەگەر وەحی نەهاتایە دەربارەی هەڵەبوونی ئەوا لای زۆیرترین کەس ڕاست بوو، ئەوەی لە موحەممەد ڕوویدا هەڵەیەکی تێدا نییە (بەمانا باوو ناسراوەکەی)، کە یەکێکە لە مەزنترین

مرۆڤەکان، بەڵکو بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە وەحی ئاسمان لە سەروو حیکمەتی زەوییەوەیە.

٣- یان هەڵە لە کاروبارە ئیداریو جەنگییەکاندا پووبدات، ئەمەش لەوانەیە پووبدات چونکە پێغەمبەر ئادەمیزادە، وەکو ئادەمیزاد بیر لەم کاروبارانە دەکاتەوە، هاوەڵان لەم حاڵەتانەدا پرسیاریان لێدەکرد: ئایا ئەو بڕیارەی داویەتی بە فەرمانی خوای گەورەو وەحی بووە، یان بە ئیجتهادی خۆی بووە؟ جا ئەگەر پێی بوتنایە خوای گەورە هیچ فەرمانێکی پێنەکردووە لەو بارەیەوەو پای خۆیەتی، ئەوانیش ڕاوبۆچونی خۆیان دەخستەڕوو کە پەسەندی دەکرد یان ڕەتی دەکردەوە.

وەک لە پووداوی هەڵبژاردنی سوپاخانەدا پوویدا لە ڕۆژی بەدردا، کاتێک پێیان وت: "ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، ئایا ئەم شوێنە خوای گەورە بۆی دیاری کردوویت بۆمان نییە لێی لابدەین، یان ئەمە ڕاو پیلانە؟" کاتێك بۆیان ڕوون بوویەوە کە ڕای خۆیەتی، ڕایەکی تریان خستەڕوو ئەویش پەسەندی کردو وازی لە ڕاکەی خۆی هێنا. حاڵەتی لەم جۆرەش پوویدا لە هەڵکەندنی خەندەق و، لە پووداوی ڕێکەوتنی لەگەڵ (غطفان) لەو جەنگەدا.

٤- بەڵام کاروبارە دونیاییەکان، پێغەمبەر بەڕای خۆی قسەی تیادەکردو، ڕەنگە هەڵەی کردبێت لە کاروباری پیشەسازی و کشتوکاڵی و پزیشکیدا کە تەنها کەسانی تایبەتمەندی ئەو بوارانە شارەزایان دەربارەی هەیە، هەروەک هەڵەی کرد سەبارەت بە موتوربەکردنی دارخورما، ئەمەش هیچ عەیب و کەموکوڕیەکی تیادا نییە، چونکە مرۆڤی

شکۆمەند و مەزن هەرچەندە گەورەترین زاناش بێت لەدونیادا داوای لێناکرێت هەموو ئەو شتانە بزانێت کە خاوەن پیشەکان دەیزانن لە بواره جۆراوجۆرەکانی کشتوکاڵ و بازرگانی و، سەرجەم پیشەکانی تردا.

موتوربەکردنی دارخورماش کارێکی کشتوکاڵییە، پێغەمبەرﷺ رایەکی لاوەکی خستووەتەروو، پێویستی نەکردووە لەسەریان کە پابەندبن پێوەیو، پێی نەوتوون ئەمە فەرمانی ئایینەو، خوای گەورە بە وەحی ناردوویەتی، کاتێکیش هەڵەی خۆی بۆ دەرکەوت، وتی: "ئێوە شارەزاترن بە کاروباری دونیاتان" ((أنتم أعرف بأمور دنياكم)).

پێغەمبەر غەیب زان نییە:

قورئان ئاشکرای کردووە کە پێغەمبەرﷺ غەیب نازانێت و، خوای گەورە لە قورئاندا فەرمانی بە پێغەمبەرﷺ کردووە خەڵکی ئاگادار بکات لەوەی کە غەیب نازانێت:﴿ قُل لَّآ أَقُولُ لَكُمْ عِندِي خَزَآئِنُ ٱللَّهِ وَلَآ أَعْلَمُ ٱلْغَيْبَ وَلَآ أَقُولُ لَكُمْ إِنِّي مَلَكٌ ۖ إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَيَّ ﴾ الأنعام: ٥٠، واتە: (ئەی پێغەمبەر! پێیان بڵێ: من پێتان ناڵێم خەزێنەکانی خودا لەبەردەستمدان، من پێتان ناڵێم کارە غەیبییەکان ئەزانم، کە خودا نەبێ کەس نایانزانێ! من پێتان ناڵێم فریشتەم و لەو خەڵکە جیاوازم و ئادەمزاد نیم! نەخێر، ئیددیعای ئەمانە هیچیان ناکەم. من تەنها پەیرەویی ئەوە ئەکەم کە بە وەحی بۆم ئەنێررێ.)، ﴿قُل لَّآ أَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعًا وَلَا ضَرًّا إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ ۚ وَلَوْ كُنتُ أَعْلَمُ ٱلْغَيْبَ لَٱسْتَكْثَرْتُ مِنَ ٱلْخَيْرِ وَمَا مَسَّنِيَ ٱلسُّوٓءُ ۚ إِنْ أَنَا۠ إِلَّا نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴾ الأعراف: ١٨٨، واتە: (ئەی پێغەمبەر! تۆ پێیان بڵێ: من خاوەنی هیچ سوودو زیانێ نیم بۆ خۆم: نە

ئەتوانم قازانج بە خۆم بگەیێنم و نە ئەتوانم زیان لە خۆم دوور بخەمەوە، واتە نهێنییەکان نازانم. ئەگەر غەیبم بزانیایە خێرو قازانجی زۆرم بۆ خۆم کۆئەکردەوەو هەرگیز تووشی زیان نەئەبووم، من هیچ نیم ئەوە نەبێ کە موسوڵمانان لە گوناە و سزای گوناە ئەترسێنم و موژدەیان ئەدەمێ بە پاداشی خوداپەرستیو کردەوەی چاك، واتە تەنها خاوەن ئیمان گوێ بۆ ئەم موژدەو هەڕەشەیە ئەگرن و، ئەوان سوودی لێ وەرئەگرن.)

پێغەمبەری خوا ﷺ خەڵکی لەم ڕاستییە ئاگادار کردووەتەوە و، ئەم ئایەتانەی بۆ خوێندونەتەوەو، قورئانێك مایەوە کە لە مزگەوتەکاندا دەخوێنرێتەوە و، لە نوێژەکاندا دەخوێنرێت.

پێغەمبەران زۆرن و پەیامەکان یەك بنچینەیان هەیە:

خوای گەورە لە قورئاندا ڕوونی کردووەتەوە کە پێغەمبەری بۆ هەموو گەل و نەتەوەکان ناردووە:

﴿ إِنَّآ أَرۡسَلۡنَٰكَ بِٱلۡحَقِّ بَشِيرٗا وَنَذِيرٗاۚ وَإِن مِّنۡ أُمَّةٍ إِلَّا خَلَا فِيهَا نَذِيرٞ ﴾ فاطر: ٢٤، واتە: (بێگومان ئێمە تۆمان ناردووە بە مژدەدەر بۆ خواپەرستان و بە ترسێنەر بۆ لەخوا یاخییان و، هیچ میللەتێکیش نەبووە ترسێنێکی تیا نەنێررابێ.)، ﴿وَلِكُلِّ أُمَّةٖ رَّسُولٞ﴾یونس: ٤٧، واتە: (هەر ئوممەتێ لە ئوممەتانی پێش ئێوە پێغەمبەرێکیان بووە تا بانگیان بکات بۆ خوداپەرستی.)

بەڵام خوای گەورە لە قورئاندا باسی هەموویانی نەکردووە ، بەڵکو هەندێکیانی باسکردووە: ﴿وَرُسُلٗا قَدۡ قَصَصۡنَٰهُمۡ عَلَيۡكَ مِن قَبۡلُ وَرُسُلٗا لَّمۡ نَقۡصُصۡهُمۡ عَلَيۡكَۚ﴾ النساء: ١٦٤، واتە: (پێغەمبەرانی وەهامان ناردووە بۆ

پەهبەریی خەڵک کە باسمان کردوون بۆت، پێغەمبەرانی وەهایشمان ناردوون کە باسمان نەکردوون بۆت.)

هەموو پێغەمبەران پەیامی یەکتاپەرستی خواو، باوەڕ بە ڕۆژی دواییو، شوێن کەوتنی شەرعی خوایان پێبووە. بنچینەکانی ئیسلام هەمان بنچینەکانی ئایینەکانی پێشوون، کە ڕەوانە کراوە بۆ پێغەمبەرانی پێشوو:

﴿شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا وَٱلَّذِىٓ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِۦٓ إِبْرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓ أَنْ أَقِيمُوا۟ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا۟ فِيهِ﴾ الشورى: ١٣، واتە: (ئەوەی بۆ داناون لە دین و ئایین کە کاتی خۆی نووح پێغەمبەریشی ڕاسپاردبوو لەسەری بڕواو، ئەوەی کە وەحیمان کردووە بۆ خۆت و ئەوەی بە ئیبراهیم و مووساو عیسامان سپاردبوو لەسەری بڕۆن کە ئەوەتە دینی خوا ڕابگرن و پشتگوێی مەخەن و بەش بەش و کۆمەڵ کۆمەڵ مەبن تیایاو گشت لەسەر یەك ڕێ بڕۆن.)

هەموو پێغەمبەرێکی ناردووە بۆ گەلەکەی‌و بەزمانی خۆیان پەیامی بۆ ناردوون بۆ ئەوەی قسەیان لەگەڵ بکات و لێیان تێبگات، ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوْمِهِۦ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ﴾ إبراهيم: ٤، واتە: (هیچ فروستادەیێکمان نەناردووە بۆ ڕەهبەری بە زوبانی قەومەکەی خۆی نەبێ بۆ ئەوەی ئەحکامی خودایان بۆ بەیان بکات و تێی بگەن.)

ئەم پەیامانەشی بە پەیامی موحەممەدﷺ کۆتایی پێهێناوەو، کردوویەتی بەپەیامێکی کشتگیر بۆ هەموو خەڵکی‌و، پێغەمبەریشی کردووەتە دوایین پێغەمبەر کە هیچ پێغەمبەرێك لەدوای نایەت و، وەحی

لە ئاسمانەوە نایەت لەدوای ئەوەی بە مردنی ئەو وەستا، کە تەواوی دینی خوای گەیاند بە خەڵکی:

﴿ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَٰمَ دِينًا﴾ المائدة: ٣، واتە: (ئەمڕۆ ئایینم بۆ تەواو کردن و ئایەتەکانم هەموو بۆ ناردن و، ڕێوشوێنی ئایینی ئیسلامتان بۆ ڕوون بووبەوەو نیعمەتی خۆم ڕژاند بەسەرتاندا، ئەوەتە دەستان گرت بەسەر مەککەدا کە بنکەو مەڵبەندی هێزی کافرەکان بوو، نیشانەکانی کوفرتان تێدا نەهێشت. منیش لەناو هەموو ئایینەکاندا ئایینی ئیسلامم بۆتان هەڵبژارد.)

پرسیارێك و وەڵامەکەی:

ڕەنگە یەکێك بپرسێت: "چۆن پەیامی موحەممەد بۆ هەموو خەڵکییە، پەیامی هەریەکە لە پێغەمبەرانی دیکە تەنها بۆ گەلەکانی خۆیان بووەو، چۆن تا ڕۆژی قیامەت دەمێنێتەوە بۆئەوەی لەناوبچێت و هەڵبوەشێتەوە و گۆڕانکاری بەسەردا بێت، لەکاتێکدا شەریعەتەکانی تر پێش قورئان هەڵوەشاونەتەوەو گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە؟". لەوەڵامدا دەڵێین (والله أعلم): شەریعەتی ئیسلام گشتگیرە، بۆ هەموو سەردەم و شوێنێك گونجاوە، بیروباوەڕو پەرستشەکان لە ئیسلامدا بەدەقی یەکلاکەرەوەو دوورودرێژو یەکالاکراوە هاتوون، کە قابیلی دەستکاری کردن و گۆڕین نین، چونکە بیروباوەڕو پەرستشەکان بە گۆڕانی سەردەمەکان ناگۆڕێن و، بە جیاوازی خوونەریتە جۆراوجۆرەکان جیاواز نابن.

بارودۆخی دەستووری و مامەڵەی دارایی و ئیداری، کە گۆڕانی کات و سەردەم و جیاوازی خوونەریتەکان کاری تێدەکات، دەقی گشتی هاتووە

لـەبارەیان کـە وەکـو بناغـەو کۆڵەکـەی بینـا وایـەو، ئـەوەی بـۆ بەجێهێشتووین کە هەر سەردەمێك چی بۆ گونجاوە ئـەوەی بـۆ دابنـێین بەمەرجێك پارێزگاری لەم بنچینەو بنەمایانە بکەین، لەم بارەیەوە چـەند نموونەیەك بەکورتی دەخەمەڕوو.

لەو نموونانە: ئیسلام واجبـی کـردووە کـە (فـەرمانڕەوا) بـەڕای گـەل هەڵبـژێردرێت و، ئـەو سـیفەتانەی تیـادا بێـت کـە بتوانێـت ئەرکـەکانی فەرمانڕەوایی لە ئەستۆبگرێت و، پابەندبێت بە دەستووری ئیسـلامییەوە کە قورئانەو، ڕاوێژ بە کەسانی شارەزاو خاوەن ئەزموون بکات.

دیـاریکردنی شـێوازی هەڵبـژاردن (واتـە بەیعـەت) و، ڕێگـەی دەستنیشـانکردنی خـەڵکانی شـارەزاو لێهـاتوو و، چـۆنیەتی ڕاوێـژکردن و.... هتد بەجێهێشتووە بۆ خۆمان.

فـەرمانی پێکـردووین دادپـەروەر بـین لـە فـەرمانڕەوایی کـردن لـەنێو خەڵکیـدا، بـەڵام وێنـەی ئـەو ڕێگەیـەی بـۆ بەجێهێشـتووین کـە دەمانگەیەنێتـە دادپـەروەری، فـەرمانی پێکـردووین شـێوازی دەستنیشـانکردنی دادوەرو شـێوازی دادگـایی کـردن دیـاری بکـەین و، بنەمای گشـتی بـۆ گرێبەسـت و بەڵێننامـەکان دابنـێین کـە دەسـتەبەری ئەهلیەت و سەربەستی خانەنشینان بکات و، دەقی گرێبەستەکە ڕاست و دروست بێـت و تـەعبیر لـە ئـیرادەی هـەردوولا بکـات، هـەروەك چـەندین جۆری گرێبەست و بەڵێننامەی قەدەغە کردووە کـە زیـانی گشـتی تیایـە یان هەڵخەڵەتاندنی یـەکێك لـە لایەنـەکانی تیایـە. هـەروەها پێکخسـتنی وردەکـاری هـەموو جۆرەکـانی گرێبەسـت و بەڵێننامـەکانی بـۆ خۆمـان بەجێهێشتووە و ڕێگـەی داوە بـە ئـیش و کـاری تـاك و مامەڵـەی دارایـی

دروست، که حەرام ناکرێت مەگەر بە دەقێکی قورئانی حەرام کرابێت، یان خۆی لە بنچینەدا کارێکی حەرام بێت.

دەرگای بەچاکزانینی (الإستصلاع) بۆ کردوینەتەوە، لەم پوانگەیەوە هەموو کارێك کە بەرژەوەندی کۆمەڵگای ئیسلامی تیایەو، لە شەرعدا هیچ شتێك نەهاتووە دەربارەی واجب بوون یان نەهی لێکردنی، ئەگەر فەرمانڕەوای موسوڵمان فەرمانی پێکرد، دەبێتە ئەرکێکی ئایینی، وەکو یاساکانی دارایی‌و، یاسای دادگایی کردن و، یاساو سیستەمە کارگێڕیەکانی وەك سیستمی هاتوچۆ، شارەوانی‌و .... هتد.

ئیسلام ئایینێکی پوون و گشتگیرو تێروتەسەلە کە وای لێدەکات بۆ هەموو شوێن و سەردەمێك گونجاو بێت ، بەڵام هەندێ فەقیهی دواکەوتوو –بەهۆی بیر تەسکیانەوە– ئەو بوارانەی شەرع والای کردووە بۆ خەڵکی ئەوان تەسکی دەکەنەوە، تا ناچاریان دەکەن (هەروەك ئیبن قەیم لە کتێبی (الطرق الحکیمة)دا دەڵێت: بچن لە دەرەوەی ئیسلام بەدوای ئاسانکاریدا بگەڕێن.

هۆکارێکی تریش: ئەوەیە کە گەل و نەتەوەکان (لە سەردەمی پێغەمبەرانی پێشوودا) گۆشەگیربوون و پەیوەندی لەنێوانیاندا نەبووە، تەنها هۆکاری هاتوچۆ سەفەریش ئاڕەڵ بووە، نەتەوەکان دوای پەیامی موحەممەد یەکتریان ناسیووەو، لەیەك نزیك بوونەتەوەو، زەوی بۆ گەشتیار پێچراوەتەوە، تا گەیشتوونەتە سەردەمێك کە لە ئەمەریکا وتار دەدرێت، خەڵکی لە صین گوێبیستی دەبن پێش ئەوەی ئەو

کەسانە گوێبیستی بن کە لەبەردەم وتار بێژەکەدا دانیشتوون[1]، دونیاش وەک یەک ولاتی لێهاتووە، هەموو نەتەوەکانیش وەک یەک نەتەوە، کە ئەگەر موسوڵمانان ئەرکی بانگەوازیان بەجێبهێنایە، پەیامی ئیسلامیان بگەیاندایە، ئەوا ئەم بانگەوازە سەراپای زەوی دەگرتەوە.

ئیسلام جیاوازی ناکات لەنێوان پێغەمبەراندا:

ئەگەر لە شوێنکەوتووانی پێغەمبەراندا کەسانێک هەن (ئەوانەی کە بانگەشەی شوێنکەوتوویی یەکێک لە پێغەمبەران دەکەن) توانج لە پێغەمبەرانی دیکە دەدەن بێجگە لە پێغەمبەری خۆیان، ئەوا ئیسلام واجبی کردووە لەسەر موسوڵمانان کە هەموو پێغەمبەران بە گەورە بگرن، خۆ ئەگەر خراپ قسەیان کرد دەربارەی یەکێکیان یان توانجیان لێدا، ئەوا سەرپێچی ئیسلامیان کردووە:

﴿ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَۚ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّن رُّسُلِهِۦۚ وَقَالُواْ سَمِعۡنَا وَأَطَعۡنَاۖ غُفۡرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيۡكَ ٱلۡمَصِيرُ﴾ البقرة: ٢٨٥، واتە: (پێغەمبەری خودا ئیمانی هێناوە بەوەی لە لایەنی خودای خۆیەوە بۆی نێررراوە. خاوەن ئیمانەکانیش هەموو ئیمانیان هێناوە بە خودای پەروەردگارو، بە فریشتەکانی و، بەو کتێبانەی کە بۆ پێغەمبەران نێررراون. بەدڵ باوەڕیان هەیەو بە زوبان ئیعتیراف و ئیقرار ئەکەن و ئەڵێن: ئێمە هیچ فەرق و جیاوازی ناکەین لە بەینی پێغەمبەرەکانی خودادا. هەروەها هەموو وتوویانە: ئێمە فەرمانی

١- ئەمەش حەقیقەتە: چونکە گواستنەوەی دەنگ لە ڕێگەی شەپۆلە ڕادیۆییەکانەوە خێراترە لە گواستنەوەی لە ڕێگەی لەرینەوەی هەواییەوە.

خودامـان بیسـتووەو وەرمـانگرتوەو ملکەچـین بـۆی و ئـەڵێن: خودایـا تاوانبەخشی هەر بۆ تۆیەو لە تۆی داوا ئەکەین و، لـە پاڕانی قیامەتـدا بـۆ لای تۆ ئەگەڕێینەوەو سەرەنجاممان هەرلای تۆیە.)

موسوڵمان موسـاو عیسـاو هـەموو پێغەمبـەرانی دیکـەی خۆشـدەوێت هـــەروەك چـــۆن موحەممـــەدی خۆشـــدەوێت و، ڕێزیـــان لێـــدەگرێت و بەگەورەیان دەگرێت هەروەك چۆن ڕێزو گـەورەیی دەنوێنێت لـە ئاست موحەممەدداﷺ.

ئەو یەهودیەی کە چووە نێو ئـایینی مەسـیحییەوە کاتێـك حـەزرەتی مەسیح ئینجیلی بۆ نێردرا ئەوا موسای لەکیس نەچووە، بـەڵکو لەگەڵیـدا عیسـای بردووەتـەوەو، ئـەو مەسـیحییەی ئـەمڕۆ دێتـە نـاو ئیسـلامەوە عیسـاو موسـا لەدەسـت نـادات، بـەڵکو لەگـەڵ ئەوانـدا موحەممـەدیش بەدەست دەهێنێت، دروود و سڵاوی خوا لەسەر حـەزرەتی موحەممـەد و هەموو پێغەمبەران.

پێغەمبەران لە قورئاندا:

موســوڵمان بــاوەڕی هەیــە بــەوەی قورئــان فــەرموودەی خوایــە، جوبرەئیـــل هێناویـــەتی بـــۆ حـــەزرەتی موحەممـــەد و، حـــەزرەتی موحەممەدیش بەو شێوەیە گەیاندویەتی کە لە جوبرەئیلەوە گوێبیستی بـووە، ئـەوەی لـەو پـەڕاوە ئاسمانیـەدا هـاتووە هـەموی قورئانـە، بـەو شێوەیەی کە جوبرەئیل هێناویەتی، ئـەوەی نکۆڵی لەهـەر شـتێکی ئـەو قورئانە بکات یان گومانی لێی هەبێت، لە بازنەی ئیسلام دەردەچێت.

له قورئاندا باسی ٢٥ پێغەمبەر هاتووە، کە ناوەکانیان لە ٥ ئایەتدا کۆکراوەتەوە: ﴿وَتِلْكَ حُجَّتُنَآ ءَاتَيْنَٰهَآ إِبْرَٰهِيمَ عَلَىٰ قَوْمِهِۦ نَرْفَعُ دَرَجَٰتٍ مَّن نَّشَآءُ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ ﴿٨٣﴾ وَوَهَبْنَا لَهُۥٓ إِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ كُلًّا هَدَيْنَا وَنُوحًا هَدَيْنَا مِن قَبْلُ وَمِن ذُرِّيَّتِهِۦ دَاوُۥدَ وَسُلَيْمَٰنَ وَأَيُّوبَ وَيُوسُفَ وَمُوسَىٰ وَهَٰرُونَ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٨٤﴾ وَزَكَرِيَّا وَيَحْيَىٰ وَعِيسَىٰ وَإِلْيَاسَ كُلٌّ مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٨٥﴾ وَإِسْمَٰعِيلَ وَٱلْيَسَعَ وَيُونُسَ وَلُوطًا وَكُلًّا فَضَّلْنَا عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ الأنعام: ٨٣ – ٨٦، واتە: (ئەم موجادەلەکردنی ئیبراهیمە لەگەڵ باوکی و لەگەڵ کافران و بت پەرستان و بیرکردنەوەی لە ئاسمان و زەوی و ئەستێرەو مانگ و خۆرو خودای پەروەردگاریان، دەلیل و بەڵگە بوون دامانن بە ئیبراهیم بۆ تێگەیاندنی قەومەکەی و بەزاندنیان. ئێمە بۆ هەر کەسێ بمانەوێ بە چەندین پایەو پلە بەرزی ئەکەینەوەو ئەیکەینە پاپەر. خودای پەروەردگارت کارەکانی پڕ لە حیکمەتن و، زانایەو ئاگاداری هەموو شتە. ئیسحاقمان بەخشی بە ئیبراهیم و، یەعقووبیش بە ئیسحاق و، هەردوکیانمان هیدایەت دان و کردمانن بە پێغەمبەر. لەپێش ئیبراهیم و نەوەکانیشیەوە نووحمان خستە سەر ڕێگای ڕاست و کردمان بە پێغەمبەر. لە نەوەی ئیبراهیمیش داوودو سولەیمان و ئەییووب و یووسف و مووساو هاروونمان هیدایەت دان و، کردمانن بە پێغەمبەر. ئاوەها پاداشی چاکەکەران ئەدەینەوەو، بەرەکەت ئەخەینە خۆیان و نەوەیان و سەربەرزی دین و دنیایان ئەکەین. هەروەها زەکەریاو یەحیاو عیساو ئیلیاسیشمان ناردن و هەڵمانبژاردن و بوون بە پێغەمبەر. ئەمانە پیاو چاک و کرداریاش بوون و بە هەموو جۆر لەخودا ترس بوون. هەروەها

ئیسماعیل و ئەلیەسەع و یوونس و لووطیشمان هیدایەت دان و کردمانن بە پاڵەرو، هەموو دەرەجەی زیادەمان پێدان، لە خەڵق زیاتر، چونکە پایەی پێغەمبەریمان پێدان.)

﴿ وَٱذْكُرْ فِى ٱلْكِتَٰبِ إِدْرِيسَ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ صِدِّيقًا نَّبِيًّا ﴿٥٦﴾ وَرَفَعْنَٰهُ مَكَانًا عَلِيًّا ﴾ مریم: ٥٦ – ٥٧، واتە: (هەروا لە قورئانا ناوی ئیدریسیش بهێنە. ئەو بەڕاستی ئینسانێکی ڕاستگۆی پێغەمبەر بوو. بڵندیشمان کردەوە بۆ شوێنێکی بەرز، واتە بۆ ئاسمان، یا بۆ پایەیەکی بڵند کە پایەی پێغەمبەرییە.)

هەروەها ئایەتەکانی:

﴿ وَإِلَىٰ عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا ﴾الأعراف: ٦٥، واتە: (هەروەها هوودمان نارد بۆ سەر قەومی عاد کە یەکێك بوو لە خۆیان) ، ﴿وَإِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَٰلِحًا﴾ الأعراف: ٧٣، واتە: (هەروەها ڕەوانەشمان کرد بۆ سەر قەومی ثەموود صاڵحی برایان کە یەکێك بوو لە قەومەکەی خۆی.) ، ﴿وَإِلَىٰ مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا ﴾الأعراف: ٨٥، واتە: (بۆ سەر نەوەو بەرەی مەدیەن، شوعەیبمان نارد.)، ﴿وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِدْرِيسَ وَذَا ٱلْكِفْلِ ۖ كُلٌّ مِّنَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴾ الأنبياء: ٨٥، واتە: (یادی ئیسماعیل و ئیدریس و ذولکیفلیش بکەرەوە، ئەمانە هەموو لەوانە بوون سەبریان ئەکرد لەسەر دەردو مەینەت و خۆیان ڕانەگرت.)

لە قورئاندا باسی ئادەم کراوە و ئامازە بەوە نەکراوە کە پێغەمبەر بووە، بەڵام ئەو ئایەتانەی باسی حەزرەتی ئادەمیان تیادا کراوە زیاتر بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەر بووە.

بیست و پێنج پێغەمبەر، هەندێکیان تەنها ناویان هاتووە لە قورئاندا وەک ئیدریس و ذی الکفل، هەشیانە بە کورتی باس لە چیرۆکی ژیانیان کراوە وەک ئیسماعیل و ئیسحاق و یونس و، هەیانە بە دوورو درێژی بەسەرهاتەکەیان باسکراوە وەک ئیبراهیم و موساو یوسف و عیسا و، هەموو ئەوەی لە قورئاندا هاتووە لە بەسەرهات و چیرۆکی پێغەمبەران ڕاستەو واجبە لەسەرمان باوەڕمان پێی هەبێت.

﴿تِلْكَ ٱلرُّسُلُ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ مِّنْهُم مَّن كَلَّمَ ٱللَّهُ وَرَفَعَ بَعْضَهُمْ دَرَجَٰتٍ﴾ البقرة: ٢٥٣، واتە: (ئەو پێغەمبەرانە هەندێکیانمان بەرزکردوونەتەوە بەسەر هەندێکیاندا، هی وایان هەیە خودا ڕاستەوخۆ بە بێ واسیتە قسەی لەگەڵ کردوون وەکو موسا. هەندێکیشیانمان بە چەند پایە بەرزکردوونەتەوە بەسەر هەندێکیاندا، وەک حەزرەتی موحەممەد (د.خ) کە بەسەر هەموو پێغەمبەرانی تردا بەرز کراوەتەوە بەوە کە کراوە بە پێغەمبەری هەموو ئوممەت و نەتەوەکان.)

موعجیزەکان:

کاتێک پێغەمبەی خوا ﷺ شەوڕەوی پێکرا لە مەککەوە بۆ قودس، لەیەک شەودا ڕۆیشت و گەڕایەوە، قوڕەیشییەکان نەیانتوانی باوەڕ بەمە بکەن و، دەیانوت مەحاڵە شتی وا ڕووبدات، چونکە ناکرێت بە هۆکارە ناسراوەکانی ئەو سەردەمە بێتەدی وەک وشترو ولاخەبەرزە، بەڵام ئەم مەحاڵە لەمڕۆدا بووەتە کارێکی مومکین و ئاسایی، کەس سەرسام ناکا و کەسیش نکۆڵی لێناکات.

ئەگەر پێش سەدەیەك یان دوو سەدە بە گەورەترین زانا بوترایە خەڵکی بە کەشتی ئاسن و پۆڵا دەچنە سەر پشتی باو، پشتێنەی هەوا دەبڕن، قسەو وتاری وتاربێژ تۆمار دەکەن و، هەرکاتێك بیانەوێ گوێی لێدەگرن. هەرچەندە قسەکەر یان وتاربێژەکە بمرێت، ئەوا دەیوت ئەوە مەحاڵە، لەکاتێکدا ئەوە لەمڕۆدا پوویداوەو بووەتە کارێکی ئاسایی.

کەواتە مەحاڵ چۆن دێتە دی؟

وەڵام: مەحاڵ دوو بەشە، مەحاڵ لە عادەتدا (خوونەریت و شوێن و شێوە و یاسا)، وەك ئەو بابەتانەی باسمکردن و. مەحاڵ لە عەقڵدا وەك کۆکردنەوەی دووشتی دژ بەیەك، بۆ نموونە بوون و نەبوون، کەسێك ناتوانێت بوونی هەبێت لەکات و شوێنێکداو، بوونیشی نەبێت تیاياندا.

هەروەها وەك گۆڕانی پێناسی شتێك بۆ نموونە کتێب نابێت بە کەوچك، لە کاتێکدا کە کتێبە.

ئەوەی کە بەلای عەقڵەوە مەحاڵە پووداتی تەصەور ناکرێت، بەڵام ئەوەی لەعادەتدا مەحاڵە ئەوا بینیمان کە چۆن زانست (زانستی مرۆڤ دەربارەی یاساکانی سروشت) وای لێدەکات مومکین بێت. کەواتە ئایا ئەو بەدیهێنەرەی ئەم یاسایانەی بەدیهێناوە ناتوانێت وایان لێبکات لە مەحاڵی دەربچن؟!

بێگومان دەسەڵاتی هەیە بەسەر ئەوەدا، پووداتی مەحاڵ لە عادەتدا بۆ خوای گەورە مومکینە، جا ئەگەر هەواڵەکە ڕاست بوو لە پوودانەکەی دەکۆڵینەوەو، باوەڕی پێدەکەین.

کەرامات:

لە قورئاندا باسی سێ جۆر هاتووە، لەوانە پووداني مەحاڵ لە عادەتدا، جۆرێك لەسەر دەستی پێغەمبەران پوویداوە کاتێك گەلەکانیان بەرەنگاریان بوونەتەوە، بۆ سەلماندنی پەیامەکەیان و، جەخت کردنەوە لەسەر پاستگۆییان، کە بە موعجیزە ناودەبرێت، حەزرەتی ئیبراهیم خرایە نێو ئاگر، خوای گەورە سروشتی سوتێنەری ئاگری گۆڕیو کردی بە سەلامەتی. موسا دار عەصاکەی فڕێدا، بوو بە ئەژدیهاو، کێشای بە تاشەبەردەکەدا و ئاوی لێ هەڵقوڵا. عیسا مردووی بە فەرمانی خوا زیندووکردەوە، هەروەها هەموو ئەو موعجیزانەی لە قورئاندا هاتوون.

جۆرێکیش لەسەر دەستی مرۆڤی خواناس و چاکەخواز پوویداوە، وەك بوونی خواردن لای مەریەم لە میحرابدا، هێنانی عەرشی بەڵقیس لە یەمەنەوە بۆ فەڵەستین لەلایەن یەکێك لەوانەی کە خاوەنی زانستێکی تایبەت بووە لەماوەی کەمتر لە چاوتروکانێکدا کە ئەمەش پێی دەوترێت کەرامەت.

وەجۆرێك کە لەسەر دەستی بێباوەڕێك پوویداوە، وەك ئەوەی سامری گوێرەکەیەکی لە زێڕو ئاڵتون بۆ بەنی ئیسرائیل دروستکرد، کە دەنگی لێوە دەهات، ئەمەیش پێی دەوترێت چاوبەست و هەڵخەڵەتاندن.

پێویستە باوەڕمان هەبێت کە هەرسێ جۆرەکە پووەدەن، لەبەرئەوەی لە قورئاندا هاتوون.

هەروەها پێویستە باوەڕمان هەبێت، بە هەموو ئەوەی لەقورئاندا هاتووە لەو بارەیەوە.

بەڵام ئەوەی خەڵکی لەبارەی کەراماتەوە دەیگێڕنەوە و دەیدەنە پاڵ هەندێ کەس و بەئەولیا و پیاوچاك ناویان دەبەن ئەوا هەواڵەو، ئەگەری ئەوە هەیە پاست یان درۆ بێت، جا ئەگەر لەسەر دەستی وەلییەك پوویدابوو، وەلیش باوەڕداری پارێزکارە:

﴿أَلَآ إِنَّ أَوْلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦٢﴾ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَكَانُوا۟ يَتَّقُونَ﴾ یونس: ٦٢ – ٦٣، واتە: (بەڕاستی ئەوانەی دۆستی خودان و بێگوێیی خودا ناکەن و ئەویش پایەی بەرزکردوونەتەوە، هەرگیز لەوە ناترسن زیانیان تووش ببێ و غەم و پەژارەی ئەوە ناخۆن کە داخوازییەکیان لەکیس چووە. دۆستەکانی خودا ئەوانەن کە بەڕاستیو لە ناخی دڵەوە باوەڕیان بەخوداو پێغەمبەر هەیەو خۆیان لە هەموو کارێکی ناڕەواو ناشەرعی ئەپارێزن و لە سزای خودا ئەترسن.)

هیچ سەرپێچییەکی تیانەبوو، بەڕاستت زانی، ئەوا لای خوا هیچت لەسەر نییە و، ئەگەر بەڕاستت نەزانیو باوەڕت پێی نەبوو، ئەوا هەر لای خوای گەورەوە هیچت لەسەر نییە.

بەڵام ئەگەر کەرامەتێکی بانگەشە بۆکراو سەرپێچی تیابوو، (وەك هەندێ لەو شتانەی لە شەعرانی دەگێڕنەوە)، یان لە سەر دەستی کەسێکی بێباوەڕ پوویدابوو، ئەوا کەرامەت نییە.

موعجیزە و جادوو:

کاتێك موسا و جادووگەرانی فیرعەون پووبەڕووبوونەوە، گوریس و دارعەساکانیان فڕێدا، لەپێش چاوی خەڵکیدا بوونە مار و ئەژدیها. موسایش دار عەساکەی هەڵدا بوو بە ئەژدیها و، هەموو مار و

ئەژدیهاکانی تری خوارد. ئایا ئەم دووانە یەکسانن؟ ئایا کارەکەی موسا وەکو کاری جادووگەرانی فیرعەون وایە؟!

ئەگەر وەکو کاری ئەوانە کەواتە بۆچی جادووگەرەکان باوەڕیان هێنا؟ کاری جادووگەرەکان خەڵەتاندنی چاوی خەڵکی بوو. مارو ئەژدیهایان دەخستە پێش چاویان لەکاتێکدا گوریس و دارەستەکانیان وەکو خۆیان بوون، هەر گوریس و دارەست بوون. بەڵام دارەستەکەی موسا بەڕاستی گۆڕا بۆ ئەژدیها. ئەگەر ئەوکاتە ئامێری وێنەگرتن هەبوایەو وێنەی بگرتایە، ئەوا لە وێنەکەدا مارێکی ڕاستەقینە دەردەکەوت، لە کاتێکدا ماری جادووگەرەکان بە گوریس و دارەست دەردەکەوت.

بۆیە جادووگەرەکان بەخێرایی باوەڕیان هێنا، ئەوان شتێکیان بینی کە نە جادوو بوو نە خەیاڵ و نە ترساندن. شتێك کە دڵی هەژاندن تا ناچاری باوەڕهێنانی کرد، گەیاندنی بە ئاستێکی ئیمانی وەها بەرز، کە بەرەنگاری فیرعەون ببنەوەو بێبەك بن لە هەڕەشەکانی، ئەوان شکۆمەندیو مەزنی ئەو خوایەیان بۆ دەرکەوت کە باوەڕیان پێهێنا، بۆیە گەورەییە ساختەکەی فیرعەونیان لاسووك و بێبەها بوو، دونیایان لەپێش چاو بچووك بوویەوەو هەڕەشەکانی فیرعەون بە لەخاچ دان و بڕینی ئەندامەکانی لەشیان کاری تێنەکردن، فیرعەون تەنها دەسەڵاتی ئەوەی هەبوو لەدونیادا سزایان بدات دونیاش چ ئەرزشێکی هەیە لە بەرامبەر ڕۆژی دواییدا؟ ئازار و سزای کاتی دونیاش چییە لەچاو ناز و نیعمەتی ڕۆژی دواییدا؟ بۆیە هاواریان کرد بەڕووی فیرعەوندا و گاڵتەیان

بەبڕیار و فەرمانەکانی کرد: ﴿فَٱقۡضِ مَآ أَنتَ قَاضٖۖ إِنَّمَا تَقۡضِي هَٰذِهِ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا﴾ طـه: ٧٢، واتە: (دەسا تۆیش چیت پێ ئەکرێ بیکە، تۆ هەر لەم ژیانە دوونەی دنیادا حوکم و دەستەڵاتت هەیە.)

سوێند بەخوا منێك کە لە خانەوادەیەکی موسوڵماندا لەدایك بووم، کە پشتاوپشت ئیسلامەتی وەرگرتووە، خۆزگە دەخوازم ئەو باوەڕەم هەبوایە کە جادووگەرانی فیرعەون، دوای چەند خولەکێك لە موسوڵمان بوونیان[1] هەیانبوو.

موعجیزەکانی پێغەمبەر ﷺ:

دوو موعجیزە گەورەکەی بریتین لە: قورئان و، ئەو سیفەت و ئەدگارە ناوازانەی، کە بەمۆیەوە خوای گەورە شایستەی کردووە بۆ هەڵگرتنی پەیامی ئیسلام.

لێکدانەوەی ژیانی موحەممەد ﷺ خۆی لەخۆیدا موعجیزە بووە. پێغەمبەر ئادەمیزاد بووەو خوای گەورە فەرمانی پێکردووە ئەم ڕاستییانە بخاتەڕوو و، بۆ خەڵکی ئاشکرا بکات بۆ ئەوەی نەیکەن بەخوا، یان هیچ سیفاتێکی خوایەتی نەخەنە پاڵ.

خوای گەورە پێی فەرموە:

١- ئیسلام مانایەکی گشتیو، مانایەکی تایبەتیو، مانایەکی لەپێشترو بە بایەختری هەیە. موسوڵمان بەمانای گشتی: هەموو کەسێك دەگرێتەوە کە شوێن پێغەمبەر کەوتبێت لە سەردەمی پەیامەکەیدا. موسوڵمان بەمانای تایبەت: کەسێکە شوێنکەوتەی پەیامی موحەممەدەو، بەمانای تایبەتترو لەپێشتر: ئەوەیە کە لە فەرمودەکەی (جوبرەئیل)دا هاتووە، کە مانای ئیمان و ئیسلام و ئیحسانی تیادا ڕوونکردووەتەوە، ئەوەی لێرەشدا باسکراوە بە مانا گشتییەکەیە.

﴿قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰٓ إِلَيَّ﴾ الكهف: ١١٠، واتـه: (تـۆ ئـەی پێغەمبـەر بڵێ من تەنیا بنیادەمێکم وەک ئێوە و گەزاف ئەوە لێ نـادەم کـە هـەموو کەلیمەکانی خودا ئەزانم. تەنیا بەوە لە ئێوە جیا ئەبمەوە کە وەحیم بـۆ ئەکرێ.)

ئـادەمیزادێکم وەکـو ئێـوە لـە بنـەماو بـەها گشـتییەکانی سـیفەتی ئادەمیزاددا، بەڵام لە نێو مرۆڤەکاندا کەس نییە وەکو ئەو زاتە شکۆمەند بێت و، خوای گەورە لەنێو هەموو ئادەمیزادەکانـدا تـەنها کەسـێکی بـەو جۆرە بەدیهێناوە کە نـاوی (موحەممـەدی کـوڕی عەبـدوللا)یـە، درووەی خـوا لەسـەر خـۆی و ئیبراهیمـی بـاوکی و، موسـا و عیسـا و هـەموو پێغەمبەران.

ستەمە لە موحەممەد و، لە حەقیقەت، ئەگەر بێت و بەراوردی بکـەین بەیەکێک لەو هـەزاران کەسـە گەورانـەی ناویـان لـە تاریکستانی مێـژوودا دەرەوشـاوەتەوە، لـەو رۆژەوەی مێـژوو هەیـە، لـەنێو کەسـە مەزنەکانـدا هەبووە لە عەقڵدا مەزن بووە خاوەن ژیـری و تێگەیشـتن بـووە بـەڵام لـە سۆز و میهرەبانیدا هەژاربووە، هەبووە زمان پاراوو خەیاڵ فراوان بـووە، بـەڵام خـاوەن فیکرێکـی سـادە بـووە، هـەبووە لـە بـەڕێوەبردن، یـان سەرکردایەتی کردندا لێهـاتوو داهێنـەر بـووە، بـەڵام ژیاننامـەو ڕەوشـتی پڕبووە لە خراپەکاری[1]. موحەممەدﷺ تەنها کەسە کە هەموو ئەو مـەزنی و شکۆمەندیانەی تیادا کۆبووەتەوە، هـیچ کـەس نییـە لەوانـە کـە چـەند

١- ئەوەی ژیاننامەی ئەدیبـەکانی ئـەورووپا هەڵبداتـەوە دەبینێـت هـەمووی بـەو جۆرەیـە، ئەسکەندەرو، دڵماس و بۆدلێرو، بیرۆن و ژیاننامەی سەرکردەکانیشیان بەهەمان شێوەیە، لە (ناپلیۆن بۆناپەرت)ەوە تا دەگاتە بچووکترین سەرکردەیان.

لایەنێك نەبووبێت لە ژیانیدا هەوڵی داپۆشین و شاردنەوەی نەدابێت ، بەڵکو بەردەوام ترسی هەبووە لەوەی خەڵك بە عەیب و کەم و کوڕیەکانی بزانن. لە بواری جۆراوجۆردا پەیوەندیدار بە شەهوەت و ئارەزووەکانیەوە، یان پەیوەست بە خێزانەکەیەوە، یان سەبارەت بە لاوازیو لادانەکانی، موحەممەدﷺ تەنها کەسە کە ژیانی بۆ هەموو خەڵکی ئاشکرا کردووە، ژیانی وەك کتێبێکی کراوەیە لاپەڕەیەکی داخراوی تێدا نییە، تەنها دێڕێکی شاراوە یان سڕاوەی تیادا نییە، هەموو کەسێك دەتوانێت بیخوێنێتەوە. ئەو زاتە تەنها کەسە کە ڕووخسەتی بە هاوەڵانی داوە هەموو شتێك دەربارەی کردەوەو هەڵسوکەوتەکانی بڵاو بکەنەوە و بیگەیەنن ئەوانیش هەرچییان بینیبێت لێی لە هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی لەکاتی خۆشیو، ئەو کاتانەی مرۆڤ تیایدا لاوازە وەکو کاتی تووڕەییو، ئارەزوومەندیو، هەڵچوون و، هەرشتێك ڕوویدابێت لەنێوانیاندا لە ژیانی خێزانیدا باسیان لێوە کردووە و ڕیوایەتیان کردووە. ئەوەتا خاتوو عائیشە هەر لە ژیانی خۆیداو بە ڕەزامەندی خۆی باسی ژیان و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری دەکات لە ماڵی خۆیدا و لەگەڵ خێزانەکانیدا، لەبەرئەوەی هەموو هەڵسوکەوتەکانی دین و شەریعەتن، ئەگەر لەنێو خوێنەرانی بەڕێزی ئەم کتێبەدا لاوان و ئافرەتانی تیادا نەبووایە، بەشێکم لە ژیانی خێزانی ئەو زاتە بۆ باس دەکردن، کە کتێبەکانی فەرمووده و سیرە و فیقهیش لێوان لێون لەم باس و بەسەرهاتانە. هەموو شتێکیان لەبارەیەوە گێڕاوەتەوە تەنانەت ئەو شتانەشی لە پێویستییە سەرەکییەکانی ژیانی مرۆڤن، ئەوەتا زانیمان

چـۆن دەخـوات و، چـۆن پۆشـاك لەبـەر دەکـات و، چـۆن دەخـەوێت و....هتد.

جا کەسێکی مەزنی دیکەم نیشان بـدەن، وێرابێتـی چاونەترسـانە بـە خەڵکی بڵێ: ئـەوە هـەموو ژیاننامـە و کردەوەکانمـە، سـەیری بکـەن و، پیشانی هاوڕێو دوژمنی بدەن و، هەرکەسێك ویستی باڕەخنـەی خـۆی بخاتەڕوو.

مەزنێکی دیکەم پیشان بـدەن ژیاننامەکـەی بـەم وردەکـارییو تێـر و تەواوییـە تۆمارکرابێـت و، پوودواو لایەنـە شـاراوەکانی زانرابێـت، دوای هـەزار و چوارسـەد سـاڵ، وەکـو ئـەو شـارەزاییو زانیارییـەی دەربـارەی ژیانی پێغەمبەرمان هەمانە؟

گەورەییش یان بە سروشت و ڕەوشت و سیفەت و تایبەتمەندی تاکـە کەسییە، یان بـەو کـارو کـردەوە بەرزانەیـە کـە کەسـی مـەزن ئـەنجامی داون، یـان بـەو شـوێنکارانەیە کـە لـە مێـژووی گەلەکـەی و جیهانـدا هێشتوویەتیەوە.

هەموو کەسێکی مەزن لایەنێك لەم پێوەرانـەی هەیـە کـە مەزنیەکـەی پـێ پێوانـە دەکرێـت، بـەڵام مـەزنێتی موحەممـەد هـەموو لایـەنێکی پـێ پێوانـە دەکرێـت لەبەرئـەوەی هۆکارەکـانی گـەورەیی و مـەزنێتی کۆکردووەتەوە، ئەو زاتە تایبەتمەندییەکانی مەزنن، کردەوەکانی مەزنن، فەرمایشت و شوێن دەستەکانی مەزنن.

کەسە مەزنـەکان یـان تـەنها لـەناو گەلەکانیانـدا مـەزنن و، سـوودیان پێگەیاندوون بە ئەندازەی ئەو زیانەی گەیاندوویانە بە نەتەوەو گەلەکانی

دیکـــه، وەك گـــەورەیی و مـــەزنیی پاڵەوانـــە جـــەنگاوەرەكان و، سەركردەكانی جەنگ.

یان مەزنێتی جیهانییە، بەڵام لە لایەنێكی دیاریكراودا، لە دۆزینـەوەی یاسـایەك لـەو یاسـایانەی خـوای گـەورە لـەم سروشـتەدا داینـاوەو، بـە پەنهانی هێشتوویەتیەوە تا عـەقڵمان بـۆ دۆزینـەوەی بـەكاربهێنین، یـان دۆزینەوەی دەرمـانی یـەكێك لـە نەخۆشـیەكان، یـان دانـانی بیردۆزێكـی فەلسـەفی، یـان داڕشـتنی بەڵگەیـەك لـە بەڵگـەكانی ڕووبكردنـەوە، چیرۆكێكی بلیمەتانە یان دیوانێكی شیعری ناوازە.

بـەڵام مـەزنێتی موحەممـەد مەوداكـەی جیهانییـەو گشـتگیرە لـە بابەتەكانیدا.

باوەڕدار بوو بەوەی كە بانگەوازی بـۆ دەكـرد، لەكاتێكـدا زۆرێـك لـەو بانگخوازانەی دەیانناسین، لە كۆن و نوێ، لە ڕابردوو ئێستادا، بەزمانیان شتانێك دەڵێن كە كردەوەكانیـان پێچـەوانەیەتی، ئـەوەی لـەناو خەڵكـدا دەیڵێن كاتێك بە تەنهان كاری پێناكەن و، سروشـتی خۆیـان بەسـەریاندا زاڵ دەبێت، لەكاتی خۆشی و ترس و تووڕەیی و برسێتی و پێویسـتیدا، هەموو ئەوانەیان بیردەچێتەوە كـە وتویانـە. دەربـارەی كەسـیش قسـە ناكـەم، بـەڵكو خـۆم بەنموونـە دەهێنمـەوە، هـەوڵ دەدەم لـەڕووی نەفسـییەوە بـەرز ببمـەوە كاتێـك وانەیـەك دەڵێمـەوە یـان وتـارێكی بانگخوازانە لـەپێناو حـەق و چـاكە و هیدایەتـدا دەنووسـم بـەڵام هێنـدە نابات قورسایی سروشت و ئارەزووەكـانی نەفسـی فەرماندەر بەخراپـەم بەسەرما زاڵ دەبێت و، دەگەڕێمەوە سەر زەوی. خـەڵكیش ئـەم حاڵەتـە لە وتار خوێن و مامۆستایان دەبینن، بۆیە گرنگی نـادەن بـە قسـەكانیان

و، فەرامۆشیان دەکەن و، وتەو ئامۆژگاریەکانیان کاریگەری نابێت لەسەریان و کاریان تێناکات.

بەڵام پێغەمبەرﷺ هیچ ڕۆژێك خەڵکی بانگ نەکردووە بۆ ئەوەی لە وتارێکدا باسی هەموو حوکمەکانی ئیسلامیان بۆ بکات، لە ئەڵقەی پەندو ئامۆژگاریدا دانەنیشتووە، بەڵکو لەماڵو مزگەوت و ڕێگادا ئەو وەحییەی دەگەیاند کە بۆی هاتبوو، فەرمانی دەکرد بە چاکەو بەرگری دەکرد لە خراپە، کاتێك کە پێویستی بکردایە، بەڵام ئەمەی بە زمان و کردەوەکانی دەوت و بەگوفتارو کردارەکانی دەریدەبڕی. ڕەوشتی ئەو زاتە قورئانی بوو، ئێوە ئەمە دەبیستن و بیر لە ماناکەی ناکەنەوە، بەڕێزان مانای ئەوەیە کە: هەر کردەوەیەك لە کردەوەکانی و، هەر ڕەوشتێك لە ڕەوشتەکانی، ئایەت گەلێکن دەخوێنرێنەوە و، کۆمەڵێك وتار و کۆباسن پێشکەش دەکرێن، ئەڵقەی وانەو کۆڕوکۆبوونەوەی پەند و ئامۆژگارین، چونکە هەمووی بە فەرمایشتەکانی قورئان دەدوێن و دێنەگۆ.

لەشەودا شەونوێژی دەکرد تا قاچەکانی دەئاوساو، هەمیشە داوای لێخۆشبوونی لە پەروەردگاری دەکرد، پێیان وت: ئایا خوای گەورە لە گوناهی ڕابردوو و داهاتووت خۆش نەبووە؟ فەرمووی: ئایا بەندەیەکی سوپاسگوزار نەبم؟ لەهەموو کارەکانیدا لەنوێژدا بوو چونکە هەموو هەوڵ و هەنگاوێك بەرەو چاکەو لابردنی خراپەو کارکردن بۆ بەرژەوەندی هەمووان، ئەگەر لەپێناو ڕەزامەندی زاتی خوادا بێت، ئەوا نوێژە بۆ خاوەنەکەی. لێرەدا یەك نموونە لەسەر باوەڕەکەی و، دەستگرتنی تەواوی بەجێبەجێکردنیەوە دەهێنمەوە.

ئەگەر کچێك لە بەناوبانگترین خێزان —لە خێزانی گەورەیەك یان وەزیرێك— بە تاوانی دزی تۆمەتبار کرا، ئایا پێتان وایە کە وەکو کچە قەرەجێك بەند دەکرێت و، فەرمانی یاسای بەسەردا جێبەجێ دەکرێت هەروەك چۆن بەسەر ئەو قەرەجەدا جێبەجێ دەکرێت، یان سەدان کەس پەنجە بۆ مەسەلەکەی ڕادەکێشن و، تاوانەکەی پەردەپۆش دەکەن، یان دادگاییەکەی ئاسان دەکەن و سزاکەی کەم دەکەنەوە؟

لەسەردەمی پێغەمبەردا ﷺ ڕووداوێکی لەم جۆرە ڕوویدا، کچێك لەناودارترین خانەوادەکانی قورەیش، لە (بەنی مەخزوم)، لە خێزانی ئەو (وەلید)ەی کە پێی دەوترێت (الوحید)، خێزانی خالید سەرکردەی سوپاو جەنگەکان، کە سێیەم خانەوادەی بەناوبانگە لەدوای هاشم و ئومەیە، ئەم کچە دزی کردو، تاوانەکەی بەسەردا چەسپاو، بڕیاری لەبارەوە دەرچوو، خەڵکی کەوتنە واستەکردن بۆی، وا گومانیان دەبرد کە پێغەمبەر ﷺ —کە دەیانزانی حەزی بە لێبوردن و لێخۆشبوونە— لێی دەبوورێت، بەڵام ئەوەبوو تووڕەبوو لێیان و تێگەیاندن کە خەڵکانی پێش خۆیان بۆیە لەناوچوون، ئەگەر کەسێکی بەناوبانگ و دەسەڵاتدار، تاوانی ئەنجام بدایە وازیان لێدەهێناو، ئەگەر کەسێکی لاوازیش تاوانی بکردایە سزایان دەدا. فەرموودە سەرسوڕهێنەرەکەی فەرموو کە لە ژیانی ئیسلامدا بووەتە بنەمایەکی جێگیرو پتەو، بڕیاریدا کە لە جێبەجێکردنی سزای شەرعیدا گوێ بۆ هیچ تکاو شەفاعەتێك نەگیرێت و، لێبوردنی تیا نییە: ((أما والله لو أن (فاطمة بنت محمد) سرقت، لقطعت يدها)).

ئەوەیش بەلایەوە شتێکی ئاسایی بوو چونکە ئەو زاتە بەرزە بە بانگەواز دەژیاو، بۆ بانگەواز دەژیا، خواست و ئارەزووەکانی بەگوێرەی ئەو پەیامە بوو کە بۆی پەوانەکراو، هەرچییەك پەیوەستی دەکرد بە خەڵکییەوە لە هۆکارەکانی نزیکیو خزمایەتی و هاوڕێیەتیو بەرژەوەندی، ئەگەر ببووایە بە بەربەست لەبەردەم ڕێگەی بانگەوازدا دەیپچڕاند.

پێغەمبەرﷺ لەوە بووبوویەوە کە خەڵکی بۆی دەژیان لە خۆراك و پۆشاك، دەستبەرداری هەموو داواکارییەکانی نەفسی بووبوویەوە، لەهەمان کاتدا سوور نەبوو لەسەر دەست گرتنەوەو ئاوڕنەدانەوە لەدونیا یان خۆ برسی کردن، هەروەك هەندێك لەو کەسانە دەیکەن کە بانگەشەی زاهیدبوون دەکەن و، بەردەوام نەبووە لەسەر پۆشینی جل و بەرگی هەژاریو، لەبەرکردنی پۆشاکی خوری، بەڵکو هەرچییەکی بۆ دابنرایە لە خواردنی پاك و حەڵاڵ دەیخواردو، ئەگەر بەدڵی نەبووایە نەیدەخوارد و، عەیبیشی لێ نەدەگرت. هەرگیزیش لێوەی نەبیستراوە کە بە خراپ باسی خواردنێکی کردبێت و، ئەگەر خواردنی دەست نەکەوتبێت ئارامی گرتووە لەسەر برسێتی تا ئەو ڕادەیەی کە لە ناچاریدا بەردی لەسەر سکی بەستووە، هەروەها هەر پۆشاکێك بەردەست بووبێت لەبەری کردووەو، پابەند نەبووە بە پۆشاکێکی تایبەت یان جۆرێکی تایبەت یان ڕەنگێکی تایبەتەوە، مێزەری بەسەر کڵاوەدا لەسەر کردووەو، کڵاوی بەبێ مێزەرو مێزەری بەبێ کڵاو کردووەتە سەر، کراس و عەباو پۆشاکی خەت خەتی لەبەرکردووەو، جبەی لەبەرکردووە، وەکو ئەم جبە سەردەست فراوان و کراوانەی ئێستا

نـا، بـەڵکو جبـەی سەردەسـت تەسـك و داخـراوی کردووەتـە بـەرو، مێزەرەکەی وەکو مێزەری ئەم سەردەمە نـەبووە بـەڵکو وەکـو مێـزەری خەڵکی حیجاز بووە، پارچەیەك قوماش بووە پێچراوە لەسەرەوە ئەگـەر پێویسـتی نـەکردبێت خراوەتـە سەرشـان، یـان بـۆ بەسـتنەوەی دیـل و بەندکراو بەکارهاتووە، مێزەریش یەکێکە لە پێویستییەکانی سروشت لـە حیجـازدا کـە خـۆرێکی سـوتێنەری هەیـە، خـەڵکی ئـەو ناوچـانە بەکاریدەهێنن بۆئەوەی سـەریان لـەو گـەرما بەتینـە بپـارێزن، هـەر لـەو ڕوانگەیەشەوە وتراوە (مێزەر تاجی سەری عەرەبە)، هـەروەك بـەردەوام یەك ڕەنگ مێـزەری لەسـەر نـەکردووە، لـەڕۆژی فەتحیشدا مێزەرەکـەی ڕەنگی ڕەش بووە.

لە ئیسلامیشدا هیچ پۆشـاکێك نییـە حـەرام کرابێـت تـەنها پۆشـاکێك نـەبێت کـە عـەورەت داناپۆشـێت و، دروسـت نییـە ئـافرەتی موسـوڵمان بێجگە لە ڕووخسارو هەردوو دەستی هیچ شوێنێکی تری دیار و لەبەرچاو بێت، هـەروەها پۆشـاکی ئاوریشـم بـۆ پیـاوان و، جلوبـەرگی تایبـەت بـە شوێنکەوتووانی ئایینێکی تر لە غەیری ئیسلام بەجۆرێك کە لەبـەرکردنی ببێتە هۆی ئەوەی کە گومان بکرێت لەوانە، وەکو جلوبەرگی ڕاهیبەکان. هەروەها ئەو جلوبەرگانەی تایبەتن بە ئافرەتانەوەو پیاو لەبەری بکـات، یـان پۆشـاکی پیاوانـە بێـت و ئـافرەت لەبـەری بکـات، یـان ئـەوەی کـە زیادەخەرجیو پـارە بـەفیڕۆدانی تیادابێـت، هـەموو ئەوانـەی ئاماژەیـان پێکـرا نادروسـتن، بێجگـە لەمانـە هـەموو جـۆرە پۆشـاکێکی دیکـە لـە ئیسلامدا پۆشینی دروستە.

پێغەمبەرﷺ ئەو جوانیو ڕازاوەییەی حەرام نەکردووە کە خوای گەورە بۆ بەندەکانی بەدیهێناوەو، ڕۆزی پاك و حەڵاڵی حەرام نەکردووەو، ڕەتی نەکردووەتەوەو، ناقایل نەبووە ئەگەر دەستی کەوتبێت، بەڵام سووریش نەبووە لەسەر بەدەستهێنانیان و، نەیکردوونەتە گەورەترین خواست و ویستی لە دونیادا.

هەروەها دەستی لە ئارەزووی دەوڵەمەندیو پلەوپایە هەڵگرتووە، ئێوە دەزانن کە قورەیش هەرچی سەروەت و سامانیان هەبوو خستیانە بەردەمیو، داوایان لێکرد هەر دەسەڵاتێکی دەوێت پێشکەشی بکەن ئەگەر پلەوپایەو مەقامی ویست، هەرچی مرۆڤ حەزی پێدەکات لە سەروەت و پایەبەرزیو، دڵی پێوەی پەیوەست دەبێت بەکاریان هێنا، بۆئەوەی واز لە بانگەوازەکەی بهێنێت، بەڵام پێغەمبەرﷺ ڕازی نەبوو بە هیچ کام لەو شتانەی خستیانە بەردەمیو نەیویست و، دڵی پێیان دەسووتاو بەچاوی بەزەییەوە لێی دەڕوانین.

هەروەك دوور بوو لە ئارەزووی سێکسی، چەندین کەس لە ڕۆژهەڵاتناسەکان فریویان خوارد لەم بارەیەوە، ئەوانەی کە بەم عەقڵیەتە نزم و نەخۆشەوە دیراسەی ژیانی پێغەمبەریان کردو، بە پێودانگی ئەو کەسانە پێوایان کە کەسە بەناوبانگەکانی خۆیانی پێهەڵدەسەنگێنن. بینیان ٩ ژنی هێناوە، بۆیە وتیان شەهوانیە، وایانزانی لە جۆری ئەو پیاوە شمشێر بەدەست و خاوەن قەڵەمانەیە کە ناسیویانن. بۆ نموونە ناپلیۆن کە زۆری لە هەموو گەلەکەی کرد بە حکومەت و جەماوەرەوە ملکەچی فەرمانەکەی بن و بیگەیەنن بەو کچە

پۆڵۆنییەی[1] خۆشیدەویست، سەرەڕای ئەوەش باوکی کچەکەی ناچارکرد زۆر لە کچەکەی بکات و، سەربەخۆبوونی پۆڵۆنیای بەستەوە بەهێنانەدی ئەو ئارەزووە بەد و ناپاکەوە. ئەوەش تەنها تاوانی ناپلیۆن نییە، بەڵکو ئەسکەندەر و دۆماس و، بیرۆن و غوت و، بۆدلێر و دەیان کەسی هاوشێوەیان بەو جۆرەبوون، ئەمەش ژیاننامەی سەرکردەو گەورەکانیانە، ئەگەر لە ژیاننامەی هەر یەکێکیاندا گەیشتنە سەر باسی هەواڵە سێکسییەکانی، لووتت پڕدەبێت لە بۆنی ئەو ناپاکیانە، جا هاتن بەم عەقڵیەتەوە دیراسەی ژیاننامەی پێغەمبەرﷺ بکەن، ئەو قسەیەیان کردە بەڵگە کە دەربارەی وتیان پیاوێکی شەهوەت بازە.

ئەوەش بەهۆی نەزانی و بێ ئاگاییان لە زانستی دەروونناسی و بێئاگا لە مێژووی موحەممەد و، بەدوور لە بابەتی بوون و ڕاستگۆیی لە لێکۆڵینەوەدا.

ئارەزووی سێکسی لە قۆناغی پێگەیشتنەوە (هەرزەکاری) تا ٢٥ ساڵی لەوپەڕی جۆش و خرۆشدایە، ئەمە قۆناغێکی مەترسیدارە لە تەمەندا کە پێویستە لەسەر هەموو کەسێکی ژیر؛ وریا و بەئاگابێت دەربارەی هەرشتێك کە پەلکێشی دەکات بۆ سەرپێچی و تاوان لە خۆڕووتکردنەوە و تێکەڵاوی بێسنووربو، سەیرکردنی حەرامکراوەکان و، سەرقاڵبوون و سەرمەست بوو بە بیرکردنەوە لێیان، هەرچەندە ئەو تێکەڵاوبوونەش بەناوی زانست و خوێندنەوە بێت.

١- کچە پۆڵۆنییەکە: (ماری فالیفسکا)یەو چیرۆکەکەی بەناوبانگە، فیلمی سینەمایی لەسەر دەرهێناوە.

جا موحەممەد لەو تەمەنەدا لەکوێ بووە؟ کامانەن پووداوەکانی قۆناغەکانی لاوێتی؟ ئەو زاتە کەسێکی سەربەست و ئازاد بوو، لە ولاتێکی ئازاددا، ئەگەر بیویستایە کەس ڕێگەی لێنەدەگرت نە وەک چاودێر و نە وەک کەلتوورو خوونەریت، لەکاتێکدا هاوتەمەنەکانی لە لاوان نوقمی ئەو چێژو خۆشیانەبوون، نە ئایین و نە یاسا ئەو شتانەی لێ قەدەغە نەکردبوون.

ژیاننامەی موحەممەدﷺ ئاشکرایە بۆ دۆست و دوژمن، والآیە بەڕووی هەموو ڕەخنەگرێکدا، ئایا لە سیرەکەیدا هیچ شتێك دەبینن دەربارەی ئەوەی کە لە قۆناغەکانی لاوێتیدا کەسێکی ئارەزووباز بووبێت و بەدوای چێژو خۆشیو ڕابواردندا وێڵ بووبێت؟ تەنها یەك جار بیری لەوە کردەوە کە وەکو هاوتەمەنەکانی کەمێك بەدوای حەز و ئارەزووەکانیدا بچێت، خوای گەورە خەوی هێنا بەسەر چاوەکانیدا، کاتێك بەئاگا هاتەوە لەبیری چووبوویەوە کە بیری لەچی کردبوویەوە. خۆ ئەگەر کارێکی لەو جۆرەی بکردایە ئایا نەیارە بێباوەڕەکانی لەبارەیەوە بێدەنگ دەبوون، لەکاتێکدا سووربوون لەسەر دژایەتی کردن و ئازاردانی لە هەموو ڕێگەیەکەوە؟ کاتێك ژنی هێنا تەمەنی ٢٥ساڵ بوو، جا ئایا کچێکی جوانی لاوی هێنا، یان ژنێك کە لە تەمەنی دایکیدا بوو، بێوەژنێك لە تەمەنی ٤٠ ساڵیدا؟ هەروەك زۆربەی زۆری هاوسەرەکانی بێوەژن بوون، ئایا بۆ بەرژەوەندی خواستوونی؟ لەکاتێکدا خوای گەورە زیاتر لە ٤ ژنی بۆ حەڵاڵ کردووە، بەوەش زیاتر لە موسوڵمانانی پێداوە، بەڵام لە بەرامبەردا مافێکی لێ سەندووەتەوە کە دراوە بە هەموو پیاوێك ئەویش مافی تەڵاق و جیابوونەوەیە.

لەلایەکی دیکەشەوە پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئارەزووی سێکسی عەیبە نییە، بەڵکو سیما و ڕواڵەتی پیاوەتییە، بەڵام عەیب و نەنگی لەوەدایە کە پیاو تەنها بۆ ئەوە بژی و، تەنها بیر لەوە بکاتەوە، لە ڕێگەی حەرامەوە بەدوایدا بگەڕێت.

چیرۆکی هاوسەرگیریەکەیشی لەگەڵ زەینەب کە نەیارەکانی کردوویانەتە بنێشتە خۆشەی سەر زاریان و بەردەوام دەیڵێنەوە، قسەکانیان شایانی وەڵامدانەوە نییە، چونکە لە ڕاستیدا لەسەر بەئەنقەست ئاوەژووکردنەوەی واقیع، یان بەهەڵە تێگەیشتنێکی ڕووکەش بنیات نراوە.

زەینەبیش کچێکی جوانە، نزیکە لە پێغەمبەرەوە، ئەگەر بیری لێبکردایەتەوە بەمەبەستی ئەوەی بیخوازێت، ئەگەر ئەوەی بویستایە گەورەترین خۆزگەی زەینەب و بنەماڵەکەی بوو، بەڵام خوای گەورە کردی بە تەوەری دوو چاکسازی کۆمەڵایەتی لە چاکسازییە ئیسلامیەکان، لە یەکێکیاندا زەینەب جێگەی تاقیکردنەوەکە بوو تیایداو، لەوەی دیکەشیاندا پێغەمبەرﷺ.

ئیسلام ویستی ئەو ناوبانگ و ڕێز و خانەدانییەی سەردەمی نەفامیو، ئەو هەستە چینایەتییە ڕیشەکێش بکات، بە بەشوودانی زەینەب -کە لە ناودارترین خانەوادەی عەرەبە- بە زەید کە بەندەیەکی بەخێوکراوی لەخۆگیراوەو، لە تێڕوانینی ئەم کۆمەڵگایەدا بە هاوشانی دانانرێت. ئەوەبوو بەزۆر خواستیو، ژیانی زنجیرەیەکی بەردەوام بوو لە شەڕ و ناکۆکی، بەجۆرێك کە هەردووکیان خۆزگەیان دەخواست لێك جیابینەوە،

بەڵام پێغەمبەرﷺ ڕێگەی لێدەگرت لەوەی تەڵاقی بدات و پێی دەوت: (أمسك عليك زوجك واتق الله).

تا کاسە پڕبوو لێی ڕژاو، خۆڕاگرتن و ئارامگرتن سوودی نەما و... تەڵاقیدا!

لێرەوە تاقیکردنەوەی دووەم دێتەکایەوە کە زۆر ناڕەحەتترە و، قورساییەکەشی لەسەر شانی پێغەمبەرەﷺ، بەوەی کە زەینەب بخوازێت، بۆ پووچەڵکردنەوەی خوونەریتی منداڵ گرتنەخۆو، ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییەی کە هاوسەری کەسی بەخێوکراو حەرام نییە بۆ ئەوکەسەی کە سەرەتا بە منداڵی ئەو کەسەی لەخۆگرتووە، قورساییەکەشی لەوەدایە کە ئەو کۆمەڵگایە وا گومان ببەن کە موحەممەد خێزانی کوڕی خۆی خواستووە، ئەمەش زۆر قورس و ناڕەحەت بوو لە ژیانی پێغەمبەردا، بەڵام سەرەڕای ئەوەش خۆی ڕاگرت و ڕازی بوو بە فەرمانی خوا.

چیرۆکەکە بەوجۆرە نییە کە بۆی دەچن و دەیخەملێنن و، هەرچیەک دەیڵێین لەو بارەیەوە ڕوپووچ و بێ مانایەو شایانی وەڵامدانەوە نییە، تەنها بۆئەوە ئامازەم پێکرد کە ئەو ڕاستییە ڕوون بکەمەوە بۆ ئەو خوێنەرانەی[1] زانیارییان نییە لە بارەیەوە.

هێزی جەستە سەرکەوتنە بەسەر بەربەرەکانێی ماددیدا و، هێزی دڵ و عەقڵ سەرکەوتنە بەسەر نەیار و دوژمناندا و، هێزێکی گەورەتریش هەیە، چونکە سەرکەوتنە بەسەر گەورەتر لە ماددەو دوژمندا، کە

١- کتێبی (نداء للجنس اللطيف) مامۆستا ڕەشید ڕضا بخوێنەرەوە.

ئەویش هێزی خووڕەوشتە و، سەرکەوتنە بەسەر نەفس و، سروشت و غەریزە و، خواست و ئارەزووەکاندا.

ئەمەیش بابەتێکی دەروونی بەڵگەنەویست و دانپیانراوە، پێغەمبەرﷺ لەبۆنەی جۆراوجۆرداو بەچەندین شێوەی جیاواز لەبارەیەوە دواوە، فەرموویەتی: (ليس الشديد بالصرعة[1] ولكن الشديد الذى يملك نفسه عند الغضب) .

خۆیشتان دەتوانن بەباشی دەرك بەم ڕاستییە بکەن، بۆ نموونە ئەگەر ئەو هێزەی کە لەبەرەنگاربوونەوەی دوژمنەکەتدا بەکاریدەهێنیت بەیەك مەزەندە بکرێت، ئەوا ئەو هێزەی کە پێویستتە بۆئەوەی بەسەر تووڕەییەکەتدا زاڵبیت و، ئاگرەکەی لەناختدا خامۆش بکەی بەوەی کە هێمن و ئارام دەربکەویت لە جوڵان و دەنگ و قسەکردنتدا، بەسەد مەزەندە دەکرێت، چونکە سەد ئەوەندەی ئەو قورسترە. تاقیبکەرەوە کەسێك کە تووڕەیی چاوی کوێر کردووەو بەردەمی خۆی نابینێت و، تۆش هەوڵدەدەیت ڕەوشتی جوان و، نەرم و نیانی و لێبوردنی وەبیرهێنیتەوە، ئایا لە دەیان هەزار کەسدا یەکێك دەدۆزیتەوە لەم حاڵەتەدا گوێت بۆ بگرێت؟

بیهێنە پێش چاوی خۆت، ئەگەر پیاوێك خۆشەویستترین و ئازیزترین کەسی کوشتی، پاشان هات بەدەم بانگەوازەکەتەوە و پەسەندی کرد

١- الصرعة: ئەو کەسەی کە ڕاهاتووە لەسەر زۆرانبازی و لەو بوارەدا قاڵبووە. مەبەستیش لێی ئەوەیە: هێزی دەمارەکان کە مرۆڤ بەهۆیەوە لەکاتی تووڕەییدا بەسەر خۆیدا زاڵدەبێت، گەورەترە لە هێزی ئەو زۆرانبازەی لەکاتی زۆرانبازیدا بەسەر بەرامبەرەکەیدا زاڵدەبێت.

(تۆش بانگخوازیت)، ئایا ئەوە لەبیردەکەیت کە چەند فرمێسکت بۆ کەسە نزیکەکەت ڕشتووە و، چەندە دڵتەنگ بووی بۆی .... و لێی خۆشبیت؟

پێغەمبەر ﷺ لە (وەحشی) بکوژی (حەمزە) خۆشبوو، کاتێک کە موسوڵمان بوو، بەڵام سروشتی ئادەمیی بەسەریدا زاڵبوو، لەشتێکدا کە پێچەوانەی ئیسلام نییە و، زیان بەو پیاوەش ناگەیەنێت، ئەوەبوو پێی وت: (هەوڵبدە نەتبینم)، بۆیە وەحشی خۆی لەبەر چاوانی ون دەکرد.

هیندی خێزانی ئەبوسوفیان، کە بەهۆی ڕق ئەستووری بەرامبەر موحەممەد و بانگەوازەکەی، کارێکی کرد کە هیچ ئافرەتێک نایکات، هیچ مرۆڤێک کاری وەهای لێناوەشێتەوە، تەنانەت گورگ و پڵنگی درندەش کاری واناکەن. سنگی حەمزەی لەت کردو دڵی دەرهێناو خواردی.. ئەو هیندەی لە دڵی پێغەمبەر ﷺ کاری زۆر ناهەمواری کرد، پێغەمبەر لێی خۆشبوو بەیەتی لێوەرگرت و موسوڵمان بوونەکەی قبوڵ کرد.

خەڵکی طائیف ئەوانەی کە بیستتان چیان بە پێغەمبەر کرد، کاتێک موسوڵمان بوون لێیان خۆشبوو، سەیری گەورەترین هەڵوێست بکەن، نموونەی هەرەبەرز و پێشەنگ لەهەموو سەردەمەکاندا: خەڵکی مەککە ئەوانەی ئازار و تاڵاویان کرد بە گەرووی پێغەمبەر و هاوەڵانیدا و، ئازاریان دا لە جەستە و دەروون و بیروباوەڕەکەیدا و، قسەیان بەدەمەوە هەڵدەبەست و دژایەتیان دەکردو، جنێویان بە خۆی و هاوەڵانیدا و، پەیوەندییان لەگەڵدا پچڕاند و، لە شیوێکدا بەندیان کرد، درکیان لەسەر ڕێگەکەی دانا و، ورگی وشتریان فرێدایە سەر سەری، لەکاتێکدا کە لە کرنوشدابوو، بە چەندین جۆر گاڵتەیان پێدەکرد،

ئەمەش بەردەوام بوو نە یەک رۆژو نە دوو رۆژ و، نە سالێک و دووان، بەڵکو سیانزە سالّی خایاند، پاشان جەنگان لەدژی و دۆست و نزیک و هاوەڵەکانیان کوشت و سەربڕی، تا ئەوەبوو سەرکەوتن بەسەریانداو، بەدەوری کەعبەدا کۆی کردنەوە، سەرشۆڕ و ملکەچ بەبێ هیچ بەرگریەک، کاتی تۆڵەسەندنەوە هات....

نەخێر، واز لە وشەی تۆڵەسەندنەوە بهێنن چونکە شایستەی ئەم مەقامە نییە، ساتەوەختی سزای شەرعی هات، کە تیایدا وەڵامی ئەم زنجیرە دوور و درێژە لەدەستدرێژی و خراپەکاری بدرێتەوە ئەوەیش پێغەمبەرﷺ پێیان دەڵێت: (چاوەڕێ دەکەن چ هەڵوێستێکم هەبێت بەرامبەرتان؟).

ئەوانیش لەبیریانە کە چییان کردووە و شایانی چین، بەڵام پەوشتی موحەممەدیشیان لەیادە و دەزانن چەندە نموونەییە، دەڵێن: (برایەکی بەڕێز و بەخشندە و، برازایەکی بەڕێزیت).

پاشان بێدەنگ دەبن لەچاوەڕوانی بڕیاری کۆتاییدان، تەنانەت ئەگەر بڕیاری کوشتنی هەمووشیانی بدایە، هیچ مێژوونووسێک نەدەبوو نە لە دۆست و نە لە دوژمن کە بە تەنها وشەیەکیش لۆمەی بکات، بەڵام بڕیاری موحەممەد جیاوازبوو، زۆر کتوپڕبوو کەس پێشبینی نەدەکرد، بڕیارێک کە بووە مایەی سەرسوڕمانی خەڵکانی سەردەمەکەی و هەموو ئەو سەردەمانەیشی کە لەدوای دێن، پێی وتن: (بڕۆن ئێوە ئازادن).

داوای لێبوردن دەکەم کە ئەو هەڵوێستە مەزنە بەکورتی دەخەمەڕوو، لەکاتێکدا خوازیاربووم کە هەموو باسەکە تەنها لەو بارەوە بوایە، بۆئەوەی بەڕێز و پێزانینەوە باسی مەزنی ئەو زاتەتان بۆبکەم بەو

شێوەیەی کە پێویستە ڕێز و قەدری لێبگیرێت، ئەم هەڵوێستە پێویستی بە هێزی دەیان هەزار پاڵەوان و زۆرانبازە.

من سەرسامم لەوەی کە بۆچی ئەو کەسانەی لە سااڵنی دواییدا دەربارەی ژیاننامەی پێغەمبەرﷺ نووسیویانە زۆر باسی موعجیزەیان کردووەو، موعجیزەی وایان زیادکردووە کە هەر بوونی نەبووە، داخۆ چ پێویستیەکیان پێی هەیە؟ لەکاتێکدا کە هەموو هەڵوێستێك لە ژیانی پێغەمبەردا و، هەموو لایەنێك لە کەسایەتیەکەی، گەورەترین موعجیزەیە.

موعجیزەیش چییە؟ ئایا ئەو کاروبارە نییە کە خەڵکی ناتوانن لە هاوشێوەی ئەنجام بدەن؟!

ڕاستگۆیی و سپاردە پارێزییەکەی موعجیزەیە، نموونەی زۆرتان بۆ باس ناکەم بوار کەمە. تەنها یەك نموونە دەخەمەڕوو، ڕووداوێك کە سەدان جار لە خوێندنەوەکانمدا بەسەریدا گوزەرم کردووەو وەکو هەواڵێکی ئاسایی سەیرم کردووە، بەاڵم ڕۆژێك سەرنجی ڕاکێشام و بەئاگاییەوە سەیرم کرد، لەپرێکدا بینیم کە زۆر سەرسوڕهێنەرە، لە سیرەدا لە نموونەی ئەم هەواڵانە چەندە زۆرن. هەموومان دەزانن کاتێك پێغەمبەرﷺ کۆچی کرد بۆ مەدینە، عەلی لەجێی خۆی دانا بۆئەوەی ڕاسپاردەکانی قوڕەیش کەلای بوو بیگەڕێنێتەوەو بۆیان، ئایا ڕۆژێك لەڕۆژان بیرتان لەوە کردووەتەوە چیرۆکی ئەم ڕاسپاردانە چیبوو؟

دەیگەڕێنێتەوە بۆ قوڕەیشیەکان نەك بۆ موسوڵمانەکان، کاتێك کە پێغەمبەرﷺ کۆچی کرد هیچ کەس لە موسوڵمانەکان لە مەککەدا نەمابوون ، چونکە دووهەمین کەس بوو کۆچی کرد بۆ مەدینە، مایەوە

وەکـو چـۆن کەشـتیەوان لـە کەشـتی بێلەنگـەرو لەکارکـەوتوودا دەمێنێتەوەو بـەجێی ناهێڵێت تـا هـەموو سەرنشینەکانی دادەبـەزن و، دەگەنە بەلەمی ڕزگارکردن. ئەمـەش جوامێرییەکـە بەبیرمـدا هـات باسـم کرد.

بەسـەرهاتی ڕاسـپاردەکان ئەوەیـە کـە قوڕەیشـیەکان (سـەرەڕای ئـەوەی کـە دژایـەتی پێغەمبـەریان دەکـرد) بێجگـە لـە موحەممـەدﷺ کەسیان شك نەدەبرد شتوومەکەکانیانی پێ بسپێرن، جـا بیهێننـە پـێش چاوی خۆتان دوو گروپی جیاواز، جەنگ لەنێوانیانداییـە، جـەنگی زمـان و دەست و مەبدەء و بیروباوەڕ، پاشان ئەندامانی گروپێکیان پارەو سامان و نووسراو و بەڵگەنامەکانیان، لای پیاوێك دابنێنن کە لە گروپەکەی تره.

ئایـا ڕووداوی لـەم جۆرەتـان بینیـووە؟ چـۆن ڕاسـپاردە لای دوژمنەکەیان دادەنـێن، ئەگـەر لـە ڕەوشـت و سـپاردەپارێزیدا مـوعجیزە نەبێت و، گومان لێی یەکێك نەبێت لە مەحاڵەکان؟

موحەممەدﷺ ئا بەو جۆرە بوو!

ڕۆژی بەدر پێش جەنگەکە ڕیزی سـوپاکەی ڕێکدەخسـت، پارچـەیەك تەختەی بە دەستەوەبوو، (سەواد)ی بینی لە ڕیزەکە هاتوەتە پێش، بـە تەختەکە پاڵی نا بە سکیەوەو فەرمووی (ڕێك بوەستە ئەی سەواد).

ئـەویش وتـی: (ئـەی پێغەمبـەری خـوا ئـازارت دام، لەکاتێکـدا خـوای گەورە بۆ حەق و دادپەروەری تۆی ناردووە).

ئـەم دیمەنـە بهێننـە پـێش چـاوتان، سـەرکردەی سـوپایەك لەگـەڵ سەربازێکی سوپاکەدا ڕووبەڕووی ئەم قسەیە دەبێتەوە، پێتان وایە چـی لێبکات؟

تەمێی دەکات، پشتی لێهەڵدەکات؟ یان بەوپەڕی سنگ فراوانی‌و لێبوردەییەوە، لێی خۆشدەبێت و دەیبەخشێت؟ یان پێی دەڵێت: (ببووره من داوای لێبوردنت لێدەکەم).

بەڵام پێغەمبەری خوا کارێکی کرد کە کەس نایکات، بەبیری کەسیشدا نایەت، سکی بۆ دەرخست و پارچە تەختەکەی دایە دەستی‌و، پێی فەرموو: ئازارم بدە هەروەک چۆن ئازارم پێگەیاندیت. ملی بۆدا لەکاتێکدا کە خۆی سەرداری مرۆڤایەتییە.

بەڵێ موحەممەدﷺ ئا بەو جۆرە بوو!

بەسەرهاتی هەموو ژیانی موعجیزە بوو، هەموو مەزنەکان لە جیهاندا دەستەوەسان بوون لەوەی کە ژیاننامەیەکی هاوشێوەی لەدوای خۆیان بەجێبهێڵن، لە هەموو لایەنێکەوە سەربەرزی‌و شکۆمەندییە، لە هێزی جەستەیی‌و سنگ فراوانییەکەیدا، سەرکەوتن تووشی لەخۆبایی بوونی ناکات و، شکست نایلەرزێنێت تا تووڕەی بکات یان عەزمی بڕوخێنێت.

لە گەرمەی جەنگدا هێندە پتەو و دامەزراو بووە کە پاڵەوانان لە هاوەڵان پەنایان بردووەتە بەرو پشتیان پێبەستووە، لە ئازایەتیەکەیدا پیاوە بەجەرگ و ئازاکان لەبەردەمیدا لاواز و لەرزۆک بوون و، لەخاکی بوونەکەیدا بۆ هەژاران و نەدارەکان و، ڕێزگرتنی لە بێوەژن و بەسالاچووەکان باشترین پێشەنگ بووە.

لە چەسپاندنی ڕاستیدا، لە ڕاستگۆیی گەیاندنی پەیامی خواییدا، تەنانەت ئەو ئایەتانەش کە لە بەهەڵە دانان و عیتابی خۆیدا بۆی ڕەوانەکراوە گەیاندوونی، لە ڕێزگرتنی لە بەڵێننامەو سوربوون لەسەر پەیمانەکانی، هەرچەندە بەهۆی پاراستن و سوربوون لەسەریان تووشی

ئازار و ناڕەحەتی بووبێت، جا ئەوانە لە مامەڵە تاکە کەسییەکانی خۆیدا بووبێت یان لەکاروباری دەوڵەتدا.

لە سەلیقەو هەستی ناسکیدا، ئەو زاتەیە کە ئادابی خواردنی کردووەتە سوننەت و بنەماکانی پاک و خاوێنی بڕپارداوەو، کاتێک لەگەڵ هاوڕێکانیەتی فێریان دەکات و کاریان لەگەڵ دەکات و، وەکو ئەوان ژیان دەگوزەرێنێت، ڕاوێژیان پێدەکات و گوێیان بۆ ڕادەگرێت و، لەو شوێنە چۆڵەدا دادەنیشێت کە کەسی لێدانەنیشتووە لە کۆتایی مەجلیسەکەدا، تا ئەو ڕادەیەی کاتێک کەسێک دەهات بۆلای ببینێت، سەیری دەموچاوی هەموو دانیشتوانەکانی دەکرد و دەیوت: (کامتان موحەممەدە؟)، چونکە موحەممەد جیاواز نەبوو لەوان لە دانیشتن و جلوبەرگدا، لە هەموو شتێکدا وەکو ئەوان وابوو. لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری بەرزو پاک و بێگەردیدا لەگەڵ ژناندا و، لە ژیان لەگەڵ مااڵ و خێزانیداو، گاڵتە ڕاستگۆییانەکەی و، ڕووخۆشیەکەی، خۆشەویستییەکەی لەدڵی هەمووانـدا، لە خاکی بوونەکەیدا و لە ڕەتکردنەوەی پادشایەتیدا.

نەیدەهێشت هاوڕێکانی لەبەری هەڵسن، یارمەتی هاوسەرەکانی دەدا لە ماڵەوەو، بە دەستی موبارەکی خۆی نەعلەکانی دەدوورییەوە.

بە هەژاری ژیانی گوزەراند، زاهید بوو لە بێنازیدا نەک لە بێتوانایییدا، ئەگەر بیویستایە کۆشکەکەی لە کۆشک و تەلاری کیسرا و قەیسەر مەزنتر دەبوو، بەاڵم ڕۆژی دوایی هەڵبژارد. ماڵی هەر نۆ هاوسەرەکەی، لە درێژیدا هەمووی نەدەگەیشتە ٢٥ مەتر. ماڵی حەزرەتی عائیشە یەک ژوور بوو لە خشت و قوڕ دروستکرابوو، ئەوەندە تەسک بوو کە جێگەی خەوتن و نوێژکردنەکەی تێدا نەدەبووەوە، بۆیە ئەگەر سوجدەی ببردایە

پاڵی دەنا بە قاچیەوە بۆئەوەی لە جێگەکەیدا سوجدە ببات، دەربارەی خواردنەکەشی عائیشە دەڵێت: مانگ و دوو مانگ تێدەپەڕی و لەماڵی پێغەمبەری خوادا ئاگر نەدەکرایەوە نانی پێبکرێت. وتیان: (ئەی چیتان دەخوارد؟)

دەیوت: (خورما و ئاو).

ئائەوە خواردنی خێزانەکانی پێغەمبەری خوا بوو.

لە زمان پاراوییو ڕەوانبێژیدا، لە هەمووان زمان پاراوتر بوو...

هەموو ئەمانە ئیعجازن تیایدا و، بەڵگەن لەسەرئەوەی خوای گەورە پێش ئەوەی بۆ گەورەترین و بەرزترین پەیام هەڵبژێرێت و بیکات بە دوایین پێغەمبەر، ئامادەی کردووە بۆ ئەو کارەو لەنێو ئادەمیزاددا یەک کەسی بەو جۆرە بەدیهێناوە، کە لە سیفەت و سیما پیرۆزەکانیدا ﷺ هاوتای نییە.

خوای گەورە زاناترە پەیامەکەی بەکێدا ڕەوانە دەکات.



باوەڕ بە کتێبە
ئاسمانیەکان

باوەڕ بە کتێبە ئاسمانیەکان

قورئان:

قورئان موعجیزەی موحەمەدە.

ئەو کەسانەشی کە بانگەشەی ئەوە دەکەن ئەم قورئانە موحەممەد نووسیبێتی، نکوڵی دەکەن لەوەی کە ئەو زاتە پێغەمبەرە، بەڵکو وەسفیان کردووە بەوەی کە خواوەندە، ئێمەش شایەتی دەدەین: هیچ خوایەک نییە بێجگە لەزاتی (الله)و موحەمەدیش بەندەو پێغەمبەری خوایە.

لەبەرئەوەی ئادەمیزاد ناتوانێت قورئان بهێنێت و، ناکرێت لەلایەن کەسەوە بێت بێجگە لە خوای گەورە. جا ئەو کەسەی وتی موحەممەد نووسیویەتی، ئەوە سیفەتی خوایەتی داوەتە پاڵ موحەممەدﷺ!

ئەگەر نا پیاوێکم پیشان بدەن کە نەخوێندەوار بووبێت، توانای خوێندنەوەو نووسینی نەبووبێت وەکو موحەممەدﷺ و، لەژیانیدا نەچووبێتە قوتابخانە، بەڵکو لە شارەکەیدا هیچ قوتابخانەیەک نەبووبێت و، تەنانەت خۆی لە وڵاتێکی گەورەو شارستانیدا نەبووبێت، بەڵکو لە گوندێکی چەپەکدا ژیابێت کە بە شاخ دەورەدرابێت، لە پشت لمی بیابانەوە، کە نە لە (ڕۆما)و نە (قوستەنتینیە)و نە (شارەکانی کیسرا) ناویان نەبیستبێت و، کەس لەوێ زانیاری لەبارەی فەلسەفەی (یۆنان) و

(ڕۆمان)ەوە نەبووبێت و کەسیان ئەدەبی (هیند) و (ئێران)یان بەرگوێ نەکەوتبێت.

گوندێك كە نە زانای تێدایە نە توێژەر و، نە ڕۆشنبیرێك بە ئەندازەی ڕووناکبیرێکی بچووك لەو سەردەمەدا، ئەویش لەو گوندە دەرنەچووە تەنها بۆ گوندی هاوشێوە یان کەمێك گەورەتر نەبێت، ئەویش (شام)ە لە زەوی حۆران، کە چەند ڕۆژێك لەوێ ماوەتەوە.

ئایا ئەم پیاوە دەتوانێت لە وێنەی ئەم قورئانە بهێنێت؟

ئەوە مێژووی بلیمەت و بیرمەندانە لە بەردەستتاندا، مێژووی هەموو میللەتان لە هەموو سەردەمەکاندا، ئایا ڕووداوێکی لەم جۆرەی تێدایە؟

مۆزارت پارچەیەك مۆزیکی دانا کاتێك کە تەمەنی چواردە ساڵان بوو، (بشار) شیعری هۆنیەوە کە هەر لەو تەمەنەدا بوو، نووسەر (جین ئایر)و، خوشکەکەی (أعالی وذرنج) کتوپڕ بوونە بلیمەت و هەڵکەوتوو، (شکسپیر)یش ئەو سامانە ئەدەبییەی لە دوای خۆی بەجێهێشت، لەکاتێکدا لە گەورە ڕۆشنبیرو ئەدیبانی سەردەمەکەی خۆی نەبوو. هەموو ئەمانە دەشێن و، دەکرێت گەنجێکی نەناسراو، کتێبێك دابنێت چیرۆکێکی ناوازەو سەرنجڕاکێشی تێدا بنووسێت، یان بیردۆزەیەکی زانستی تازەی تیادا بنووسێت لەبەرئەوەی بلیمەتە و، بلیمەتیش تەنها تایبەت نییە بە کەسانی خوێندەوار، یان دەرچوانی زانکۆکانەوە، بلیمەتیی ڕەنگە بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو سەرهەڵبدات، بەڵام ئەو کەسانەی مێژوو ناساندوونی لە بلیمەتەکانی زانست و ئەدەب و هونەر، بۆ نموونە بە سەدەیەك پێش سەردەمی خۆیان کەوتوون، ٥٠٪ یان ١٠٠٪

پێش هاوڕێو هاوتەمەنەکانیان کەوتوون. پێشینەیی و پێشکەوتنەکەیان سنووردارو پەسەندە.

لە هەموو مێژوودا، پیاوێکی تێدا نییە هەمان بارودۆخی موحەممەدﷺی هەبووبێت و، کتێبێکی هێنابێت کە بە ناوازەترین شێوازی ئەدەبی نووسراوبێت و، لەبواری تەشریعیدا یاسایەك بێت لەوپەڕی کەمالدا و، لە بواری ئیلاهیات و هەواڵدان دەربارەی غەیبیاتدا، شتانێکی تیادا بێت کە هیچ ئادەمیزادێك نایزانێت و عەقڵی ئادەمیزادیش ناتوانێت دەرکی پێبکات و، لە سروشتیدا ئاماژە بۆ یاساو دیاردەگەلێك بکات کە هیچ کەس لەو سەردەمە و لە سەردەمی دوای ئەویشدا نەیزانیووە، تەنانەت لە سەدەی دواتریشدا هەر نەزانراوە. ئاماژەی تێدایە بۆ یاساگەلێك کە دوای (١٣٠٠ ساڵ) دۆزراوەتەوە و، یاساگەلێکی دیکەیش کە تاکو ئێستاش پەی پێنەبراوە. کتێبێك کە خوای گەورە فەرمانی پێکردووە بە هۆیەوە بەرەنگاری هەموو خەڵکی ببێتەوە، ئەوەبوو بەرەنگاری ئادەمیزاد و پەری بوویەوە و لە ڕوویاندا وەستا کە دە سوورەت لە هاوشێوەی سورەتەکانی بهێنن، تەنانەت تەنها یەك سورەتی هاووێنەی بهێنن. دەستەوسان بوون و نەیانتوانی! ئەم تەحەدایەش تاکو ئێستا هەر بەردەوامە و، نەتوانایی و دەستەوسانیش لە بەرامبەردا هەر بەردەوامی هەیە.

ئیعجازەکەی جێگیرە، بەڵام وەکو زانایانی ڕەوانبێژی، بەدوای ئیعجازدا مەگەڕێن، چونکە ئیعجاز تەنها لە وشە و دەستەواژەکانیدا نییە، تەنها لە هەواڵەکانی دا نییە دەربارەی غەیب و نادیارەکان، تەنها لەیەك بواردا نییە، بەڵکو ئیعجاز لە هەموویدایە.

هەروەکو چۆن جوانی لەمرۆڤدا تەنها لەپەنگی پێستدا نییە و، تەنها لە چاوەکاندا نییە و، تەنها لەیەکێك لە ئەندامەکاندا نییە، بەڵکو جوانیەکە لە هەموو پووەکانەوەیە. هەرچەندە هەرکەسەو کە لەقورئان دەپوانێت، ئیعجازی لەو پوانگەیەوە بەرچاودەکەوێت کە سەیری دەکات.

چیرۆکی سەرۆکی بەشی لێکۆڵینەوەی کەسێتی دەزانن کە موسوڵمان بوو کاتێ ئەم ئایەتەی خوای گەورەی بیست کە دەفەرموویێت:

﴿بَلَىٰ قَٰدِرِينَ عَلَىٰٓ أَن نُّسَوِّيَ بَنَانَهُۥ﴾ القيامة: ٤ ، واتە: (نەخێر وا نییە. ئێمە ئەتوانین سەرپەنجەکانیشی دروست کەینەوە کە سەرپەنجەی هیچ کەسێ وەك هیی هیچ کەسی تر نییە.)

بیربکەرەوە: بۆچی (البنان) سەری پەنجەکانی بەتایبەت باس کردووە؟ چی تێدایە؟ نەخشی تێدایە، ئەم موعجیزە سەرسوڕهێنەرەی خوای گەورە، ژمارەی ئەو خەڵکانە چەندە کە لەسەر زەوی دەژین؟! لەنێو ئەو هەموو خەڵکەدا دوو کەس نییە نەخشی سەر پەنجەکانیان لەیەك بچێت.

بەڕاستی دیاردەیەکی ناوازەیە، ئەمەش دەمێك نییە زانراوە و دۆزراوەتەوە، کەس لەسەردەمی موحەممەددا بەڵکو دە سەدەش دوای سەردەمی موحەممەدﷺ نەیزانیوە.

کەواتە گومانی تێدا نییە کە محمدﷺ لەلایەن خوای گەورەوە بۆی هاتووە و، قورئان فەرموودەی خوایە، لە قورئانیشدا سەدان نموونە لەو بارەیەوە ئاماژەیان پێ کراوە، بەردەوام هەموو ڕۆژێك یەکێك دەبینین تێبینی یەکێك لەو ئاماژانە دەکات و لێی تێدەگات، هەرکاتێك لێکۆڵەرێك دیراسەی قورئان دەکات لە ئیعجازەکەیدا چەند لایەنێکی بۆ

دەردەکەوێت کە پێشینەکان دەرکیان پێنەکردووە، لەبەرئەوەی سەراسیمە و دەرئاساکانی لە کۆتایی نایەن.

هەر بۆیە پێویستە قورئان لەهەموو زەمانێکدا سەرلەنوێ تەفسیر بکرێتەوە، ئەدیب تەفسیری بکاتەوە و، مافناس تەفسیری بکات و، گەردوونناس و زانای دەروونناسی تەفسیری بکەن و، زانای کۆمەڵناس و مێژوونووس، هەریەکێکیان بوارێکی تیادا بدۆزێتەوە بۆ زانست و پسپۆڕیەکەی و، بەڵگەیەک لە پسپۆڕی و زانستەکەیدا بدۆزێتەوە لەسەر ئەوەی کە ئەم قورئانە فەرمووەی خوایە.

موعجیزەی پێغەمبەرانی پێشوو یەکجار ڕوویداوە و کۆتایی هاتووە، بەڵام موعجیزەی موحەممەد هەرماوەو هەموو ڕۆژێک دووبارە دەبێتەوەو، موعجیزەی پێغەمبەران بەڵگەیە لەسەر ڕاستی و دروستی پەیامەکە و، موعجیزەی پەیامی موحەممەدیش، خودی پەیامەکەیەتی، دروود و سەلامی خوا لەسەر خۆی و براکانی لە پێغەمبەران و نێردراوانی خوا.

باوەڕبوون بە کتێبە ئاسمانیەکان

ئێمە باوەڕمان بە قورئان و ئەو کتێبانە هەیە کە خوای گەورە ناردوونی بۆ مرۆڤایەتی و قورئان هەواڵی پێداوین لەبارەیانەوە، ئەو کتێبانەش بریتین لە: (صحفی ئیبراهیم) و (صحفی موسا) کە (تەورات)ەو، (زەبوری داود) و (ئینجیلی عیسا).

قورئانیش بڕیاردەرە لەسەریو، ئەو کێشانە و تەرازووەیە کە بەهۆیەوە کامەیان ڕاستە لەوە جیادەکرێتەوە کە دەستکاری کراوە،

خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿ وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ ﴾المائدة: ٤٨ ، واتە: (ئێمە بەڕاستی قورئانمان نازڵ کرد بۆت کە باوەڕی بە کتێبە خوداییە پێشووەکان هەیەو لە ئوصوول و بناخەی ئایینداپشتگیرییان لێ ئەکات و ئەیانپارێزێ لە گۆڕان و ئاگای لێیانە.)

ئەوەی خوای گەورە لەقورئاندا پێی ڕاگەیاندووین کە لەم کتێبانەدا هاتووە باوەڕمان پێیەتیو، ئەوەی نکۆڵییان لێبکات بەبێباوەڕ لەقەڵەم دەدرێت، ئەوەیشی کە گونجاوە لەگەڵ قورئاندا (لە هەواڵی ئەم کتێبانە) باوەڕمان وایە کە بەڕاستیو دروستی ماوەتەوەو، گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، هەر هەواڵێکیشمان پێگەیشت دەربارەیان پێچەوانەی ئەوەی کە لە قورئاندا هاتووە، ئەوا باوەڕمان وایە کە دەستکاری کراوە و گۆڕاوە و لەپەیامە بنچینەییەکە لایداوە.

صحفی ئیبراهیم:

خوای گەورە ئاگاداری کردووین، ئەوەی لە صحفی ئیبراهیمدا هاتووە و، لە صحفی موسادا دووبارە بووەتەوە ئەوەیە کە:

﴿ أَلَّا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ ﴾ النجم: ٣٨ - ٤٢ ، واتە: (کەوا هیچ تاوانبارێ تاوانی کەسێکی تری ناگرێتە ئەستۆ).

﴿ قَدْ أَفْلَحَ مَن تَزَكَّىٰ ﴿١٤﴾ وَذَكَرَ ٱسْمَ رَبِّهِۦ فَصَلَّىٰ ﴿١٥﴾ بَلْ تُؤْثِرُونَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا ﴿١٦﴾ وَٱلْءَاخِرَةُ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰٓ ﴿١٧﴾ إِنَّ هَٰذَا لَفِى ٱلصُّحُفِ ٱلْأُولَىٰ ﴿١٨﴾ صُحُفِ إِبْرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ ﴾ الأعلى: ١٤ - ١٩ ، واتە: (بەڕاستی ڕزگاری ئەبێ ئەو

کەسەی خۆی لە تاوان خاوێن ئەکاتەوەو، ناوی خوای خۆی بە دڵ و بە زوبان بهێنێ و ئەوجا نوێژەکانیشی بکا. کەچی ئێوە ژیانی دنیا هەڵئەبژێرن بەسەر ژیانی قیامەتدا. بەڵام ئەو دنیا باشترو پایەدارترە. ئەمە کە ئەوەی خۆی لە تاوان خاوێن کاتەوە پزگاری ئەبێ.. تا دوایی، لە نووسراوە پێشووەکانا هەیە. ئەو نووسراوانەی خوا نازڵی کردوونەتە خوارەوە بۆ سەر ئیبراهیم و موسا.)

تەورات:

تەورات لەلایەن خوای گەورەوە پەوانە کراوەو، هیدایەت و ڕێنمویی تیادایە بۆ خەڵکیو، فەرمانی خوای گەورەی تیادایە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَكَيْفَ يُحَكِّمُونَكَ وَعِندَهُمُ ٱلتَّوْرَىٰةُ فِيهَا حُكْمُ ٱللَّهِ ثُمَّ يَتَوَلَّوْنَ مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ ۚ وَمَآ أُو۟لَٰٓئِكَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٤٣﴾ إِنَّآ أَنزَلْنَا ٱلتَّوْرَىٰةَ فِيهَا هُدًى وَنُورٌ ﴾ المائدة: ٤٣ – ٤٤، واتە: (ئەوانە چۆن تۆ ئەکەنە حەکەم لە کاتێکا کە تەوراتیان لایە کە کتێبی خۆیانەو حوکمی خودای تێدایە کە موافیقی حوکمەکەی تۆیە، کەچی باوەڕی پێناکەن و پشتی تێ ئەکەن!؟ ئەوانە کە دێنە لات بۆ تەحکیم و حوکمی خوداییت پیشان دان، کە هەڵسان لات پشتی تێ ئەکەن و گوێی نادەنێ! باوەڕیان نییە نە بە کتێبەکەی خۆیان و نە بە تۆو کتێبی تۆیش! ئێمە تەوراتمان ناردەخوار کە ڕێنیشاندەرەو نووری تێدایە.)

دەربارەی ئەو فەرمانانەی لە تەوراتدا هاتوون لەم ئایەتەدا دەفەرموێت:

﴿وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَآ أَنَّ ٱلنَّفْسَ بِٱلنَّفْسِ وَٱلْعَيْنَ بِٱلْعَيْنِ وَٱلْأَنفَ بِٱلْأَنفِ وَٱلْأُذُنَ بِٱلْأُذُنِ وَٱلسِّنَّ بِٱلسِّنِّ وَٱلْجُرُوحَ قِصَاصٌ﴾ المائدة: ٤٥[1]، واته: (لەو تەوراتەدا قیصاص و تۆڵەسەندنەوەمان فەرزکرد لەسەریان بەم جۆرە: نەفسێك بەرامبەر نەفسێك، چاوێك بەرامبەر چاوێك، لووت بەرامبەر لووت، گوێ بەرامبەر گوێ، ددان بەرامبەر ددان. هەروەها برینەکانیش قیصاصیان هەیە.)

هەروەها پێی ڕاگەیاندووین کە موژدەدانی تێدایە بە موحەممەد ﷺ، دەفەرموویت: ﴿ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ ٱلرَّسُولَ ٱلنَّبِيَّ ٱلْأُمِّيَّ ٱلَّذِي يَجِدُونَهُۥ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ فِي ٱلتَّوْرَىٰةِ﴾ الأعراف: ١٥٧، واته: (ئەو کەسانەی ئەکەونە دوای ئەو فروستادەیە کە پێغەمبەرێکی نەخوێندەوارە ئەوەی ئەیبینن لای خۆیان لە تەوراتدا نووسراوە.)

هەروەها وەسفی باوەڕدارانی تیادا هاتووە: ﴿مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ ٱللَّهِ ۚ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلْكُفَّارِ رُحَمَآءُ بَيْنَهُمْ تَرَىٰهُمْ رُكَّعًا سُجَّدًا يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنًا ۖ سِيمَاهُمْ فِي وُجُوهِهِم مِّنْ أَثَرِ ٱلسُّجُودِ ۚ ذَٰلِكَ مَثَلُهُمْ فِي ٱلتَّوْرَىٰةِ﴾ الفتح: ٢٩، واتە: (موحەممەد پێغەمبەری خوایەو، ئەوانەیش کە لەگەڵیدا لەسەر کافران تووندو سەختگیرن و، لەناو خۆیانا بە ڕەحم و میهرەبانن. ئەیانبینی لە حاڵەتی ڕوکووع و سوجدە بردنان، داوای لوتف و ڕەزامەندی لە خوا ئەکەن. نیشانەیان بەناوچەوانیانەوە بەهۆی لە ئەنجامی

١- هەندێك لە زانایان لێکۆڵینەوەیان هەیە دەربارەی ئەم حوکمانە، کە ئایا ئێمەش وەك موسوڵمانان تەکلیفمان لێکراوە جێبەجێیان بکەین یان نا؟ سەیری تەفسیری (المنار) بکە.

سوجدەبردنیانەوەیە. بەیانی حالّ و سیفەتیان لە تەورات و لە ئینجیلا بەم جۆرەیە.)

زەبور:

خوای گەورە دەفەرموویّت: ﴿وَءَاتَيْنَا دَاوُۥدَ زَبُورًا﴾ النساء: ١٦٣، واتە: (زەبووریشمان دا بە داوود.)

هەروەها پێی ڕاگەیاندووین کە ئەوەی لە زەبوردا نووسراوە میراتی چاکەکارانە لەسەر زەوی، خوای گەورە دەفەرموویّت:﴿وَلَقَدْ كَتَبْنَا فِى ٱلزَّبُورِ مِنۢ بَعْدِ ٱلذِّكْرِ أَنَّ ٱلْأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِىَ ٱلصَّٰلِحُونَ﴾ الأنبياء: ١٠٥، واتە: (ئێمە بەڕاستی پاش تەورات، لە(زەبوردا)دا، نووسیومانە: بەهەشت یا ڕووی زەوی بۆ بەندە لەگەلّ خوای خۆ ڕاست و باشەکانم ئەمێنێتەوە، وەك چۆن میرات بۆ میراتگر ئەمێنێتەوە.)

ڕەنگە مەبەست لە زەوی بەهەشت بێت، لەو فەرموودەیەی خوای گەورەدا کە باس لەو باوەڕدارانە دەکات کە دەچنە ناوی: ﴿وَقَالُوا۟ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى صَدَقَنَا وَعْدَهُۥ وَأَوْرَثَنَا ٱلْأَرْضَ نَتَبَوَّأُ مِنَ ٱلْجَنَّةِ حَيْثُ نَشَآءُ ۖ فَنِعْمَ أَجْرُ ٱلْعَٰمِلِينَ﴾ الزمر: ٧٤، واتە: (بەهەشتییەکانیش ئەڵێن: سوپاس بۆ ئەو خودایەی گفتی خۆی کە دابووینێ، لەگەڵی هێنایندی و خاکی بەهەشتی بۆ کردین بە میراتی بۆماوە، هەر شوێنێکمان ئەوێ ئەیکەین بە جێگەو ماوەی خۆمان. کەواتە پاداشی چاکە پاداشی ئەوانەیە کردەوەی چاکەیان کردووە.)

ئینجیل:

خوای گەورە دەفەرموویت:

﴿وَءَاتَيْنَٰهُ ٱلْإِنجِيلَ فِيهِ هُدًى وَنُورٌ وَمُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ وَهُدًى وَمَوْعِظَةً لِّلْمُتَّقِينَ﴾ المائدة: ٤٦، واتە: (ئینجیلمان بۆ نارد کە پڕی بوو لە نوور و ڕووناکی ڕێنیشاندان، ئەو ئینجیلە باوەڕی بەو کتێبانە هەبوو کە پێش ئەو نێررابوون بۆ پێغەمبەران و بەڕاستی ئەزانین و لایەنگریی لێ ئەکردن و، ئامۆژگاریو ڕێنیشاندەریی تێدابوو بۆ ئەوانەی بە دڵ ڕێگای ڕاست ئەگرن و لە خودا ئەترسن.)

هەروەها ڕوونی کردووەتەوە بۆمان کە ئەو ئینجیلەی لەلایەن خواوە، کۆمەڵێك حوکمی تەشریعی تێدایە، خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَلْيَحْكُمْ أَهْلُ ٱلْإِنجِيلِ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فِيهِ﴾المائدة: ٤٧، واتە: (هەر لەو کاتەدا ئەمرمان کرد کە پێویستە ئەوانە پەیڕەویی ئەوە بکەن کە لەو ئینجیلەدایە خودا ناردوویەتی بۆیان.)

هەروەها گۆڕینی تیادایە بۆ شەریعەتی تەورات: ﴿وَمُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ وَلِأُحِلَّ لَكُم بَعْضَ ٱلَّذِى حُرِّمَ عَلَيْكُمْ﴾آل عمران: ٥٠، واتە: (من کە بە پێغەمبەری نێررام بۆ لای ئێوە باوەڕم بە تەورات هەیەو هەندێ شتتان بۆ حەڵاڵ ئەکەم کە لە شەریعەتی موسادا حەرام بوون لەسەرتان.)

وەکو تەوراتیش مژدەدانی تیایە بەهاتنی موحەممەد و، وەسفی ئەو کەسانەی کە باوەڕیان پێهێناوە.

ئێمەش باوەڕمان بە هەموو ئەو کتێبانە هەیە کە خوای گەورە ناردوونی لە (صحف)و، (تەورات) و، (زەبور)و، (ئینجیل)و، ڕێزی هەموو پێغەمبەرانیش دەگرین لەنێوانیاندا: (ئیبراهیم) و، (موسا)و، (داود)و، (عیسا). درووود و سڵاوی خوای گەورە لە هەموویان.



کوتایی

ئەمە بیروباوەڕی ئیسلامە...

ئەو کەسەی باوەڕی پێی هەبێت و باوەڕی بە هەموو ئەوانە هەبێت کە قورئان هەواڵ و ئاگایی داوە لەبارەیانەوە، لەبارەی دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی و مرۆڤەوەو، شوێنەواری ئەم باوەڕەش لە کردەوەکانیدا دەرکەوت، ئەوە موسوڵمانی تەواوە. کردەوە بەو قورئانە دەکات کە باوەڕی بە ڕاستی و دروستیەکەی هەیە، تەنها بەوە قایل نابێت کە بیخوێنێتەوە و لێی تێنەگات، بە ئاوازی خۆش بیخوێنێتەوە بەبێ زانست، بەڵکو دەیکاتە دەستووری ژیانی، حەڵاڵەکەی حەڵاڵ دەکات و، خۆی بە دوور دەگرێت لە حەرامەکانی، کار بە واجبەکانی دەکات و، واز لەو شتانە دەهێنێت کە نەهی لێکردووە.

ئەگەر دینی خەڵکی تەنها بۆ پەرستگاکانە، ئەوا ئیسلام تەنها بۆ مزگەوت نییە، بەڵکو بۆ مزگەوت و مااڵ و بازاڕ و، کۆشکی فەرمانڕەوایی و، بۆ شەڕ و ئاشتییە. ئیسلام هەمیشە لەگەڵ موسوڵمانداید و لێی جیانابێتەوە، ئەو شتانەی بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ڕێگە پێدراوە بۆی و، ئەوانەیشی کە حەرامکراوە لێی و نابێت لێیان نزیك بێتەوە، بەجێی ناهێڵێت کاتێك کە بەتەنهایە، لەگەڵیدایە کاتێك لەگەڵ خێزانەکەیدایە،

لێی جیانابێتەوە کاتێک لە بازرگانیو کارەکەیدایە، هەموو کارێک لە کارەکانی موسوڵمان حوکمێکی هەیە. ئەگەر دینەکانی دیکە تەنها عیبادەتن و پەیوەندییان بە سیاسەت و، زانستەوە نییە، ئەوا ئیسلام عیبادەتە و، یاسای شارستانییە و، یاسای سزایی و، یاسای نێودەوڵەتی و، سیستمی کارگێڕی و، مەزهەبی ڕەوشتییە، زانستە، سیاسەتە، کارە، تێکۆشانە. هەر کتێبێک لە کتێبەکانی فیقە بکەنەوە و سەیری پێڕستەکەی بکەن، هەموو ئەو لایەنانەی لەخۆگرتووە .

ئەگەر عیبادەتەکان لە دینەکانی تردا تەنها نوێژە، ئەوا عیبادەت لای ئێمە تەنها نوێژ و ڕۆژوو نییە، بەڵکو هەموو کارێکە کە سوود بە خەڵکی دەگەیەنێت ئەگەر بکەرەکەی مەبەستی ڕەزامەندی خوای گەورە بێت ئەوا بە عیبادەت بۆی حساب دەکرێت.

ئەگەر دین –تەنها وەکو عیبادەت– و زانستیان لێک جیاکردەوە، ئەوا ئیسلام دینی زانستە. یەکەمین وشە لە کتێبەکەیدا هاتووە وشەی (بخوێنە) بوو (بکۆژە) نەبوو، (پارە کۆبکەرەوە)و (زاهیدبە لە دونیادا) نەبوو، (بخوێنە) ئەمە یەکەم وشەیە لە قورئان ڕەوانەکرابێت و لەدوایشیەوە باسی زانست هاتووە، خوای گەورە مرۆڤی خەڵات نەکردووە بەهۆی ئەوەی کە سەروەت و سامان و هێزو پلەو پایەو دەسەڵاتی پێبەخشیووە، بەڵکو بەوە خەڵاتی کردووە کە زانیاری گەلێکی فێرکردووە کە پێشتر نەیزانیووە.

هەموو زانستێک کە کۆمەڵگای ئیسلامی پێویستی پێیەتی، فێربوونی فەرزی کیفایەیە لەسەر ئەو کەسانەی کە دەتوانن فێری بێن، جا ئایا لە

بووندا ئایینێك هەیە –بێجگە لە ئیسلام– کە فێربوونی زانستی کیمیا و، پزیشکی و، فڕۆکەوانی، بکاتە ئەرکێکی (فەرزێکی) ئایینی؟

ئیسلام ئایینێکی دەوڵەمەندە، خوای گەورە مالّ و سامانی لە قورئاندا بە خێر و چاکە ناوبردووە، کە دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّهُۥ لِحُبِّ ٱلْخَيْرِ لَشَدِيدٌ﴾ العاديات: ٨.

لە ئایەتی وەسیەتدا دەفەرموێت: ﴿إِن تَرَكَ خَيْرًا﴾ البقرة: ١٨٠.

واتە: ئەگەر پارەو مالّی زۆری هەبوو.

کەواتە پێویستە موسوڵمانان دەوڵەمەند بن، بەڵام بەمەرجێك ئەو مالّو سامانە لە ڕێگایەکی حەڵاڵەوە کۆبکەنەوە و، پارەو سەروەتەکە لە دەستیاندابێت نەك لە دڵیاندا. هەروەك پارەو سەروەت و سامان و هەرچی لە گەردووندا هەیە هەمووی بۆ مرۆڤ فەراهەم هێنراوە. مرۆڤی موسوڵمانیش هەست دەکات کە بەندەی خوایە، بەڵام سەرداری هەموو ئەو شتانەیە کە لە گەردووندا هەن، وەکو گەورە و خاوەن دەسەڵات کاریان تیادا دەکات و، سوودیان لێوەردەگرێت، ئارەزووی سوودبەخش دەکات بەڵام بە گەورەی ناگرێت، چونکە ئەگەر وای کرد ئەوا دەبێتە بەندە بۆیو، بەوەش دەیکات بە هاوەڵ لە پەرستنی خوای گەورەدا.

خوای گەورە مالّو سامانی کردووەتە هۆکار بەدەستهێنانی سوودو قازانج، جا ئەگەر تۆ کۆتکردەوەو شاردتەوەو سوودت لێنەبینی ئەوا دەبیتە خزمەتکارو بەندەی، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (چارەپەش بێت عەبدی درهەم و دینار) .

پۆشاك بۆ خۆپاراستن له سەرماو گەرماو، داپۆشینی پێست کراوە، بەڵام ئەگەر پۆشاکەکەت لا گرنگ و گەورە بوو، ئەوا دەیپارێزیت و چاودێری دەکەیت و سوودی لێوەرناگریت، بەو جۆرەیش دەبێتە بەندە بۆی، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت: (تعس عبد الخميصة).

هەروەها ئیسلام ئایینی هێز و دەسەڵاتە بەڵام بە بێ ستەم. ئیسلام بۆ دنیاو ڕۆژی دواییە: ﴿رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِي ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي ٱلْآخِرَةِ حَسَنَةً﴾ البقرة: ٢٠١. واتە: (خودایا لە دنیادا چاکەمان پێ ببەخشە لە لەشساغی و ئاسایش و مال و خێزانی باش و خزمی باش و بەشی حاڵی خۆمان دارایی‌مان پێ ببەخشە و لە ڕۆژی قیامەتیشدا پاداشی چاکەمان پێببەخشە.)

دەیەوێت موسوڵمانان ئیمان بەڕاست بزانن و، شوێن شەرع بکەون و، بەهۆیەوە ببنە بەرزترین و، بەهێزترین و، زاناترین و، دەوڵەمەندترین ئومەت، بۆئەوەی چاکەی دونیاو ڕۆژی دوایی کۆبکەنەوە و. هەموو موسوڵمانێك بزانێت—دوای ئەمە— ئەرکێکی دیکەی هەیە، ئەویش ناسرانە بە ئیسلام و، بانگەواز کردنە بۆلای خوا بە حیکمەت و دانایی‌و ڕێنمویی چاك و، زۆر لە کەس نەکات بۆئەوەی ئیسلام پەسەند بکات. ﴿لَآ إِكْرَاهَ فِي ٱلدِّينِ﴾البقرة: ٢٥٦. واتە: (زۆرکاری لە وەرگرتنی ئایینی ئیسلامدا نییە).

بەڵکو چاکی‌و جوانیەکانی ئیسلامیان پێ بناسێنێت تا لەناخەوە پێی ڕازی بن و خۆشیان بوێت و، تەنها بە وشە و قسە بانگەشە نەکات، بەڵکو بەکردەوەش خەڵکی بانگ بکات بۆ ڕێگای ئیسلام، بەجۆرێك کە

کۆمەڵگای ئیسلامی وێنەیەکی بەرجەستەکراوبێت لە مەبدەئەکانی ئیسلام، نەک وێنەیەکی شێوێندراو بێت بۆی، کە کەس حەز نەکات سەیری بکات و نزیکی بکەوێتەوە هەروەک لە پۆژگاری ئەمڕۆماندا دەیبینین.

بەوەی کە بانگخواز خاوەن عەقڵێکی بەهێز بێت بۆئەوەی بەڵگە بهێنێتەوە، زانابێت بە ئیسلام بۆئەوەی بە جوانی وەکو خۆی بیخاتەڕوو، پۆشنبیرێکی هاوچەرخ بێت و، بە زمانێکی سەردەمیانە وتووێژ لەگەڵ خەڵکیدا بکات و، میهرەبان و پڕ سووک بێت، نەک دڵڕەق و تووندوتیژ و، تووڕە و لەخۆبایی. بزانێت کە ئیسلام سڵ لە وتووێژی زانستیی و بابەتیی ناکاتەوە و، لێی ڕاناکات، هەموو شتێك تیایدا بە بەڵگە و ڕوونکردنەوەیە و، داوای لێکراوە بەڵگە بهێنێتەوە تەنانەت بۆ ئەوانەیش کە بانگەشەی شتانێك دەکەن کە پێچەوانەی ئیسلام بێت. ﴿ قُلْ هَاتُوا۟ بُرْهَٰنَكُمْ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴾ البقرة: ١١١. واتە: (پێیان بڵێ ئەگەر ڕاست ئەکەن ئیسباتی بکەن و دەلیلی لەسەر بێننەوە خۆ بەتەنها قسەو گەزاف نابێ.)

﴿ وَمَن يَدْعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ لَا بُرْهَٰنَ لَهُۥ بِهِۦ فَإِنَّمَا حِسَابُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦٓ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴾ المؤمنون: ١١٧، واتە: (هەرکەسێ لەگەڵ بانگ و هاوارکردنەخوادا بانگ و هاوار بکاتە خوایەکی تر کە هیچ بەڵگەیەکیشی بەدەستەوە نیە کەوا ئەو خوایە بەڕاستی خوایە، جەزای ئەو کەسە لای پەروەردگاری خۆیەتی و، بەڕاستی کافران ڕزگار نابن.)

خۆ ئەگەر بەڵگەیشی هەبێت... هەرچەندە مەحاڵە بە پێچەوانەی یەکتاپەرستییەوە بەڵگە بسەلمێنرێت.

ئەگەر ئەو بانگخوازانە هەبوونایە خەڵکی بانگ بکەن بۆ بەرنامەی خوا، ئەوا دونیا هەمووی دەهاتنە ناو بازنەی دینی خواوە، خوای گەورەیش خۆی ئەم دینەی ناردووە و، خۆیشی بەڵێنیداوە بە پاراستنی: ﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ﴾ الحجر: ٩، واتە: (ئێمە خۆمان قورئانمان نازڵ کردووەو هەر ئێمەیش ئەیپارێزین لەوەی بفەوتێ یا دەسکاری بکرێ و زیادو کەمی تێدا بکرێ.)

ئیسلام هەر دەمێنێت و لەناو ناچێت سەرئەنجام هەر بۆ ئەوە، بەڵام ئێمەی موسوڵمان یان دەگەڕێینەوە بۆ دینەکەمان، بەو جۆرەیش شکۆمەندی سەرکەوتن بەدەست دەهێنین لە دونیاداو، پاداشتی خواییش لە ڕۆژی دواییدا، یان گەلێکی دیکە جێگەمان دەگرنەوە و دێنە نێو ئیسلامەوە و، ئەرکی بانگەواز و بەرگری لێکردنی دەگرنە ئەستۆ.

پەنا دەگرین بەخوا لەوەی گەلێکی تر لەجیاتیمان دابنێت، داوای لێدەکەین کە بمانگێڕێتەوە بۆ دینەکەمان و، لەسەر دەستی ئێمە سەری بخات و، لێمان خۆشبێت و ڕەحممان پێبکات.

سوپاس و ستایشی بێ پایان بۆ پەروەردگاری جیهانیان.

پێرست

بەسەرهاتی ئەم کتێبە ٥
دەستپێك ١٥
کام ڕێگایان دەگرێتە بەر؟ ١٧
ئایینی ئیسلام ٣٥
ئیسلام چییە؟ ٣٦
پێناسەکان ٤٧
بنەماکانی بیروباوەڕ ٥٥
باوەڕ بەخوا ٨١
یەکتاپەرستی ١٠١
ڕواڵەتەکانی باوەڕ ١٣٣
باوەڕ بەڕۆژی دوایی ١٦٩
باوەڕ بە قەدەر ٢٢٩
باوەڕ بە غەیب ٢٥٣
فریشتەو پەیامە ئاسمانیەکان و پێغەمبەران ٢٦٤
باوەڕ بە پێغەمبەران ٢٩٥
باوەڕ بە کتێبە ئاسمانییەکان ٣٤٢
کۆتایی ٣٥٦
پێڕست ٣٦٥



تعريف عام بدين الإسلام

علي الطنطاوي

جارێك به قوتابیەکانم وت: (ئەگەر پیاوێکی بێگانە هات بۆلاتان و پێی وتن: یەك کاتژمێر دەرفەتم هەیە، دەمەوێت لەو ماوەیەدا لە ئیسلام تێبگەم، ئێوە چۆن لەو کاتژمێرەدا ئیسلامی تێدەگەیەنن).

وتیان: (ئەوە مەحاڵە، بێگومان دەبێت یەکتاپەرستی و تەجوید و تەفسیر و فەرموودەو (فقە) و بنەماکانی بخوێنێت، هەروەها بکەوێتە ناو کێشە و باسێکەوە کە بە پێنج ساڵیش لێی دەرناچێت).

وتم: (پاك و بێگەردی بۆ خوا.. ئایا دەشتەکییەك نەدەهاتە لای پێغەمبەر ﷺ، ڕۆژێك یان چەند ڕۆژێك دەمایەوەو ئیسلام فێردەبوو دەیبردەوە بۆ گەلەکەی. دەبووە ڕێنیشاندەرو مامۆستا بۆیان و دەبوو بە بانگخواز و ڕاگەیەنەری ئیسلام؟ بەڵکو لەوەش زیاتر، پێغەمبەر ﷺ هەموو دینی لە سێ دێردا ڕوونکردەوە (لەو فەرموودەیەدا کە جوبرەئیل پرسیاری لێکرد). لە فەرموودەکەدا باسی لە: باوەڕ و، ئیسلام و، چاکەکردن کرد. ئەی بۆچی لەمڕۆدا ناتوانین بە سەعاتێك شی بکەینەوە و ڕوونی بکەینەوە؟...).

علي الطنطاوي

خوێنەری ئازیز بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەو چەند پرسیارێکی جەوهەری تر ئەم کتێبەی بەردەستت بخوێنەرەوە، لە ڕێگەی باسکردن و ڕاڤەکردنێکی وردی ئەم بابەتانە " ئیسلام چییە؟ چۆن بچینە نێو بازنەی ئیسلامەوە؟ ڕوونکردنەوەی هەندێ زاراوە، کە لە نێوان زاناياندا زۆر باسیان لێوە دەکرێت، لە کتێبەکانی بیروباوەڕیشدا هاتوون".

ISBN 0-0093-0000-7
9 780009 300004
نرخی (٥٠٠٠) دینارە